وەرزنامەی

# ئێرانناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١١) ساڵی سێیەم، ئایاری ٢٠٢٤



- پرۆژە ئابوورییە جیهانییەکان لە ستراتیجی ئێراندا
- سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان (ستراتیجی– هەژموون)
- دۆخی بەرهەمهێنانی زانست لە ئێراندا
- ئێران و ئیسرائیل (لە دۆستایەتی مێژووییەوە بۆ دوژمنایەتی بێ سنوور)
- خوێن لەبری نان: کار-مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات
- لە پەراوێزی جەنگی نێوان ئیسرائیل - غەزە و هێرشەکانی ئێران [چاوپێکەوتن]

# گۆڤارنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١١) ساڵی سێیەم، ئایاری ٢٠٢٤

**خاوەنی ئیمتیاز:** سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

**سەرنووسەر:** بارام مەجیدخان

**بەڕێوەبەری نووسین:** هەورامان فەریق کەریم



**بۆردی ڕاوێژکاران:**

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە



**هەڵەبڕ:** هاشم خدر

**دیزاین:** ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی ئێراناسی

وەرزنامەی ئێراناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێراناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆک

سەروتار

ئێران لەژێر تارمایی شەڕی هەشتەم و بارودۆخی ناوخۆیی | بارام مەجید خان ........................................ ٤

توێژینەوە

پرۆژە ئابوورییە جیهانییەکان لە ستراتیجی ئێراندا | میران حسین حەسەن ........................................ ٧
سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان (ستراتیجی – هەژموون) | تەحسین وسو عەبدوڵڵا .................. ٢٥
ستراتیجی ئێران لە سووریا و هەڵوێستی بەرامبەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی شام و ئەنکەرە ............................
هەڤاڵ ئازاد محی الدین ........................................ ٤٤
دۆخی بەرهەمهێنانی زانست لە ئێراندا | یونس قوربانیفەر ........................................ ٥٧
ئێران و ئیسرائیل (لە دۆستایەتی مێژوویەوە بۆ دوژمنایەتی بێ سنوور) | بارام مەجیدخان .............................. ٦٩

چاوپێکەوتن

لە پەراوێزی جەنگی نێوان ئیسرائیل - غەزە و هێرشەکانی ئێران [چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر هیوا مەجید] ...... ٨٣

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

خوێن لەبری نان: کار-مەرگ، جەستەی ناسەرەوەرو دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات
ئەحمەد موحەمەدپوور - و: گەلاوێژ سۆفی ........................................ ٩٤
ئایا زمانی فارسی زمانێکی نەزۆکە؟ | محەمەدڕەزا باتنی - و.عەبدوڵڵا ڕەسووڵی ........................................ ١٢٨
بەکارهێنانی دین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا | مەهمەت شاین - و: هەڤاڵ ئازاد محی الدین .................... ١٤٥
سنوورە تینووەکان؛ قەیرانی ئاو لە ئێران و ڕەهەندە ئەمنییەکانی لەگەڵ دراوسێیەکانی | عەمود شوکری ....... ١٦٠
هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە ڕێڕەوە نوێیەکان: ڕێگەی گەشەپێدان وەک نمونە | عەلی نەجات - و: بارام سوبحی ....... ١٨٨

کەسایەتی

ئایەتوڵڵا حسەینعەلی مونتەزیری | ئامادەکردن: هەورامان فەریق کەریم ........................................ ٢١٥

کتێبناسی

ڕەوتە سیاسیەکان لە ئێران.. ململانێی پیاوانی ئایینی و سیاسەتمەداران | ئامادەکردن: د. عابد خالد ................ ٢٢١

چەمکناسیی

شورای پاسەوان | ئامادکردن: د. هەردی مەهدی میکە ........................................ ٢٢٨

سەروتار

بارام
مەجیدخان

# ئێران لەژێر تارمایی
# شەڕی هەشتەم و بارودۆخی ناوخۆیی

شەڕی هەشتەم ئەو گوزارشتەیە کە لۆمۆندی دیپلۆماتێک بۆ ئەگەری ڕوودانی شەڕی هەشتەمی ئیسرائیل لەگەڵ دراوسێکانی بەکاری هێناوە. بە واتا ئیسرائیل لە ساتی دامەزراندنییەوە. لە ساڵی ١٩٤٨ وە، حەوت شەڕی لەگەڵ دراوسێکانی کردووە کە دواجار لە ساڵی ٢٠٠٦ و لە لوبنان ڕوویدا. کاتێک ئیسرائیل لە یەکی نیسانی ئەمساڵ کونسوڵخانەی ئێرانی لە دیمەشق کردە ئامانج، کاردانەوەی ئێران بەرامبەر ئەو ڕووداوە لە ناوەڕاسی هەمان مانگدا تارمایی شەڕی هەشتەمی لەگەڵ ئێران لە ناوچەکە چاند. بڕیاری وەڵامدانەوەی دەستبەجێ، ئەو ڕێکارە بوو، کە هەردوولا لە سەری کۆک بوون. بەڵام بە بێ زیان گەیاندنی فراوان بە یەکدی. لە ماوەیەکی کورت و بە بێدەنگی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ناوچەیەکی هەستیاری ئێران لە ئەسفەهان کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانی تێدایە. ئەمەش وەک ئاماژەیەک کە توانای ئەنجامدانی هێرشی هاوشێوە و مەترسیداری هەیە. لە لایەکی دیکەوە هەڕەشەکانی ئێران بۆ دوژمنە سەرسەختەکەی دەکرێت لە لایەن ئیسرائیلەوە بە جدی وەربگیرێت. هەرچەندە ئێران لە مێژووی دۆسییەی ئەتۆمی خۆییدا، دانی بەوەدا نەناوە کە بۆ ئامانجی سەربازی ئەو پرۆژانە جێبەجێدەکات، بەڵام بە شێوەی نافەرمی هەڕەشەکانی

ئێران ئەو واتایە دەخاتە بەردەم کە زۆر نزیکە لە بە دەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. هەڕشەی هێرشکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئیسرائیل بە چەکی تایبەت و کاریگەر، توانای ئێران و باڵادەستی بالستی ئەو وڵاتە دەخاتەڕوو. ڕووداوەکانی بەهاری ئەمساڵ شێوازێک لە ڕاگرتنی باڵانسی هێزی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل هێناوەتە ئاراوە. بە شێوەیەکی شاراوە ئارگیۆمێنتی دەستگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بۆ پاراستنی باڵانسی هێز لە ناوچەکە لە ناو ئیدارەی ئەمریکی بە نهێنی ئیش دەکات. ماوەی درێژی ڕاوەستانی دانووستانەکانی پەیوەست بە دۆسییەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ ئاژانس و وڵاتانی جیهان ئەو تێزە بەهێزتر دەکات. هەنگاوەکانی ئێران و ئیسرائیل لە پێناو سیاسەتی خۆپارێزی (deterrence policy) بە شێوەیەکی دڵنیاکەر، سەقامگیر نەبووە. ئەگەرەکان بە کراوەیی ماونەتەوە. ئەگەری دووبارە تەقینەوەی دۆخەکە هەر لە ئارادا ماوە.

پەیوەندی نێوان سیاسیەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە هەمیشە چەمکێکی بنەڕەتی و بونیادی قوتابخانەی ڕیالیزم بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم دووە لە سیاسەت و کاریگەریان لە سەر یەکدی پارامترێکە کە دەکرێت ڕێژەی دیموکراسی بوون و گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی حکومەتی لێ بخوێنینەوە. بە بیانوی دۆخی تایبەتی سیاسەتی دەرەوە و فشارە ناوخۆییەکان زیاد بکرێن ئەوە جەفایە بە بەرژەوەندی نیشتمانی و گەل. لە هەلومەرجی ئێستای سیاسەتی هەرێمایەتی و دەرەوەی ئێران، ئابووریی و ڕێژەی زۆری هەڵاوسان و لە دەستدانی بەهای دراوی ئەو وڵاتە لە لایەک و فشارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ سەر هاونیشتمانییانی ئێران، نارەزایی لێکەوتووەتەوە. لە کاتێکدا هیچ باڵێکی سیاسی لە چوارچێوەی حکومەتی ئەو وڵاتە چالاکی فەرمییان نییە و دەسەڵات یەکدەست درێژە بە کارەکانی خۆیی دەدات. فشارەکانی وەزارەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتە لە سەر هاوڵاتییان لە چوارچێوەی پاراستنی ئابڕووی گشتی کۆمەڵایەتی و کولتووریی دوا بزماری ئێرانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی دوای ژینا ئەمینی.


توێژینەوە

ئێرانناسی



# پڕۆژە ئابوورییە جیهانییەکان لە ستراتیجی ئێراندا

توێژەر: میران حسین حەسەن



https://www.iranchinaejob.com/bri

## بەرایی

ئەوەی سەدەی ٢١ جیادەکاتەوە لە سەدەکانی ڕابردوو دەرکەوتنی ڕۆڵی ئابوورییە وەکو ئامرازێك و فاکتەریکی ستراتیژی و سیاسی و نێودەوڵەتی بەهێز لەسەر ئاستی جیهان، بەجۆرێك چەندین پسپۆر ئاماژە بە دروستبوونی تیۆرێکی نوێ دەکەن لە بواری جیۆپۆلیتیك بەناوی جیۆپۆلیتیکی ئابووری، کە وەکو چەمکێکی نوێ لە جیهانی زانست و سیاسەت دەرکەوتووە ، لە ئاکامی بەکارهێنانی ئابووری وەکو چەکێکی سیاسی لە لایەن دەوڵەتەکانەوە، بەتایبەتی لە لایەن دەوڵەتە گەورە و زلهێزەکانەوە کە ئابوورییان بەکاردەهێنن بە مەبەستی سەپاندنی هەژموون بەسەر جیهاندا یان ژمارەیەك دەوڵەتان، لە ئەنجامدا هەریەك لەو دەوڵەتانە لە هەوڵی ئەوەدان کە هەریەکێکیان پرۆژەیەکی ئابووریی تایبەت بەخۆی جێبەجێ بکات بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوودی ئابووری و سەپاندنی هەژموونی بەسەر وڵاتانی دیکەوە و جیهان کە جگە لە ڕەهەندە ئابوورییەکەی ڕەهەندی ستراتیژی و سیاسی زۆر گەورەی هەیە لە جیهاندا. واتا ئەم پرۆژە ستراتیژییانە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی سوودی ئابووری بۆ وڵاتانەکان هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئابووری جیهانیش لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، هەر دەوڵەتێکی زلهێز لە هەوڵی ئەوەدایە ستراتیژێکی ئابووری بۆ سەپاندنی خۆی وەکو جەمسەرێکی ئابووری و سیاسی و ستراتیژی لە جیهان هەبێت.

یەکەم هەوڵی ئابووری لەوبارەیەوە بیرۆکەی یەکێتی ئەورووپا بوو کە وەکو پرۆژەیەکی ئابووری دەستپێکرد تا گەیشتە ئاستی دروستبوونی کیانێکی سیاسی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو یەکێك لە وڵاتە ئیقلیمیە بەهێزەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتێکی کاریگەر لەسەر ئاستی جیهان لە هەوڵی ئەوەدایە بەرژەوەندییەکانی خۆی پارێزراو بێت و سوودێکی ئابووری و سیاسی بەدەستبهێنێت و بەدوای دەفەرتێکدا دەگەڕێت بۆ ڕزگاربوونی لە ئابلۆقە ئابوورییەکان کەبەسەریدا سەپێنراوە لە لایەن خۆرئاواوە، ئابووری خۆی بە ئابووری جیهانەوە ببەستێتەوە بەشێوەیەکی خزمەت بە ستراتیجی ئێران بکات لە ناوچەکە و جیهاندا، ئەمینداری ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران ژەنەراڵ موحسین ڕەزائی وتی ئێرانی کۆنترۆڵی ٥٠٠ ملیۆن کەس دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی بازرگانییەوە(١).

سەبارەت بە پرۆژە ئابوورییەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەکە هەڵوێستی کۆماری

ئیسلامی ئێران جیاوازە، سەبارەت بەو پڕۆژانە ئێران خۆی خاوەن پڕۆژەی ئابووری خۆی هەیە لە ناوچەکە و لەهەندێك لەو پڕۆژانە ئێران بۆتە هاوبەشێکی گرنگی ئەو پڕۆژانە و هەندێکی دیکەشیان دژ بوو، لە هەندێکی دیکەشی لەهەوڵی سوود وەرگرتنە لەو پڕۆژانە، بۆیە هەڵویستی کۆماری ئیسلامی ئێران جێگیر نییە سەبارەت بەو پڕۆژانە، بۆیە لەم بابەتەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترین پڕۆژە ئابوورییەکانی لەسەر ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێران هەڵویستی هەیە لەسەری.

## یەکەم: پڕۆژەی ئابووریی تاران- دەریای ناوەڕاست

یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە کە پێکدیت لە دروستکردنی هیڵێکی ئاسنین لە نێوان ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان، کە پڕۆژەیەکی ئێرانییە و بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٦ کاتێك یەحیا سەفەوی ڕاوێژکاری ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند پێویست دەکات هێڵێکی ئاسنین لە نێوان ئێران و عێراق و سووریا دروست بکەین و بگاتە بەندەری لازقیە(٢) و ناوبراو پێیوایە ئەم پڕۆژەیە هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژییە دژی دوژمنانی ئێران و هەڕەشە دەرکییەکان و دەبێتە مایەی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە، ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی هاوپەیمانی ئابووریی سیاسی و بەرگرییە دژی ئیسرائیل، ئەو پڕۆژەیە بە پڕۆژەیەکی جیۆ ئابووری لە قەڵەمدا کە دەیان ملیار دۆلار بۆ ئێران دابین دەکات(٣) و ئێران بە پڕۆژەی شرق – غرب ناوی دەنێت کە تەواوکارە بۆ پڕۆژەی شیمال - جنوب(٤) و لە کاتی سەردانەکەی بۆ عێراق سەرۆکی پێشووی ئێران حەسەن ڕووحانی لەساڵی ٢٠١٩ یاداشتی لێکتێگەیشتنێکی لەگەڵ عێراق واژۆ کرد بۆ دروستکردنی ئەو هێڵە(٥) و هاوتەریب لەگەڵ ئەم پڕۆژەیە هەوڵێکی دیکەش هەیە کە هێڵێکی ئاسنینی دیکەش دروست بکرێت لە شاری قەسری شیرینەوە بۆ بەغدا و نەجەف و کەربەلا، وەزیری ڕێگەوبان و بیناکاری ئێرانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو لە میانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەد کە ئەو هێڵە هەفتانە ٣-٤ گەشتی شەمەندەفەر ئەنجام دەدات لە نێوان ئێران و سووریا، واتە ساڵانە ٥٠ هەزار کەس لە ئێرانەوە دەگوازێتەوە بۆ عێراق و سووریا بەمەبەستی سەردانیکردنی شوێنە پیرۆزەکان.

ئەم پڕۆژەیە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی هێڵێکی ئاسنین لە نێوان ئێران و هەریەك لە عێراق و سووریا و لوبنان بەمەبەستی بەستنەوەی هەریەك لە تاران و بەغدا و دیمشق و بەیروت.پێشبینی ئەوە دەکرێت ٢١ ملیار دۆلاری تێچووی پڕۆژەکە بێت(٦).




https://www.researchgate.net/figure/The-Proposed-Iran-Iraq-Syria-Railway-Image-courtesy-The-Cradle_fig3_378503262

سەبارەت بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە لەگەڵ عێراق تەنها بەستنەوەی پێویستە لە نێوان دەروازەی سنووری شەلامچە و شاری بەسرە کە ٣٢ کیلۆمەترە، بەپێی وتەی وەزیری گواستنەوەی عێراق کارەکانی پێویستی بە لەناوبردنی کێڵگەی مین پاشماوەی جەنگی هەشت ساڵە عێراق و ئێرانە و دروستکردنی پردیکی جووڵاوە لەسەر شەتلوعەرەب، کە تێچووکەی ١٢٠ ملیۆن دۆلارە، دواتر ئەم هێڵە دەبەستریتەوە بە هێڵی شەمەندەفەری عێراقی کە بوونی هەیە بەڵام پێویستی بە نوێژەنکردنەوە و پەرەپێدان هەیە، بەڵام لەناو سووریا پێویستی بە بونیاتنانی بەشێکی هەیە و چاککردنەوەی بەشێکی دیکە کە بەهۆی جەنگی سووریاوە زیانی پێگەیشتووە.

ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی نوێ نییە بەڵکو خەونێکی ئێرانی کۆنە کە ڕێگەی زەمینی دروست بکات لە نێوان ئێران لەگەڵ هەریەك لە عێراق و سووریا و لوبنان و گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست، بەڵام بوونی ڕژێمی بەعسی رووخاو لە عێراق ڕێگر بوو، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بەشێوەی پراکتیکی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە پاش ڕێکەوتننامەی بەستنەوەی شەمەندەفەر لە نێوان ئێران و عێراق، لە ڕێکەوتی ٢-٩-٢٠٢٤ بەردی بناغەی قۆناغی یەکەمی ئەو پرۆژەیە لە لایەن محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و محەمەد موخبر جێگری یەکەمی سەرۆکی ئێران دانرا(٧).

ئامانجی ئێران لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دروستکردنی هێڵێکی گواستنەوەی زەمینیە لە

نێوان ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان و دەریای ناوەڕاست، گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ دەریای ناوەڕاست بەشێوەیەك دوور بێت لە چاودێری ئەمریکا و گواستنەوەی چەك و چەکدارەکان بۆ سووریا و عێراق و لوبنان و بەهێزکردنی پێگەی ئێران لە پرۆژەی پشتێن و ڕێگەی چینە (ڕێگەی ئاوریشمی نوێ) و شکستهێنان بە پرۆژە ئابوورییەکانی دیکە وەکو پرۆژەی شامی گەورە(٨) و کۆماری ئیسلامی ئێران پێوایە ئەم پرۆژەیە دەتوانێت ساڵانە ٨-١٠ ملیۆن تون کاڵا بگوازێتەوە و١٢ ملیۆن کەس بگوازێتەوە، لە قۆناغی داهاتوودا ئەم پرۆژەیە دەبەسترێتەوە بە ئاسیای ناوەڕاست و چین لە چوارچێوەی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە، بەستنەوەی ئێران بە دەریای ناوەڕاست، بەمەبەستی گواستنەوەی کاڵا و گەشتیار لە تارانەوە بۆ دەریای ناوەڕاست و بە پێچەوانەوە و گواستنەوەی زیارەتکاران بۆ شوێنە پیرۆزەکان لە نەجەف و کەربەلا و بەغدا و سامەڕا و دیمشق(٩) ، ئێران ئەم پرۆژەیە بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکات:

- قۆناغی یەکەم بەستنەوەی بەندەری ئیمام خومەینی بە شاری بەسڕەوە کە ٦٤ کم لەڕێگەی تۆڕێکی لە هێڵی شەمەندەفەر کە بەشێکی لە ناو خاکی ئێرانە و لایەن دامەزراوەی موستەزعەفانەوە دروستکرا کە سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانە، بەشێکی لە ناو خاکی عێراقە.

- قۆناغی دووەم بەستنەوەی پارێزگای بەسڕە بە شاری بەغدا دواتر بۆ پارێزگای ئەنبار و سنووری عێراق لەگەڵ سووریا، پێشبینی ئەوە دەکرێت حکومەتی عێراق ئەو بەشە جێبەجێ بکات.

- قۆناغی سێهەم: لەسنووری عێراقەوە دەستپێدەکات و دوو ئاڕاستەی هەیە لە ناو خاکی سووریا، یەکەمیان ڕێگەی باکوور کە لە شاری قائیمی عێراقەوە دەستپێدەکات، بەرەو باکووری سووریا و دەگاتە بەندەری لازقیە لەسەر دەریای ناوەڕاست و لە ژێر کۆنترۆڵی ملیشیاکانی سەر بە ئێران و سوپای سووریایە. ڕێگەی باشوور کە لە مەرزی وەلیدی عێراقیەوە دەستپێدەکات و بە باشووری سووریا تێپەڕ دەبیت تا دیمەشقی پایتەخت و بەرەو باشووری لوبنان، بەڵام بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی تەنەفەوە لە ناو سووریا لە لایەن ئەمریکاوە پێشبینی ئەوە دەکرێت ڕێگەی دووهەم تەنها وەکو نەخشە بمێنێتەوە(١٠).

لەمپەرەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە:

١- ئەم پرۆژەیە بە ناوچە سوننەنشینەکان تێپەڕ دەبێت.

٢- بوونی چەندین لایەن کە دژی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەن وەکو ئۆپۆزسیۆنی


سووریا و داعش و لایەنە سوننەکان و بوونی ڕایەکی گشتی لەناو عێراقدا کە پێیانوایە کە ئەم پڕۆژەیە دژی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانە کە عێراق بە تورکیاوە دەبەستێتەوە.

٣- هێڵی شەمەندەفەری عێراق و سووری زۆر کۆنن و پێویستیان بە دووبارە بونیاتنانەوە هەیە بەهۆی کۆنی دروستکردن و جەنگە یەك لەدوای یەکەکانەوە.

٤- هەریەك لە ئیسرائیل، ئەمریکا، تورکیا و کەنداو دژی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەن کە پێیان وایە بەشێکە لەهەوڵەکانی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دووهەم – پڕۆژەی شیمال - جنوب

بەدرێژایی مێژوو یەکێك لە خەونەکانی ڕووسیای قەیسەری و یەکێتی سۆڤیەت گەیشتن بوو بە ئاوە گەرمەکان، بۆیە هەمیشە ئەو دەوڵەتە لەهەوڵی ئەوەدا بوو دەرچەیەکی دەریایی بدۆزێتەوە کە توانای ئەوەی هەبێت بە درێژایی ساڵ بەکاریبهێنێت، چونکە زۆربەی بەندەرەکانی ڕووسیا دەکەوێتە ناوچە سارد و بەستەڵەکەکان، تەنها بەندەرەکانی لەسەر دەریای ڕەش گونجاوە بۆ بەکارهێنان بە درێژایی ساڵ، جگە لەوەی سەرجەم بەندەرەکانی ڕووسیا دوورن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو ناوچەیە کە دەوڵەمەندە بە نەوت و غاز و بازاڕێکی گەورەیە بۆ کاڵاکانی ڕووسیا.




2www.newscentralasia.net/2023/04/24/countries-of-the-north-south-corridor-are-taking-steps-to-overcome-logistical-barriers-along-the-route/

لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی لە نێوان هەریەك لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕووسیا پرۆژەیەکی زۆر گەورە دروست دەکرێت و بڕیار وایە ساڵی ٢٠٢٤ دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت، کە پێکدێت لە هێڵێکی شەمەندەفەر کە دەریای بەڵتیق لە باکووری ڕووسیا بە زەیاری هیندییەوە ببەستێتەوە و کار لەسەر گواستنەوە کاڵاکان لە دەریای بەڵتیق و سەرجەم وڵاتانی بەڵتیق، ڕووسیا، بیلاڕووسیا و ئەورووپا بۆ زەریای هیندی و هیند و وڵاتانی کەنداو و بەپێچەوانە دەکات، ئەم پرۆژەیەی لە میانی کۆڕبەندی قازانجی ئابووریی نیودەوڵەتی کە ڕووسیا و وڵاتە ئیسلامییەکانی بەشداربوو تیایدا لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ تاوتووێ کرا، پاش چەند ڕۆژێك لەم کۆڕبەندە هەریەکە لە ئێران و ڕووسیا ڕێکەوتننامەیەکیان واژۆ کرد بە ئامادەبوونی ڤلادیمێر پۆتین و ئیبراهیم ڕەئیسی کە ئاماژە بە دروستکردنی هێڵێکی شەمەندەفەر لە نێوان شاری ئەستراخانی ڕووسی و ڕەشتی ئێرانی کە درێژی ١٦٤ کیلۆمەترە و لە ماوی سێ ساڵدا دروست دەکرێت(١١).

بەپێی گوتەی پسپۆڕان ماوەی گواستنەوەی بەم ڕێگەیە دوو هێندە کەمدەبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕێگە کۆنەکان وتێچووش بە ڕێژەی ٣٠-٤٠٪ کەمدەبێتەوە، ڕووسیا پلانی داناوە بڕی ٢٨٠ ملیار ڕۆبل وەبەرهێنان ئەنجامدات لەو پرۆژەیەی تا ساڵی ٢٠٣٠ پێشبینی ئەوە دەکرێت لە کۆتاییدا ئەم پرۆژەیە ١٠٠ ملیۆن تۆن کاڵا بگوازێتەوە(١٢)، کە سێ هێڵە:-

هێڵی یەکەم: شاری سانپترسبۆرگی ڕووسی بە بەندەری ئەستراخان ببەستێتەوە، دواتر کاڵاکانی بە دەریای قەزوین دەگوازرێتەوە بۆ بەندەر ئەنزەلی دواتر دەگوازرێتەوە بۆ بەندەری چابەهار لەسەر زەریای هیندی دواتر بەرەو هیند.

هێڵی دووەم: ڕۆژهەڵات شاری سان پترسبۆرگ بە ئازەربایجانەوە دەبەستێتەوە دواتر بەرەو بەندەری چابەهاری ئێرانی دواتر بەرەو هیند.

هێڵی سێیەم : ڕووسیا بە هەریەك لە کازاخستان و تورکمانستان و ئۆزبەکستان تێپەڕ دەبێت بەرەو بەندەری چابەهار(١٣).

بەپێی وتەی پسپۆران ئەم هەنگاوەی ڕووسیا و ئێران هەوڵێکە بۆ دەربازبوونی لە سزا نێودەوڵەتییەکان بەسەر هەردوولادا، ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکریت ئەوا پێگەی ئابووری زۆر دەبەخشێت بە هەریەك لە ئێران و ڕووسیا و زیانی زۆر دەگەیەنێت بە نۆکەندی سوێس(١٤).

## سێیەم: پڕۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ

پڕۆژەیەکی ستراتیژی چینە و لە ڕێگەیەوە چین هەوڵ دەدات هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا بەیەکەوە ببەستێتەوە لە ڕێگەی سێ ڕێگەوە، ڕێگەیەکی وشکانی و ڕێگەیەکی ئاوی و کۆمەڵێك هێڵی گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە، کە مەبەست لێی بەستنەوەی ئەورووپا و ئەفریقا و ئاسیا بەیەکەوە بە ئابووری چینەوە بەشێوەیەك کە کاڵاکانی بە ئاسانترین شێوەی بگاتە بازاڕەکانی هەرسێ کێشوەر و بەپێچەوانەوە.




3www.dw.com/en/chinas-new-silk-road-faces-resistance-from-india-partners/a-44056399

لەمیانی سەردانەکەی بۆ هەریەك لە ئەندۆنیسیا و کازاخستان سەرۆکی چین (شی جی بینگ) لە ساڵی ٢٠١٣ پڕۆژەی دەستپێشخەری ڕێگەی ئاوریشمی نوێ کە بەناوی یەك پشتێنە و یەك ڕێگە ڕاگەیاند، کە مەبەستی لێئی دروستکردنی ڕێگەی بازرگانیی و ڕێڕەوی ئابوورییە، لەوبارەیەوە تا ئێستا ١٢٦ وڵات و ٢٦ ڕێکخراو ڕێکەوتنیان لەگەڵ چین واژۆ کردووە، لەسەر ئاستی ناوخۆ سەرجەم ناوچەکانی چین پێکەوە دەبەستێتەوە بەتایبەتی ناوەڕاست و خۆرئاوای چین، ئەم پڕۆژەیە خرایە لیستی پلانی حکومەتی چین بۆ ساڵی ٢٠١٤، وردەکاری ئەم پڕۆژەیە لە ٢٨ ئایاری ٢٠١٥ ڕایگەیانرا لە لایەن لیژنەی گەشەپێدان و چاکسازی نیشتمانی وەزارەتی دەرەوەی چین و سندوقێك بۆ

جێبەجێکردنی بەبڕی ٥٠ ملیار دۆلار دانرا، بانکی وەبەرهێنانی لە ژێرخانی ئاسیا بڕی ١٠٠ ملیار دۆلار قەرزی پێشکەشکرد بۆ پاڵپشتی کردنی بەرنامەکە، بانکی گەشەپێدانی چینیش بڕی ٨٩٠ ملیار دۆلاری وەکو وەبەرهێنان تەرخان کرد لە ژمارەیەك پڕۆژە لە ٦٠ دەوڵەت، کە ئەو پڕۆژانە ژێرخانی ئابووری و بواری بازرگانی دەگرێتەوە لە هەرسێ کێشوەری ئاسیا، ئەفریقا و ئەورووپا لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژەیەدایە، ئەو پڕۆژەیە کار دەکات لەسەر دروستکردنی ڕێگەیەکی ١٢ هەزار کیلۆمەتری لە شاری شەنگەهای چینەوە وتا لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا، لە مانگی ئایاری ٢٠١٧ چین لوتکەیەکی ساز کرد لەپەکینی پایتەختی چین سەبارەت بەو پڕۆژەیە و ٦٨ دەوڵەت بەشدار بوون لەو پڕۆژەیە، ساڵانە بڕی ١٥٠ ملیار دۆلار تەرخان دەکات بە مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگەوبان و ژێرخانی ئابووریی لەو وڵاتانەی کە پڕۆژەکەی پێیدا تێپەڕ دەبێت(١٥)، هەروەها ئەم پڕۆژەی لە سێ ڕێگەی سەرەکی پێکدێت:-

ڕێگەی زەمینی کە لە شەش ئاڕاستە پێکدێت:

- ڕێگەی پردی زەمینی ئەورووپی نوێ: کە لە بەندەرەکانی خۆرئاوای چینەوە دەستپێدەکات تا بەندەری ڕۆتردامی هۆڵەندا لەسەر زەریای ئەتڵەنتیك لە ڕێگەی هێڵێکی شەمەدەفەرەوە کە هەریەك لە کازاخستان، ڕووسیا، بیلاڕووسیا، پۆلەندا، ئەڵمانیا، بەلجیکا و هۆلەندا، کە درێژی ١٠,٨ هەزار کیلۆمەترە.

- ڕێڕەوی چین مەنگۆلیا-ڕووسیا کە لە باکووری چینەوە دەستپێدەکات تا خۆرهەڵاتی ڕووسیا.

- ڕێڕەوی چین و خۆرئاوای ئاسیا کە لە چینەوە دەستپێدەکات و بە هەریەك لە کازاخستان، ئۆزبکسان، تاجیکستان، تورکمانستان، ئێران، تورکیا، عێراق و عەرەبستانی سعودی تێپەڕ دەبێت و١٧ وڵات لە خۆدەگرێت.

- ڕێڕەوی چین وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا کە لەچینەوە دەستپێدەکات تا سەنگاپورە کە بە هەریەك لە ڤیتنام، لاوس، کەمبۆدیا و تایلەند تێپەڕ دەبێت.

- ڕێڕەوی چین تا پاکستان کە لە باشووری چین دەستپێدەکات تا پاکستان.

- ڕێڕەوی هیند کە لەباشووری چینەوە دەستپێدەکات بە میانمار، بەنگلادیش و هیند تێپەڕ دەبێت، ڕێگەی دەریایی کە دوو ئاڕاستەی هەیە، یەکەمیان بەندەرەکانی چین و هەریەك لە سریلانکا، پاکستان، کینیا و تەنگەی بابولمەندەب و نۆکەندی سویس، تا ئەورووپا پێکەوە دەبەستێتەوە.

ڕێگەی دووهەم لەبەندەرکانی چین دەستپێدەکات تا وڵاتانی باشووری زەریای ئارام(١٦).

سێهەم : ژمارەیەك لە بۆری گواستنەوەی نەوت و غازی سروشتی لە نێوان چین و ژمارەیەك وڵات کە ژمارەیان هەشت بۆری نەوت وغازە(١٧).

ئەم پرۆژەیە سەرەڕای ئەوەی پرۆژەیەکی ئابوورییە، بەڵام ڕەهەندێکی سیاسی و ستراتیژی زۆر گەورەی هەیە کە زاڵبوونی چینە وەکو زلهێزیکی ئابووری بەسەر ئابووری هەر سێ کێشوەر و کۆنترۆڵکردنی چالاکیە ئابوورییەکان لە نێوان هەر سێ کێشوەر جگە لەوەی ئامانجی ئابووری هەیە ئامانجی سیاسی و ستراتیژی و ئەمنیشی هەیە کە کار دەکات لە پێناو دەرکەوتنی چین وەکو وڵاتێکی زلهێز لەسەر ئاستی جیهان، سەرەڕای ئەوەی چین بەتوندی ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەنها پرۆژەیەکی ئابوورییە(١٨).

لەبەرامبەردا هەریەك لە ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا، ژاپۆن و ئوسترالیا دژی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بوون و ڕیگرن لە جێبەجێکردنی، پێیانوایە دەبێتە مایەی کۆنترۆڵکردنی چین بۆ ئابووری هەموو جیهان بەشێوەیەکی گشتی و ئابووری هەرسێ کێشوەرەکە و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی ئابووری گرنگەکان وەکو بابولمەندب و نۆکەندی سویس(١٩).

سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لە وڵاتە سوودمەندبووەکان لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بەهۆی ئەوەی ڕێگەی وشکانی ئەم پرۆژەیە بە خاکی وڵاتەکەیدا تێپەڕ دەبێت، ئێران کۆمەڵێك دەستکەوت بەدەست دەهێنێت لە جێبەجێکردنی وەکو جێبەجێکردنی ژمارەیەك پرۆژەی ستراتیژی لە لایەن چینەوە لەناو خاکی ئێران بەتایبەتی لە بواری هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان شارەکانی ئێران، شکاندنی ئابڵوقەی ئابووری ئەمریکا و خۆرئاوا لەسەر ئێران و بەستنەوەی ئێران بە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و ئەنجامدەری ئەم پرۆژەیە وڵاتی چینە کە هاوپەیمانێکی ستراتیژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە(٢٠).

بۆیە ئێران بەگەرمی پێشوازی لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی کردووە چونکە پێیانوایە گەورەترین دەفەرت دەبێت بۆ شکاندنی ئابلوقەی ئابووری لەسەر ئێران، بۆیە ئێران دەبێتە بەشداربوویەکی بەهێزی ئەم پرۆژەیە.

## چوارەم: پرۆژەی شامی نوێ

یەکێکە لە پرۆژەکانی سەردەمی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق مستەفا کازمی واژۆ لەسەر کرا لە نێوان هەریەك لە میسر و عێراق و ئوردن، مەبەست لێی دروستکردنی کیانێکی ئابووری زۆر بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەناوی پرۆژەی شامی نوێ، تەواوکاری لە نێوانی میسر و عێراق و ئوردن لە بوارەکانی پێشەسازی وزە، کارەبا، کشتوکاڵ و بازرگانی کە هەرسێ وڵات لەم پرۆژەیە سوودمەندبن.




https://defence.pk/threads/learn-about-the-new-al-sham-project-which-will-change-the-entire-map-of-the-region-the-most-prominent-challenges-facing-the-project-and-the-plan-to.715451/

پێشتر ئەم پرۆژەیە لە لایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە ئاماژەی پێکرابوو لە مانگی ئاداری ٢٠١٤ کە هەریەك لە عێراق، ئوردن، تورکیا، میسر، سووریا، لوبنان و فەڵەستین دەگرتەوە، لە ساڵی ٢٠١٩وە دەستکرا بە تاوتوێکردنی پرۆژەکە، لە کۆتاییدا هەریەك لە میسر عێراق و ئوردن ڕێکەوتن لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە، کە پێکدێت لە دروستکردنی شارێکی ئابووری هاوبەش لە نێوان هەرسێ وڵات و بەستنەوەی کارەبای هەرسی وڵات و دروستکردنی هێڵێکی گواستنەوەی نەوت خاو بەرەو ئوردن و میسر دروستکردنی هێڵی غازی سروشتی نێوان عێراق و ئوردن و میسر.

ناوی پرۆژەی شامی گەورە لە لایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقی پێشوو مستەفا کازمییەوە

لێبرا لە میانی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا لەمانگی ئابی ٢٠٢١.

بەشێویەکی کورت ئەم پڕۆژەیە پێکدێت لە کۆکردنەوەی نەوتی عێراقی و هەلی کاری میسری و شوێنی جوگرافی ئوردن، دەرگای والاکراوە بۆ سەرجەم وڵاتانی دیکەش کە بەشداری لەم پرۆژەیە بکەن(٢١).

**بوارەکانی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە:**

یەکەم: بەستنەوەی کارەبا لە نێوان هەرسی وڵاتەکە و ئاڵوگۆڕکردنی کارەبا لە نێوانیاندا.

دووەم: دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی نەوت و غازی سروشتی لە نێوان هەر سێ وڵات و تەواوکردنی بۆری نەوتی بەسرە – عەقەبە، دروستکردنی پرۆژەی پترۆکیمیاوی هاوبەش.

سێەم : هەماهەنگی لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی لە نێوان هەرسی وڵات لە ڕێگەی یاداشتێکی لێکتێگشتن لە نێوانی هەرسێ وڵات بۆ بە بازارکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە نێوانیاندا.


چوارەم: بواری گواستنەوەی هاوڵاتیان کە ئاسانکاری پێدانی ڤیزا و هاتوچۆی هاوڵاتیان.

پێنجەم: بواری هەواڵگری و ئاسایش بەمەبەستی لەناوبردنی تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و مادە هۆشبەرەکان(٢٢). بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران و گرووپە شیعە هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق زۆر بەتوندی دژی ئەو پرۆژەیە وەستانەوە و بە پرۆژەیەکی ئیسرائیلی وەسفکرا و پێیانوابوو لە بەرژەوەندی عێراقدا نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندی میسر و ئوردندایە، ئەو دوو وڵاتە سوودمەند دەبن لێی نەك عێراق، بۆیە ڕێگری کرا لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم پڕۆژەیە.

چونکە ئەو پرۆژەیە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتە عەرببیەکان بەهێز دەکات و لە بایەخی تەنگەی هورمز کەمدەکاتەوە و ڕیگری دەکات لە پرۆژەی ئابووری و ستراتیژی و سەربازییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکە(٢٣) .

## پێنجەم: پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپیدان

یەکێکە لە پرۆژە کۆنەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بە هاوکاری ئەڵمانیا لەهەوڵی دروستکردنی هێڵێکی شەمەدەفەر بوو لە نێوان بەرلین بۆ بەسرە کە بەBBB ناسرا کە کورتکراوەی بەرلین - بەغدا – بەسرە بوو و هەندێك لەمێژوونووسان پییانوایە پەلەکردردنی داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە لەساڵی ١٩١٤ بۆ ڕێگری کردن بوو لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە(٢٤).




https://www.thenationalnews.com/business/2024/04/24/can-iraqs-development-road-challenge-us-and-china-trade-routes/

پرۆژەی نۆکەندی وشك یان پرۆژەی گەشەپێدانی عێراق یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکان کە لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، ئەم پرۆژەیە کەنداو بە باشووری تورکیاوە دەبەستێتەوە لەڕێگەی ڕێگەیەکی خێرا و هێڵێکی شەمەندەفەر، تێچووی سەرەتایی پرۆژەیە ١٧ ملیار دۆلارە، ئەم پرۆژەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ هەریەك لە عەرەبستانی سعودی، کوێت، ئیمارات، ئوردون، عوممان، تورکیا و ئێران جێبەجێ دەکرێت، پرۆژەکە لە ساڵی ٢٠٥٠ تەواو دەبێت بە تەواوبوونی بەندەری فاوی گەورە.

لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە عێراق دەبێتە پردێکی جوگرافی لە نێوان کەنداو و ئەورووپا و کاڵا دەگوازێتەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، بەپێی وتەی حکومەتی عێراق ئەم پرۆژەیە پێکدێت لە پرۆژەی بەندەری فاوی گەورە و دروستکردنی شارێکی پیشەسازی زیرەک و دوو هێڵی گواستنەوە، یەکیکیان ئۆتۆبانە و ئەوی تریان شەمەندەفەرە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کاڵا، ئەم پرۆژەیە بە یانزە پارێزگای عێراقی تێپەڕ دەبێت و پانزە ویستگەی دەبێت.

درێژایی ڕێگەی خێرای ئۆتۆبانەکە ١١٩٠ کیلۆمەترە و درێژایی هێڵی شەمەندەفەرەکە ١١٧٦ کیلۆمەترە و بەخێرایی ١٤٠ کم لە کاتژمێرکدا دەڕوات بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و کاڵا ٣٠٠کم لە کاتژمێرکدا بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان، ڕۆژانە ٨٠-٩٠ شەمەندەفەر پیایدا تێپەڕ دەبێت(٢٥).

سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستی حکومەتی ئێران بە فەرمی پێشوازی لەم پرۆژە کرد، بەڵام

چاودێران پێیان وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران دژایەتی ئەو پرۆژەیە دەکات و مەترسی هەیە لە جێبەجێکردنی، بۆیە هەڵویستی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بەم پرۆژەیە دوو لایەنەیە لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشوازی لێدەکات، چونکە پێیوایە بەستنەوەی عێراق بە ئەورووپاوە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ بەستنەوەی ناڕاستەوخۆی ئێران بە ئەورووپاوە، لەبەرامبەردا ئەو دژی بەهێزبوونی هەژموونی تورکیایە لە عێراقدا و پێیوایە عێراق بەشێکە لە زۆنی هەژموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە پێگەی تەنگەی هورمز و بەندەری ئێرانییەکان کەمدەکاتەوە، بۆیە ئێران ڕێگە نادات ئەو پرۆژەیە تەواو بێت ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ئێران تیایدا جێگیر نەکرێت ئەوا دژی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەبن(٢٦).

### پرۆژەی شەشەم: هێڵی ئابووری هیند - ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ئەورووپا

لە میانی کۆبوونەوەی G ٢٠ لە مانگی نۆی ڕابردوو لە هیند سازکرا، هەریەك لە جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا و ناریندرا مۆدی سەرۆکی وەزیرانی هیند و محەمەد بن سەلمان جێنشینی عەرەبستانی سعودی واژۆیان کرد لەسەر پرۆژەی هێڵی ئابووری هیند – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – ئەورووپا (India – Middle East – Europe Economic Corridor) کرد، کە بە پرۆژەی (IMEC) دەناسرێت و کورتکراوەی ناوی پرۆژەکەیە.




www.ankasam.org/the-importance-and-goal-of-the-india-middle-east-europe-economic-corridor/?lang=en

ئەم پرۆژەیە وڵاتی هیندی بە ئیمارات، عەرەبستانی سعودی، ئوردن و ئیسرائیل دەبەستێتەوە، بەندەری حەیفای ئیسرائیلی بە ئەورووپا دەبەستێتەوە و مەبەستی لێی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لە نێوان ئاسیا، ئەورووپا و ئەفریقا لە ڕێگەی تۆڕێك لە هێڵی ئاسنین و بەندەر و هێڵی دەریایی(٢٧) و ڕکابەری پڕۆژی ئاوریشمی نوێیە کە چین بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە، ئامانجی سەرەکی لێدانە لە پڕۆژەکەی چین کە هەریەك لە چین بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە کە بە پاکستان، ئێران و سووریادا تێپەڕ دەبێت، سەرۆکی ئیسرائیل ئەو پرۆژەیەی بە مێژووی لەقەڵەمدا(٢٨).

لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم پرۆژەیە بەمەترسیدار لە قەڵەمدەدات، چونکە دژی پرۆژەی شیمال –جنوبی ئێرانە و دژی پرۆژەی ئاوریشمی نوێی چینە، کە ئێران بازنەیەکی سەرەکییە تیایدا و دژی پرۆژەی شرق-غرب ئێرانە، هەندێك لە پسپۆڕان پێیانوایە کە هێرشەکەی حەماس ئامانج لێی تێکدانی ئەم پرۆژەیە و نزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل کە یەکێك لە لێکەوتەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەیە، بەهەمان شێوە هەریەك لە چین و ڕووسیا و تورکیاش دژی ئەم پرۆژەیەن، کە بەهۆی ئەوەی چین خاوەن پرۆژەی ئاوریشمی نوێیە و ڕووسیا خاوەن پرۆژەی شیمال جنوبە بە هاوبەشی لەگەڵ ئێران و تورکیا کە خاوەن پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانە لەگەڵ عێراق.

## ئەنجام:

- سەدەی ٢١ سەدەی پرۆژەی ئابوورییە ستراتیژییەکانە و سەرجەم وڵاتە گەورە و ئیقلیمیەکان خاوەن پرۆژەی ستراتیژی ئابووریی خۆیانن.

- جۆرێك لە دابەشبوون هەیە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژە ئابوورییە جیهانییەکان بەپێی هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان.

- ئێران وەکو هێزێکی ئیقلیمی کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی خاوەن پرۆژەی ئابووری بێت و لەهەندێك پرۆژەی ئابووری دیکە ڕۆڵی سەرەکی ببینێت و دژایەتی ئەو پرۆژانە دەکات کە دژی بەرژەوندی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

- ئێران خوازیارە لە ڕێگەی پرۆژە ئابوورییەکانەوە دەربازی بێت لە سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا، خۆی ببەستێتەوە بە ئابووری جیهانەوە و سەرچاوەی داهاتی نوێ بۆ ئێران دابین بکات، هەژموونی خۆی بسەپێنێت بەسەر وڵاتانی دیکە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر هەژموونی ئێراندان و پەیوەندی ئابووری بەهێزی لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانیەکانی پتەوتر بکات.

## سەرچاوەکان:


1. www.newscentralasia.net/2023/04/24/countries-of-the-north-south-corridor-are-taking-steps-to-overcome-logistical-barriers-along-the-route/
2. www.dw.com/en/chinas-new-silk-road-faces-resistance-from-india-partners/a-44056399
3. www.ankasam.org/the-importance-and-goal-of-the-india-middle-east-europe-economic-corridor/?lang=en

٤. سایتی قودس ، مخاطر-الربط السككى-بين-العراق-وإيران، www.alquds.co.uk
٥. سایتی ئیران ئینسایدەر، من المستفيد من مشروع الربط السككى بين إيران والعراق وسوريا؟ https://iraninsider.net/ar/post/4390
٦. د.مثنى العبيدى ، ربط ايران بالمتوسط مشروع سياسى واوراق ضغط ضغط على حساب الدول العربيه ، سایتی اراو حول الخليج
٧. سایتی سپوتیك ،العراق يعلن بدو الربط السككى مع إيران https://arabic.rt.com/business/1491506
٨. د.فراس الياس ، مشروع الربط السككى الإيرانى مع العراق: أبعاده، وتداعياته الجيوسياسيه والاقتصاديه مركز الامارات للسياسات،٢٠٢١.
٩. سایتی الحوره، الربط السككى بين إيران والعراق وسوريا..«حلمٌ» باتجاه واحد، https://www.alhurra.com/iraq/2024/04/13/
١٠. سایتی جەزیرە ، كيف تنظر إيران والعراق إلى ربط سكك الحديد بين شلمجه والبصره؟ https://www.aljazeera.net/politics/2023/9/4/
١١. د.فراس الياس ، مشروع الربط السككى الإيرانى مع العراق: أبعاده، وتداعياته الجيوسياسيه والاقتصاديه مركز الامارات للسياسات،٢٠٢١
12. The Economist =A new railway will at last link Iran and Iraq –
13. David Adesnik and Behnam Ben Taleblu, Burning Bridge: The Iranian Land Corridor to The Mediterranean, Foundatıon for Defense of

Democracıes, Washington, Dc, 2019, pp.20-22.
١٤. سایتی نیدا وەتەن ، ایران-وروسیا تعززان تعاونهما التجاری ضمن مساعی الالتفاف على لعقوبات، www.nidaalwatan.com/article/171636
١٥. سایتی روئیه،»منتدى قازان الاقتصادى» يكشف تفاصيل الممر الدولى بين روسيا والعالم الإسلامى،alroya.om/post/339807
١٦. سایتی عەرەبی پۆست ،حراك روسى لإنجاز مشروع "ممر الشيمال – الجنوب" مع إيران..كيف يلبى حاجه موسكو للوصول إلى المياه الدافئه؟،arabicpost.live، لە ڕێککەوتی ١٤-٤-٢٠٢٤ بینراوە.
١٧. جين وجاناردان ،ليانجشيانج ، الفرص والمعوقات أمام منطقه الخليج , أكاديميه الامارات الدبلوماسيه،٢٠١٨
١٨. د.حمدى سيد محمد محمود،تقدير موقف: ممر النقل الدولى شيمال - جنوب ،هل تنجح المساعى الايرانيه للربط بين ئسيا وأوربا؟ مجله مدارات ايرانيه ، إصدارات المركزالديمقراطى العربى للدراسات الاستراتيجيه والسياسيه والاقتصاديه / المانيا – برلين ، لا ٢٠-٢١
١٩. وفاء كاظم عباس الشمري ،الحزام والطريق تحليل جيوبولتيكس ،مجلة العراقية ،العدد ٤٤ الجزء الثاني ،لا٣٠٤-٣٠٥
٢٠. علي صالح ،مشروع الحزام والطريق ، :كيف تربط الصين اقتصادها بالعالم الخارجي؟، تقرير المستقبل ، ملحق يصدر مع دورية اتجاهات الاحداث ، مركز المستقبل الابحاث والدراسات المتقدمة ، العدد ،٢٦، ٢٠١٨ ، لا٦.
٢١. مركزالبيان للدراسات والتخطيط، مبادرة الحزام والطريق الصينية..فرصة للعراق،٢٠١٨، لا ١٢-١٣
٢٢. ميران حسين ، مشروع طريق الحزام الصيني في ظل العقبات السياسية والاقتصادية، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية،٢٠١٩، لا٢٣١-٢٤١
٢٣. د.حميدة عبدالحسين محمد الظالمي ، الاهمية الجيوسياسية لموقع ايران الجغرافية في مبادرة الحزام والطريق الصينية، مجلة الجامعة العراقية ، العدد ٥٥ الجزء الاول ، لا ٦٤٧-٦٤٨-٦٤٩
٢٤. د.ناصر طهبوب، قراءة في فرص وتحديات مشروع الشام الجديد، مجلة فلسطين لابحاث الامن القومي ،٢٠٢٢ ، لا١٢٩-١٣٠
٢٥. د.شاهر إسماعيل الشاهر،الشام الجديد وأثره على النفوذ الايراني في

المنطقة،إصدارات المركزالديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية / المانيا – برلين،مجلة الدراسات الايرانية ،لا٦٦
٢٦. د.شاهر إسماعيل الشاهر،الشام الجديد وأثره على النفوذ الايراني في المنطقة،إصدارات المركزالديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية / المانيا – برلين،مجلة الدراسات الايرانية ،لا٧٥-٧٧
٢٧. ميران حسين،البعد الجيوبولتيكي والاستراتيجي لمشروع ميناء الفاو ،وقائع مؤتمر ميناء الفاو الكبير ،٢٠٢١، لا ٣٨٣
٢٨. د.حيدر نعمة بخيت، طريق التنمية العراقي فرص تنموية واعدة وتحديات كبرى ،مركز البيان للدراسات والتخطيط ،٢٠٢٣،لا١٨
٢٩. د.حيدر نعمة بخيت، طريق التنمية العراقي فرص تنموية واعدة وتحديات كبرى ،مركز البيان للدراسات والتخطيط ،٢٠٢٣،، لا٢٤
٣٠. المعهد الدولى للدراسات الايراني،الممر التجارى العالمى الهندى-الشرق أوسطي-الاوروبى -الفرص والتحديات، ،٢٠٢٣لا٥
٣١. میران حسین ،جەنگی غەززە و داهاتووی پرۆژە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل، سەرنتەری لیکۆڵینەوەی ڕووداو.



# سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان (ستراتیجی- هەژموون)

توێژەر: تەحسین وسو عەبدوڵڵا



پوختە

سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر کوردەکان لە عێراق، لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان تاران و بەغدا دیاریدەکرێت. لەساڵی ١٩٢١ دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی بەناوی عێراق لەڕوانگەی ئێران وەک هەڕەشە سەیرکراوە. لەپێناو کەمکردنەوە و ڕێگریکردنی ئەم هەڕەشەیە پشتگیریکردنی ئێران بۆ کوردەکانی عێراق دەستی پێکردووە. پرسی کورد یەکێک بووە لەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دیزاینکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق، وەک چون لە ڕابردوو ڕوویداوە لەئێستاشدا لەساڵی ٢٠٠٣ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ویلایەتەیە کگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەک خاڵێکی هاوبەش بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و ئێران دەبینرێت.

لەبەرئەوە لە دوای کۆتاییهێنانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسی، ستراتیجی و ئابوورییەکانی خۆی داڕێژراوە. لەدوای ٢٠٠٣ لە ئەگەر دروستبوونی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبەرامبەردا ئێران ئەو هەنگاوانەی کە گرتوویەتیەبەر هەم بۆ پاراستنی ڕژێم لەناوخۆ هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە، بۆ ڕێگریکردن لەو هەڕەشانەی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی پلان و هەنگاوی زۆر پێویستی لەپێش گرتوون. لە لایەکەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیوەندی بەردەوامدا بووە، لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگەی ئەو پارت و گرووپانە کاری کردووە بۆ ئەوەی مەودای ناکۆکیەکانی نێوان لایەنەکان فراوانتر بکات لە پێناو بەرزکردنەوەی پێگە و نفوزی خۆی لە ناوچەکە. بەدەربڕینێکی تر، پەیوەندی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق بەسروشتی خۆی لە هەڵبەز و دابەزین دابووە، ئەم پەیوەندییانەش لەسەر بنەمای متمانە نییە، بەڵکو پشتبەستووە بە لێکدانەوەی سیاسەتی پراگماتیکی.

## بەرایی

سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوارچیوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر کوردەکان بەپێی کات و شوێن سیاسەتێکی گۆڕاوی پەیڕەو کردووە و تا ئێستاش لەم جۆرە سیاسەتە بەردەوامە. واتە هەندێک کات ئێران لەگەڵ لەپاڵ کوردەکان بووە، بەڵام لە هەندێک کاتی تر بۆ دەورەدانی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تر چۆتە نێو ڕێککەوتن. بەشێوەیەکی گشتی لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە شوێنی کوردەکان وەک چۆن لە

ڕابردوو خاوەنی شوێنێکی گرنگ بووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بەهەمان شێوە کوردەکان گرنگی ستراتیژیان هەیە بۆ ئێران. لەم ڕوویەوە بابەتی سەرەکی ئێمە کوردەکانی عێراق کە لە دوای ١٩٩١ بوون بە خاوەنی هەرێمێکی سەربەخۆ، بەناوی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەرێمی کوردستانی عێراق هەم لەڕووی سیاسی هەم لەڕووی ئاسایش و سەقامگیری هەمیش لە ڕووی ئابوورییەوە جێگەی سەرنج و تێرامانە بۆ دەوڵەتی ئێران.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕوویاندا، سەیری هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین دەبینین تاران لە هەندێک کات بووە پاڵپشتی کوردەکان و بەکردنەوەی کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر و سلێمانی کاریکرد بۆ پێشخستنی ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق. چۆن عێراق هەموو کات وەک بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ڕوانگەی ئاسایشی نیشتیمانی ئێران هەژمارکراوە، لە دوای گۆڕانکارییەکانی (٢٠٠٣)شەوە ئێران عێراقی لە بەرژەوەندی نەتەوەی خۆی جیانەکردۆتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە ئێران لە ماوەیەکی کورت کاری کرد بۆ ئەوەی گۆڕانکاری هاوکێشەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی هاوشان بکات. ئێران لەلایەکەوە دەیویست درێژە بە سیاسەتی ناسەقامگیری بدات لە عێراق، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخەش دەیویست لە ڕێگەی دروستکردنی بالانس لەنێوان شیعەکان، کوردەکان و سوننەکان لەعێراق بنەمای دەوڵەتێک بنیات بنێت کە لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیدا بێت. چونکە بەپێی ڕوانگە و تێڕوانینی تاران، ئەگەر بێتوو سوننەکان و کوردەکان کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکەن لەژێر کاریگەری ئەمریکا لەکۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئێران دەربچێت، ئەوا ئاسایش و بەرژەوەندی نیشتیمانی ئێران دەکەونە ژێر کاریگەری و هەڕەشەی جدی، سەرئەنجام کاریگەرییەکانی هەڕەشەکە دەپەڕێتەوە بۆ ناوخۆی ئێران. لەلایەکی ترەوە ئەگەر هاتوو سوننەکان لەعێراق ببن بە دەسەڵاتی یەکلاکەرەوە، ئەوا بۆ دروستکردنی سیستەمێک لە عێراق هەموو کات پێویستیان بە کوردەکان دەبێت بۆ ئەوەی ببنە هاوبەشی دەسەڵات، ئێران بۆ ئەوەی ڕێگری لەو هەڕەشانە بکات کە لە ئەنجامی ئەم دۆخە دێنە پێشەوە هەستا بەدروستکردنی پەیوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ کوردەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی مانەوەی پێکهاتەی شیعە لەدەسەڵات.

هەروەها پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە لە دوای ٢٠٠٣ بەتایبەت لە بوارەکانی نەوت و گازی سروشتی کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم بەرەوپێشچوونە لە ڕوانگەی

ئابووری ئێرانەوە کاریگەری دروست دەکات وەک هەڕەشەیەک لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران، چونکە هەرێمی کوردستانی عێراق وەک ئەڵتەرناتیڤی ئێران نەوت و گازی سروشتی لەڕێگەی تورکیا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەناردەی دەرەوە دەکات. لەنێو ئەم بارودۆخەشدا ئێران بەردەوام کاردەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی بەغداوە هەرێمی کوردستانی عێراق دەورە بدات و ڕێگری لەهەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات لەبواری گەشەپێدانی ئابوورییەوە. هەروەها ئێران لەلایەکی ترەوە لە بوارەکانی پەیوەندییە دەرەکییەکان لەبەرامبەر ئەو بەرەوپێشچوونەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهاندا، بەتایبەتیش ئەو گەشەسەندنەی هەم لەنێوان هەرێمی کوردسان و تورکیا هەم لەنێوان هەرێمی کودرستان و ئەمریکا بەدی کراوە.

هەروەها ئێران ترسێکی گەورەی هەیە لەوەی مۆدێلی هەرێمی کوردستانی عێراق بگوازرێتەوە بۆ کوردەکانی نێو ئێران و کاریگەری دروست بکات لەسەر بزووتنەوەی کوردی لە ئێران. لەبەر ئەم هۆکارەش ئێران هەمیشە ئەولەویانی کارکردنی لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئێران دەرنەچێت. ئێران بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە لەلایەکەوە دەیەوێت کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغدا کاڵ بینەوە (١) لەلایەکی تریشەوە ئێران کاردەکات لەسەر بەرفراوانکردنی جیاوازی و ناکۆکی نێو پارت و لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی نفوز و پێگەی خۆی زیاتر بەهێز بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیجیەتی تاران بەرامبەر بەغدا هەژمار دەکرێت.(٢)

لە چوارچێوەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق دوای ٢٠٠٣، کۆمەڵێک پرسیاری لەخۆدەگرێت لەوانە؛ سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان لەسەر چ بنەمایەکە، یاخود ئایا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان پشتی بە کام پێوەر بەستووە؟ ئێران لە دوای ٢٠٠٣ بۆچی هەرێمی کوردستان هەم وەک هەڕەشە هەمیش وەک دەرفەت سەیردەکات؟ پرۆسەی ڕیفراندۆم چ کاریگەرییەکی کردە سەر سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان؟ بۆچی ئێران بە توندی دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو؟ بۆ شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چوارچێوەی باسەکانی ئەم وتارە بەم شێوەیە دەبێت. سەرەتا ڕووداوی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەڕوانگەی هەرێمی کوردستان و ئێران وەک خاڵی هاوبەش شرۆڤە دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەم

بابەتە دەخرێتە بەرباس، دواتر ئێران لە دوای ٢٠٠٣ چ جۆرە سیاسەتێکی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان گرتۆتەبەر، ئایا لەسەر چ بنەمایەک ئێران سیاسەتی خۆی ئاراستە کردووە، پەیوەندییەکان دەخرێنە نێو کام چوارچێوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەمانە ئەو پرسانەن لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە شرۆڤە دەکرێن. پاشان باس بابەتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانە، ئایا ئێران بە چ شێوەیەک کاردانەوەی هەبوو لە بەرامبەر ئەم ڕووداوە مێژووییە، لەکۆتایی بابەتەکە ئەو دەرئەنجامانە دەخرێنەڕوو لەمیانەی باسەکان وەدەست هاتوون.

## یەکەم: ڕووخانی ڕژێمی بەعس خاڵی هاوبەشی ئێران و هەرێمی کوردستان

ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەگەڕێتەوە بۆ بەرلە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، واتە مێژووی ناکۆکی نێوان ئێران و عێراق زۆر کۆنترە لە مێژووی دەوڵەتی عێراق. بەڵام ئەم ناکۆکییانە لە دوای شۆڕشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ و لەهەمانکات گۆڕانکاری دەسەڵاتدارێتی لە عێراق ئاستی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە گەیشتە لوتکە، سەرەئەنجام شەڕی هەشت ساڵەی نێوانیان سەری هەڵدا، ئەم شەڕە ناکۆکییەکانی گەیاندە ئاستێکی زۆر بەرز. بەم شێوەیە ڕژێمی بەعس لە عێراق لەڕوانگەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک نەیار و دوژمێکی سەرسەخت هەژماردەکرا، ئەم ڕوانگەیەش ئێرانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق بەر لە هەر دەوڵەتێک زۆرترین خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەکات، بەپێچەوانەوە مانەوە یان بەهێزبوونی ڕژێمی بەعس زۆرترین لەبەرژەوەندی و پێگەی ئێران دەکات لە ناوچەکە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو باگراوەندەی کە خرایەڕوو لە بارەی ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق و تێڕوانینیان بۆ ڕژێمی بەعس لەعێراق، ڕووخانی ئەو ڕژێمە وەک خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوولا دیاری دەکرێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانی زیاترە چۆنیەتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسە، بەلای کوردەکان ڕووخانی ڕژێمەکە لەلایەن ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان بەشێوەیەکی ئەرێنی پێشوازی لێکرا، بەو مانایەی کوردەکان هیچ کێشەیەکیان نەبوو لەگەڵ ئەوەی کە ئەمریکا سەرکردایەتی پرۆسەکە بکات، چونکە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان یەکتری دەگرێتەوە، بێ ئەوەی هەڕەشەیەک بێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان. بەڵام بابەتەکە بۆ ئێران پێچەوانە دەبوویەوە، چونکە ئێران لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ زۆرترین

ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا هەبووە، تەنانەت ئەمریکای وەک «شەیتانی گەورە» پێناسە کردووە، لەبەر ئەمە ئێران پێیوابوو ئەگەرچی ڕووخانی ڕژێمی بەعس مانای نەمانی دوژمنێکی هەرێمی سەرسەخت بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمریکای نەیار دەبێتە دراوسێی ئێران، ئەمەش بۆ ڕژێمی ئیسلامیی ئێران جێگەی نیگەرانی زۆر بوو، بۆیە ئێران ڕێگەی نەدا خاکەکەی بەهیچ شێوەیەک بەکاربهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر عێراق. ئێران ئەم هەڵوێستەی بەر لەجەنگەکە ڕاگەیاند و جەختی کردەوە کە بەهەموو شێوەیەک دژی هەرهێرشێکی تاک لایەنە دەبێت کە بکرێتە سەرعێراق، ئەم هەڵوێستەی ئێران لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی و دەسەڵاتدارەکانەوە دووپات کرایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران ئامانجی سەرەکی ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو لەعێراق (٣). کەواتە دەتوانین بڵێین ئێران لەگەڵ ئەوەدا بوو ڕژێمی بەعس بڕوخێت، کوردەکانیش بەهەمان شێوە ئامانجیان لەناوبردنی سەدام حوسێن بوو، بەڵام ئێران هەڵوێستی بێلایەنی هەڵبژارد لەهێرشەکە، بەپێچەوانەوە کوردەکان پاڵپشت و هاوبەشی سەرەکی ئەمریکا و هاوپەیمانان بوون لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس. سەرباری ئەوەی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق زۆرترین خزمەتی بە ئێران کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێران ترسی هەبوو لە داهاتووی سیستەمی سیاسی لەعێراق، بۆ هەڵوێستی بێلایەنی هەڵبژارد.

بابەتی گرنگ لە پشتی ئەم هەڵوێستەی ئێران داهاتووی دەوڵەتی عێراق بوو، چونکە ئەم دەوڵەتەی دوای سەدام لەعێراق دێتە ئاراوە زۆرترین کاریگەری دەکاتە سەر ئێران. کوردەکانیش بە هەموو شێوەیەک کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە لە داهاتووی دەوڵەتی عێراق شوێن و پێگەی بەهێز بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لەگەڵ ئەمەشدا کاریان کرد بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەرەوپێش بەرن، ئەمەش بەلای ئێرانەوە زۆر گرنگ و جێگەی تێڕامان بوو، چونکە بۆ ئێران بابەتی یەکگرتووی خاکی عێراق لە ئەولەویاتی ستراتیجی دابوو، بۆیە هەموو ئامرازێکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئەم ستراتیجیەی خۆی بەردەوامی پێ بدات. (٤) لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، ئەگەرچی ڕووخانی ڕژێمی بەعس وەک بنەمایەکی سەرەکی خاڵی هاوبەش بوو لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، بەڵام هەردوو لایەن ڕوانگەیان بۆ داهاتوو بەرەو ڕووی بەریەککەوتن دەبنەوە، بەو مانایەی ڕوانگەی هەریەکەیان بۆ داهاتوو جیاواز بوو، لەلایەکەوە بەرژەوەندییەکانی کورد و هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەڕوانگەی ئێران ئەمە دەبێتە خاڵی بەریەککەوتن.

بەپێی توێژینەوە و تێڕوانینی پسپۆران، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لەعێراق

وەک خاڵێکی هاوچەرخ هەژمار دەکرێت هەم بۆ ناوخۆی عێراق و هەم بۆ کۆی گشتی ناوچەکە. ئەگەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ هەرێمی کوردستان سەرەتای دەرکەوتن بێت وەک یاریکەرێکی سەرەکی لە عێراق، بۆ ئێرانیش بەمانای جێگیرکردنی پایە سەرەکییەکانی هەژموون دێت، لە ڕووی سیاسی، سەربازی، ئابووریی و کولتوورییەوە. کەواتە لەچوارچێوەی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ڕوانگەی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکا، پێکهاتەی شیعە، بوونی هەرێمی کوردستانی عێراق و پرسی ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەم شێوەیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم فاکتەرانە دەتوانرێت خوێندنەوە بۆ هەڵوێستی ئێران بکرێت.

## دووەم: هەرێمی کوردستان لە ڕو انگەی سیاسەتی ئێران

یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە بەرامبەر عێراق پرسی کوردە تاڕادەی ئەوەی کە پرسی شێواز و ئاستی پەیوەندییەکان دیاری دەکات، بەو مانایەی پرسی کورد لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق دەستنیشانی چۆنیەتی پەیوەندییەکان دەکات. بەدەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین بابەتی کورد لە عێراق هەم هۆکاری ئاڵۆزییە لە پەیوەندییەکانی ئێران – عێراق هەمیش هۆکاری لەیەکتر نزیکبوونەوەی ئەم دوو دەوڵەتەیە، لەمبارەوە نموونەی بەرچاو هەن لەڕابردوو، وەک ڕێککەوتنی جەزائیر، کە کوردەکانی عێراق فاکتەری سەرەکی ئەم ڕێککەوتنەی نێوانیان بووە. (٥)

لەدوای ساڵی ١٩٩١ لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی گۆڕانکاری خێرا، گەورە و کاریگەر ڕوویاندا، ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕوانگەی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق زۆر گرنگ بوون، بەتایبەت بۆ ئێران و تورکیا. هەروەها هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە خاوەنی شوێنێکی گرنگ و تایبەتمەندە، سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەباکوورەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، لەڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران، لەڕۆژئاوا لەگەڵ سووریا و لەباشووریشەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هاوسنوورە، لەلایەکی تریشەوە ئەم هەرێمی ١٧٪ی عێراق پێکدێنێت. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ هەرێمی کوردستان بووە خاوەن قەوارەیەکی یاسایی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. (٦) لەدوای ئەمەش هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستەبەرکردنی پاڵپشتی لەبواری نێودەوڵەتی، ڕاستەوخۆ کاریگەری کردە سەر سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی هاوسنوورن لەگەڵ هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی

پرۆژەی «هیلالی شیعی» لەچوارچێوەی سیاسەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەنی شوێنێکی ستراتیجی زۆر گرنگە. دەوڵەتی ئێران بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی «هیلالی شیعی» و جێگیرکردنی هەرێمی کوردستان لەنێو ئەم پرۆژەیە هەموو ئامرازێک بەکاردەهێنێت. چونکە لەڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە لەمپەرێک لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکە و بەیەکەوە بەستنەوەی عێراق و سووریا کە ئێران ئامانجیەتی.(٧)

جگە لەوەی هەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان. لەم ڕووەوە بەهۆی ئەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات، واتە ئەو بەشەی کوردستان کە بەئێران لکێنراوە، لەڕووی سیاسییەوە دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەمیشە ئێران بەچاوێکی ئەمنی، سیاسی و ستراتیجییەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکات. ئێران بۆ لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەیەوێت لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ئەم ستراتیجەی جێبەجێ بکات و ڕێگری لە بەرفراوانبوونی کاریگەری بزووتنەوە کوردی لەنێو خۆی ئێران بکات.

## سێیەم: بنەماکانی سیاسەتی تاران بەرامبەرهەرێمی کوردستان

پەیوەندی نێوان هەولێر و تاران بە چەندین قۆناغی گرنگ و هەستیاردا تێپەڕیوە. لەڕاستیدا سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەشێکە لە سیاسەت و بەرنامەکەی بەرامبەر عێراق و ناوچەکە. (٨) لەم چوارچێوەیەدا، لە هەندێك قۆناغدا پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدا بوون، بەتایبەت لەسەرەتای گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا، ئەو کاتە هێزە شیعەکانی هاوپەیمانی ئێران زۆر پێویستییان بە کورد هەبوو، ئێرانیش لەڕێگەی کوردەوە هەوڵیدەدا پێگەی شیعەکان لە عێراقدا بەهێز بکات. بەڵام، لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی شیعەکان لە بەغدا و دروستبوونی ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر، پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستانیش بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر ڕۆیشت، بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران توانی لە ڕێگەی هێزە هاوپەیمانەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ بکات. (٩)

ئێران سیاسەتێکی ڕیالیستی لە بەرامبەر کوردەکانی عێراق پەیڕەو دەکرد لەقۆناغی بەر لە ڕووخانی سیستەمی سیاسی عێراق، هەروەها ئێران لە داهاتووی دەوڵەتی عێراقیش

لە ڕۆڵ و پێگەی کورد تێگەیشتبوو، بۆیە بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە، بەجۆرێک لە چوارچێوەی ستراتیجیەتی خۆی بۆ عێراق کوردەکان خاوەن گرنگیەکی تایبەت بوون. لەم بارەوە لەسەردانێکی جەلال تاڵەبانی بۆ تاران مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام، لەمیانەی سەردانەکەیدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران کۆبوونەوەی ئەنجامدا لەبارەی داهاتووی سیستەمی سیاسی لەعێراق و چونیەتی دووبارە دارشتنەوەی بنەماکانی دەوڵەتی عێراق، لەمیانەی ئەو سەردانەدا تاران بەڵێنی بەردەوامبوونی پشتگیری بۆ کوردەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دووپات کردەوە. (١٠)

لەسەردەمی ئیدارەی ترەمپ و زیادبوونی ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەرێمی کوردستان زیاتر کەوتە ژێر هەڕەشە و هێرشەکانی میلیشیا شیعەکان و ئێران، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام بە موشەك و درۆن پەلاماری کوردستان دەدرێت. بۆ یەکەمجار لە ٨ کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ ئێران بە موشەکی بالیستی ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستانی(بنکەی سەربازی هەریری) بە ئامانج گرت، ئەم کردەوە سەربازییەی ئێران لە دەرئەنجامی کوشتنی قاسم سولەیمانی بوو وەکو کاردانەوەیەک دژی ئەمریکا لە عێراق. لە ١٣ ئاداری ٢٠٢٢ بۆ جارێکی دیکە ئێران بە ١٢ موشەکی بالیستی ماڵی شێخ باز سەرمایەدار و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای کار گرووپی کردە ئامانج.(١١) دیسان، لە ٣٠ دیسەمبەری ٢٠٢٣، میلیشیا شیعەکان بە درۆن هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی هێزی پێشمەرگە لە پیرمام، هەروەها لە ١٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، بە ١١ موشەکی بالیستی هەولێر و ماڵی سەرمایەداری کورد پێشڕەو دزەییان کردە ئامانج. ئەمە بەدەر لەوەی کە ئێران و گرووپە پرۆکسییەکانی بە دەیان جار بنکەکانی پارتە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات و بنکەی سەربازی هەریر و فڕۆکەخانەی هەولێریان بە بیانوی لێدان لە هێزەکانی ئەمریکا بە موشەك و درۆن بە ئامانج گرتووە. (١٢)

لەڕاستیدا، زیادبوون و توندبوونەوەی هێرشی درۆنی میلیشیا شیعەکان و هێرشە ڕاستەوخۆکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆر هۆکار و فاکتەری لە پشتەوەیە کە گرنگترینەکانیان ئەمانەن:

١- ئێران، هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بە یەکێك لە مەترسییەکان دەبینێت لەسەر بەرنامەو ئەجێنداکانی لە عێراقدا، کە لە ئێستادا ئێران

تارادەیەکی زۆر توانیویەتی هەژموونی خۆی بە سەر لایەنە شیعەکاندا بسەپێنێت. بەتایبەت دوای دەرپەڕاندنی سەدر لە پرۆسەی سیاسی، تەنانەت ئێران تارادەیەك توانیویەتی لە ڕێگەی هێزە چەکدارە پرۆکسییەکانی دەست بە سەر ناوچە سوننەنشینەکانیشدا بگرێت. تاکە ناوچە کە بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا نییە هەرێمی کوردستانە و بەتایبەتیش ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، بۆیە ئێران بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەو ناوچەیەشدا بسەپێنێت. ئەویش هەم لەڕێگەی لاوازکردنی پارتی و هەم دروستکردنی بەدیلێك لە هەرێمی کوردستان کە سەربە تاران بێت. لە ڕاستیدا، ئێران بەوە ڕازی نییە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە پراکتیزە بکات و تاران نایەوێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. ئێران بەردەوامە لە دژایەتیکردن و گوشار خستنەسەر هەرێمی کوردستان چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانییەوە بێت، بێگومان ئەمەش ئەو خاڵە دەسەلمێنێت کە ئێران ئاستی داواکاری و خواستەکانی زیاترە لەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. بەڵکو ئەوەی تاران مەبەستیەتی ئەوەیە کە دەیەوێت هەرێمی کوردستان بکاتە هێزێکی پرۆکسی لە ناوچەکەدا، هاوشێوەی ئەو هێزانەی کە لە عێراق ،سووریا، یەمەن و لوبنان دروستی کردوون. (١٣)

٢- ئێران بەردەوام ترسی لەوە هەیە هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێك بۆ تێکچوون یان لێدان لە بەرنامە و سیاسەتەکانی لە عێراقدا، ترسی لە دروستبوونی هاوپەیمانی پارتی لەگەڵ هێزە سوننەکان و هێزە شیعەکاندا هەیە بەتایبەت ئەوانەی لە ئێران دوورن. لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و دروستکردنی هاوپەیمانی سێقۆڵی نێوان پارتی، سەدر و سوننەکان، ئێران بە تەواوەتی گوشارەکانی لەسەر پارتی توند کردووە و ئەم هەنگاوەی پارتی بە لێدانی ڕاستەوخۆ لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی لێکداوەتەوە. بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هاوپەیمانییەکی هاوشێوە، سیاسەت و بەرنامەی ئێران ئەوەیە هەم لە ناو سوننەکان و هەم لە ناو کوردەکاندا زیاتر پاڵپشتی هاوپەیمانەکانی بکات و لە پێگەی نەیارەکانی بدات. ئێستا لەناو سوننەکان ئێران زۆر بە چڕی کار بۆ لێدان لە پێگەی حەلبوسی و پارتەکەی دەکات. لادانی حەلبوسیش لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بەشێک بوو لەم گەمە سیاسییە. بەهەمان شێوەش، لە هەرێمی کوردستان، ئێران زۆر بە چڕی

کاردەکات تاکو ئەو هێزە کوردییانەی کە لە ئێران نزیکن ببنە دەسەڵاتدار. (١٤)
٣- ئێران نەك هەر لەگەڵ ئەوە نییە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەك سەربەخۆ بێت یان سیاسەتێکی هاوسەنگ لەسەر ئاستی ناوچەکە پراکتیزە بکات، بەڵکو دەیەوێت هەرێمی کوردستان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا، دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئەمریکا دوور بخاتەوە، بەو واتایەی ئێران لەو پەیوەندییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی و ئەمریکا هەیەتی زۆر نیگەرانەو دەیەوێت عێراق و لە نێویشیدا هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئێراندا هەڵسوکەت بکات. ئێران توانیویەتی لەسەر ئاستی عێراق ئەم ئامانجە بپێکێت، لە ژێر کاریگەری ئێراندا، عێراق تائێستا نەیتوانیوە سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی پراکتیزە بکات و پەیوەندییەکانی بەرەوە پێشەوە ببات.
٤- لێدان لە پێگەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش سێکتەری نەوت و گاز هۆکارێکی دیکەی گوشارەکانی ئێرانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئێران نەك هەر لەگەڵ ئەوەدا نییە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەقامگیر و بەهێز بێت، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات لە پێگەی هەرێمی کوردستان بدات بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، ئێران نیگەرانە لە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەرێکی گرنگ لەسەر ئاستی ناوچەکە بە تایبەت لە ڕووی وزەوە. بەتایبەت کە ماوەیەکە هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕ کردوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی و پەرە بە کەرتی وزە بە تایبەتیش گاز بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا گاز هەناردەی دەرەوە بکات، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ هەرێمی کوردستان. لەم ڕووەوە، هێرشەکانی ئێران بۆ لێدان لە ماڵی سەرمایەداری کورد شێخ باز یەکێك لە پەیامەکانی ئەوە بوو کە ئێران ڕێگە نادات هەرێمی کوردستان ببێتە ئەڵتەرناتیڤی گازە سروشتییەکەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. بە هەمان ئاڕاستەش ئێران کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بڕیاری دادگەی فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. (١٥)
٥- ئێران لە ڕێگەی گوشار دروستکردن، هەوڵدەدات هەرێم لە پرس و مەلەفی هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی زیاتر سازش بۆ ئێران بکات هەم بە چەککردنیان و هەم دوورخستنەوەیان لە سنوورەکان یان لە هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی هێزەکانی موجاهیدین لە عێراق کە لە ساڵی ٢٠١٦ وەدەرنران. (١٦) هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێران

لە مانگی ئاداری ٢٠٢٣ ڕێککەوتنێکی ئەمنی سێقۆڵی لەگەڵ هەولێر و بەغدا واژوو کرد بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و دوورخستنەوەی هێزە کوردییەکان لە سنوورەکان، بەڵام دیارە ئێران لەوەش زیاتر داوای ڕادەستکردنی سەرکردەکانیان و دەرکردنیان بە تەواوەتی لە کوردستان دەکات. هەروەها خاڵێکی دیکەش کە بۆ ئێران زۆر گرنگە ئەوەیە هەرێمی کوردستان نەبێتە ناوەندێك بۆ وروژاندنی کوردەکانی ئێران بۆ ئەوەی داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بەتایبەت، دوای کوشتنی ژینا ئەمینی، و بەرپوەچوونی خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە ئێران و لە ناوچە کوردییەکان، ئێران هەرێمی کوردستان و گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی تۆمەتبار کرد بەوەی دەستیان لە خۆپیشاندانەکان هەیە هەر بەو بیانوەش بەموشەك بارەگاکانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆردوومان کرد.(١٧)

تاران بۆ گوشارخستەنە سەر هەرێمی کوردستان چەندین ئامرازی جۆراوجۆرە بەکاردەهێنێت لەوانە؛

- وەشاندنی گورزی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێرشە موشەکییەکانەوە بەتایبەت بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان. تاران چەندین جار ئەم هێرشانەی ئەنجامداوە.
- لە دۆسیە گرنگ و هەستیارەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کە جیگەی ناکۆکین، تاران بە تەواوی بەو ئاراستەیە کار دەکات کە ئەم دۆسیانە وەک کارتێکی فشار لە دژی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت.
- بەکارهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان کە ئێران ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە دەرکردنی هەموو ئەو بڕیارانەی لەدژی هەرێمی کوردستان دەرکراون.
- جگە لەو هێرشە موشەکیانەی لە نێو خاکی ئێرانە ئاراستەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، تاران بەردەوام لە ڕێگەی هێرشی درۆنی گرووپە چەکدار و میلیشیانی عێراقەوە گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ناچاری بکات ببێتە بەشێک لە ستراتیجییەتی تاران لە عێراق و ناوچەکە.
- هەروەها تاران یەکێکی دیکە لە ئامرازەکانی گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەکارهێنانی هەندێک لە هێزە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە یارمەتی ڕاستەوخۆیان دەدات بۆ ئەوەی پێچەوانەی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم ڕەفتار بکەن.

## چوارەم: سیاسەتی تاران لە هەمبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان

سێ ڕۆژی دوای دەرکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم واتە ١٠ حوزەیرانی ٢٠١٧ ئێران لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی هەڵوێستی وڵاتەکەی لەبارەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و گوتی: «هەڵوێستی بنەڕەتی و ڕوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پشتگیریکردنە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق. هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و بڕیاری تاکلایەنە و لە دەرەوەی ڕێسا و چوارچێوە نیشتمانی و یاساییەکان، بەتایبەتی دەستووری عێراق، ئەویش لە دۆخی ئاڵۆزی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پلانی ناحەزان بۆ بەردەوامیی ناسەقامگیری لە عێراقدا، تەنیا درێژە بە دروستبوونی کێشەی نوێ لەو وڵاتە دەدات". هەروەها لە درێژەی ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئاماژە بەوەش کرا کە: "عێراقێکی یەکپارچە، سەقامگیر و دیموکراسی، گەرەنتیی بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی دەکات. ئەمڕۆ عێراق زیاتر لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستیی بە ئارامی و یەکێتیی نیشتمانی هەیە و، ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا، دەبێت لە چوارچێوەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی نیشتمانی و دەستووریی عێراقدا چارەسەر بکرێن". (١٨)

دژایەتی هەڵوێستی ئێران لەبەرامبەر ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەتوانین لە چوارچێوەی ئەم هۆکارانە شرۆڤە بکرێت : (١٩)

- دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر کوردەکانی ئێران، ئەم ڕیفراندۆمە چالاکییە جوداخوازییەکانی کورد لە دژی دەوڵەت بەرەو قۆناغێک دەبات کە ڕاستەوخۆ یەکگرتووی خاکی وڵات دەخاتە مەترسیەوە.
- پشتگیریکردن و هەڵوێستی پۆزەتیڤی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم لەڕوانگەی ئێرانەوە وەک هەڕەشەیەکی گەورە لێکدرایەوە، تاران پێیوابوو بوونی دەوڵەتێکی هاوسنوور کە پشتگیری بکرێت لەلایەن ئیسرائیلەوە گەورەترین تەحەدیە لەبەرامبەر ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چونکە ئێران بە هۆی سروشتی سیستەمی سیاسی و ستراتیژیی ناوچەییەکەی، دژایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئیسڕائیل

هەیە. هەروەها مەترسی تری تاران ئەوەیە، کە ئیسرائیل سەرچاوەکانی وزەی کوردستان لە پاڵ کارتی «ئاو» لە ململانێ ناوچەییەکاندا بۆ وڵاتانی نەیاری خۆی بەکار بهێنێت. لە لایەکی تریشەوە لەڕوانگەی تارانەوە، ئیسرائیل دەتوانێت لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هاوکێشەی ستراتیژی سێگۆشەی «سووریا، ئێران و عێراق» لە دژی خۆی پووچەڵ بکاتەوە.

♦ دەوڵەتی ئێران لەلایەکەوە ترسی ئەوەی هەیە کە دەوڵەتێکی کورد-سوننە لە سنوورەکانی دروست ببێت کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سعوودیا و وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا هەیە. لەلایەکی تریشەوە بوونی پێگەی سەربازیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەرووی هەمووشیانەوە بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان دەتوانرێت هەم چالاکییەکانی ئێران لەناوچەکە سنووردار بکات هەمیش گوشاری زیاتر بخاتە سەر ڕژێمی سیاسی ئێران، لێرەوە ستراتیژییەکانی ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە بەرەو ڕووی بەربەست و ڕێگری گەورە دەبێتەوە.

♦ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، لەهەمانکاتدا کاردەکاتە تێڕوانینی پێکهاتەکانی تریش بەتایبەت سوننەکان، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەم بابەتە کاریگەری ئەمەش بکاتە سەر تەواوی نەخشەی سیاسی ناوچەکە، ئەمەش پێگە و نفوزی ئێران لەعێراق لاواز بکات، بۆیە زۆر بەتوندی دژی پرۆسەکە وەستایەوە.

♦ هەروەها ئەگەر لەئەنجامی ڕیفراندۆم دەوڵەتێکی کوردی بێتە ئاراوە، هۆی جیاوازی و ناکۆکییەکانی تورکیا و ئێران، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا ئەم دەوڵەتە پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا دروست بکات لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازیی و ئاسایشییەوە ئەمەیش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تاران یەکناگرێتەوە.

ئێران زۆر کەناڵی دبلۆماسی بەکارهێنا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان پاشگەز بێتەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەتایبەتی سولەیمانی چەندین جار لەگەڵ پارت، کەسایەتی و گرووپی جیاجیا کۆبوونەوەی ئەنجامدا ، تەنانەت لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانیش کۆبوونەوەی ئەنجامدا و هەڵوێستی وڵاتەی لەدژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە ئاشکرا ڕاگەیاندبوو. هەروەها قاسم سولەیمانی بەڵێنیدا ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان پاشگەزبێتەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەوا تاران ئاسانکاری

دەستەبەر دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغدا.(٢٠)

سەرباری هەموو ئەو هەڕەشە و فشارانەی ئێران بەکاریهێنا بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەڵام سەرکردایەتی سیاسی بڕیارەکەی لەوادەی دیاریکراودا واتە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجامدا و لە ٩٢٪ی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە»بەڵێ» دەنگی لەسەردا. ئێران ئەم ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستانی بە هەڵەیەکی گەورە وەسفکرد و ڕایگەیاند هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرئەنجامەکەی ناکات. ئێران ڕایگەیاند لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا کاردەکەن بۆ گرتنەبەر ڕێگەی پێویست لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان. لەم ڕوویەوە هێڵی فڕۆکەوانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان وەستێنرا، دەروازە سنوورییەکان داخران و بازرگانی بە بەرهەمە نەوتییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان قەدەغەکرد. هەروەها لەلایەکەوە بابەتی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان تورکیا و عێراقیش هاتە ڕۆژەڤەوە، لەلایەکی تریشەوە تاران و ئەنقەرەش گفتوگۆیان لەسەر ئاستی باڵا دەست پێکرد بۆ هەماهەنگی نێوانیان لەبارەی کاردانەوەیان لەبەرامبەر ڕیفراندۆم. لەم ڕوانگەیەوە لە٤ی ئۆکتۆبەر ساڵی ٢٠١٧ لە تاران کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان سەرۆک کۆماری تورکیا و سەرۆک کۆماری ئێران ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکە خەجت لەسەر دژایەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و کارنەکردن بە دەرئەنجامەکەی کرایەوە. (٢١) ئێران وەک کاردانەوە لەبەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەڵسا بە ڕێککەوتن لە نێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراق و بەشێک لە هێزە کوردییەکان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، سەرەتا لە ناوچەکانی کەرکوکەوە دەستیان پێکرد، لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ هێرشەکانیان دەستپێکرد، لەئەنجامدا هەموو ئەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەئەنجامی شەڕی داعش کۆنترۆڵی کردبوون خرانەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی. سەرباری هەڵوێستی توندی ئێران و هەموو ئەو ڕێکارانەی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان لەدوای ڕیفراندۆم گرتیەبەر بەڵام تاران نەیدەویست پەیوەندییەکانی بەتەواوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپچڕێنێت.

تاران، لەماوەیەکی کەم دوای ڕێفراندۆم دەروازە سنوورییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردەوە و پەیوەندییەکانی نێوان تاران و هەولێر ئاسایی بوونەوە. لەم ڕوانگەیەوە

لە ٢١ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و جێگرەکەی قوباد تاڵەبانی سەردانی تارانیان کرد و لەگەڵ هەریەکە لە سەرۆککۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی و سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی ئێران کوبوونەوەیان ئەنجامدا، لەمیانەی کۆبوونەوەکانیاندا بابەتەکانی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی و یەکگرتووی خاکی عێراق، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان تاران و هەولێر جەختی لەسەرکرایەوە. پاشان دەسەڵاتدارانی تاران دووپاتیان کردەوە کە ڕۆڵی نێوەندگیری دەگێڕن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو لەبارەی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ. هەروەها لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٨ لە چاوپێکەوتنێکی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەو کاتی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مۆنیتۆردا ڕەخنەی سەرنجی خستەسەر گرنگی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران، تەنانەت ڕایگەیاند لەپێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیری ناوچەکە ئامادەیی دەربڕی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئێران. لەلایەکی تریشەوە لە ٢-٣ی ئایاری ساڵی ٢٠١٨ چوارەمین کۆنفرانسی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران لەهەولێر، لەمیانەی ئەو کۆنفرانسەدا دەسەڵاتداران چاویان بە مەسعوود بارزانی کەوت و گفتوگۆ ئاڵوگۆڕ کرا لەبارەی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاران هەولێر، دوای ئەمەش ئاستی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران ڕووی لەهەڵکشان کرد. دوای کرانەوەی دەروازە سنوورییەکانی نێوان ئێران هەرێمی کوردستان و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکان تاران و هەولێر گرنگی هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی ئێرانەوە ڕووی لە هەڵکشان کرد. لەچاوپێکەوتنێکی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتاران نازم دەباغ لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکادا جەختی لەسەر زیاتر بەرەوپێشچوونی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ تاران کرد و ئەم پەیوەندییانەش لەگەڵ حکومەتی عێراق بەیەکەوە بەردەوامی پێدەدرێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەش تا ڕادەیەک پەیوەندی ئێران لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە بەراورد لەگەڵ پێشووتر بەرەو باشتر هەنگاوی نا، چونکە زۆربەی جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئاڕاستە دەکرێن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەڵوێستی گرووپ و لایەنە شیعەکانیش لە بەرامبەر هەرێمی

کوردستان گۆڕانکاری بەسەردابێت بە بەراوورد لەگەڵ پێشووتر. لەم بارەوە مەسعوود بارزانی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ سەردانی بەغدای کرد و گفتوگۆ لەبارەی پەیوەندییەکانی داهاتووی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغدا کراو.(٢٢) دەکرێن ئەمە وەک دەرئەنجامی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و هەولێر لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

## ئەنجام

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر کوردەکانی عێراق/ هەرێمی کوردستانی پێویستە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق شرۆڤە بکرێت، هەرچۆنێک بێت پرسی کورد لە عێراق یەکێک لەفاکتەرە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی دیزاین کردن و شێوە پێدانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیە، بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتی ئێران مەسەلەی کوردی وەک کارتێکی سیاسی لەبەرامبەر عێراق بەکارهێناوە. لەپاش دەستوەردانی سەربازی ئەمریکا لەعێراق سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر لەسەر بنەمای سەربازیی و ئابووری بووە، لەوەی لەسەر بنەمای سیاسی و دبلۆماسی بێت. بەمانایەکی تر، جۆری پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر لەڕەهەندی ئەمنی و ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە نەک ڕەهەندی سیاسی، هەروەها وەها دەردەکەوێت لەم پەیوەندییەدا واتە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران فاکتەری زاڵ دەوڵەتی ئێرانە.

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ هەم بۆ ئێران هەمیش بۆ هەرێمی کوردستان وەک خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لەدوای ٢٠٠٣ چووە نێو قۆناغێکی نوێ هەم لەناوخۆی هەم لەسەر ئاستی عێراق هەمیش لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانیدا، لەم بارودۆخەشدا هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی ئێرانەوە بوونە جێگەی سەرنج، لەبەرامبەر ئەمەشدا ئێران لە قۆناغی دوای نەمانی ڕژێمی بەعس بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێشوو بەهێزترەوە خزایە نێو هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە بواری هەواڵگری، سەربازیی، کولتووری و ئابوورییەوە. ئەگەر ئێران تا ئەم سەردەمە کوردەکانی عێراقی لەڕوانگەی ئاسایش و سیاسەتی هەرێمی وەک دەرفەت ببینێت، ئەوا لەقۆناغی دوای ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان بۆ ئێران وەک فاکتەری

هەڕەشە و دڵگرانییش هەژماردەکرێت. لەم ڕوویەوە گۆڕانکاری و پێشفەچوونەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بووە جێگەی سەرنج و تێڕامانی ئێران، ئێرانیش کاردەکات بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاری و گەشەسەندنانە هاوشان بکات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناوچەکە. بەگوزارشتێکی تر، ئێران گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستانی لەقۆناغی دوای ٢٠٠٣ لە عێراق وەک مەترسی و هەڕەشە دەبینی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، لەهەمانکاتدا پەیوەندی دروستکرد لەگەڵ هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانیش بەردەوامن و ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو فراوانبوون دەچن. چونکە ئێران وەها بیر دەکاتەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە هاوکێشەکان دەستەبەر بکات و ڕێگری بکات لە ترس و هەڕەشەکان دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە پێویست دەزانێت. لەسەر ئەم بنەمایەش ئێران لە دوای ٢٠٠٣ هەریەکە لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی کۆنسوڵخانەی خۆی کردەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١. ڕەحیم، پ. (ئەیلول، ٢٠١٦)، «ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق»، پێنوس، https://shorturl.at/nwC27 . (ڕێککەوتی سەردان ٢٠٢٤/٤/١).

٢. هیتوتی، ن. (٢٠٢٤). ئێران و هەرێمی کوردستان: پەیوەندی دۆستانە یان بوون بە هێزێکی پڕۆکسی؟، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، https://shorturl.at/bszG2 (ڕێککەوتی سەردان ٢٠٢٤/٤/٢).

3. Wsu Abdullah, T. (2018), İran'ın Irak'taki Kullandığı Siyasi Araçlar; (2003'ten Günümüze), (Yayınlamamış Yüksek Lisans Tez), Gazi Üniversitesi, Ankara, S 53.

4. Arıkan, P. (2006) . "ABD'nin Irak Müdahalesi ve İran'ın Tutumu". Şahin, M. ve Taştekin, M. (Editörler). II. Körfez Savaşı, Ankara. Platin Yayınları, S 168.

5. Keneş, B. (2012). İran: Tehdit Mi, Fırsat Mı?. (2. Baskı). İstanbul: Timaş Yayınları, 260.

٦. غەفور، ع. (٢٠٠٥). جوگرافیای کوردستان، هەولیر، دەزگای ئاراس، ل١٤.

7. Semin, A. (Ağustos, 2015). »Kuzey Irak'taki Başkanlık Krizi, IŞİD ve İran«, BİLGESEM Analiz, (1238), S 6.

8. Tok, L. (Ekim, 2015). "İran'ın Kuzey Irak Politikası /İran ve Iraklı Kürtler", ÜMRAN Derneği, https://shorturl.at/beAIS (Erişim tarihi 14/2024/).

9. Demir, D. (Şubat, 2017). “ABD’nin Irak’ı İşgaline Kadar Kuzey Irak›taki Kürt Varlığı ve İran’ın Bölgesel Güvenlik Politikası”. KAFKASAM, https://shorturl.at/euyG0 / (Erişim tarihi 1/4/2024).

١٠. حەمەکەریم، ا. (٢٠١٣). پەیوەندییە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ١٩٩١ – ٢٠٠٣ (ئێران، تورکیا و سووریا)، تاران: چاپخانەی تاران، ل١١٨.

11. Ahmed, Z. and Shukri, N. (2023). What Do Iran’s Protests Mean for Iraq and the Kurdistan Region? Briefly Analysis, Washington Institute. https://shorturl.at/dnqwy (Visit data: 3.4.2024).

12. Kurdistan 242020) .() https://shorturl.at/lnFRT , Rudaw (2024). https://shorturl.at/bpDQZ , (Visit data:2.4.2024).

١٣. هیتوتی، ن. سەرچاوەی پێشوو.

١٤. هیتوتی، ن. (٢٠٢٢). ستراتیژیی ئێران بۆ لێکترازاندنی هاوپەیمانیی سێقۆڵی. ویبسایتی پێنووس. https://shorturl.at/fhEGP (ڕێککەوتی سەردان ٢٠٢٤/٤/٤).

15. Chalak, Ch. (2022). PUK will obstruct KRG plans to export natural gas if process is not transparent: co-chair, RUDAW, https://rb.gy/m090zk (Visit data: 4.4.2024).

16. Zaman, A. (2013). Iran renews ultimatum for Iraq to disarm Kurdish opposition groups, Al-Monitor, https://rb.gy/cscck3 (Visit data: 4.4.2024).

17. Ahmed, Z. and Shukri, N. , ibid.

١٨. ڕەحیم، پ. (تەموزی ٢٠١٧)، «ئێران و پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان»، وێبسایتی پێنووس. https://rb.gy/k8slsv (ڕێککەوتی سەردان ٢٠٢٤/٤/٤).

19. Azad, H. (December 2019). »Geçmişten Günümüze İran’ın Kürtleriyle İlişkileri ve Bağımsız Referandumuna Yaklaşımı«, Bölgesel Çalışmalar Dergisi, 2(3), S 177.

20. Al-Abyad, S. (2017). “Kurdish Referendum Between Turkish Threat and Iranian Caution”. https://rb.gy/uidmem (visit data: 4/4/2024)

٢١. موحەمەد، هـ. (٢٠١٧). «کورد و دراوسێکانی»، ناوەندی کوردستان بۆتوێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، com.kurdistanc.www//:http (ڕۆژی سەردان ٢٠٢٠/٤/١).

22. Azad, a.g.m, S 178-179.



# ستراتیجی ئێران لە سووریا و هەڵوێستی بەرامبەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی شام و ئەنکەرە


توێژەر: هەڤاڵ ئازاد محی الدین



**بەرایی**

لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، ئێران سیاسەتی ئەنتی ئیمپریالیزم و ئەنتی زایۆنی کردووە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، هەروەها هەوڵی داوە ئاسایشی نەتەوەی خۆی بباتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە و بیبەستێتەوە بە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەنەوە. لەم چوارچێوەیەدا بەردەوام لە هەوڵی دامەزراندنی پشتێنەیەکی ئەمنی گرنگ بووە لە نێوان ئەم ناوچانەدا. ئێران لە دوای شۆڕشەوە هەوڵیداوە پەیوەندییەکی تۆکمە تا ئاستی هاوپەیمانی ستراتیجی لەگەڵ سووریا ئەنجام بدات. هەر بۆیە لە بەدرێژای جەنگی ناوخۆی سووریا ئێران زۆرترین هاوکاری سەربازیی و سیاسی و ئابووری پێشکەش بە ڕژێمی سووریا کردووە. چونکە ئێران پێی وایە لە ناوچوونی سووریا بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ناوچوونی ئێران دەبێت. هەروەها یەکێک لە گرنگترین ستراتیجییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران فراوانکردنی نفوزی خۆیەتی لە سووریا. لەم ڕوانگەیەوە ئێران بە وردی چاودێری هەموو پێشهاتەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکی شام دەدات لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە بە تایبەتی تورکیا.



**کلیلە وشە:** ئێران، سووریا، تورکیا، جەنگی نێوخۆی سووریا، ستراتیجی ئێران، پشتێنەی ئەمنی (هیلالی شیعی)

## کورتەیەک لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران - سووریا

کاتێک بمانەوێت باس لە ستراتیجی ئێران بکەین لە سووریا ئەوا پێویستە بە کورتی باسێک لە مێژووی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سووریا بکەین. وەک زانراوە سووریا لە دوای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٤٦، یەکێک دەبێت لەو دوڵەتانەی کە دەچێتە بەرەیەک دژ بە دامەزراندن و بوونی دەوڵەتێک بەناوی ئیسرائیلەوە خاوەنی چەندین ململانێی مێژوویە لەگەڵ ئیسرائیل. هاوتەریب یەکێکیش دەبێت لەو وڵاتانەی کە بە درێژای جەنگی سارد لە بەرەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی دەبێت و پێچەوانەی بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەمریکا دەبێت لە ناوچەکەدا.

هاوتەریب سووریا یەکێک دەبێت لە وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعی دەبێت کە بەردەوام لەهەوڵدابوون پەیوەندی لەگەڵ نەیارانی شادا ببەست و هاوکاریان پێشکەش بکەن، تەنانەت لە پێش و لە سەروبەندی سۆڕشدا سووریا یەکێک دەبێت لەو وڵاتانەی کە هاوکاری لۆجستی شۆڕشگێڕانی ئێران دەکات لە دژی دەسەڵاتی شا.[1] بێگومان ئەمەش دەبێت بە هۆکار گەلێکی گرنگ بۆ ئێرانی دوای شۆڕش کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا گەشەپێبدات. وەک دەزانرێت پێش سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی میسر دەستیان کردبوو بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل و لەم چوارچێوەیەدا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوانیاندا واژوو کرابوو، ئەمەش وای کردبوو کە سووریا وەک یەکێک لە تاکە هێزەکانی ناوچەکە بمێنێتەوە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بە ئاڵۆزی مابوویەوە، هاوتەریب لەو قۆناغەدا ئاڵۆزی کەوتبوویە نێوان پەیوەندییەکانی دیمەشق و بەغدادیشەوە، بێگومان ئەمە دۆخێکی گۆشەگیری و تەنهای بۆ سووریا فەراهەم کردبوو. بەڵام لە دوی سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران و بەیانکردنی سیاسەتی دژە ئیسرائیل و ئمپریالیزمی بەتایبەتی ئەمریکا بەس بوون بۆ ئەوەی سووریا ئەو فریاد ڕەسە بدۆزێتەوە، کە لە خەیاڵدانی سیاسی خۆیدا بەدوای دەگەڕا. هەر بۆیە دوابەدوای شۆڕش وەزیری دەرەوەی سووریا عبدالحلیم هادام شۆڕشی ئیرانی بە یەکێک لە گرنگترین ڕوداوەکانی مێژووی هاوچەرخ ناوزەند کرد.(٢) هەربۆیە دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامی پەیوەندییەکانی نێوان دیمەشق و تاران فۆڕمێکی

تازە وەردەگرێت و هەوڵدەدرێت ئەم پەیوەندییانە بگەیەنرێتە ئاستی هاوپەیمانی ستراتیجی. جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران – عێراق ئەو دەرفەتەی بۆ سووریا ڕەخساند کە زیاتر لە ئێران نزیک ببێتەوە و لە جەنگەکەدا بە هاوکاری کردنی ئێران وەک یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکان ببێت بە یەکێک لە هاوپەیمانە ستراتیجییەکانی ئێران.[٣] بێگومان یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە لە جەنگی ئێران – عێراق هاوکاری ڕاستەوخۆی ئێران لە بواری سەربازی و لۆجستیدا بێگومان سووریا بوو. لە دوای شۆڕش ئێران لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەستا بە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ئیسلامی شیعی ڕادیکاڵی، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ئێران ببێت بە وڵاتێکی گۆشەگیر و لە لایەن دەوڵەتانی هەرێمییەوە تەنها بکرێت. تەنانەت عێراق هەوڵیدا سوود لە پەرتەوازەی ناوخۆیی و گۆشەگیری دەرەوەی ئێران وەربگرێت و جەنگ لە دژی ڕابگەیەنێت.

لە سەروبەندنی جەنگدا هاوشانی لیبیا سووریا یەکێک دەبێت لەو وڵاتانەی کە زۆرترین و باشترین هاوکاری سەربازی و لۆجستی پێشکەش بە ئێران بکات. تەنانەت موحسین ڕەفیق دوست وەزیری سوپای پاسداران ئاماژە بە گرنگی هاوکارییەکانی سووریا دەکات و دەڵێت: «ئەگەرچی هاوکارییەکانی سووریا کەمیش بێت، بەڵام لە ڕووی کاتەوە گرنگی تایبەت دەبەخشێت بە ئێران».(٤) هاوتەریب لەم قۆناغەدا بەهۆکاری ئاڵۆزییەکانی نێوان لوبنان و ئیسرائیل و دامەزراندنی گرووپی حزبوڵڵای لوبنان بە هاوکاری ئێران،(٥) پێشهات گەلێکی گرنگ دەبن بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سووریا کە لە پەیوەندییەکی ئاساییەوە دەگوازرێتەوە بۆ هاوپەیمانییەکی ستراتیجی. سەرەڕای پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەڵام سووریا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵیدا لەلایەک ببێت بە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا و لەلایەکی ترەوە هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی هەوڵەکانی سووریا بێ ئەنجام بوون دووبارە ڕووی کردەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی ئێران کە ئەمەش دووبارە بووە هۆکاری بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و دیمەشق.(٦) هەروەها لە دوای ١١ سێپتەمبەر چەندین ڕێککەوتننامەی ستراتیجی و سەربازی و بەرگری لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ دەکرێت و هەردوو وڵات دەبن بە هاوپەیمانییەکی ستراتیجی گرنگ لە ناوچەکەدا.(٧)

لەگەڵ ئەوەی سووریا و ئێران خاوەنی پەیوەندییەکی بەهێزن و هەندێک جاریش دەگاتە ئاستی هاوپەیمانی ستراتیجی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا فاکتەر گەلێک هەن کە دەتوانن لە

هەر کاتێکدا ئاستەنگ بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست بکات. بێگومان گرنگترینیان جیاوازی ئایدۆلۆجیای سووریا و ئێرانە. لەگەڵ ئەوەی ئایدۆلۆجیای سووریا شیعەی عەلەوییە بەڵام سووریا و حیزبی باعس نەیان ویستووە کە سیاسەتی نێوخۆی و دەرەوەی سووریا ڕەنگدانەوەی ناسنامەی ئایینی شیعە بێت. تەنانەت بە پێچەوانەوە ڕژێمی سووریا هەمیشە هەوڵیداوە کە خۆی وەک دەوڵەتێکی عەلمانی نەتەوەپەرست پێناس بکات. کە ئەمەش بێگومان پێچەوانەی بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە و بنەماکانی شۆڕشی ئێرانە، بەڵام وەک دەبینین ئێران لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا ئەم جیاوازییەی بەهەند وەرنەگرتووەو نەبووە بە بنەمای سەرەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران - سووریا.(٨) بە دەستەواژەیەکی تر، ئێران لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ هەوڵی داوە دین و شیعەگەرای وەک یەکێک لە بنەما گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکرێت کە ئێران ئایینی نەکردووە بە بنەمای سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، هەر بۆیە سەرەڕای جیاوازی مەزهەبیش ئێران دەتوانێت درێژە بە پەیوەندییەکانی خۆی بدات لەگەڵ ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە دەچنە چوارچێوەی ستراتیجی ئێرانەوە، لەم ڕاوانگەیەوە دەتوانین سووریا و حەماس وەک دیارترین نمونە ببینین.(٩)

### سیاسەت و ستراتیجی ئێران لە سووریا

شۆڕشی ئێران یەکێکە لە ڕوداوە هەرە گرنگەکان کە کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر خودیی ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە و گۆڕانکاری گەورەی دروستکردووە لەسەر دووبارە بونیاد نانەوەی هاوپەیمان و نوێ لە ناوچەکەدا. ئێران لە دوای شۆڕشەوە لە هەوڵدادەت ئایدۆلۆجیای شیعی و خودی ئێران بکات بە هەوێنی چەندین شۆڕشی تر لە ناوچەکەدا، هاوتەریبب وەک وڵاتێکی ئیسلامی سیاسەتی ئەنتی ئیمپریالیزمی و ئەنتی یەهودی جێبەجێ بکات. ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ کەنار خستنی ئێران هەندێک جار مەترسی دروستکردنە سەر خودی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران. لەم چوارچێوەیەدا ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەک لە سەر ئاسایشی نەتەوەی خۆی هەوڵیداوە کە سوود لە هەموو دەرفەتێک وەبگرێت و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و گرووپە جیاوازەکانی ناوچەکەدا دروست بکات و وەک شەڕی وەکالەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ترساندنی دوژمنەکانی بەکاریان بێنێت.

بێگومان سووریا لەبەر گرنگی لایەنی جیۆپۆلەتیکی دەکرێت ببێت بە دڵی ئاسایشی نەتەوەی ئێران و ڕۆڵی پردی پەیوەندییەکانی ئێران بێت لەگەڵ هێزە شیعیە چەکدارەکانی ناوچەکە و دواتر نزیکبوونەوەی تەواویی لە سنوورەکانی ئیسرائیل. بە دەستەواژەیەکی تر دەکرێت سووریا دەرچەیەک بێت بۆ گواستنەوەی ئاسایشی نەتەوەی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و ڕووبەڕووبوونەی هەر مەترسییەک لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانی سووریا و لوبنان و یەمەنەوە.(١٠)

سەبارەت بە ستراتیجی ئێران لە سووریا بێگومان یەکێک لە ستراتیجییەکانی ئێران لە سووریا جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئەنتی ئیمپرایایزمی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ئەنتی یەهودییە. وەک زانراوە سووریا هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە بەردەوام یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە لە دژی هەر جۆرە قەوارەیەکی ئیسرائیل بووە و خاوەنی چەندین جەنگ و ململانێیە لەگەڵ ئیسرائیلدا،(١١) هاوتەریب بە هۆکاری هاوکارییەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل سووریا بەهەمان شێوە خۆی لە بەرەکانی دژ بە ئەمریکا بینیوەتەوە. (١٢) هەر بۆیە ئەم ململانێیەی سووریا دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئێران دەڕەخسێنێت تاکو بتوانێت لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمەوە لەگەڵ سووریا، سووریا بکات بە ناوەندێکی گرنگ بۆ جێبەجێکردنی یەکێک لە گرنگترین ستراتیجییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی کە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بنەمایەکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێک دەهێنێت، کە ئەویش وەک پێشتر باسی لێوە کرا ستراتیجی ئەنتی ئەمریکا و ئیسرائیلە، تەنانەت علی خامنەی لە یەکیک لە وتەکانیدا دەڵێت:» گرنگترین هۆکاری هاوکارییەکانی ئێران بۆ سووریا ئەوەیە کە سووریا دەکەوێتە چەقی بەرهەڵەستی قەوارەی زایۆنییەوە.»(١٣) کە لە فەرهەنگی سیاسی ئێرانی دوای شۆڕشدا بە شەیتانی گەورە و بچوک پێناس کراوە. (١٤) شایەنی باسە ئەم ستراتیجییەی ئێران بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن خودی ڕێبەری باڵای ئێران و کاربەدەستانی باڵای ئەو وڵاتە بەردەوام جەخی لێوە کراوەتەوە.(١٥) هەر بۆیە ئێران بەردەوام لە هەوڵداوە کە سووریا بکات بە هاوپەیمانییەکی متمانە پێکراوی خویی و لە هەموو دۆخێکدا هەوڵی پاراستنی ڕژێمی بەشارد ئەسەد بدات.

بێگومان یەکێکی تر لە گرنگترین ستراتیجییەکانی ئێران لە سووریا زامنکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران خۆیەتی، لەم ڕوانگەیەوە ئێران هەوڵیداوە سوود لە ستراتیجی شوێنی جوگرافیای سووریا وەربگرێت و بیکات بە یەکێک لە هاوپەیمانە ستراتیجییەکانی خۆی

و وەک بەشێک لە پرۆژەیی پشتێنی بەرگری بەکاری بێنێت.(١٦) سوود لە پێگەی سووریا وەربگرێت بۆ گەشتن بە لوبنان و حیزبوڵڵا دواجار ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.(١٧) هەروەها ئێران چەندین ڕێککەوتننامەی ستراتیجی لەگەڵ سووریا واژوو کردووە وەک ڕێکەوتننامەی هاریکاری ستراتیجی ئاسایش لە ٢٠٠٤ و ڕێکەوتننامەی بەرگری هاوبەش لە ٢٠٠٦ و ڕێکەوتننامەی هەرەوەزی سەربازی لە ٢٠٠٧.(١٨) ئێران لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندییەکی ستراتیجی لەگەڵ سووریا، عێراق، حیزبوڵڵای لوبنان، حەماسی فەلەستین، یەمەن توانیویەتی پرۆژەی پشتێنەی بەرگری (هیلالی شیعی) تەواو بکات و ئامادەی هەر وەڵامدانەوەیەکی ئیسرائیل و ئەمریکا و وڵاتانی تری سونی مەزهەب بێت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی.(١٩) هاوتەریب ئێران لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە توانیویەتی نفوزی خۆی لە نیمچەدورگەی عەرەبیدا زیاتر بکات.(٢٠) وەک زانراوە ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسایشی نەتەوەی خۆی لە دەرەوەو ناوخۆدا فەراهەم بکات هەوڵیداوە، سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش جێبەجێ بکات و خۆی بە پارێزەر و بەرگریکاری تەواوی مسوڵمانان نیشان بدات بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم چوارچێوەدا ئێران بەردەوام ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر مەترسی و هەڕەشەیەک بۆ سەر هەر لایەنێکی ئیسلامی هێرش و مەترسییە بۆ سەر ئێران. بە دەستەواژەیەکی تر ئاسایشی نەتەوەی ئێران لە دوای شۆڕشەوە تەنها لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیای ئێراندا نامێنێتەوە بەڵکو دەچێتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و سووریا و یەمەن و لوبنان دەبن بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەی ئێران. (٢١) لەم چوارچێوەیەدا ڕاوێژکاری و باڵا و بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی عەلی خامنەیی (علی اکبر ویلایتی) لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٢ لە یەکێک لە ڕاگەیاندنەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە پشتوێنی بەرگری ئێران، سووریا، عێراق، لوبنان، حەماس لە دژی ئیسرائیل بە سووریادا تێدەپەڕێت و خودی سووریا پارچەیەکی ئاڵتونی ئەم پشتێنەیە پێکدەهێنێت، هەر لە یەکێک لە وتارەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بەشار ئەسەد هێڵی سووری ئێرانە.(٢٢) کەوایە لە ناوچوونی ڕژێمەکەی ئەسەد بە تەنها لە ناوچوونی یەکێک لە گرنگترین هاوپەیمانەکانی ئێران نییە، بەڵکو دەبێتە هۆکاری شکاندنی گرگترین ئەڵقەی پشتێنەی ئاسایشی ئێران و لە ناوچوونی لینکی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان.(٢٣) لەم ڕوانگەیەوە حوسەین تەیب سەرکردەی باڵا لە سوپای پاسداران لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد:» سووریا ٣٥مین پارێزگای ئێرانە و یەکێکە لە پارێزگا ستراتیجییەکان بۆ ئێران، ئەگەر دوژمن هەوڵی پەلاماردانی

ئێران یان سووریا بدات ئەوا ئێمە سەرەتا هەوڵی پاراستنی سووریا دەدەین، چونکە ئەگەر بتوانین سووریا بپارێزین ئەو هەموو ئێران دەپارێزین، بە پێچەوانەوە ئەگەر سووریا لە دەست بدەین ئەوان ناتوانین ئێران بپارێزین.»(٢٤) بە دەربڕینێکی تر مانەوەی سووریا مانەوەی ئێرانە بە پێچەوانەشەوە کەوتنی سووریا واتە کەوتن و لە ناوچوونی ئێران.(٢٥)

یەکێکی تر لە ستراتیجییەکانی ئێران لە سووریا بێگومان هاوکاری کردن و پاراستنی ڕژێمی ئێستای سووریایە، ئێران دەیەوێت بە هێشتنەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد پارێزگاری بکات لەو هاوپەیمانێتییە گرنگەی کە لە نێوان تاران و دیمەشق دایە.(٢٦) وەک پێشتریش باسی لێوەکرا، سووریا ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگە بۆ تاران. هەر بۆیە تاران ئامادەی هەر جۆرە هاوکارییەکە بۆ مانەوەی ئەم هاوپەیمانە گرنگەی خۆی. لە دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و ئاڵۆزییەکانی سووریا، ئێران بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ڕاپەڕینەکانی سووریای کرد و وەک دەستی دەرەکی و بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمریکا وەسفی خۆپیشاندانەکانی سووریای کرد. (٢٧) بە دەربڕینێکی تر ئێران پێی وایە کە ئاڵۆزییەکانی سووریا پلانی وڵاتانی دەرەوەیە بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریا و لاوازکردنی بەرەی بەرگری کە سووریا ئەڵقەیەکی ئاڵتونی ئەو بەرەیە پێکدەهێنێت، پاشانیش دەرکردنی سووریایە لەو بەرەیە و دروستکردنی ڕژێمێکی نوێیە بۆ سووریا کە نزیک لە خواست و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی تربێت.(٢٨) هەر بۆیە ئێران دەستی کرد بە هاوکاری کردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد و هەموو هاوکارییەکی پێشکەش بە دیمەشق کرد لە پێناو مانەوەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، چونکە لە لایەکەوە بەشار ئەسەد هاوپەیمانێکی متمانە پێکراوی تارانە و لە لایەکی ترەوە ئۆپۆزیسۆنی سووریا لە بری تاران نزیکترن لە ڕکابەرەکانی ئێران. بۆیە ئێران پێی وایە بە کۆتایی هاتنی ڕژێمەکەی ئەسەد وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕژێمێک بۆ سووریا دروست دەکەن کە دوربێت لە خواستی ئێران، بەمەش هێز و نفوزی ئێران لە سووریا دەکەوێتە مەترسییەوە.(٢٩) هەربۆیە ئێران بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سووریا هاوکاری گەورەی سیاسی و ئابووری سەربازی پێکەش بە سووریا کردووە. لەم چوارچیوەیەدا ئێران لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام بەشار ئەسەدی وەک سەرۆکێکی یاسای سووریا ناساندووە و لە دژی بە نێودەوڵەتی کردنی کێشەی سووریا بووە و هەوڵیداوە ئەو پەیامە بە ڕای گشتی بگەیەنێت کە بارودۆخی سووریا دەرئەنجامی کاری گرووپە تیرۆرستییە بە کرێ گیراوەکانە، هەروەها لە ڕووی ئابووریشەوە ئێران لە سەرەتای جەنگی نێوخۆی سووریاوە ساڵانە بە ملیارەها دۆلار هاوکاری پێشکەس بە حکومەتی دیمەشق دەکات

و هەندێک پێیان وایە کە هاوکارییە ئابوورییەکانی ئێران بۆ سووریا سەدان ملیارد دۆلاریان تێپەڕاندووە، بەهەمان شێوەش ئێران هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە لە ڕووی سەربازیشەوە پشتیوانی سووریا بووە و چەندین ڕاوێژکار و سەربازی سەر بە سوپاسی پاسدارانی ئێرانی ناردۆتە خاکی سووریا، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین هێزی میلیشیایشی دروستکردووە بۆ هاوکاری کردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی خۆی.(٣٠)

## هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە گفتوگۆکانی نێوان دیمەشق و ئەنکەرە

ئەگەر سەیرێکی پاشخانی مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سووریا بکەین دەبینین پەیوەندییەکانیان لە دۆخێکی ئاڵۆزدا بووە هەندێک جار گەیشتۆتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. کۆمەڵێک کێشەی وەک خاک و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و ئاسایشی نەتەوەیی و مەسەلەسەی کورد (پارتی کرێکارانی کوردستان) گرنگترین فاکتەر بوون لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سووریادا.(٣١) ئەگەرچی تورکیا پێش بەهاری و عەرەبی و ئاڵۆزییە نیوخۆییەکانی سووریا هەوڵیدا لە چوارچێوەی بنەمای سفر کێشەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی سووریادا ستراتیجی تورکیا سەبارەت بە سووریا دەگۆڕێت و خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ پیشهاتەکانی سووریا دەکات.(٣٢) هەر بۆیە دەست دەکات بە دژایەتی کردنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و ڕایگەیاند کە ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕژێمێکی داپلۆسێنەرەو و پێویستە ئەو ڕژێمە بگۆڕدرێت. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا دەستی کرد بە هاوکاری کردنی ئەو گرووپانەی کە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد بوون.(٣٣) هاوتەریب تورکیا میوانداری کۆنگرەی ئۆپۆزیسۆنی نەتەوەی سووریا دەکات لە ئەنتالیا و ئەستەمبوڵ، هەروەها پشتیوانی هەموو بڕیار و سزاکانی یەکێتی عەرەبی دەکات بەرامبەر بە سووریا.(٣٤) بەم شێوەیە دەبینین سیاسەت و ستراتیجی تورکیا لە سووریا پێچەوانەی ستراتیجی ئێران دەبێت، بێگومان ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ دەبێت کە کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا.

دوای ئەوەی ڕووسیا بوو بە ئەکتەرێکی گرنگ و ئەکتیف لە سووریا و دەستکردن بە پشتیوانی کردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد، هاوسەنگی هێز لە سووریا گۆڕانکاری بەسەردا هات. هاوتەریب ڕووسیا دەستی کرد بە فشارکردنە سەر تورکیا بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شامدا، لەهەمانکاتدا پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان

لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستی پێکرد(٣٥) و چەندین وڵاتی عەرەبی ئامادەی گفتوگۆ بوون لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەددا. لەم نێوەدەدا تورکیایش بە نیوەندگیری ڕووسیا هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا ئاسایی بکاتەوە و دوای چەندین ساڵ لە جەنگی ناوخۆی سووریا تورکیا دەستی کرد بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ سووریادا بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان. لەم ڕوانگەیەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلۆ لە مانگی ئابی ٢٠٢٢ ڕایگەیاند کە «پێویستە ئاشتەوای لە نێوان ڕژێمی ئەسەد و هێزی ئۆپۆزیسۆنی سووریادا بەرقەرار بکەین» بە پێچەوانەوە ئاشتی هەمیشەیی لە سووریا فەراهەم نابێت. دوابەدوای ئەم ڕاگەیەندراوەی وەزیری دەرەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆککۆماری تورکیا لە دیدار لەگەڵ سەرۆکی میسر سی سی لە قەتەر ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێت لەگەڵ بەشار ئەسەددا کۆببمەوە، بێگومان ئەم ڕاگەیاندنانەی تورکیا لە ئاستی باڵا کۆمەڵێک پەیام بوون کە هەڵگری دەنکە تۆوی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان شام و ئەنکەرە بوون. دوابەدوای ئەم پەیامانە وەزیری بەرگری تورکیا و سەرۆکی دەزگای میت لە ڕووسیا چاویان کەوت بە هاوپیشەکانیان و یەکەمین کۆبوونەوەی نێوان سووریا و تورکیا لە ڕووسیا بە نێوەندگیری ڕووسیا ئەنجام درا.(٣٦) بێگومان یەکێک لەو وڵاتانەی بە گرنگییەوە چاودێری گفتوگۆکانی نێوان ئەنکەرە و شام دەکات ئێرانە. ئەگەرچی ئێران ڕایگەیاند کە لە هەموو دۆخێکدا پشتیوانی هەر هەوڵێک دەکەن بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی شام و ئەنکەرە، بەڵام لە واقیعدا وا دەردەکەوێت کە ئێران نایەوێت سووریا بە بێ خواستی تاران پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا ئاسایی بکاتەوە. (٣٧) چونکە دوابەدوای هەوڵەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان شام و ئەنکەرە لە لایەک و شام و وڵاتانی تری کەنداو لە لایەکی ترەوە، ئێران هەوڵیداوە فشارەکانی بۆ سەر سووریا چڕبکاتەوە و هەموو ئەو هاوکارییە ئابوورییانە ڕاگرێت کە پێشکەشی حکومەتی بەشار ئەسەدی کردوون بە تایبەت هەڵگرتنی هەموو ئاسانکارییەکان لە پێدانی نەوت و گازی سروشتی بە سووریا. هاوتەریب ڕاستەوخۆ دوای هەوڵەکانی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان دەسەڵاتدارانی باڵای شام و ئەنکەرە، وەزیری دەرەوەی ئێران حوسەین ئەمیر عەبدللاهیان لە سەردانێکی فەرمیدا بۆ سووریا چاوی بە هەر یەک لە بەشار ئەسەد و هاوتا سورییەکەی فەیسڵ میقداد دەکەوێت. دوابەدوای سەردانەکەی عەبدوللاهیان بۆ سووریا، بەشار ئەسەد و فەیسەڵ میقداد ڕایدەگەیەنن کە تورکیا دەبێت هێزەکانی خۆی

لە سووریا بکشێنێتەوە و هەموو هاوکارییەکانی بۆ گرووپە تیرۆرستەکان کۆتایی پێبێنێت، بە پێچەوانەوە مانایەک بۆ هەوڵەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان نامێنێت.(٣٨)

بەشێوەیەکی گشتی ئێران کاتێک پشتیوانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی سووریا و وڵاتانی تری ناوچەکە دەکات کە خواستەکانی تاران بە هەند وەرگیرابێت و ئاستەنگ بۆ ستراتیجییەتی تاران دروست نەکرێت، لەهەمانکاتدا لە قۆناغی دوای پرۆسەی ئاشتیدا زۆرترین پشکی ئابووری بدرێت بە تاران. هاوتەریب چاودێران پێیان وایە کە هەوڵەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی سووریا لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە کاتێک بەرهەمدار دەبێت کە یان ئێران سەرپەرشتی بکات یاخود خودی ئێران یەکێک بێت لە ئەکتەرەکان. وەک پێشتریش ئاماژەی بۆکرا ئێران بە درێژای جەنگی نێوخۆی سووریا باشترین هاوپەیمانی سووریا بوو، زۆرترین هاوکاری سەربازی و ئابووری پێشکەش بە شام کردووە، خاوەنی زۆرترین هێزی چەکدارە لە سووریا و بە دەیان ملیارد دۆلاری خەرجکردووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سووریا، هەر بۆیە تاران بە نیگەرانییەکی قووڵەوە دەڕوانێتە هەر هەوڵێک بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی شام و وڵاتانی تری ناوچەکە.(٣٩) بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت ئێران لە بواری ئاسایشی نەتەوەی تورکیا دەکرێت هاوکار و پشتیوان تورکیا بێت، بە مەبەستی لاواز کردنی یەپەگە و پەیەدە لە باکوری سووریا، چونکە ئێرانیش تا ڕادەیەک نیگەرانە لە چالاکییەکانی هێزە کوردییەکانی باکوری سووریا،(٤٠) چونکە ئەم هێزانە لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی تری دژ بە ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن و دەکرێت لە هەر کاتێکدا لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانیش بەکاربهێنرێن. بۆیە دەکرێت ئێران لەم ڕوانگەیەوە هاوکاری تورکیا بێت، بە مەرجێک کە تورکیا هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە و هاوکارییەکانی بۆ گرووپە ئۆپۆزیسۆنەکانی سووریا کۆتای پێبێنێت. ڕوونیشە کە لە ئێستادا ئەمە وەک کارێکی ئەستەم دەردەکەوێت و پێناچێت تورکیا ئامادەبێت هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە و هاوکارییەکانی بۆ گرووپەکانی سەر بە تورکیا کۆتایی پێبێنێت. بۆیە بەشێک لە چاودێران پێیان وایە کە گفتوگۆکانی ئەنکەرە لەگەڵ شام تەنها بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، چونکە گفتوگۆکان بەئاراستەی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان نین، سووریا باش دەزانێت کە تورکیا ئامادە نییە هاوکارییەکانی بۆ گرووپە نەیارەکانی ڕژێمی ئەسەد کۆتایی پێبێنێت و بەهەمان شێوە تورکیا لەوە تێگەشتووە کە ڕژێمی ئەسەد توانای ئەوەی نییە کۆتایی بە دەسەڵاتی کوردەکانی باکوور بێنێت. هەر بۆیە گفتوگۆکان بێ ئەنجام دەبن.(٤١)

# سەرچاوەکان

1. POLAT,Elif, KAYA, Mehmet, • Haziran/June 2022, İran’ın Suriye Politikası, Akademik MATBUAT, http://dergipark.gov.tr/matbuat, Cilt: 6 • Sayı: 1, s. 3.
2. KAZDAL, Melih, 2018, İRAN’IN ARAP BAHARI SONRASI SURİYE POLİTİKASINI ANLAMAK, Uluslararası İktisadi ve İdari Araştırmalar Dergisi C.1, S:1 s. 2.
(١) مەحمود خالد، دۆسیەی ئێران، ئێران و سووریا بەرەو هاوپەیمانی ستراتیجی، لا ١٣٥
3. POLAT,Elif, KAYA, Mehmet, a,g,m, s. 10-12.
4. AKGÜN, Birol , Haziran 2012, Suriye Krizi’nde Bölesel ve Küresel Aktörler (Perspektifler, Sorunlar ve Çözüm Öneriler), Stratejik Düiünce Enistitüsü, s. 45.
5. SİNKAYA, Bayram, Eylül 2011, İran – Suriye İlişkileri ve Suriye’de Halk İsyanı. Ortadoğu Analiz, cilt 3, Sayı, 33, s.41-42.
6. Tamer, Cenka, 15-18 Ekim 2018, SURİYE’NİN TEHDİT DENGESİ STRATEJİSİ: RUSYA VE İRAN ÖRNEĞİ,Uluslararası Avrasya Sosyal Bilimler Kongresi – 4, s. 75
7. SİNKAYA, Bayram, Eylül 2011, a.g.m., s. 40.
8. Şahin,Mehmet, 2008, İran Dış Politikasının Dini Retoriği, Akademik Ortadoğu dergisi, Vol.2, no.2, s. 10.
9. TAMER, Cenka, may 2018, İran’ın Suriye’deki Güvenlik Stratejileri, ANKASAM | Bölgesel Araştırmalar Dergisi, • 2 (1), s.188.
10. Cleveland, L, William, 2008, Modern Ortadoğu Tarihi, Çev: Mehmet Harmancı, İstanbul, Agorakitalığı, s. 297.
11. ŞAHİN, Türel YILMAZ, 2016,Uluslararası Politikada Ortadoğu, Ankara, Bariş Kitap, 4. Baskı, s.124.
12. AKGÜN, Birol , a.g.m., s. 47.
13. Şen, Gülriz, 13,11,2023, Hamas ve Hizbulla İran’ın Sahadaki Sigortaları, https://artigercek.com/makale/gulriz-sen-hamas-ve-hizbullah-iranin-sahadaki-sigortalari-272737 , .بەرواری سەردان\ ٢٠٢٤\١\٢٠
14. POLAT,Elif, KAYA, Mehmet, a,g,m, s. 29.
15. Tamer, Cenka, 15-18 Ekim 2018, a.g.m., s. 75.
.61 AKGÜN, Birol, Haziran 2012, a.g.m., s. 50-51. And , Çakır, Fatma, March

2016, İran’ın Suriye İçindeki Stratejisi ve Unsurları, https://www.researchgate.net/publication/317686228_Iran’in_Suriye_Icindeki_Stratejisi_ve_Unsurlari, بەرواری سەردان ١٩\٤\٢٠٢٤.
17. TAMER, Cenka, may 2018, a.g.m., s. 188.
18. Ebrem, İlker Salih, 2019, Suriye İç Savaş’ının Türk Dış Politikasına ve Türkiye’nin Güvenliğine Etkileri, Doktora Tezi, Bursa Üniversitesi, s. 196-197.
19. TAMER, Cenka, may 2018, a.g.m., s. 189-190. And , Çakır, Fatma, March 2016, İran’ın Suriye İçindeki Stratejisi ve Unsurları, https://www.researchgate.net/publication/317686228_Iran’in_Suriye_Icindeki_Stratejisi_ve_Unsurlari, بەرواری سەردان ٢٠٢٤\٤\١٩. Uysal, Ahmet, 2017, İran’ın Suriye Stratejisi, https://kriterdergi.com/dis-politika/iranin-suriye-stratejisi, ٢٠٢٤/٤/١٩ بەرواری سەردان.
20. Şahin,Mehmet, 2008, a.g.m., s. 11-13.
.12 POLAT,Elif, KAYA, Mehmet, a,g,m, s. 8.
22. SİNKAYA, Bayram, Eylül 2011, a.g.m., s. 44. And POLAT,Elif, KAYA, Mehmet, a,g,m, s. 28.
23. TAMER, Cenka, may 2018, a.g.m., s.190-191.
24. Doğan, Soner , 20\6\2016, TÜRKIYE-İRAN İLIŞKILERINDE SURIYE FAKTÖRÜ: RISK ÜÇGENINDE İSTIKRAR ARAYIŞI, İnsani ve Sosyal Araştırmalar Merkezi, https://www.insamer.com/tr/turkiye-iran-iliskilerinde-suriye-faktoru-risk-ucgeninde-istikrar-arayisi_315.html, بەرواری سەردان، ٢٠٢٤/٤/٢٠.
25. Caner, Mustafa , 2018, Kriterdergi, Suriye’de İran-İsrail Mücadelesi, https://kriterdergi.com/dis-politika/suriyede-iran-israil-mucadelesi,.بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٤/١٩
26. SİNKAYA, Bayram, Eylül 2011, a.g.m., s. 45.
27. SİNKAYA, Bayram,2017, İran’ın Suriye Stratejisi, Akademik Ortdoğu, Cilt 11, sayı 2, s. 53-54.
28. SİNKAYA, Bayram, 2017, a.g.m., s. 54-57.
29. ÇAKMAK, Haydar, 2016, Türk Dış Politikasında 41 Kriz 1924-2014, Sage Matbaacılık, Ankara, s. 77-84. And SİMŞEK, Erdal, 2005, Türkiye’nin Ortadoğu Politikası, Kum Saati Yayıncılık, İstanbul, s. 130-131.
30. Yeni Dönemde Sıfır Sorun Politikası, 2013, Türkiye cumhuriyeti Dış İşleri Bakan-

lığı Sitesi, https://www.mfa.gov.tr/yeni-donemde-sifir-sorun-politikasi.tr.mfa , بەرواری سەردان، ٢٠٢٤/٤/٢١.

31. Sayın, Yusuf ve KILLINCARSLAN, İsmail Yasin, 2019, Rekabet ve İş birliği Denkleminde Türkiye-İran İlişkileri: Suriye Krizi Örneği, Medeniyet Ve Toplum Dergisi, Cilt.3; Sayı.2, s. 247.
32. KAYABAŞI,Yunus, 2019, SURİYE İÇ SAVAŞINDA YEREL AKTÖRLERİN ROLÜ VE TÜRKİYE'NİN SURİYE İHTİLAFINA YAKLAŞIMI (2011-2018), Yüksek Lisans Tezi, UFUK Üniversitesi, s. 82-83.
33. Orhan, OYTUN, 16\12\2022, Ankara-Şam Normalleşmesi Mümkün Mü?, Ortadoğu Analizi, Cilt 13, Sayı 117, s. 17-19.
34. Acun ,Can ve Görücü, Kutluhan , Ocak 2023, Türkiye'nin Suriye Politikası ve 2023 Senaryoları, https://kriterdergi.com/dis-politika/turkiyenin-suriye-politikasi-ve-2023-senaryolari ,.بەرواری سەردان، ٢٠٢٤/٤/٢٠
35. BBC Türkçe, 25 Ocak 2023, İran, Türkiye-Suriye görüşmelerine ve normalleşme sürecine nasıl bakıyor? https://www.bbc.com/turkce/articles/cp4q94vp8y7o , بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\٤\٢٠
36. Tatlı, İrfan, mart 2023, Yerel İsyandan Uluslararası İç Savaşı; 13. Yılında Suriye İç Savaşı, İNSAMER Raporu 164, s.15. ve Rahim FARZAM, 18\1\2023, İran'ın Türkiye – Suriye Görüşmelerine Bakışı, İran Araştırmalar Merkezi, https://www.iramcenter.org/iranin-turkiye-suriye-gorusmelerine-bakisi-876 , بەرواری سەردان ٢٠٢٤\٤\٢١.
37. FARZAM, Rahim, 18\1\2023, İran'ın Türkiye – Suriye Görüşmelerine Bakışı, İran Araştırmalar Merkezi, https://www.iramcenter.org/iranin-turkiye-suriye-gorusmelerine-bakisi-876 , .بەرواری سەردان ٢٠٢٤\٤\٢١
38. BBC Türkçe, 25 Ocak 2023, İran, Türkiye-Suriye görüşmelerine ve normalleşme sürecine nasıl bakıyor? https://www.bbc.com/turkce/articles/cp4q94vp8y7o , بەرواری سەردان، ٢٠٢٤\٤\٢٠
39. İrfan Tatlı, mart 2023, Yerel İsyandan Uluslararası İç Savaşı; 13. Yılında Suriye İç Savaşı, İNSAMER Raporu 164, s.15.



# دۆخی بەرهەمهێنانی زانست لە ئێراندا

توێژەر: د. یونس قوربانیفەر



**بەرایی**

زیرەکیی دەستکرد خەریکی سازکردنی سەردەمێکی نوێیە، سەردەمێک کە هێشتا لە قۆناغی ساوایەتی خۆی دایە، بەڵام ڕوخساری ئەو ساوایە پڕە لە نیشانە و ئاماژەی نوێ لەسەردەمێک کە زیرەکیی دەسکرد دەبێت بە لوتکەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا. ئابووری، سیاسەت، سەرمایەداریی جیهانی، پیشەسازی، کار، فێرکاری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەرووی هەموویان زانست لە پرۆسەیەکی نوێی گۆڕانکاریدان. لە ڕاستیدا ئاسۆیەکی نوێ بۆ مێژووی مروڤایەتی کراوەتەوە. لەم ناوەدا زیرەکیی دەستکرد، خەریکی بەدیهێنانی گۆڕانکاری قووڵە لە بەرهەمهێنانی زانست و زانیاریی.

کۆمپانیا گەورەکان و وڵاتانی پێشکەوتوو بودجەیەکی زۆریان تەرخانکردووە بۆ گەشەپێدانی زیاتری زیرەکیی دەستکرد و هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری. ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی پۆست کاپیتالیزمخوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەبێت باس لەسەردەمێک بکەین کە زانست بۆتە سەرچاوەی سەرەکی خوڵقاندنی دارایی و سەرمایە. چەمک گەلێک وەکو ئابووریی «زانست تەوەر» یا «ئابووری داهێنان» نیشاندەری گرینگایەتی ڕۆڵ و پێگەی زانستە لە جیهانی « پۆست پیشەسازی» و «پۆست کاپیتالیزم».

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە لەم سەردەمە ئابووری زانست تەوەر وەکو فۆرمێک یا خود قۆناغێک لە کاپیتالیزم دەرکەوتووە، پێگەی وڵاتی دونیا لە بەرهەمهێنانی زانست چۆنە؟ هەر یەک لەم وڵاتانە لە بەرهەمهێنانی زانست و زانیاری چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ لەم نێوەشدا ئێران چ ڕۆڵ و پیگەیەکی هەیە و دۆخی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئێران چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت؟

**زانست پێوی**

بۆ ئاگاداری لە دۆخ و پێگەی وڵاتی جیهان لە بەرهەمهێنانی زانست، داتا و زانیاری و لێکدانەوەکان یەکجار زۆرن. ژمارەیەکی بەرچاو لە زانکۆکان، دامەزراوەکان و ناوەندەکان لە ئاستی جیهانی لە لەسەر بنەمای هەندێک پێناسە و پێوەرگەلی دیار و ڕوون خەریکی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی دۆخی بەرهەمهێنانی زانستن لە ئاستی جیهانیدا. لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی زانست یان زانست پێوی خۆی


زانستێکە لەسەر دۆخی بەرهەمهێنانی زانست. لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی زانست پێوی، پێنوێنەکان لە ئەندازەگرتن و ئەژماردنی چوار گۆڕەکی نووسەر، بڵاوبوونەوە، سەرچاوەهێنان و بەڵگەمەندکردن وەردەگیرێن. پێنوێنی بەڵگەمەندکردن بە هۆی سەرنجدانی ڕێژەیی بە کوالیتی و کارایی باشی لە لێکدانەوەکانی بەڵگەمەندکردن، لە ڕیزی باوەڕپێکراوترین پێوەرەکانی زانست پێویدایە. ئەو پێنوێن و پارامێترانەی کە لە چوارچێوەی پێوەری بەڵگەمەندکردن فۆرمیان گرتووە و لە زۆربەی تێکستەکان ئاماژەیان پێدراوە بریتین لە: ئای ئێف( impact factor )، سایت سکۆر( Citescore)، پێوەری هەرش( H Index)، پێوەری خێرایی( Immediacy index)، یا ڕێسای کۆنبوونی دەق ناسراو( Literature Obsolescence) و هەندێک مێتۆدی تری زانست پێوی کە لە زۆربەی وڵاتان و ناوەندەکان ناسراون.

## پێگەی وڵاتانی جیهان لە ڕیزبەندی بەرهەمهێنانی زانست

ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانست پێوی بە بەردەوامی ئامار و داتای پێویست سەبارەت بە دۆخی زانست لە ئاستی جیهانی بڵاو دەکەنەوە. هەندێک لەو ناوەندانە ناسراوترن و لە پێوەرگەلی دیار و ڕوون کەڵک وەردەگرن. یەک لەو ناوەندانە لە زانکۆی لایدێنی هۆڵەندایە بە ناوی ناوەندی توێژینەوەی زانست و تەکنەلۆژیا چالاکی دەکات و سیستمە ڕێزبەندییەکەی( Leiden Ranking) یەکێکە لە باوەڕپێکراوترین ڕیزبەندییەکانی جیهان. ئەم ڕیزبەندییە لەسەر ئەساسی هەندێک ئەلگۆریتمی زۆر پێشکەوتوو بە نیسبەت مێتۆدەکانی تری ڕیزبەندی لە جیهان، هەروەها بە بنەماگرتنی پێنوێنە پێشکەوتووەکانی زانست پێوی(وەکو کاریگەری بەڵگەمەندکردن، هاوکاری زانستی، ناونەتەوەیی، پیشەسازی، ئازادی بەردەست بوون و چەند ڕەگەزی) وە بە سەرنجدانە سەر توێژینەوەکانی ئیندیکس کراو لە ماڵپەری Web of Science، هەموو ساڵێک ڕیزبەندی دۆخی زانست لە زانکۆکانی جیهان بڵاو دەکاتەوە. لە دایاگرامی (١) لیستی ١١١٤ زانکۆی جیهان لە ٧٢ وڵات دەبینن. وەکو ڕاپۆرتی ساڵانی پێشوو، زانکۆکانی ئەمریکا، چین، برازیل، کۆریای باشوور و ئۆسترالیا لەسەرووی ٥٠ زانکۆی باشی جیهاندان.

لە ساڵی ٢٠٢٣ وڵاتی چین بە ٢٧٣ زانکۆ و وڵاتی ئەمریکا بە ٢٠٦ زانکۆ زیاترین زانکۆیان لەو ڕیزبەندییەدا هەیە. زانکۆی Harvard University باشترین زانکۆیە لە ئەمریکای

باکوور، University of Sao Paulo باشترین زانکۆی ئەمریکای باشوور، Zhejiang University لە وڵاتی چین و باشترین زانکۆی ئاسیا، University of Oxford بریتانیا باشترین زانکۆی ئەوروپا، Cairo University لەسەرووی زانکۆکانی ئەفریقا و University of Melbourne لە پلەی یەکەمی ئوسترالیا.





**دایاگرام (١)**

داتاکانی ئەو ڕیزبەندییە بە پێی توێژینەوەکانی ئیندکیس کراو لە Web of Science وەرگیراوە کە هەموو وتارەکانی زانستی، زانستەکانی کۆمەڵایەتی، هونەر و زانستەکانی مرۆیی لە ساڵەکانی ٢٠١٨ -٢٠٢١ لە خۆوە دەگرێت.

| |
|---|
| ئیمپاکت فاکتەر |
| هاوکاری ناونەتەوەیی |
| ئازادی بەردەست بوون |
| چەند ڕەگەزی |


**پێنوێنەکانی ڕیزبەندی لایدێن**

بە پێی ئەم پێنوێنانە و پارامێترانە پێگەی زانکۆکانی جیهان دەکرێ لە ڕێگەی هەندێک دایاگرام نیشان بدرێت. بۆ نمونە دایاگرامی ژمارە٢ نیشاندەری باشترین زانکۆکانە بە پێی پارامێتری ئیمپاکت فاکتەر. ئەم زانکۆیانە لە سێ وڵاتی ئەمریکا، چین و کەنەدا هەڵکەوتوون.





**دایاگرام (٢)**

بە پێی پارامێتری هاوکاری ناونەتەوەیی زانکۆکانی وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، دانیمارک و سەنگاپور باشترین ڕێکۆردیان لە پارامێتری هاوکاری ناونەتەوەیی بووە. ئەوە لە دایاگرامی ژمارە ٣ نیشاندراوە.





**دایاگرام (٣)**

زانکۆکانی ئەمریکا، چین و بەریتانیا زیاترین ڕێژەی بڵاوکراوەیان هەیە لە بابەت هاوکاری لەگەڵ پیشەسازی. بە تایبەت زانکۆکانی چین، سوید و هۆڵەندا بەرزترین ڕێژەیەیان تۆمارکردووە لەم بوارەدا. دایاگرامی ژمارە ٤ داتاکان نیشان دەدات.





## دایاگرام (٤)

لە ڕوانگەی پارامێتری ئازادی لە بەردەستبوون، زانکۆکانی ئەمریکا، بەریتانیا، چین و کەنەدا زیاترین ژورناڵیان بڵاو کردۆتەوە کە بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەردەستدابوون. لە دایاگرامی ژمارە ٥ داتای پێویست نیشاندراوە.




## دایاگرام (٥)

بە پێی پارامێتری چەند ڕەگەزی، زانکۆکانی سعودیە، ئەسیوبیا و یابان لە بڵاوکراوەکانیان زیاترین نووسەری پیاویان بووە بە نیسبەت نووسەرانی پیاو و ژن. بە پێچەوانە لە سێ وڵاتی نەرویج، پۆڵندا و لیتوانیا زیاترین نووسەری ژنیان بووە. لە دایاگرامی ژمارە ٦ داتاکان نیشاندراوە.





**ایاگرام(٦)**

ئەوەی باسی لێکرا چاوخشاندنێک بوو بە سەر هەندێک ئامار و داتا کە پێگەی زانکۆکانی جیهانی لە بواری کاری زانستی نیشان دەدا. دیارە لەم نێوەدا پشکی هەرە زۆر بەر وڵاتانی ڕۆژئاوا وەکو ئەمریکا، بەریتانیا و چین دەکەوێت. لە درێژەی باسەکەمان ئامارەکانی ئەم ڕیزبەندییە لەسەر ئێران دەخەینە بەرباس.

## پێگەی زانکۆکانی ئێران لە ڕیزبەندییەکاندا

٤٦ زانکۆی ئێران لە ڕیزبەندی ساڵی ٢٠٢٣ لایدێن دان. بە نیسبەت ڕیزبەندی ساڵی ٢٠٢٢، دوو زانکۆی تر بە ڕیزی زانکۆکانی ساڵی ٢٠٢٣ زیادبوون.




**ژمارەی زانکۆکانی ئێران لە ڕیزبەندی لایدێن لە ساڵەکانی (٢٠١٤-٢٠٢٢)**

یەکێک لەو ناوەندە فەرمییانە کە لە ناو ئێران بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی لە بواری زانست پێوی کار و چالاکی دەکات، ناوەندی

(ISC World University Rankings) یا دامەزراوەی بەڵگەمەندکردن و چاودێری زانست و تەکنەلۆژیایە. ئەم ناوەندە بە پێی هەندێک پیوەر و پێوانە بە پشت بەستن بە مێتۆدی خۆی، کاری نرخاندن و هەڵسەنگاندنی زانکۆکانی ناو ئێران، وڵاتی ئیسلامی و زانکۆکانی جیهان دەکات. لە ڕیزبەندی جیهانی ISC لە ساڵی ٢٠٢٣، ٢٥٥٥ زانکۆی ئاست بەرز لە ١١٤ وڵات بوونیان هەیە. لەم ڕیزبەندییەدا، سێ زانکۆی هارفارد، ئەنستیتۆی تەکنۆلۆژی ماساچۆستMIT))، زانکۆی ستانفۆرد لە پلەکانی یەکەم تا سێهەمدان. دە زانکۆی ئاست بەرزی جیهان لە خشتەی ژمارە ١ ناویان هاتووە.


| Rank | University | Country |
|---|---|---|
| 1 | Harvard University | USA |
| 2 | Stanford University | USA |
| 3 | Johns Hopkins University | USA |
| 4 | Massachusetts Institute of Technology (MIT) | USA |
| 5 | University of Pennsylvania | USA |
| 6 | Columbia University | USA |
| 7 | Duke University | USA |
| 8 | University of California San Francisco | USA |
| 9 | University College London | UK |
| 10 | University of Washington Seattle | USA |

**خشتەی ژمارە (١)**

وڵاتی چین بە ٣٩٨ زانکۆ، ئەمریکا بە ٣٢١ زانکۆ، هیندستان بە ١٤٨ زانکۆ، یابان بە ١٢٠ زانکۆ، بەریتانیا بە ١٠١ زانکۆ، تورکیا بە ٩٣ زانکۆ، فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەڕازیڵ هەر کام بە ٧٣ زانکۆ، ئێران و کۆریای باشوور بە ٦٩ زانکۆ لەم ڕیزبەندییەدا بوونیان هەیە. باشترین پلەی زانکۆکانی جیهان هی زانکۆکانی ئەمریکایە، دواتر وڵاتی وەکو بەریتانیا، چین، دانیمارک، کەنەدا، فەرەنسا، یابان و سەنگاپوور خاوەنی باشترین زانکۆکانن.

لە ئێران ٦٩ زانکۆ لە ڕیزبەندی جیهانی ISC ٢٠٢٣ بوونیان هەیە. ئێمە لە دایاگرامی ژمارە (٧) دەبینین ئەژماری زانکۆکانی ئێران لە ساڵەکانی ٢٠١٨ هەتا ٢٠٢٣ لەم ڕیزبەندییەدا

بەرەو زیادبوون بوون، لە ٢٤ زانکۆ لە ساڵی ٢٠١٨ بۆتە ٦٩ زانکۆ لە ٢٠٢٣. هەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێت کە وڵاتانی وەکو سعودییە و تورکیاش لەم ڕیزبەندییەدا گەشەی بەرچاویان بووە. دەبێ جیاوازی دوو ڕیزبەندی لایدێن و ISC لە بەرچاو بگرین، لە ڕیزبەندی یەکەم ٤٦ زانکۆی ئێرانی تیدایە، بەڵام لە ڕیزبەندی دووەم ناوی ٦٩ زانکۆی تێدایە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی پێوەرەکان لەم دوو ڕیزبەندییەدا.




**دایاگرامی ژمارە(٧)**

١٠ زانکۆی ئاست بەرز لە ئێران بە پێی پێوەرەکانی ڕیزبەندی ISC لە خشتەی ژمارە( ٢) نیشاندراوە.

| پلە لە ئێران | ناوی زانکۆ | لێکۆڵینەوە | پلە لە ئێران | ناوی زانکۆ | فێرکاری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانشگاه تهران | ٣٧٢ | ١ | دانشگاه علوم پزشکی ایران | ١٣٨ |
| ٢ | دانشگاه علوم پزشکی تهران | ۴۴١ | ٢ | دانشگاه علوم پزشکی تهران | ١٨١ |
| ٣ | دانشگاه تربیت مدرس | ۵٩٣ | ٣ | دانشگاه علوم پزشکی گلستان | ١٨۶ |
| ۴ | دانشگاه صنعتی شریف | ۵٩۶ | ۴ | دانشگاه علوم پزشکی بقیه الله | ٢٢٩ |
| ۵ | دانشگاه علوم پزشکی شهید بهشتی | ۶۴٣ | ۵ | دانشگاه علوم پزشکی شهید بهشتی | ٢٣۶ |
| ۶ | دانشگاه صنعتی اصفهان | ٧١٧ | ۶ | دانشگاه صنعتی مالک اشتر | ٢٣٩ |
| ٧ | دانشگاه علوم پزشکی ایران | ٧٨٠ | ٧ | دانشگاه تحصیلات تکمیلی صنعتی و فناوری پیشرفته کرمان | ٢۴٠ |
| ٨ | دانشگاه علوم پزشکی تبریز | ٧٩٩ | ٨ | دانشگاه علوم پزشکی مشهد | ٢۴٩ |
| ٩ | دانشگاه صنعتی امیرکبیر | ٨٠٧ | ٩ | دانشگاه علوم پزشکی همدان | ٢۵۶ |
| ١٠ | دانشگاه تبریز | ٨١٧ | ١٠ | دانشگاه علوم پزشکی کرمانشاه | ٢۶٧ |
| **پلە لە ئێران** | **ناوی زانکۆ** | **هاوکاری ناونەتەوەیی** | **پلە لە ئێران** | **ناوی زانکۆ** | **تەکنۆلۆژیا و داهێنان** |
| ١ | دانشگاه علوم پزشکی تهران | ٣٧٣ | ١ | دانشگاه صنعتی امیرکبیر | ۶٢۶ |
| ٢ | دانشگاه علوم پزشکی ایران | ۴۵۴ | ٢ | دانشگاه صنعتی شریف | ۶٧۶ |
| ٣ | دانشگاه تهران | ۵١۴ | ٣ | دانشگاه تربیت مدرس | ٩٢٩ |
| ۴ | دانشگاه علوم پزشکی شهید بهشتی | ۵١٧ | ۴ | دانشگاه فردوسی مشهد | ١١۵١ |
| ۵ | دانشگاه تربیت مدرس | ۶۶۴ | ۵ | دانشگاه تهران | ١٢٢٨ |
| ۶ | دانشگاه صنعتی امیرکبیر | ۶٨٣ | ۶ | دانشگاه صنعتی خواجه نصیرالدین طوسی | ١٢۴٧ |
| ٧ | دانشگاه علوم پزشکی مشهد | ۶٩٩ | ٧ | دانشگاه صنعتی اصفهان | ١٣١۶ |
| ٨ | دانشگاه صنعتی شریف | ٧٠٢ | ٨ | دانشگاه سمنان | ١٣٩٧ |
| ٩ | دانشگاه علوم پزشکی شیراز | ٧۴١ | ٩ | دانشگاه علوم پزشکی ایران | ١۴٩١ |
| ١٠ | دانشگاه علوم پزشکی مازندران | ٨٠۶ | ١٠ | علم و صنعت دانشگاه ایران | ١۵٣٣ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

## ڕیزبەندییەکان، بەرهەمهێنانی زانست وGDP

بێگومان ڕیزبەندییەکان نیشاندەری بەشێکی گرینگ لە دۆخی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەر وڵاتێکن. زانکۆ لە هەر وڵاتێک نوێنەر و سیمبولی بەرهەمهێنانی زانست و توێژینەوەی زانستییە. هەر بۆیە ئەم ڕیزبەندییانە تا ڕادەیەک پێگەی هەر وڵاتێک بۆ بەرهەمهێنانی زانست نیشان دەدەن. بەڵام هەندێک پێوەری گرینگی تریش هەیە بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و پێگەی زانست لە هەر وڵاتیک. یەک لەوانە بودجەی تەرخانکراو بۆ لێکۆڵینەوەیە، بە شێوەیەکی ڕوونتر پشکی لێکۆڵینەوە لە GDP. لە وڵاتی پێشکەوتوو پشکی لێکۆڵینەوە لە GDP دەگا بە لە سەدا ٥، بۆ نمونە لە ئیسرائیل. لە هەندێک وڵات ئەو ژمارەیە دەگا بە لە سەدا ١/٥. بەڵام لە ئێران ئەو ژمارەیە بەرچاو نییە و تەنیا ٨ لەسەر دەی لەسەدایە. جێگری سەرۆککۆماری ئێران لە دانیشتنێکدا وێرای ئاماژەپێدان بەو ئامارانە، ڕەخنە لەو

دۆخە دەگرێت و پێیوایە دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ باشترکردنی پێنوێنەکان و پارامێترەکان.

جێگری وەزیری خوێندنی باڵا لە وتو وێژێک باس لەوە دەکات کە لە بەرنامەی شەشەمی گەشەی ئێران پشکی توێژینەوە لە GDP لە سەدا ٤ پێشبینیکرابوو، بڕیاریش وابوو لە سەدا ٢ی لە لایەن بەشی دەوڵەتی دابین بکرێت، لە سەدا ٢ی لە لایەن کەرتی تایبەت. بەڵام ئەم پێشبینیە ڕاست دەرنەهات و ئەو بڕیارە بە ئەنجام نەگەیشت. جێگری وەزیر ئاماژە بەوە دەدا کە پشکی توێژینەوە لە GDP لە ژێر لە سەدا نیوە، تەنانەت ئەم ژمارەیەش زۆر ڕاست نییە.

### بەراوردێک و دەرئەنجام

توێژینەوەی زانستی لە گوتاری فەرمیدا بە بەردەوامی جەختی لەسەر دەکرێتەوە. توێژینەوە وەکو ئەمرێکی پێویست بۆ گەشەی وڵات باسی لێوەدەکرێت. ئەو گرنگی پێدانە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لە زانکۆکان کاری لێکۆڵینەوە تا ڕادەیەک بەهای پێ بدرێت و پێگەی ئێران لە ڕیزبەندییەکان باشتر بێت. بەڵام هەروەکو ئامارەکان و قسەی هەندێک لە بەرپرسەکان نیشان دەدەن ئێران لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەکردوو مەودایەکی یەکجار زۆری هەیە. پشکی لێکۆڵینەوە و کاری توێژینەوە لە بودجەی گشتی و GDP زۆر کەمە. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان دۆخی ئێران و هەندێک لە وڵاتانی ناوچە، دەتوانن دۆخی ئێران باشتر ببینین.

بە پێی ڕیزبەندیی سایمگو لە ساڵی ٢٠٢١، تورکیا لە ٤ بوار، ئێران لە ١٧ بوار، سعوددییە لە ٣ بوار، میسر لە ١ بوار لە ناوچەدا دەستی باڵایان بووە. لە ساڵی ٢٠٢٢، تورکیا لە ٨ بوار پلەی یەکەمی بووە، سعوددییەش بە هەمان شێوە لە ٨ بواردا. بەڵام ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٢١، پێگەی زانستی خۆی لە ٧ بوار لەدەستداوە. سعوددییە لانیکەم لە ٦ بواردا، پێش ئێران کەوتووە. بەڵام ئێران لە هەندێک بواردا پلەی یەکەمی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگرتووە. بە پێی ئەم ئامارانە دەبێت ئێستا بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێران، سعوددییە و تورکیا سێ ڕکابەری سەرەکین. خشتەی خوارەوە نیشاندەری ئەوەیە کە لە ناو زانکۆی وڵاتانی ئیسلامیی، چوار زانکۆی سعوددییە لە پلەکانی یەکەم تا چوارەم جێگەیان گرتووە، لەو ڕیزبەندییە تەنیا زانکۆی تاران لە ئێران لە پلەی نۆهەم دایە.

| Rank | University | Country |
|---|---|---|
| 1 | King Abdullah University of Science & Technology | Saudi Arabia |
| 2 | King Saud University | Saudi Arabia |
| 3 | King Abdulaziz University | Saudi Arabia |
| 4 | King Fahd University of Petroleum & Minerals | Saudi Arabia |
| 5 | Qatar University | Qatar |
| 6 | Universiti Malaya | Malaysia |
| 7 | COMSATS University Islamabad (CUI) | Pakistan |
| 8 | American University of Beirut | Lebanon |
| 9 | University of Tehran | Iran |
| 10 | Khalifa University of Science & Technology | United Arab Emirates |

ریزبەندی ١٠ زانکۆی جیهانی ئیسلام

## سەرچاوەکان

1. Drucker, Peter F. Post-Capitalist Society، Routledge, 1994. Pp 1-15
https://naghd.com/2020/05/16/%D8%B3%D8%B1%D9%85%D8%A7%DB%8C%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D9%88-%D8%AF%D8%A7%D9%86%D8%B4/
٢.ماڵپەری لایدێن بە شێوەیەکی ورد باس لە پارامێترەکانی خۆی لە ٢٠٢٣ دەکا، رەنکینگی ساڵانەی لایدێن بە پێی ئەم پارامێترانەیە.
https://www.leidenranking.com/information/indicators
٣.گزارش موسسه isc (١۴٠٢) روش شناسی رتبه بندی ملی isc: دانشگاه ها
https://isc.ac/file/download/page/661a5f3ea7a66-ranking-.pdf
4. UNESCO Institute for Statistics (2023), Research and development expenditure (% of GDP):
https://data.worldbank.org/indicator/GB.XPD.RSDV.GD.ZS
٥. دهقانی، روح الله (١۴٠٢)، سهم واقعی تحقیق و توسعه از GDP کشور حدود ٣ دهم درصد است، پایگاه اطلاع رسانی دولت : https://dolat.ir/detail/439364
٦. صالحی، پیمان(١۴٠١)، سهم پژوهش از تولید ناخالص ملی به کمتر از نیم درصد رسید، خبرگزاری مهر:
https://www.mehrnews.com/news/5655630/
٧. خبرگزاری مهر(١۴٠٢)، رتبه جهانی ایران در نوآوری و تولیدعلم تا پایان برنامه هفتم توسعه، ١٢/ ١۴٠٢/٠٩:
HYPERLINK "http://www.mehrnews.com /news/5955880" www.mehrnews.com/news/5955880
٨. مرزوقی، رحمت اله(١٣٩٩)، پارادایم اسلامی تولید علم، انتشارات آوای نور، تهران. صص ١٩٧-١٩٩
٩. خبرگزاری ایسنا(١۴٠١)، سهم پژوهش و فناوری؛ تنها ٣٣ صدم و ٣۴ هزارم درصد، ١۴٠١/١٢/٠٩:
https://www.isna.ir/news/1401120906361
١٠خبرگزاری ایسنا(١٤٠١)، مقایسه پژوهشگران پر استناد؛ عربستان ١١۴- ایران ١٢، ١٣/ ١٤٠١/٠٩:
https://www.isna.ir/news/1401091307983
١١.سایت خبری فرارو(١۴٠٢)، عربستان هم در یک سال اخیر به لحاظ رتبه علمی از ایران جلو زد، ١۴٠٢/٠٢/١٧:
https://fararu.com/fa/news/630839
١٢ روزنامه فرهیختگان(١۴٠٢)، عربستان هم در یک سال اخیر به لحاظ رتبه علمی از ایران جلو زد، ١۴٠٢/٠٢/١٧:
https://www.khabaronline.ir/news/1763067
١٣. گزارش موسسه isc(١۴٠٢)، رتبه بندی دانشگاه های جهان اسلام:
https://isc.ac/file/download/page/65e80ad36ae81-.pdf
١٤. فیاض، ابراهیم(١٣٨٩)، تولید علم و علوم انسانی، انتشارات سپیده باوران. تهران. صص ١١٤- ١٢١
١٥. انصاری، باقر(١٣٨٧)، سازوکارهای حقوق حمایت از تولید علم، انتشارات سمت، تهران. صص ٩-١٥
١٦. منصور، رضا(١٣٨٩)، توسعه علمی ایران، انتشارات اطلاعات، تهران. صص ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٨



# ئێران و ئیسرائیل

## (لە دۆستایەتی مێژووییەوە بۆ دوژمنایەتی بێ سنوور)

بارام مەجیدخان

**بەرایی**

کاتێک لە ١٤ مارسی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەن دیڤید بن گۆریۆن ڕاگەیەنرا زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیی و ناوچەکە ڕووبەڕووی شۆکێکی گەورە بوونەوە. یەکێک لەو وڵاتانەی کە هەر لەسەرەتاوە دوودڵ بوو لەوەی کە بە فەرمی بیناسێنێت ئێران بوو. لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵ، ئایینی جووی بە ئێرانەوە گرێدەدا، بەڵام بە شێوەیەکی دیفاکتۆ ئەو وڵاتەی بە فەرمی ناساند. لەسەردەمی حکومەتی دکتۆر محەممەدی موسەدیق ئەو دانپیانانە وەرگیرایەوە. پەیوەندی ئێران و ئایینی جوو لەسەردەمی کۆرش و پێشتر و دواتر، تەوەری یەکەمی ئەم باسە دەبێت پاشان بونیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل و هەڵسووکەوتی ئێران بەرامبەر ئەم دەوڵەتە نوێیە تەوەرێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنێت. شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەم بۆ گەلی ئێران خاڵی وەرچەرخان بوو و هەم بۆ وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش.

وەک دواهەمین شۆڕش کە لە جیهاندا ڕوویدابێت. بەتایبەت تێزەکانی شۆڕش هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە دژی ئیستعمار و داگیرکەران و ئەمریکا و ئیسرائیل وەستایەوە. ململانێکانی ئەمریکا و ئێران لە لایەک و ئێران و ئیسرائیل لە لایەکی ترەوە، زنجیرەیەک ململانێی قوورسی نێوان ئە دوو هێزەی لە ناوچەکە خستەڕوو. بەتایبەت پشتیوانی ئێران لە گرووپەکانی نەیاری ئیسرائیل لەژێر چەتری پشتیوانی لە ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان و بە تایبەت بزووتنەوەی ئیسلامیی شیعی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەمیشە و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل هەژمار کراون. هەوڵ دەدەین ئاڕاستەی ئەم ململانێ قوورسەی کە کاریگەری لەسەر ناوچەکە و جیهانیش هەیە بخەینەڕوو.

## ١.پێشینەیی مێژووی

مێژووی کۆن

ئێران و ئیسرائیل دووانەیەکی مێژوویین. «کتێبی پیرۆز » ئەم دوو نەتەوەیە پێکەوە گرێ دەدات. هەزارەی یەکەمی پێش زایین کە، نەتەوەکانی ئاری سەرقاڵن بە خۆ سازدان لە پێناو بازدان بۆ ناو جەرگەی بەرزاییەکانی ئێران و میزۆپۆتامیا، ئایین نەتەوەی یەهوودی لەوپەڕی نەهامەتی و کوێرەوەریدا دەژیان.[1]

یەکەم کۆچی جووەکان بۆ ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٧٤١ پ.ز). کاتێک پلیسەر پاشای ئاشور شاری قودسی داگیر کرد و شارەکەی وێران کرد و دانیشتوانەکەی بە دیل گرت و بۆ ئاشور و پاشان بۆ وڵاتی فارس دووری خستنەوە. قۆناغی دووەمی ڕاگواستنی جووەکان بۆ ئێران لە ساڵی (٧٣٣پ.ز) کاتێک شەلمنسەری پێنجەم (٧٢٢-٧٢٧ پ.ز) قودسی وێران کرد و دانیشتوانەکەی گواستەوە بۆ کەنار ڕووباری خاپوور لە باکووری عێراق. هەر ئەوانە بوون کە لە کەنارەکانی دەریای قەزوێن ئیمپراتۆریەتێکییان پێکهێنا. قۆناغی سێیەمی ڕاگواستنی جوو لە سەردەمی کلدانییەکان ڕوویدا لە ساڵی (٥٩٧ پ.ز). پاشا نەبوکەد نەسر هێرشی کردە سەر قودس و جووەکان و کۆتایی بە پاشایەتی یەهوودای هێنا و دانیشتوانەکەی گواستەوە بۆ میزۆپۆتامیا (بابل). جووەکانی بابل توانییان کاریگەری بخەنە سەر سیستەمی ئیداری و سیاسی ئەو وڵاتە و هەندێک

پێگە و دەسەڵاتیان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد. جووەکانی بابل هاوکاری کۆرشی پاشای هەخامەنشییەکانیان کرد لە گرتنی بابل و ڕۆڵی بەرچاویان بینی لەسەرکەوتنە مەزنەی کۆرشی مەزن. لە بەرامبەر ئەو خزمەتە مەزنەی جووەکان بە کۆرش، ڕێگەی پێدان جووەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی جۆیان لە قودس.[٢]

پەیوەندی ئایینی جوو بە ئێرانەوە لەسەردەمی ئاشورییەکان کە ژمارەیەکی بەرچاو لە جووەکان وەک دیل لە ئاشوورەوە گوازراونەتەوە بۆ هەمەدان کە پایتەختی مادەکان بوو. مادەکان بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانییە بەندکراوانی جوو. هەر ئەوەش بوو کە لەسەردەمی کۆرشی مەزن جووەکان، ڕۆڵی گەورەیان بینی لە پێشڕەواییەتی کردنی سوپای کۆرش بە سەر بابل.[٣]بەڵام بەشێکی زۆری جووەکان لەگەڵ کۆرش نەگەڕانەوە بۆ بابل و لە ئێران لە حەلون، هەمەدان، نەهاوەند، ئەهواز و شوش نیشتەجێ بوون. هەر بۆیەش مەزارە پیرۆزەکانی وەک دانیاڵی نەبی لە شوش و حەبەقوقی نەبی تویسرکان بۆ جووەکانی ئێران بە پیرۆزی ماونەتەوە.[٤]

لە تۆمارەکانی ئایینی یەهوودی لە مێژوودا و بە تایبەت لە کتێبی پیرۆز ئاماژە با ناوی پاشاکانی ئێران دراوە بە تایبەت کۆرشی مەزن کە وەک ڕزگارکەری نەتەوەی بەنی ئیسرائیل لە میزۆپۆتامیا ناوزەد کراوە. هەروەها ناوی پاشاکانی وەک خەشایار شا و ئەردەشێری یەکەم و ئەردەشێری دووەم لە تۆمارە ئایینیەکانی ئایینی جوو ئاماژەی پێکراوە .[٥]ئەوەی جێگەی سەرنجە شانامەی فیردەوسی کە وەک سەرچاوەیەکی مێژووی زارەکی و نووسراوی ئێران زۆر پشتی پێدەبەسترێت هیچ ئاماژەیەک بە ناوی کۆرشی مەزن نەکراوە! کتێب و تۆمارەکانی جوو، ڕۆڵی گەورەیان بینی لە بەرز ڕاگرتنی ناوی کۆرشی مەزن لە مێژوودا. بەڵام لە تۆماری کۆرشدا هیچ ئاماژەیەک بە جووەکان نەکراوە، وەک ئەوەی ئەو لێبوردەییەی بەرامبەر بە جوو کراوە هەمان کردار بووە کە بە نەتەوەکانی بن دەستی ئێران لەسەردەمی کۆرشی مەزندا کراوە. لە لایەکی ترەوە لە بەردە نووسەکانی تەختی جەمشید لە شیرازی ئێستا هیچ وێنەیەک لە نەتەوەی بەنی ئیسرائیل بەدی ناکرێت. پەیوەندی جوو لەگەڵ گلانی ئێران لە مێژوودا پەستی و بڵندی زۆری بە خویەوە بینیوە. تا دواجار لە شۆڕشی مەشرووتەی ئێران مافی نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی مەشروتە(مجلس ملی) بەخشییە کەمینە ئایینییەکانی وەک مەسیحی و جوو و زەردەشتییەکان.[٦]

## ٢. بونیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل و هەڵوێستی ئێران

### - سەردەمی پاشایەتی

١٤ مارسی ١٩٤٨ ئەو مێژووە بوو کە ئیسرائیل وەک کیانێکی نێودەڵەتی، ئیعلانی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. تورکیا لە ڕیزی پێشەوی وڵاتانی جیهان بوو کە ئیسرائیلی بە فەرمی ناساند. ئێران لەسەردەمی حکومەتی ساعدی مەراغەیی لە ٢٨ مارسی ١٩٤٩ بە شێوەی دیفاکتۆ دانی بە ئیسرائیلدا نا، نەک بە شێوەی فەرمی. پاشان حکومەتی دکتۆر محەممەدی موسەدیق لە ئێران لە ساڵی ١٩٥١ ئەو دیفاکۆیەیی هەڵوەشاندەوە و داننانی بە ئیسرائیلدا هەڵوەشاندەوە. حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی ئێران و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئیسرائیل گۆڕانکارییان بە سەردا هات.

هەرچەندە ئێران و ئیسرائیل لەسەردەمی پاشایەتی هەرگیز بە فەرمی ئیسرائیلی نەناساند. بەڵام هەردوو وڵات هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بەرمەبنای جیۆپۆلەتیکی هاوبەش پەرە بە پەیوەندییەکانییان بدەن. گۆڕانکارییەکانی جیهانی عەرەبی و ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی کە لە نێوان ئیسرائیل وڵاتانی عەرەبی ڕوویاندا بە تایبەت لە ساڵی ١٩٥٦ بە دواوە و ڕووداوەکانی کەناڵی سویس، دەرگای بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتری نێوان ئیسرائیل و ئێران کردەوە.[٧] کۆڵکەی هاوبەشی نێوان ئێران و ئیسرائیل کە وەک هەڕەشە بۆ سەر هەردوو وڵات سەیر دەکرا عێراق بوو. کاری هاوبەشی ئێران و ئیسرائیل کێشەی کوردی عیراق بوو، لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەدوادوە. ساواک و دەزگای موساد بە نهێنی پشتیوانییان لە کێشەی کورد لە عێراق دەکرد بۆ لاوازکردنی عێراق کە وەک هەڕشە بۆ سەر ئیسرائیل و ئێران دەردەکەوت.[٨] بەڵام پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل تەنها لەسەر بنەمای ترسی هاوبەش نەبوو. بەڵکو شای ئێران ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازەندەی حکومەتی جۆزێف کەنەدی ببووەوە. ئێران ئومێدی لەسەر ئیسرائیل و لۆبی ئیسرائیلی لە ئەمریکا هەڵچنیبوو کە فشارەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران کەم بکاتەوە. لەم پێناوەشدا دەستەیەکی ئیسرائیلی لە تاران نیشتەجێ بوون کە بەشێوەیەکی دیفاکتۆ وەک سەفارەتی ئیسرائیل لە تاران کاروبارەکانیان ڕادەپەڕاند. کاری هاوبەشی ئێران و ئیسرائیل لەسەردەمی پاشایەتی مێژوویەکی ئاڵوزی هەیە کە شۆڕشی ئێران کە تێڕوانینی جیاوازی لەسەر ئەو مێژووە هەبوو، ڕابردووی ئەو پەیوەندییە دبلۆماسی و سیاسی و ئابوورییانەی لێڵ و ئاڵۆزتر کرد. پرۆفیسۆر سەید حەسین ئەمین کاتێک باس لە

پەیوەندیەکانی نێوان ئێران ئیسرائیل دەکات. هەم باس لە مێژووی پەیوەندی جوو لەگەڵ مسوڵمانان دەکات لە ناوچەکە و هەم ئەو هەستیارییەی کە لە پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە نێوان جوو و مسوڵمانان دروست ببوو.[٩] ناساندنی دیفاکتۆی ئیسرائیل لە لایەن ئێرانەوە گومان دەخرێتە سەر عیزەتوڵڵای ئینیتزام نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەرتیلی لە جووەکان و ئەمریکا وەرگرتبێت. بەڵام هەندێک پێیان وایە ئەو دەنگۆیانەی کە باسی تێوەگلانی ئینتزام دەکەن لە لایەن عەرەبەکانەوە بۆ ئینتزام دروست کرابێت بۆ لێدان لە کەسایەتی ئەو نوێنەرەی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام خودی ساعد، سیاسەتمەدارێکی پاک بوو. ساعد حەزی لە پارە نەبوو. بە هەژاریش مرد. (یەکێک لە هاورێکانی لە گۆرستانێکی گشتی و بێ ناونیشان ناشتی).

لەسەر ئاستی ناوخۆ گەلانی ئێران پشتیوانیان لە گەلی فەلەستین و مافی خوراوی ئەوان دەکرد بەڵام تێروانینی دەسەڵاتدارانی ئێران لەسەردەمی پاشایەتی و لە ئاستی نێودەوڵەتی پێچەوانەی ئەم خواستەی گەلانی ئێران بوو. ئەمەش پارادۆکسێک بوو لە ئێران بە گشتی لە ناویدا دەژیا. ئیسرائیل باسی لە ئاشتی بۆ ناوچەکە و ژینگە سیاسیەکەی دەکرد بەبێ ئەوەی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت یەک هەنگاوی بۆ ئاشتی لە ناوچەکە نابێت. ئەمەش بێزاری زۆری بۆ گەلانی ئێران دروست کردبوو. هەر ئەوەش ئەو پەیوەندیە مێژووییە بەنرخەی جوو لە ناو مسوڵمانان و گەلی ئێران و دنیای عەرەبی گۆری بۆ دوژمنایەتییەکی قووڵ. لە لایەکی ترەوە کرۆکی پەیوەندیەکانی محەمەد رەزا شای ئێران لەگەڵ ئیسرائیل خواستی هەردوولا بوو بۆ فرۆشتنی نەوت بە ئیسرائیل. پەیوەندی ئێران و ئیسرائیل لەم بوارەدا هێندە نهێنی و ئاڵۆز بوو کە بەرپرسی ژووری بازرگانی ئیسرائیل لە هەندێک وردەکاری ئەم بابەتە ئاگادار نەبوو.[١٠]

### -سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

شۆرشی ئێران خاڵی وەرچەخان بوو بۆ ئێران و بۆ ناوچەکە و بۆ جیهانیش. یەکەم بەرکەوتنی شۆرش لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی، بەرکەوتنێکی ئایدۆلۆجی بوو. شۆرشی ئێران میراتگری بەشێکی زۆری ئەو بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی سەردەمی سیستەمی پاشایەتی بوو. بەشێک ئەو کۆدژییانەی کە دیدگای تازەی شۆرش سازگار نەبوو لەگەڵیان، سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بوو. پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل لەگەڵ هەبوونی فشاری ناوخۆیی و فشاری وڵاتانی مسوڵمان و عەرەبی نزیکەی سی ساڵ بەردەوام بوو. لەگەڵ هەبوونی بەرزی و نزمی لەم پەیوەندییانەدا. بەڵام کاتێک شۆرشی ئیسلامیی لە ئێران روویدا

ئەم پەیوەندییانە پچڕاو و کۆتاییان پێهات و سەردەمێکی نوێی پڕ لە ململانێی قوورس دەستیان پێکرد. ئەو هۆکارانی کە لە پشت پچڕانی پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیلەوە بوون بەشێکیان بریتیین لە: سروشتی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە سروشتێکی دژە ئیستعمار و خواستی بۆ پشتیوانی کردن لە ستەملێکراوانی جیهانی هەبوو. ئێران حکومەتی ئیسرائیلی بە داگیرکاری خاکی مسوڵمانان دەبینی و دەوڵەتی ئیسرائیلی بە ناشەرعی لە قەڵەم دەدا. شۆڕشی ئێران لە نێوان بلۆک بەندییە جیهانییەکانی شەڕی سارد هاتبووە دەرەوە و درووشمی دژ بە هەردوو جەمسەرەکەی بەرز کردبووەوە(نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی). هەرچەندە پاشان لە ژێر کاریگەریی شەڕی ئێران و عێراق ئەم دژە جەمسەربوونە زۆری نەخایاند و پەیوەندییەکانییان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت ئاسایی بووەوە، بەڵام کێشە و ململانێکان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل هەر بەردەوام بوون. ململانێکانی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل فرە جەمسەر بوون. بابەتی هۆلۆکاست (جینۆسایدکردنی جوولەکان لە جەنگی جیهانی دووەم و لەسەر دەستی هیتلەر) کە ئێران ئینکاری دەکرد. ئەو ڕووداوە لە مێژوودا زیاتر لە پێویست گەورە کراوە و بۆ شەرعییەتدان بە کیانی جوو لە جیهاندا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت. لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ئێران کە لە پاش ڕاگرتنی شەڕی نێوان ئێران عێراق دەستییان پێکردەوە بە هەڕشە بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی ئێسرائیل وێنا دەکرا. ئیسرائیل، بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەمپەڕی زۆریان بۆ ئێرانییان دروستکرد کە ئەو ئەتۆمی ئێران نەگاتە ئەنجام. بە شێوەیەکی گشتی ململانێی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل ئەم دەرەنجامانەی خوارەوەی لێکەوتەوە کە گۆڕانکاری بنچینەیی بوون لە پچڕانی پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە:

- شەڕی ڕاگەیاندنی قوورس لە نێوانییاندا.
- پشتیوانی لە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان و ئاڕاستەکردنیان دژی ئیسرائیل.
- گەشەکردنی دامەزراوەی بەرگری و هێرشبەرانەی ئێران دژی ئیسرائیل.
- بابەتی و هۆلۆکۆست و هەڵسەنگاندنی مێژووی ئەم بابەتە دژی ئیسرائیل.
- یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی کە دژی ئیسرائیل وەستاونەتەوە.
- شەڕی بە وەکالەت بە تایبەت لە ڕێگەی حیزبوڵڵای لوبنانەوە.
- گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ سووریا.
- دروستکردنی کێشە بو پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- پشتیوانی لە جووەکانی نەیاری ئیسرائیل و ناجووەکانی دژ بە ئیسرائیل.[١١]

شۆڕشی ئێران لە دەسپێکی سەرکەوتنی شۆڕشەکەوە چەند قوناغێکی سەختی تێپەڕاند. قۆناغی یەکەم کە کۆتایی سەردەمی جەنگی سارد لە خۆ دەگرێت لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٩-١٩٩١) کە لەم نێوەندەدا شەڕی ئێران عێراق وەک کارەساتێکی قوورس شۆڕشی ماندوو کرد. پەیوەندی ئیسرائیل و ئێران زیاتر دژایەتی یەکتربوو لە چوارچێوەی شەڕی ڕاگەیاندنی ئێران دژی ئیسرائیل لە لایەک و دژایەتی ئیسرائیل بۆ ئێران لە چوارچێوەی یارمەتیدانی عێراق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەو جەنگەدا. قۆناغی دووەم لە ساڵی (١٩٩١-٢٠٠٢) لە قۆناغەدا جەنگی سارد کۆتایی پێهاتبوو بە شکستی یەکێتی سۆڤییەت. لەم قۆناغەدا ئێران سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی دوای شەڕی ئێران عێراق بوو. هەروەها دەسپێکی پلانی وردی ستراتیژی ئەتۆمی و تەکنۆلۆجیای سەربازی ئێران بوو.[١٢] قۆناغی سێیەم لە نێوان ساڵەکانی (٢٠٠٢-٢٠١٥) کە لەم قۆناغەدا دۆسییەی ئەتۆمی ئێران مشتومڕی زۆری لە نێوان ئێران و وڵاتانی (٥+١). ئەم قۆناغە پڕکارترین قۆناغی دەزگای دیپلۆماسی ئێران بوو لە مێژوودا، کە ڕێککەوتننامەی (بەرجامی) لێکەوتەوە. لە هەموو ئەم قۆناغانەدا ئیسرائیل بە وردی چاودێری گەشەکردن و چالاکییەکانی ئێرانی دەکرد و هەموو دەرفەتێکی دەقۆزتەوە بۆ لاوازکردنی ئێران و گۆشەگیرکردنی ئەو وڵاتە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و سیاسەتی جیهانیدا.

### ٣. سەردەمی ململانێکان

دوژمنی فانی (mortal enemy) ئەو دەستەواژەیە کە ئیسرائیل بەرامبەر نەیار و دوژمنەکانی خۆی بە کاری دەهێنێت. سووریا گونجاوترین شوێنە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئیدیۆمە. ئێران و ئیسرائیل لە سووریا لە قۆناغی شەڕێکی ڕانەگەیێنراون دژ بە یەکتر. بە پێی لێدوانەکانی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئێران بێت. لە ساڵی ٢٠١٨ بە دواوە. ئیسرائیل زیاتر لە سەد و پەنجا جار لە بنکە سەربازییەکانی ئێران و هێزەکانی هاوسۆز لە ئێرانی داوە. سەرچاوەکانی بیانیش ئاماژە بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی سووریا دەکەن کە نزیکە لەو ڕێژەیە.[١٣] کێشەی سووریا لە پاش بەهاری عەرەبی کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی وەرگرت. ڕەهەندی عەرەبی و ناوچەیی، ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ڕەهەندی ناوخۆیی. لەسەر هەرسێ ئاست وڵاتانی خاوەن بەرژەوندی لە سووریا، هەوڵی پتەوکردنی پێگەکانی خۆیان دەدەن لە سووریا لە ڕێگەی بریکارەکانیان لە ناو سووریا. بە تایبەت

ئێران کە هاوپەیمانییەکی درێژخایەنی لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتداری سووریا هەیە. ڕەگی ئەم هاوپەیمانییە بۆ سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق دەگەڕێتەوە. سووریا بۆ ئێران ناوەندی ستراتیژی و گرنگە بۆ پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و هەروەها مەترسی خستنەسەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

ئاستی ململانێکان لەسەر خاکی عێراق جیاوازتر لە ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئارامی دەستی پێکرد. شیعەکان لە پاش ڕووخانی ڕژێم لە عێراق هەستیان بەوە کرد کە ئەمریکا و حکومەتی عێراق(کە لەژێر پاراستن و قەیمومیەتی ئەمریکادا بوو) ناتوانن پارێزگاریان لێ بکەن، کەوتنە دروستکردنی گرووپی میلیشیایی و دزەکردنە ناو ڕیزەکانی دەوڵەت لە عێراق، مەترسییەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە هەستی پێ کرا.[١٤] بەڵام ڕاستەوخۆ کاریگەری بە سەر عێراقەوە نەبوو. پەیوەندییەکانی ئەمریکا ئیسرائیل ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئیسرائیلییەکان کە جێپێی ئەمنی و سیخوری خۆیان لە عێراق جێگیر بکەن. ئەمەش هەمیشە بۆ ئێران وەک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لەسەر بەژەوەندییەکانی لێکدراوەتەوە. بە تایبەت ئێران پێداگری دەکات لە هەبوونی پێگەکانی ئیسرائیل لە هەولێر و بە چاودێری ئەمریکا و ئاگاداری هێزە کوردییەکان. هەر ئەم ئارگیۆمێنتە دەرەنجامی هێرشی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لێکەوتووەتەوە.

بابەتی لوبنان و ململانێی ئێران ئیسرائیل لە ناوچەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بوونی حیزبوڵڵای لوبنانەوە هەیە. بە تایبەت لە پاش هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، حیزبوڵڵا وەک دیوارێک بۆ بەرگری کردن لە لوبنان و دژایەتی ئیسرئیل دەرکەوت. ئەگەر خواستی قووڵمان هەبێت بۆ ئەو سیاستەو ئاڵۆز قووڵەی لوبنان پێوستە لە حیزبوڵڵا بە باشی بگەین و بیناسین. بۆ ناسینی حیزبوڵڵاش پێویستە کە حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی ئەو حیزبە بناسین.[١٥] حەسەن نەسروڵڵا هەمیشە میدیاکانی بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی دیدگاکانی خۆی. زۆرینەی وتارەکانی لە میدیاکان فۆکەسی لەسەر لوبنان و سووریا هەیە. پاشان وەک بەرگریکارێکی قوورسی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات.

پشتیوانییەکانی ئێران بۆ حیزبوڵڵا لە بەرزترین ئاستدایە. پشتیوانی ئێران لە حیزبوڵڵا، کاریگەری خستووەتە سەر ئەمنی دەوڵەتی ئیسرائیل. ئیسرائیل وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی خۆی لەو دۆسیەیە دەڕوانێت. حیزبوڵڵای لوبنان بەهێزترین هێزی سەربازیی

و ئایدۆلۆجییە لە ناوچەکە، کە یارمەتی ڕاستەوخۆی ئێرانی لە پشتە. بە واتایەکی تر شکستی پڕۆژەی حیزبوڵڵا لە ناوچەکە واتای شکستی پڕۆژەی سیاسی ئێرانە لە میحوەری مقاوەمە.

حوسییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ ئێران و هاتنیان بۆ بەرەی مقاومە دژی بەژەوەندیەکانی سعودیە لە لایەک و پاشان ئیسرائیل ئەمریکا لە لایەکی تر دیاردەیەکی تازە بوو. وەک سیاسەتی هەرێمایەتی و کاریگەری ئەم گرووپە چەکدارە لە ساڵی ٢٠١٥ زیاتر بەدەرکەوت. کاتێک حوسییەکان لە لایەن سعودیە و ئەمریکا خرانە ژێر گوشارێکی توندەوە. بەڵام بە پشتیوانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٨ توانیان پەرە بە چەکەکانیان بدەن و وڵاتانی خەلیج و کۆمپانیا نەوتییەکان و سعودیە بخەنە ژێر فشارێکی قوورس. لە ساڵی ٢٠٢٢ بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو توانییان پەرە بە موشەکەکانیان بدەن و وەک هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و بە تایبەت ئیسرائیل دەربکەون. ڕۆڵی حوسییەکان لە شەڕی ئیسرائیل و غەزە لەسەرەتادا بە جدی وەرنەگیرا تا ئەوکاتەی توانییان موشەکە دوورهاوێژەکانیان ڕووبەڕووی ئیسرائیل بکەنەوە و گێچەڵ لە دەریای سوور بە کەشتییە بارهەڵگرەکان بگێڕن. حوسییەکان و چالاکییەکانیان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرت.[١٦]

### ٤. ڕوبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ

#### - ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر و چڕبوونەوەی ململانێکان

ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر پێشبینی کراو نەبوو. ئیسرائیلیەکان ئەم ڕووداوەیان بە ڕۆژی ڕەشی مێژووی ئیسرائیل ناوزەد کرد. ئۆپراسیۆنی تۆفانی ئەقسا کە لە لایەن گرووپە چەکدارەکانی غەزە (حەماس و جیهادی ئیسلامی) جێبەجێکرا گورزێکی کوشندە بوو بۆ ئیسرائیل. لە یەکەم ڕۆژی ئۆپراسیۆنەکە نزیکەی ١٣٠٠ کەس کوژران و نزیکەی ١٣٠ ئیسرائیلی بە دیل گیران.[١٧] ڕۆڵی ئەمریکا لەو ڕووداوانە بە ئاشکرا بەدەرکەوتن. لەگەڵ هەڵچوونی ئیدارەی ئیسرائیل لە حەوتی ئۆکتۆبەر چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەی جوو لە ناوخۆ و دەرەوەی ئیسرائیل کاردانەوەی توند بوو بەرامبەر ئیدارەی غەزە و گرووپەکانی باڵادەستی ئەو سنوورە. ستراتیژی ئەمریکا لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتی فرەلایەن لەگەڵ ڕووداوەکان بوو. یەکەم :بەربەست دانان، لە پێناو فراوان نەبوونی شەڕەکە بۆ وڵاتانی تر، بەتایبەت بۆ لوبنان و ئێرانیش. دووەم: کۆتایی هێنان بە شەڕەکە و سنوور دانان لەپێناو ئەوەی کەمترین قوربانی مەدەنی لێبکەوێتەوە. سێیەم: دڵنیا بوون لەوەی

کە فریاگوزارییە مرۆییەکان دەگاتە غەزە و  فەلەستینییەکان دەستیان بە خۆراک و دەرمان و پێداویستی نیشتەجێبوون دەگات.[١٨] بەڵام ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر دەریان خست کە ئامرازی سەربازیی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی ناتوانێت کارساز بێت. نە فەلەستینییەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئامانجی سەربازی، واقعی هەبوونی ئیسرائیل بگۆڕن و نە  ئیسرائیلییەکان دەتوانن چارەسەری کێشەی فەلەستین  لە ڕێگەی هێرش و جەنگی فراوان و کاولکاری ئاڕاستەکەی بگۆڕن.

هەر لەسەرتاوە ئێران و سەرکردایەتی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنانی بێ ئاگایی خۆیان لەو ئۆپراسیۆنە ڕاگەیاند. ئەم ئاڕاستە میدیاییە لەگەڵ خواستی وڵاتە یەکگرتووەکانیش یەکی دەگرتەوە، لە پێناو فراوان نەبوونی شەڕەکە. فۆکەس خستنەسەر کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی حەماس (یەحیا سینوار) بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیە بۆ چواچێوەی یەکەمی ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ و فشار خستنەسەر حکومەتی ئیسرائیل و نیشاندانی خاڵە لاوازەکانی ئیدارەی ناتانیاهو. لە گەرمەی ڕەشەکوژی و بۆمبارانی غەزە لە لایەن ئیسرائیلەوە پرۆژەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل کەوتە ناو گێژاو و دوورنمایەکی تاریک. بەڵام ژوورەکانی بیر و پسپۆڕانی خاوەن ڕا ئەوە ناشارنەوە کە بە هاوکاری سعودیە و ئیمارات و قەتەر و مەغریب و هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە پرۆسەی ئاشتی لە فۆرمێکی تردا بخرێتەڕو. هەرچەندە هەموو ئەوەی پێیدەگوترا پرۆسەری ئاشتی عەرب ئیسرائیل بەر مەبنای ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ داڕێژرابوو، ئێستا ئاسویەکی تر پێویستە بخرێتەڕوو. ئەویش بەوە مەیسەر دەبێت کە ئیدارەی فەلەستینی خواستی بۆ گۆڕانکاری بنچینەیی هەبێت لە پێناو پەراوێز خستنی ئیدارەی غەزە لە فەلەستین.

هەر لەسەرەتایی کێشەکانی غەزە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە لە تێوەگلانی ئێران لەو ئۆپراسیۆنانەدا. بەڵام زانیارییە هەواڵگرییەکانی پشتی پەردە (کە هەڵوێستی سیاسی ئامادە دەکەن) هەموو ئاماژە بوون بەوەی پەیوەندی ئێران و ئیسرائیل لە ناوچەکە بەرەو توندوتیژی زیاتر دەڕوات. هەڵوێستی حیزبوڵڵای لوبنان لە زاری سەرۆکی حیزبەکەیانەوە هەر لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی موحافیزکارانە و هەڵوێستی ئارامی ئێران لە مەڕ ڕوداوەکان لۆمەی زۆری خستە سەرشانی هەردوو لایەن کە ئێران نایەوێت شەڕی خۆی لەگەڵ ئەمریکا ئیسرائیل لەسەر خاکی خۆی بکات. ئەمە ئەو ستراتیژە بوو لە ئێران پەیڕەوی  دەکرد.

- لە لێوارەکانی شەڕی ڕاستەوخۆ

هێرشی ئیسرائیل بۆ کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی لە دیمەشق لوتکەی تەقینەوەی ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێران بوو. هێرشەکە لە کاتێکدا ئەنجام درا کە ئیسرائیل بە هۆی ئەو ڕەشەکوژی و تاوانانەی کە لە غەزە دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی ئەنجامی دەدا لە ژێر ڕەخنەی توندی ئەمریکا و وڵاتانی جیهاندا بوو. ئەمریکا تێبینی لەسەر شێوازی ئیدارەدانی شەڕەکە هەیە. بەڵام لە هەمانکاتدا وەک هاوپەیمانی ئیسرائیل پشتگیری تەواوی بۆ ئیسرائیل هەیە و جەنگەکە بە ڕەوا دەزانێت. هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشق بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان وەک هێرشکردنە سەر خاکی ئەو وڵاتە سەیر کرا. چاوەڕوانییەکان بۆ کاردانەوەی ئێران درێژەی کێشا بە هۆکاری مانگی ڕەمەزان و پلانی ورد و حیساب بۆکراو لە لایەن ئێرانەوە بوو. کاردانەوەی ئێران بە هێرشێکی فراوان کە سەدان درۆن و موشەک ئەنجام درا چەند ڕاستییەکی ئاشکرا کرد کە سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئیسرائیل بە بێ هاوکاری وڵاتانی وەک ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپایی هێندەش بەهێز نییە کە نەتوانرێت لێوەی تێپەڕێت. لە لایەکی ترەوە بۆ ئێران وەک ئەزموونێک وابوو کە توانای موشەکی و درۆنی خۆی بەرامبەر ئیسرائیل ئەزموون بکات. بەڵام دەرەنجامە سیاسییەکان ئاماژەی ترمان ئاڕاستە دەکەن. کە ئیسرائیل لە دوای ئەنجامدانی هێرشەکانی ئێران لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین تاوانی مەترسیدار دژ بە خەڵکی سیڤیل و بێتاوانی غەزە، خۆی وەک قوربانی تیرۆر لە جیهاندا هەژمار دەکات و بە شوێن هاوپەیمانییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوەیە دژ بە ئێران.

## ئەنجام

ململانێی ئێران و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست کاریگەری فراوانی بە سەر هاوپەیمانییەتی و ڕەسمی سیاسەت لە ناوچەکە هەیە. ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ئێران و ئیسرائیل دژ بە یەکتر ئەو پەندەی ناپلیۆنمان بیر دەخاتەوە کە **«کاتێک دوژمنەکەت کە لە کاتی قسەکردندا هەڵە دەکات، قسەکەی پێ مەبڕە با بەردەوام بێت لەسەر هەڵەکەی»** دەبێت بڵێین لە ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ کێ قسەی بە کێ نەبڕی تا بەردەوام بیت لەسەر هەڵەکەی. لەگەڵ هەبوونی ڕەگی زۆر لە کێشەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل تا ئێستا داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناڕوونی ماوەتەوە و ئاسۆی ئارامی و ئاشتی بە ناوچەکەوە دیار نییە. بەڵام کۆڵکەی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە هەردووڵا نایانەوێت ئێران لە شەڕی ئیسرائیلەوە بگلێت. هەم ئیسرائیل و هەم ئێرانیش خوازیاری فراوانبوونی شەڕەکە نین. هەموو کاراکتەرەکانی پەیوەست بەم دۆسیەیە بە حەزەرەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتەکە دەکەن.

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١ پرفیسور امو ن نتصر- اران یهود اسرائیل، ڕشته گفتگوهای ڕادیویی -نگارش مناشه امیر http://www.yahudiran.com/html/part٢-٠٥.php

٢ دکتر حصام کصابی.دکتر وداد بن عبدالحمن الجروان القرنی-٢٠٢٣-المعهد الدولی للدراسات الایرانیه. https://shorturl.at/vDPY9

3 https://smli.ir/Ye3Km

4 https://shorturl.at/pDVW3

٥ کتێبی پیرۆز .

٦ الهام شهبازی. ١٣٩٣. خردنامه شماره ١٢ بهار و تابستان. chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://ensani.ir/file/download/article/20140616144305-9945-45.pdf

7 https://www.jstor.org/stable/10.7249/mg1143osd.7

8 Kaye, D. D., Nader, A., & Roshan, P. (2011). A Brief History of Israeli-Iranian Cooperation and Confrontation. In Israel and Iran: A Dangerous Rivalry (pp. 9–18). RAND Corporation. http://www.jstor.org/stable/10.7249/mg1143osd.7

٩ پروفسور سید حسن امین- -(-١٣٨٣اردیبهشت) - ماهنامەی حافظ شماره ٢ chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://ensani.ir/file/download/article/20120326162059-3040-19.pdf

١٠ محمد تقی پور. مبادلات و مناسبات اقتصادی ایران و اسرئیل. فصلنامه مطالعات تاریخی. chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://ensani.ir/file/download/article/20140409115659-9908-14.pdf

١١ الهام شهبازی. ١٣٩٣. خردنامه شماره ١٢ بهار و تابستان.

12 https://www.jstor.org/stable/45242223 Haji-Yousefi, A. M. (2003). FOREIGN POLICY OF THE ISLAMIC REPUBLIC OF IRAN TOWARDS ISRAEL, 1979-2002. Strategic Studies, 23(1), 55–75

13 Aftandilian, G. (2018). The US-Iran and Israel-Iran Conflict. In A SECURITY ROLE FOR THE UNITED STATES IN A POST-ISIS SYRIA?: CHALLENGES AND OPPORTUNITIES FOR U.S. POLICY (pp. 15–18). Strategic Studies Institute, US Army War College. http://www.jstor.org/stable/resrep20104.10

14 Pirnie, B. R., & O'Connell, E. (2008). Counterinsurgency in Iraq (2003-2006): RAND Counterinsurgency Study--Volume 2.

RAND Corporation. http://www.jstor.org/stable/10.7249/mg595-3osd
15 Dekel, U., Siboni, G., & Einav, O. (Eds.). (2017). The Quiet Decade: In the Aftermath of the Second Lebanon War, 2006-2016. Institute for National Security Studies. http://www.jstor.org/stable/resrep17017
16 Veilleux-Lepage, Y., & Archambault, E. (2022). Houthi Movement. In A Comparative Study of Non- State Violent Drone use in the Middle East: Yannick Veilleux-Lepage and Emil Archambault ICCT Report (pp. 33–39). International Centre for Counter-Terrorism. http://www.jstor.org/stable/resrep45524.9
17 Armed Conflict Location & Event Data Project. (2023). Fact Sheet: Israel and Palestine Conflict (October 2023). Armed Conflict Location & Event Data Project. http://www.jstor.org/stable/resrep53456
18 Feierstein, G. M., Rudman, M., Ford, R. S., Abercrombie-Winstanley, G., & Winer, J. M. (2023). Expert Views: US diplomacy and the Israel-Hamas war. Middle East Institute. http://www.jstor.org/stable/resrep53887

چاوپێکەوتن

ئێرانناسی



# لە پەراوێزی جەنگی نێوان ئیسڕائیل - غەزە و هێرشەکانی ئێران

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز هیوا مەجید، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان/ گەشەسەندنی سیاسی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دبلۆماسی، زانکۆی سەلاحەدین.

**ئێرانناسی**: ئەم وتووێژەمان لەگەڵ دکتۆر هیوا مەجید / دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکانە. دەمانەوێت تێڕوانینی بەڕێزیان سەبارەت بە هێرشە درۆنی و مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل و جەنگی نێوان حەماس و ئیسرائیل لەم چاوپێکەوتنەدا بخەینەڕوو.

یەکەم پرسیارمان بەوە دەستپێدەکەین:

**ئێر انناسی: بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەروشەڕی نێوان ئیسرائیل وغەزە، بارودۆخی گشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

حەوتی ئۆکتۆبەر خاڵێکی جیاکەرەوەبوو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەواتایەکی تر حەوتی ئۆکتۆبەر لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتا هاوپەیمانییەتییەکان سەرلەنوێ پێناسە دەکرێنەوە.

ئەگەر بێتوو بگەڕێینەوە بۆ پێش حەوتی ئۆکتۆبەر ئێمە دەبینین کە دەنگۆی ئەوە هەبوو ئەمریکا هێدی هێدی بەتایبەت لە سەردەمی جۆ بایدن و باراک ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکشێتەوە، شوێنی ئەمریکا، چین و ڕووسیا دەیگرێتەوە، ئەمریکا زۆرتر جەخت دەکاتەوە لەسەر ناوچەی پەسەفیک واتا ئەو ناوچەیەی گەمارۆی چینیداوە، بەڵام حەوتی ئۆکتۆبەر بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا ناچاربێت یاخود پێی خۆشبێت یاخود بە دەرفەتی بزانێت کە سەر لە نوێ ئامادەییەکی فراوانی عەسکەری بێنێتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەلایەکی تریشەوە خودی ڕووداوەکانی دوای حەوتی ئۆکتۆبەر تا دەگاتە هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە شەوی سیانزە لەسەر چواردەی چوار(١٣-٢٠٢٤/٤/١٤) وایکرد کە خودی وڵاتانی عەرەبی ئەوانەی کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل کردووە وەک بەحرێن و ئیمارات سەرلەنوێ ترسی ئەوەیان لێبنیشێتەوە کە ئەوان پێویستیان بە ئەمریکا هەیە بگەڕێتەوە ناوچەکە.

لە لایەکی تریشەوە حەوتی ئۆکتۆبەر شتێکی تری سەلماند بریتیی بوو لەوەی کە دەوڵەتی خاوەن سوپای ڕێکخراوە بە زەحمەت دەتوانێت بەرەنگاری گرووپە چەکدارییەکان بێتەوە.

بۆچی؟ چونکە دەوڵەتی خاوەن سوپای ڕێکخراو لە ئێستادا تەکنەلۆجیایەکی عەسکەری زۆر پێشەکەوتووی هەیە کە تێچوویەکی دارایی و ئابووری زۆری دەوێت، ئەم سوپایە ڕاستە کە باڵا دەستە لە ڕووی تەکنەلۆجیاوە، بەڵام گورزی عەسکەری پێدەکەوێت بە کەمترین تێچوو، بۆ نموونە هێرشی حوسییەکان بۆ سەر کەشتییە ئەمریکییەکان بێت یاخود بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بێت یاخود ئەو درۆنانەی لە هەولێر دەدرێت، هەموو ئەمان بوونەتە هۆی ئەوەی کە سەر لە نوێ پێناسەیەک بکرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەبەستم چییە، تا ئێستا ئێمە لە چەمکی جوگرافیای سیاسی و سیاسەتی

جواگرافیایی ئێمە چەمکێکمان هەبوو(لاندلۆکانچری) ئەو وڵاتانەی داخراون، هەمیشە دەیانگووت ئەو وڵاتانەی داخراون دەستیان بە دەریا ئازادەکان ناگات لە ژێر هەژموونی وڵاتانی دەوروبەردان، بەڵام ئەم جەنگی حەوتی ئۆکتۆبەرە ئەوەی سەلماند کە لە پاش دەریا ئازادەکان ئەسڵەن نا ئەمن، بەڵکو وڵاتان بە دوای کلیدۆری وشکانیدا دەگەڕێن، ئەگەر سەیری بکەین ئەم هەموو کلیدۆرانەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربار دەبن، کلیدۆری تاپی، تاناب، ڕێگەی گەشەی عێراق(تەریقی تەنمیەی عێراق) کلیدۆری باکوور باشووری ئێران، کلیدۆری زەنگەزور و ڕێگەی ئاوریشمی چین، هەموو ئەمانە وا دەکەن، سەر لە نوێ نەخشەی سیاسیی و جوگرافیایی هاوپەیمانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکارییان بەسەردابێت.

**◀ ئێراناسی: هۆکاری هێرشە ڕاستەوخۆکانی ئیسرائیل بۆ فەرماندە و ڕاوێژکارە باڵاکانی ئێران لەم کاتەدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

ئەگەر سەیری بکەین هەموو گرووپە شیعە چەکدارەکان پرۆکسی ئێرانن، واتا ئێران ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە تەختەیەکی شەترەنج کە خۆی وەکو پاشا تەحەکوم بەو تەختەی شەترەنجانە دەکات، ئەم پرۆکسیانە هەموویان داشەکانی ئێرانن، ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم پرۆکسیانەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی بپێکێت، بۆیە ئیسرائیل زۆر باش لە موعادەلەیە تێگەیشتووە، هەموو ئەوانەی ئیسرائیل لێیداون تەواجوودیکی زۆر پڕ هێزیان لە سووریا و لوبنان هەیە، واتا دوو شوێنی ستراتیجی کە بە بەردەوامی مەترسی لەسەر ئەمنی نیشتیمانی ئیسرائیل دروست دەکەن، بۆیە ئیسرائیل هزر دەکات خۆشی چەندجار وای وتووە، ئێران وەکو هەشت پێ یاخود ئەختەبووتێکە کە دەبێت ئەو پێیانەی ببڕین، بەڵام دواجار گەشتە قەناعەت و بنیامین ناتەنیاهو ڕایگەیاند کە دەبێت ئەمجارە لەسەر ئەختەبووتەکە بدرێت بۆیە ئیسرائیل هزر دەکات ئەگەر بێت و لە فەرماندە باڵاکانی ئێران بدات ئەمە لە لایەک توانای هێزە پرۆکسییەکان کەم دەکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە وای داناوە کە ئێران پەلکیشی جەنگێکی ڕاستەوخۆ بێت لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئیسرائیل جەنگی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێران پێباشترە لەوەی جەنگی پرۆکسییەکان بکات، چونکە جەنگی پرۆکسییەکان تێچوویەکی زۆری دەوێت، هەروەها جەنگێکی بەرفراوان و بێ کۆتایە، ئیسرائیل لەو هاوکێشەیە تێگەیشتووە، بەڵام ئەگەر بێت و لەگەڵ ئێران بە شەڕ بێت جەنگێکی مونەزەم(ڕێکخراو) لە نێوان دوو دەوڵەتدا دەبێت.

خاڵی دووەم ئەگەر بێت و لە ڕێگەی لێدان لە فەرماندە سەربازییەکانی ئێران پەلکێشی جەنگی ڕاستەوخۆ بێت لەگەڵ ئیسرائیل ئۆتۆماتیکیەن ئیسرائیل بە هۆی ئەو باگراوندە هۆڵۆکۆسیەی کە هەیەتی بەهۆی ئەو فشارەی کە بە درێژای پەنجا ساڵ تا حەفتا ساڵ لەسەر ئیسرائیل هەبووە وادەکات ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی بێن یارمەتی ئیسرائیل بدەن، ئەمە لە هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل بەدەرکەوت کە بینیمان ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسا ڕاستەوخۆ هاتنە ناو شەڕەکەوە وڵاتانی وەک ئوردن و عەرەبستان لە ڕێگەی زانیاری سیخوڕی(ئیسخباراتی) هاتنە ناو شەڕەکەوە، کەواتا نەک ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دێن و پشتگیری لە ئیسرائیل دەکەن، بەڵکو بە ڕاستەوخۆ دێنە ناو شەڕەکە و تێچووی شەڕەکە لەسەر ئیسرائیل کەم دەکەنەوە، پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی وەردەگرن.

لە لایەکی ترەوە ئەگەری زۆرە شەڕی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل و ئێران بێتە هۆکاری لێکنزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبیش لە ئیسرائیل، چونکە ئەگەر بێت و سەیرکەین لە ئێستا وڵاتانی عەرەبی ئەوەندی کە ئێرانی ئیسلامیی شیعە بە دوژمنی خۆیان هەژمار دەکەن، ئیسرائیل سەیهۆنیستی جوو بە دووژمنی خۆیان هەژمار ناکەن. بۆیە تەنانەت وڵاتانی عەرەبی وەک بەحرێن و ئیمارات و ئەمانە هەستاون پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردوەتەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا، لە ڕاستیدا لە ترسی هێرشەکانی ئێران بووە، تەنانەت کە عەرەبستانیش هاتووە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردۆتەوە لەوە دەترسا سەرلەنوێ بەرژەوەندییەکانی عەرەبستان بکەوێتە بەر مەترسییەوە، بەتایبەتی کۆمپانیای نەوتی وەک ئارامکۆ، بۆیە وتی با من پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئێران ئاسایی بکەمەوە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانم پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەمەوە، کەواتا لێدانی فەرماندە باڵاکان بۆ ئیسرائیل دەسکەوتێکی زۆر گەورە دەبێت، ئەم فەرماندە باڵایانە هەم بۆ ئیسرائیل کێشەیان دروستکردووە، هەم بۆ وڵاتانی عەرەبیش، هەم ئەوەتا هیلالی شیعی تەکمیلیەکەی لەناو دەچێت کە وڵاتانی عەرەبیش لێی دەترسن.

ئیستا ئێران سەنعایە، بەغدادە، لوبنانە، دیمەشقە هەموو ئەمانە و بەشێک لە کەرتی غەزە بە پایتەختی خۆی هەژمار دەکات، کەواتا ئیسرائیل بە پلانێک دەیەوێت فەرماندە باڵاکانی بکوژێت بۆ ئەوەی ئێران ڕاستەوخۆ بێت و شەڕێک لەگەڵ ئیسرئیل بکات لەو ڕێگەیەوە ئیسرائیل پشتیوانی نێودەوڵەتی بە دەست دەهێنێت و دەتوانێت بەسەر ئێراندا زاڵ بێت.

**ئێرانناسی: پاڵنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی هاندەرو دنەدانی ئێران بۆوڵامدانەوەی تۆڵەئاسا بۆسەرئیسرائیل چی بوون؟**

پاڵنەرە ناوخۆی و دەرەکییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە ڕۆژی دامەزراندییەوە دوو دروشمی بەرزکردەوە یەک هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە، دووەم یارمەتیدانی موستەزعەفین لە جیهان، تا ئیشتایش لەسەر ئەم درووشمانە کاردەکات، ئێران لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا هەرچەند بۆ پێشووتریش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی تاران و ڕووداوەکانی جومبش سەبس بۆ کوشتنی نێرگز بۆ شۆڕشی مەهسا، ئێران لە ڕووی ناوخۆییەوە لە ژێر گوشاریکی زۆر زۆر بەهێزدا بووە، واتا متمانە بە دەسەڵاتی سیاسی ئێران نەمابوو لە هەڵبژاردنی ئیبراهیم ڕەئیسی بە پێی داتا فەرمییەکان ١٢ بۆ ١٣ ملیون کەس بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو، دۆخی ئابووری ئێران لە ناوخۆدا هەرەسی هێنابوو، سەرەڕایی ئەوەی فەرماندە باڵاکانی ئێران یەک لە دوای یەک دەکوژران وەک قاسم سولێمانی و فەروخزادی کە شارەزای بۆمبی ئەتۆمی بوو، وەک فەرماندە ڕەزی کە بەر لە ماوەیەک لە سووریا کوژرا چەندی فەرماندەیتری سەربازی، ئێران پێویستی بەوە بوو ئەم کێشە ناوخۆیانەی کە لەناوخۆیدا هەبوو، بۆ دەرەوە هەنارده بکات، چونکە لە بەلوجستان و خۆزستان و ناوچە کوردییەکان و ئەسفەهان توشی کێشە بووبن ئەمانە کێشە سیاسییەکان بوون سەرەرایی کێشە ئابوورییەکان و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا، واتا ئێران لە هەموو لایەکەوە لە ناوخۆدا تووشی کێشە هاتبوو. هەرچەندە لە و وڵاتانەی کە سیستەمی نا دیموکراسیان هەیە ناڵێم دیکتاتۆری دەڵێم نادیموکراسیان هەیە، بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکان پەردەپۆش بکەن یاخود چارەسەریان دوای بخەن پەنا بۆ خولقاندنی قەیران بۆ دەرەوەی وڵات دەبەن، ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ئێران ناچاربوو هێرس بکاتە سەر ئیسرائیل، هاوکات لەگەڵ هۆکارە ناوخۆییەکان، هۆکاری دەرەکیش هەبوون لە دوای حەوتی ئۆکتۆبەرەوە ئێران چاوەڕوانی ئەوەبوون کە ئێران تۆڵەیەکی زۆر بەهێز لە ئیسرائیل بکاتەوە یاخود پشتیوانییەکی زۆر بە هێزبیت بۆ پرۆکسییەکان، بەڵام ئێران نە لە حزبوڵڵا پشتیوانی کرد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دوای حەوتی ئۆکتۆبەرەوە نە لە حوسییەکانی یەمەن، نە لە حزبوڵڵای عێراقی، ڕایگەیاند کە ئێمە هیچ ئاگاداری هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل نەبووین و پەیوەندیمان بەو جەنگەوە نییە، وات لە لایەن پرۆکسییەکانەوە کوشاری

لەسەر بوو پرۆکسییەکان توشی نائومیدی بوون لە ئێران، بۆیە ئێران ناچاربوو وەڵامێکی هەبێت، بەڵام وەڵامدانەوەی ئێران زیاتر وەڵامدانەوەیەکی حەیسییەتی (ناموسپارێزیی) بوو، مانۆڕێکی حەیسییەتی بوو، چۆن مانۆڤێکی حەیسێتی بوو؟ بە کوشتنی قاسم سولیمانی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە خودی ترەمپ دانی پێدانا کە ئێرانییەکان ئێمەیان ئاگادارکردۆتەوە کە ئێمە لە عەین ئەسەد دەدەین، واتا شوێنەکەی دیاریکراوبوو، لە هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئیسرائیل شەوی سیانزە لەسەر چواردەی مانگی چوار(١٣-٢٠٢٤/٤/١٤) خودی ئەمیر عەبدولاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند پێش ٧٢ کاتژمێر وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکییەکانمان ئاگادارکردۆتەوە کە هێرش دەکەینە سەر ئیسرائیل، واتا بە ڕاستەوخۆ بەوانی گووت لە حاڵەتی ئامادەباشیدابن، هەربۆیە دەبینی لەو شەوەی هێرشەکەی ئەنجامدا تەواوی فڕینی مەدەنی و فڕینی فڕۆکە مەدەنییەکان لەسەر ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەستا، کەواتا ئەو چاوەڕوانی و گوشارەی لە ناوخۆ لە لایەن پرۆکسییەکانەوە لەسەر ئێران بوو، هەروەها ئەو پێشبینییەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕوانیان دەکرد ئێران وەڵامێکی زۆر توندو بەهێز دەداتەوە، ئێرانی گەیاندە قۆناغێک کە ئیتر ناچارە وەڵامبداتەوە، بۆیە بەم شێوەیە وەڵامیدایەوە کە پێشتر وڵاتانی ئاگادار کردەوە بۆیە من پێی دەڵێم مانۆڕی ناموسپەرستی تا هێرشێکی ڕاستەقینە بۆ سەر ئیسرائیل.

**◀ ئێرانناسی: تا چەند ئەو گریمانە ڕاستە کە ئیسرائیل دەیەوێت، بازنەی شەڕی غەزە فراوان بکات و ئێران تێوە بگلێنێت؟ ئامانجی ئیسرائیل لەمەدا چییە؟**

ئەو گریمانەی ئیسرائیل دەیەوێت ئێران بگلێنێتە جەنگێکی ناوخۆ، بەڵێ ئیسرائیل هەم هەوڵیدا کە ئێران بە ڕاستەوخۆ بێتە ناو جەنگەکەوە کە باسمانکرد، هەم پشتیوانی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت هەم ئەم ڕێگەیە بۆ ئیسرائیل خۆش بێت کە ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، چونکە ئیسرائیل و ئێرانیش باش دەزانن ئیسرائیل لە ڕووی تەکنەلۆجیای سەربازییەوە باڵادەستە لەسەر ئێران، بەڵام ئیسرائیل لە چەکی ئەتۆمی ئێران دەترسێت، ئەشترسێت ئێران ئەم چەکە ئەتۆمییە لە دژی بەکاربهێنێت، بۆیە ئیسرائیل هەوڵیدا جەنگەکە بەرفراوان بێت و وڵاتێکی وەک ئێران بێتە ناوجەنگە، ئێران سپۆنسەری ماددی و مەعنەوەی جەنگەکەیە، وەکو ئاماژەمان پێدا سەلمێنرا ئەگەر ئێران بە ڕاستەوخۆ بێتە ناوجەنگەکە لە دژی ئیسرائیل زۆرێک لە وڵاتانی ئەندامانی ناتۆ دێن پاڵپشتی لە ئیسرائیل دەکەن، ئەوەش سەلمێنرا لە شەوی سیانزە لەسەر چواردە لە لایەن

ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، بەڵی دەیویست ڕاستەوخۆ بێتە ناوچەنگەکە و لە ناوخودی ئێرانیش بارودۆخەکە هاوکاربوو، چونکە تەلەفزیۆنی وەک ئێران ئینتەرناشناڵمان هەیە کە بە دیوێکی تر هەواڵ بە ئێران دەگەیەنێت، بە بەراود بە تەلەفزیۆنە ڕەسمیەکانی تری ئێران.

**◀ ئێر اننناسی: لە هێرشە درۆنی و موشەکییەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کێ براوەی سیاسی ئەو هێرشانە بوو؟ چ گۆڕانکارییەک بە سەر پشتیوانی نێو دەوڵەتی دێت؟**

لە هێرشە درۆنییەکاندا دەبێت هەردوولایان وەرگرین، ئەگەر بە چاوێکی بێ لایەنەوە بڕوانین لە ڕاستیدا ئیسرائیل سەرکەوتووی یەکەم بوو، بەڵام هاوکات ئێرانیش شوێن پێی خۆی لە ناوچەکە لە لایەن پرۆکسییەکانەوە قایمکرد، بۆ نمونە ئێستا وڵاتانی وەک ئیمارات و عەرەبستان و قەتەر و بەحرێن لەو هێرشە درۆنیانەی ئێران دەترسن و بە لایەنی کەمەوە ئەوەی سەلماند کە خاوەنی توانای بەرفراوانی درۆنییە بۆ هێرشکردن. ئیسرائیل گومەزی ئاسنینی هەیە دەتوانێت بەرپەرچی بداتەوە و وڵاتانی دیکە هاوکاریان کردووە و بەرپەرچیان دایەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئیمارات، بەحرێن، عەرەبستان لە ئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئێراندا ئەو گومەزە ئاسنینییەیان هەیە کە ئیسرائیل هەیەتی؟ بێگومان نەخێر.

کەواتا ئێران توانی ترسێک لە ناو دڵی وڵاتانی عەرەبیدا دروست بکات، کە وڵاتانی عەرەبی بە هاوپەیمانییەتییەکانی خۆیاندا بچنەوە، لە داهاتوودا دڵنیابە وڵاتانی عەرەبی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل داوا دەکەن کە سیستەمی بەرگری یەکپارچەیی ناوچەی وڵاتانی عەرەبیش بگرێتەوە. واتا وڵاتانی عەرەبی بۆ هەرجۆرە ئاساییکردنەوەیەک لەگەڵ ئیسرائیل یاخود لە هەرجۆرە ئیمتیازدانێک بۆ ئەمریکا داوا دەکەن کە ئاسمانی ئەم وڵاتانە لە لایەن ئەمریکاوە پارێزراوبێت واتا سیستەمی بەرگری ئاسمانی لەم وڵاتانەدا دابمەزرێت، کەواتە لەم ڕووە ئێران براوە بووە، لە لایەکی تریشەوە خودی ئیسرائیل براوە بووە، چونکە توانی ڕای کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی عەرەبی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. واتا سبەینێ ئەگەر ناتۆ دانیشت بە ڕاشکاوی دێت پشتگیری لە ئیسرائیل دەکات کۆنگرێسی ئەمریکاش لەمەودوای ناچارە پشتگیری لە ئیسرائیل بکات تەنانەت نوێنەری جووەکانی دانیشتوی ئەمریکا کە چاویان بە ئەنتۆنی بڵینکین کەوت، دڵنیایی پێداوە کە پابەند دەبێت بە پارێزگاریکردن لە ئەمنی قەومی ئیسرائیل، واتا بە هێڵی سوور هاتە هەژمارکردن، کەواتە تا ئێستا ئەمریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان بڕێک سستی

دەنواند لە پشتیوانیکردنی ئیسرائیل، بەڵام ئەمجارە بەڕاستەوخۆی هاتنە ناو شەڕەکە و بەرپەرچی درۆنەکانی دایەوە، نەک تەنها ئەمریکا بەریتانیا و فەرەنسایش هاتنە ناوشەڕەکە. بۆیە پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئیسرائیل بەرفراوانتر دەبێت، بەڵام ترسی وڵاتانی ناوچەیی لە ئێرانیش بەرفراوانتر دەبێت، واتا ئێستا لە سیاسەتدا دوو جۆرە چەمکمان هەیە (Balance of Powers – Balance of Fright ) ئێستا ئێران لە ڕێگەی باڵانس ئۆف فرێت واتا هاوسەنگی ترس ئیش دەکات لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا.

**◀ ئێراناسی: ئایا دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی ئەم هێرشانەی ئێران هەڵەیەکی مەترسیداربووکە ئابووری ئێران و نمایشی توانا سەربازییەکانی گەیاندە ئاستێکی لاواز؟**

سەبارەت بە ئابووری ئێران، بەڵێ هەڵەیەکی کوشندەبوو، دڵنیابە گەمارۆکان لەسەر ئێران زۆرتر دەبن، وڵاتانی عەرەبی کە بە نیازبوون سەرمایەگوزاری لە ئێراندا بکەن بە ترسەوە دێن ئەم کارە دەکەن، چینیش تا ڕادەیەک لەو ڕێککەتنە ٢٣ بیست و سێ ساڵییەی لەگەڵ ئێران ئەنجامیداوە پاشەکشێ دەکات. بینیمان لەشەوی هێرشەکاندا تمەنی ئێرانی توشی دارمانی ئازاد بوو. واتا لە شەش هەزار تمەنەوە بۆ سەروی حەوت هەزار تمەن چوو، بەنزین بە دەست نەکەوت، کەواتە ئێران ئابوورییەکی لاوازی هەیە، هەڵاوسان لە ئێران ٨٦٪ تێپەڕاندووە، ئێمە دەزانین کەرتی سەربازی کەرتێکی بەرهەم هێنەر نییە، کەرتێکی بەرخۆرە، هەرچەندە توانای سەربازیی ئێران زۆرتربێت ئەو پارەییەی پێویستە لە سێکتەرەکانی تر خەرج بکات، دێت لە سێکتەری سەربازیی خەرجی دەکات، ئەمەش جۆرە ناهاوسەنگیەک لە نێوان سێکتەرەکان لە ئێران دروست دەکات، بۆیە گەورەترین لێدانبوو لە ئابووریی ئێران درا.

خاڵی دووەم ئێران ئەمەی بۆ وڵاتانی ناوچەکە سەلماند کە وڵاتێکی عەسکەرتاریەتە. ڕاستە هەڵبژاردن دەکرێت و خەڵک دەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و پەرلەمان هەیە و شورایی محەلی هەیە، بەڵام لە ناخی خۆیدا وڵاتێکی عەسکەرتاریەتە، و وڵاتێکە مەترسی هەیە بۆ سەر ئابووریی خۆی و ناوچەکە. چۆن؟ سەیری دەستوەردانی ئێران لەسەر سووریا، لوبنان، عێراق، فەلەستین و یەمەن ئابووریی ئەم وڵاتانەی توشی دارمان کرد. ئەوەی کە تا ئێستا ئابووریی ئێرانی تا ئەو ڕادەیەی بە جهێشتووە بەرفراوانی خاکی ئێران و جۆراو جۆری سێکتەرەکانە لە ئێران، و هەبوونی دوو هاوپەیمانە وەکوو چین و ڕووسیا کە تا ئێستا ئێران لەسەر پێ ماوەتەوە، بۆیە ئێران لەم کارەدا هەڵەیەکی کوشندەی کردو ئابووریی خۆی زۆرتر توشی قەیرانکرد.

**◀ ئێرانناسی: چ جۆرە وڵامدانەوەیەک و چ جۆرە هێرشێک وەک وڵامدانەوە، دەتوانێت ئاستی ململانێی ئیسرائیل و ئێران بەرەو شەڕێکی گەورە و ڕاستەوخۆتر ببات؟**

ئێران و ئیسڕائیل چی جۆرە وەڵامدانەوەیەکیان دەوێت، بە ڕاستی من وەڵامی ئەو پرسیارە نازانم، بەڵام ئەوە دەزانم کە ئیسڕائیل گوشارێکی لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بەرپەرچدانەوە نەداتەوە، بەڵام ئەگەری زۆرە کە ئیسڕائیل ئەو سێ هەڵبژاردە بەکاربێنێت، یا هێرشێکی سایبێری بکاتە سەر ئێران، یان لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بدات یاخود فەرماندە باڵاکانی ئێران بکاتە ئامانج، ئەم سێ ئۆپشنە سەرەکییە لە بەردەستی ئیسڕائیلدایە.

**◀ ئێرانناسی: پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە پاش ئەم کردە سەربازییە ڕاستەوخۆیە و کاریگەری بە سەر دۆسییەی ئەتۆمی ئێران چی دەبێت؟ ئایا دەستی هەردوو لا کراوەتر دەبێت بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی یەکتر؟ ئایا پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئێران چی لێدێت و ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران؟**

نەخێر من بۆچوونێکی ترم هەیە ئەمریکا و ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەواوکەری یەکترن، لە هیچ جووڵەیەکی سەربازی نییە چی ئەمریکا ئەنجامیدابێت یاخود ئێران ئەنجامیدابێت یەکتریان ئاگادار نەکردبێتەوە، لە هێرشی بۆسەر عێراق بگرە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا هەر هێرشێک بۆسەر بنکە و بارەگاکانی پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکەی ئێران ئاگادار کراوەتەوە، بۆیە هەر زوو هەر بنکەیەک کە پرۆکسییەکانی ئێرانی لێیە و ئەمریکا هێرشی کردۆتە سەر پێشتر چۆڵکراوەو خودی ئێرانیش لە هەر هێرشێک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەمریکای ئاگادارکردۆتەوە.

هاوپەیمانییەتییەکی نەنووسراو لە ڕووی جووڵەی سەربازییەوە لە نێوان ئەمریکا و ئێران تا ئێستا بەردەوامە، ئەمە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ تا ئێستا ئەم ڕاستییەی سەلماندووە و بۆیە من وێنای ئەوە ناکەم ئەمریکا و ئێران بچنە جەنگی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ یەکتری، چونکە هەردوولا زەرەرمەندی سەرەکی دەبن لەم جەنگەدا، بە پلەی یەک ئێران زەرەرمەند دەبێت ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەمریکا زەرەرمەند نابێت، ئەمریکا زۆرتر لە ناوچەکە بە دوای سەقامگیری دەکەوێت، چونکە پرسی گەورەتری لە ئێستادا هەیە، پرسی ڕووسیا و چین و ئۆکرانیاییە، بۆیە تاقەتی ئەوەی نییە بێتوو خۆی بە ئێرانەوە سەرقاڵ بکات، دەبێت ئاگاداری جوگرافیای ئێرانیش بین، تەجروبەی ئەفغانستان و عێراقمان هەیە لە لایەن ئەمریکاوە، تا

ڕادەیەک تەجروبەی سووریا و زەحبی قوواتی خۆی لە سووریامان هەیە لە لایەن ئەمریکاوە، هەروەها ئێران پارووەکی زۆر ئاسان نییە ئەمریکا بیەوێت داگیری بکات بۆچی؟ چونکە هەرچی جەنگێک ئەمریکا بەرپایکردووە لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیە ئەمریکا ئەو وڵاتەی داگیرکردووە، واتا هاتووە حوکمی ڕاستەوخۆی ئەو وڵاتەی کردووە، حکومەتێکی مەدەنی بۆ پێکهێناوە، ئەمریکا ئەم هەڵەیە لە ئێران دووبارە ناکاتەوە، بێت جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران ئەنجامبدات، خودی ئێرانیش دەزانێت هەر جۆرە جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا بە مانای نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێت. ئەمە کێشەیە بۆ خودی ئێران.

لە لایەکی تریشەوە بوونی ئێرانی شیعە کە مەترسی لەسەر وڵاتانی عەرەبی هەیە دەرچەیەکە بۆ شەرعییەتدان و داواکردنی وڵاتانی عەرەبی بۆ مانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە، بۆیە دەبێت ئەم هەموو هاوکێشە لە یەکبدەینەوە، من بڕوا ناکەم ئەمریکا بێتە جەنگێکی ڕاستەوخۆوە.

**◣ ئێرانناسی: چ جۆرە ڕۆڵبینینێکی ئەمریکا دەتوانێت ئەم ململانێیە یەکلایی بکاتەوە؟**

ڕۆڵبینی وەک باسمانکرد ئەمریکا لە ئێستادا بە تایبەت لە ئیدارەی جۆبایدن هەوڵی کەمکردنەوەی تەنگەژەکان دەدات، بە پێچەوانەی ئیدارەی ترامپ کە سیاسەتی (بەرزکردنەوەی تەنگەژەکان) لەگەڵ ئێران پەیڕەوکردبوو، زۆرترین گەمارۆ لەگەڵ ئێران، نەخێر جۆبایدن ڕێک سیاسەتێکی بە پێچەوانەی بەرامبەر بە ئێران پەیڕەوکرد، واتا کاتێک کە هات وتی ئێمە لە ڕادەی تەنگەژە کەم دەکەینەوە هەندێک لە گەمارۆ لەسەر ئێران هەڵدەگرین، واشبوو هاتە سەر تەلەفزیۆن قسەیکرد وتی ئەو شەش بۆ حەوت ملیار دۆلارەی کۆریای باشوور بلۆککراوە لە پارەی ئێران ئازادی دەکەین، هەندێک ئاڵوگۆڕکردنی زیندانییەکان لە نێوان هەردوو وڵات، چەندین جار لەسەر مەلەفی نەوەوی پێکەوە بە ناڕاستەوخۆ دانیشتوون، نەخێرێک لە ئەمریکا زۆر چالاکە و مومارەسەی سیاسەتی ئێران دەکات لە ئەمریکا گوشاریشی هەیە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا، بۆیە من بڕوا ناکەم ئەمریکا هەوڵی بەرفراوانکردنی تەنگەژەکان بدات، بەڵکو ئەوەندەی کە بتوانێت هەوڵی خاوکردنەوەی تەنگەژەکان دەدات، چونکە لە ئێستادا ئەمریکا ناتوانێت ئەم هەموو جەنگە پێکەوە بەڕێوەببات بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی پەتایی کۆڕۆنا کە ئابووریی ئەمریکا لێی دراوە.

**◣ ئێرانناسی: زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر هیوا.**

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# خوێن لەبری نان: کار-مەرگ،

## جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵواردن لە ڕۆژهەڵات

توێژەر: د. ئەحمەد محەمەدپوور

وەرگێڕان. گەلاوێژ سۆفی



■ **میشێل فۆکۆ (١٩٧٨، ٩٥-٩٦)**

«لە کوێ دەسەڵات هەبێت، بەرخۆدانیش دەبێت».

■ **فرانتز فانۆن (١٩٦٣، ٤٤)**

«بۆ گەلێکی داگیرکراو، پێش هەموو شتێک، بەنرخترین و بەرجەستەترین شت خاکە: ئەو خاکەی کە نان و – لەسەرووی هەمووشیانەوە- شکۆمەندییان بۆ دەهێنێت».

■ **ئاشیل ئێمبێمە (٢٠٠٣، ١٢)**

«سەروەربوون واتە کۆنترۆڵکردنی مردنمان و پێناسەکردنی ژیان بە بەکارهێنان و پیشاندانی دەسەڵات»

**پوختە**

کوردەکان وەک ئەندامانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە دابەشکراون بەسەر ئێران، عێراق، سووریا و تورکیادا، لە ڕۆژئاوا بەزۆری بە شەڕڤانی نایاب و شۆڕشگێڕی سیاسی دەناسرێن. لەنێو ئەو وێرانکارییانەی کە بە هۆی شەڕ و ململانێی سیاسییەوە دروستبووە، لە ڕووی ئابوورییەوە زۆربەی کوردەکان هەوڵیان بۆ مانەوەیە. ئەمەش بەتایبەتی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا دەژین ڕاستە. ئەوان بینیویانە دەست بەسەر زەوییەکانیاندا گیراوە، سەرچاوەکانیان تاڵانکراوە و دەستڕاگەیشتنیان بە سەرمایە و جووڵەی پەروەردەیی زۆر سنووردار کراوە. هەروەها، کورد لەژێر سیاسەتی مەرگ (نەکرۆپۆلەتیک)ی فارسی-شیعی ئێراندا، لەڕووی کولتووری و ئابوورییەوە ژێردەستەی دەسەڵاتێکی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی بووە کە هێدی هێدی توانای مانەوەیانی لەڕووی ئابووری لەناوبردووە.

ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و توونودتیژی، بەدواداچوون دەکات بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد، یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. من دەڵێم دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی لەڕێگەی سەپاندنی پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا.

**کلیلە وشە:**

داماڵینی ڕەسەنایەتی، ئێران، کۆڵبەری، سیاسەتی مەرگ، ڕۆژهەڵات، دۆخی هەڵاواردن.

**بەرایی**

کورد بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆژئاوا بە سەرباز/شەڕڤانی نایاب و شۆڕشگێڕی سیاسی ناسراوە. ئەوان ئەندامی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتن کە لەڕووی جێۆپۆلەتیکییەوە بەسەر وڵاتانی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیادا دابەشبوون. زۆربەی کوردەکان لەناو وێرانکاری و نائارامی سیاسیدا خەبات بۆ مانەوەی ئابووری دەکەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەو کوردانەی لەژێرسایەی دەوڵەتی ئیتنۆ-تیۆکراتی ئێراندا دەژین، ڕاستە (بڕوانە Mohammadpour & Soleimani, 2020). کوردەکان بەو بەشەی نیشتمانەکەیان (یان کوردستانی گەورە) کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێراندایە دەڵێن ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان.١ دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران بۆ دەیان ساڵە ڕۆژهەڵات یان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستووەتە ژێر سیاسەتی دوژمنکارانەی دژە پەرەپێدانەوە، کە شێوە نەریتییەکانی بژێوی وەک کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سەرچاوە سروشتییەکانیانی لەناوبردووە. کوردەکان بەچاوی خۆیان بینیویانە کە چۆن خاکەکەیان و سەرچاوەکانیان تاڵاندەکرێت و دەستگەیشتنیان بە سەرمایە و بزاوتی پەروەردەیی بە توندی سنووردار کراوە. جگە لەوە، کوردەکان لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی فارسی-شیعی ئێراندا لەڕووی کولتووری و ئابوورییەوە لەلایەن ڕژێمێکی داگیرکەری ناوخۆییەوە ژێردەستەکراون کە وردە وردە تواناکانیان بۆ مانەوەیان لەڕووی ئابوورییەوە لاوازکردووە. لەم دۆخەدا، کوردانی ڕۆژهەڵات تەنها بژاردەی سنووردار دەبینن بۆ بەردەوامیدان بە ژیانیان. یەکێک لەو شێوازە باوانەش مانەوەیە لەڕێی کۆڵبەرییەوە، کە فۆرمێکی مەترسیداری کاری سنووربەزاندنە و بووەتە هۆی مردن و برینداربوونی نزیکەی ٢٠٠٠ کۆڵبەر لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە تەنها لە چەند ساڵی ڕابردوودا (بڕوانە خشتەی ١). هەروەک دواتر ڕووندەکرێتەوە، کە ژیان و مردن بەقووڵی پێکەوە ئاوێتە بوون بەجۆرێ هەموو نیشانەکانی نەکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت لەسەر ژیان و خاکی ‹سنوورەکان›ی ڕۆژهەڵات هەڵگرتووە. ئەم دۆخە ئەوە دەردەخات کە چۆن دەوڵەتی ئێران نیشتمانی دایکی کوردی کردووەتە چەکێک دژ بە بوونی کۆمەڵایەتی کورد (،بڕوانە De Leon, 2015). با زیاتر ڕوونی بکەینەوە، کەیسی کۆڵبەرە کوردەکان کە حکومەت لە سنووری عێراق-ئێراندا دەیانکاتە ئامانج، هاوتایە لەگەڵ ئەدەبیاتی جوگرافیایەکی وەک مەکسیکدا. توێژینەوەکانی جەیسن دی لیۆن لە سنووری ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو مەکسیک، بۆ نمونە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەڕێی سیاسەتی «خۆپارێزی لەڕێگەی ڕێگریکردنەوە»، سنووری جوگرافیای سەختی بیابانی سۆنۆرانی وەک چەکێکی کوشندە دژی


کۆچبەرانی نایاسایی بەکاردەهێنێت، بەمەبەست کۆچبەران ڕووبەڕووی مەترسی وشکبوونەوە و پلەی گەرمی بەرز و هێرشی ئاژەڵان و مەترسییەکانی دیکەی بیابان دەکاتەوە. لە سنووری ڕۆژهەڵاتیشدا، دەوڵەت لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی بایۆدیسپلین، کەڵک لە سنووری شاخاوی و ڕێگای مەترسیدار و مەترسییە سرووشتییەکانی دیکە وەردەگرێت بۆ دروستکردنی جوگرافیای مەرگ و وەک دەستەواژەسازی دی لیۆن بۆ گۆڕینی بە گۆڕی کراوەی سنوور. ئەم نووسینە بەدوای تێگەیشتنێکی ئیتنۆگرافی و ئیمیکی سەبارەت بە ئەزموونی ژیانی کۆڵبەرە کوردەکاندا دەگەڕێت و دەپرسێت کە کێ و بۆچی دەچێتە ناو ئەم کارەوە. لەوەش گرنگتر، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن جێبەجێکردنی جیاوازییە ئیتنۆ/ئایینی و زمانەوانییەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی کوشندە لەم کارە تاقەتپڕوکێنەدا دەردەکەوێت و خۆی حەشاردەدات.

لە زمانی کوردیدا، کۆڵبەر (کۆ: کۆڵبەران) ئاماژەیە بۆ کرێکارانی سنوور – چ پیر، گەنج، نێر یان مێ- کە کاڵا بە پشت هەڵدەگرن و لە سنووری نێوان ئێران و عێراق یان تورکیا دەپەڕنەوە. باری کۆڵبەرەکان لەوانەیە ئامێری ناوماڵ، جگەرە، تایە، یان پێداویستی خۆراک لەخۆبگرێت، کە بە کرێیەکی نزیکەی ٤٠ هەزار تومان بۆ هەر کیلۆگرامێک، واتە بەنزیکەیی یەک دۆلار. کێشی بارەکە بەگوێرەی تەمەن و توانای جەستەی و ڕەگەزی کۆڵبەر دەگۆڕێت و لە ٢٥ بۆ ١٠٠ کیلۆگرام دەبێت. ئەم کاڵایانە لەلایەن دەلاڵە ناوخۆییەکان یان بازرگانانی غەیرە کوردەوە خاوەندارێتی دەکرێن کە لە نزیکەوە لەلایەن دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکانەوە بەتایبەت سوپای پاسدارانی ئیسلامی (IRGC)پاڵپشتی دەکرێن یان سوودمەند دەبن. لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی پاش ساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی ئەو کوردانەی کە ناچارکراون بە کۆڵبەری بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. سەرەڕای ئەو ڕاپۆرتانەی کە باس لەوەدەکەن نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کورد خەریکی ئەم کارەن، حکومەت ڕەتیدەکاتەوە ئەو کارە بە یاسایی بکات، زۆرجار بە «قاچاخچێتی› ناوی بردووە بۆ پاساودان بەو توندوتیژییە بێ سنوورەی لە سنوورە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵات لە دژیان ئەنجامدەدرێت. سەرەڕا بە نایاسایی هەژمارکردنی، دەوڵەت کۆڵبەری بۆ قازانجی ئابووری خۆی دەقۆزێتەوە. ئەمە بەڕوونی لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٢١ی حکومەتدا ئاماژەی پێکراوە و بەشێوەیەکی ئایرۆنی بە وێنەی کۆڵبەرەکان ڕازێنراوەتەوە کە بارەکانیان ڕادەکێشن، ستایشی بەشی بازرگانی ئەمساڵیان دەکەن کە ٢٤ ملیۆن دۆلارە (وێنەی ١).

کۆڵبەرەکان بەزۆری بە گرووپی دەیان بۆ سەدان کەسی گەشت دەکەن، بوێرانە لە ڕێڕەوی چیا هەڵخەڵەتێنەرەکان دەپەڕنەوە کە لەوانەیە بکەونە بۆسەی مین یان هێزەکانی دەوڵەت.

گەشتێکی ئاسایی دەکرێت لەهەر شوێنێک لە ١٢ کاژێرەوە تا دوو ڕۆژ بخایەنێت. کۆڵبەری کە سەردەمانێک کارێکی کورتخایەن بوو و کاری کەسانی بێ بەهرە بوو، ئێستا بووەتە هێمای ژیانی کورد بەهۆی سیاسەتی دژە پەرەپێدانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە (لەمەودوا IRI)، دەرچووانی زانکۆ و کرێکارانی لێهاتوو، تەنانەت وەرزشوانانیش بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ئابووری و ژێرخانی وەبەرهێنان ناچارن ئەم کارە بکەن. چیرۆکی باقر ئەم دۆخە ڕوونتر دەکاتەوە «من لە دکتۆرای بیرکاری بە پلەی ١٢ وەرگیرام، بەڵام گۆزینش (بەشی هەڵبژاردن) منیان ڕەتکردەوە. بە بڕوانامەی ماستەرەوە چوومە هەر ئۆفیسێک گوتیان پێویستیان بە من نییە، باوکم پیر بووە و دەبێت هاوکاری خێزانەکەم بکەم. کۆڵبەریش تاکە شتێک بوو دەمتوانی ئەنجامی بدەم».

ڕەنگە کۆڵبەرەکان داهاتێکی زۆریان دەستنەکەوێت، بەڵام ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیان. گەشتەکەیان بەگشتی کاژێر ٤ی بەیانی دەستپێدەکات و بریتییە لە ڕۆشتن بەناو کەندەڵانە مەترسیدارەکان و بەرگەگرتنی پلەی گەرمی تا ئاستی بەستن لە زستاندا و دیمەنی سامناکی سرووشت دەتوانێت ببێتە هۆی خلیسکان و کەوتنی کۆڵبەرەکان، لەئەنجامدا ڕووداوی دڵتەزێنی لێبکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوچەی شاخاوی و بەفر تاکە تەحددای ئەوان نییە، بەڵکو ئەوان بەردەوام لەلایەن پاسەوانی سنووری دەوڵەتەوە دەکرێنە ئامانج کاتێک هەوڵدەدەن سنوور ببڕن بۆ گەیاندنی کاڵاکانیان و لە ئەنجامدا زۆرێک لەو ڕێیەدا ژیانیان لەدەستدەدەن یان بریندار دەبن.




| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Injured | 29 | 54 | 55 | 19 | 49 | 148 | 226 | 178 | 181 | 167 | 46 | 52 | 1204 |
| Killed | 44 | 38 | 33 | 51 | 44 | 88 | 126 | 76 | 60 | 54 | 244 | 15 | 873 |
| Total | 73 | 92 | 88 | 70 | 93 | 236 | 352 | 254 | 241 | 221 | 290 | 67 | 2077 |

خشتەی١ ئاماری کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران لەنێوان ساڵانی (٢٠١٢ تا ٢٠٢٣) ئەم هێڵکارییەبە سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢٣) دروستکراوە.



وێنە ١ نمایشی کۆڵبەران کە کاڵا لە ڕێڕەوە شاخاوییەکان دەگوازنەوە. لەوەرگیراوە

## مرۆڤناسی سیاسەتی مەرگ

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قۆناغی توێژینەوەیە سەبارەت بە سەروەری (بڕوانە Agamben, 1998; Chalfin, 2010; Norris, 2007)، تووندوتیژی (بڕوانە Das et al., 1997; Cox & Levine, 2009; Nordstrom, 2004)، و ئەدەبیاتی نوێ سەبارەت بە مەرگ لە فەزای کۆڵۆنیالی نوێدا (بڕوانە Robben, 2018). بنەمای ئەم مشتومڕانە بەشێوەیەکی فراوان پشت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی تێڕوانینی کارل شمیت بۆ سەروەری یاسا دەبەستێت (Coleman & Grove, 2009; Cristi, 1998)، کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت « ئەو لایەنەی بڕیار لەسەر دۆخی هەڵاوردن(استثناء) دەدات .. و بەگشتی سەروەری دروستدەکات و دڵنیایی دەدات ... ئەو مافەی هەیە بڕیاری کۆتایی بدات» (Schmitt, 1985, 13). مرۆڤناسان چەمکی سەروەرییان وەک ئامرازێکی شیکاریی گوتار بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتوورە ڕەسەنەکان و ئارەزووەکانیان بۆ دیاریکردنی جارەنووسیان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا و ئەفریقا بەپشتبەستن بە ئەزموونی هاوبەشی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپی و میراتی سیاسییان کە بۆ دەوڵەتە جێگرەوەکانیان بەجێماوە (بڕوانە Bonilla, 2017; Kauanui, 2017; Sturm, 2017). ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانی پێگەی لێکۆڵینەوە لە فۆرمە کلاسیکییەکانی سیستەمی سیاسی و پێکهاتەکانی دەسەڵات بۆ فۆرمە نوێیەکانی

هەژموون (بڕوانە Clements, 2016; Dobratz et al., 2019; Krzyzaniak, 2010; Nash, 2007; Neuman, 2008; Orum & Dale, 2009; Rush, 1992; Smith, 2011). زانایانی کۆمەڵایەتی پاش پەرەسەندنی مشتومڕی چەمکی مۆدێرن بۆ سەروەری، لەوەش گرنگتر دووبارە دارشتنەوەی ئەو تێگەیشتنە هاوچەرخەی فۆکۆ و ئاگامبین، نەک هەر دەستیان کرد بە بیردۆزەکردنی میراتی کەلەپووری کۆڵۆنیالیزمی نیشتەجێ (Cavanagh & Veracini, 2017; Martier, 2017)بەڵکو لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە چۆن داگیرکەران خاکی دانیشتووانی ڕەسەنیان داگیرکردووە و جینۆسایدێکی تەواویان ئەنجامداوە (بڕوانە Weitz, ٢٠٠٣) و بەکارهێنانی تواندنەوەی زۆرەملێ، کردارێک کە وۆڵف (٢٠٠٦، ٢٧) بە «لۆژیکی لەناوبردن» ناوی دەبات، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو فۆرمە مۆدێرنانەی کۆڵۆنیالیزمیش دەکەن کە کۆمەڵگە کەمینە و پەراوێزخراوەکان لاواز و لەناودەبات.

زانایانی کۆمەڵایەتی کە کار لەسەر چەمکی سەروەری دەکەن، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆچوونەکانیان لەسەر سێ بابەت بنیات دەنێن: چەمکی فۆکۆ بۆ هێزی بایۆلۆجی، چەمکەکەی ئەگامبێن بۆ ‹دۆخی هەڵاواردن›، لە کۆتاییدا چەمکی مبێمبە بۆ نەکرۆپۆلەتیک، کە لە بنەڕەتدا دووبارە دارشتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ چەمکی هێزی بایۆلۆجی فۆکۆ لەچوارچێوەیەکی نارۆژئاواییدا (بڕوانە Bonilla, 2017; Hansen and Stepputat, 2006). فۆکۆ (١٩٨٠) مشتومڕی هێزی بایۆلۆجی خۆی دەخاتە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە، کە تێیدا بەدواداچوون بۆ نەسەبنامەیەکی کلاسیک یان هاوشێوەی دەسەڵات دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی «شتەکان، کات، جەستە و لە کۆتاییشدا خودی ژیان» کە لەلایەن دەسەڵاتی پێش مۆدێرنەوە بۆ سەرهەڵدانی هێزی بایۆلۆجی لە دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بەکاردەهێنرێت. لەکاتێکدا فۆرمی دەسەڵاتی پێش مۆدێرنە لە پاشا یان سوڵتاندا دەردەکەوت و ئەو تاکە کەس بوو کە مافی ئەوەی هەبوو «ژیانی کەسێک ببات یان ڕێگە بدات بژی» (Foucault, 1978, 138)، شێوەی مۆدێرنی دەسەڵات نەک تەنها هەڕەشەی جێبەجێکردنی مەرگ دەکات، بەڵکو مافی ئەوەی هەیە «ژیان درێژ بکاتەوە یان تا ئاستی مردن ڕێگری لێبکات» (Foucault, 1978, 138). فۆکۆ هێزی بایۆلۆجی و هێزی دیسپلین وەک دوو فۆرمی پەیوەندیدار، بەڵام جیاواز لە دەسەڵات وەسفدەکات. لەکاتێکدا هێزی بایۆلۆجی وەک دەسەڵات بەسەر زیندە و ژیاندا پێناسەدەکات، دەسەڵاتی دیسپلین ئەو دەزگا و دامەزراوانە دەگرێتەوە کە لە ڕێیەوە دەسەڵاتی بایۆلۆجی پراکتیزە دەکات و

کاری پێدەکات (بڕوانە Hoffman, 2011; Taylor, 2011). بەکارهێنانی سەروەری بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی زیندوو لەڕێگەی دامەزراوە دیسپلینییەکانەوە «لەسەر مردن و پێناسەکردنی ژیان وەک درێژبوونەوە و... دەرکەوتنی دەسەڵات» (بڕوانە Mbembe, ٢٠٠٣). بەو مانایە، هێزی بایۆلۆجی نەک هەر حکومەتداری و خۆبەڕێوەبەری لەخۆدەگرێت، بەڵکو لە ئاستی گوتاریدا، شێوازی بەرهەمهێنانی زانیاری دەربارەی ئەوی دیکە دادەڕێژێت و ئاسایی دەکاتەوە.

ئەگامبێن بەدرێژەدان بە چەمکی هێزی بایۆلۆجی فۆکۆ دەڵێت کە دەسەڵاتی سەروەر لەڕێگەی دەرکردنی فەرمانە سیاسییەکانەوە خۆی بەدامەزراوەیی و دووپات دەکاتەوە تا بزانێت کێ مافی وەرگرتنی نازناوی مرۆڤ و مافی مرۆڤی هەیە. دەسەڵاتی سەروەر ئەم ئامانجە بەدیدەهێنێت لەڕێگەی دەرکردنی ئەو هەڵاواردنە (استثناء)ی کە یاسا تێیدا هەڵپەسێردراوە، مومارەسەیەکی ئارەزوومەندانەیە و مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ هۆمۆساکەر، مرۆڤێک کە لە یاسای کۆن و ڕۆمانیدا لە مافەکانی خۆی بێبەشبووە (Agamben, ٢٠٠٥). بە بێبەشکردنی لە مافەکانی، هۆمۆساکەر لەژێر مەترسی کوشتنی بێ مەرجدایە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت (بڕوانە Agamben, 1998). بەم جۆرە، هۆمۆساکەر «لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی کە بەتەواوی نکوڵی لێکردووە و تا ئەو ڕاددەیەی لە هەر ساتێکدا ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتنی بێ مەرج دەبێتەوە» (Agamben, ١٩٩٨, ١٨٣). دۆخی هەڵاواردن، بۆ گامبێن، تەنیا پۆلێنێکی سیاسی نییە، بەڵکو دۆخێکی فەلسەفیشە. ئاماژەی سەرەتایی ئەو سەبارەت بە دۆخی هەڵاواردن هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بیرۆکەیەکی دیالێکتییەوە هەیە کە هەڵاواردنە گشتییەکە ئاشکرا دەکات. ئەگامبێن ئاماژە بەوە دەکات کە «هەڵاواردن جۆرێکە لە بێبەشکردن» (١٨)، کە لە ڕێگەی دابڕانێکی ڕەها لە یاسا ڕوو نادات، بەڵکو بەهاوبەشی لەگەڵیدا کاردەکات. من ئەم چەمکە بۆ توێژینەوە لە ژیانی کۆڵبەرەکان بەکاردەهێنم، هەر کۆڵبەرێک چەمکی هۆمۆساکەری ئاگامبێن دەهێنێتەوە یاد، چونکە حکومەت دەتوانێت کۆڵبەرێک بکوژێت یان بریندار بکات، دەسبەسەر و دەستگیری بکات، یان لەدەرەوەی یاسا بێسەروشوێنی بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا بەپێی یاسا (بڕوانە Chirot and McCauley, ٢٠٠٦). لێرە زاراوەی «دامودەزگای دەوڵەت» لە باڵاترین دەسەڵاتی سەربازی/ئەمنییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە نزمترین پلە، لەوانە سەربازێکی سادە کە دەتوانێت بە ئاسانی

ژیانی کۆڵبەرەکان بپارێزێت یان ببات (بڕوانە Hinton, 2002). کۆڵبەرێک بە ڕەوانبێژییەوە ئەمەی ڕوونکردەوە:

ئەوان دەتوانن لەهەر کاتێک و لەهەر شوێنێک بمانکوژن، بەڵام کوشتنمان لەسەر سنوور و لەکاتی کۆڵبەریدا ئاسانترە، چونکە هەر پاساوێک کە پێویستیانە هەیانە. ئەوان دەتوانن وەک ئاژەڵێک تەقەت لێبکەن لەڕووناکی ڕۆژدا و گرنگی پێنەدەن. نە زمان و نە ئایین و نە جل و بەرگی ئێمە وەک ئەوان نییە؛ هیچ کاممان لەوان ناچین، وەک ئەوەی خودایەکی جیاوازمان هەبێت. ئەگەر فارس یان تورک بیت، ئەوا دۆخەکە جیاوازە؛ ئەگەر شیعەش بی بەهەمان شێوە. لە چ عەجەمستانێک [ناوچەی غەیرە کورد/فارس] تاوانێکی لەوجۆرە ئەنجامدەدرێت، بکوژەکان ئەوەندە بە ئاسانی بتوانن خۆیان لە تاوانەکانیان ڕزگار ببن؟

مبێمبێ چەمکی هێزی بایۆلۆجی فۆکۆ و چەمکی ئاگامبێن بۆ دۆخی هەڵاواردن فراوان دەکات و دەڵێت کە دەسەڵاتی سەروەر مافی خۆی بۆ کوشتن و دروستکردنی «جیهانی-مەرگ» بەکاردەهێنێت کە تیایدا مرۆڤەکانی وەک مردوو دەژین. ئەو ڕەخنە لە فۆکۆ و ئاگامبێن دەگرێت کە یورۆسەنتەرن و شکستیان هێناوە لە تێگەیشتن لە جووڵەی ئاڵۆزی دەسەڵاتی سەروەری لە چوارچێوە نا ڕۆژئاواییەکاندا، کە تیایدا بایۆپۆلەتیکەکان بە زمان و ئایین و شوناس شێوەیان گرتووە (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour, 2023). کاتێک ئەم ڕێبازە جێبەجێدەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی و جێندەری (Bailey & Mobley, 2018; Islekel, 2022)، سەرنج و بایەخێکی زۆری ڕاکێشاوە لە چوارچێوە نا ڕۆژئاواییەکانی وەک ئەمەریکای لاتین (بڕوانە Emerson, ٢٠١٩) و فەلەستین (Mbembe, ٢٠٠٣). لەڕوانگەی مبێمبێوە (٢٠٠٣، ٢٧)، نیکرۆپۆلەتیک بەمانای ئەوە دێت کە» بتوانێت بڕیاربدات کێ گرنگە و کێ گرنگ نییە، کام گرووپ دەتوانرێت پشتگوێ بخرێن و کامیان نا». هەروەک لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە نیشاندراوە، کۆڵبەری تەنها فۆرمێکی ناجێگیری کار نییە، بەڵکو دەرکەوتەی گوتارێکی ڕەگەزی زمانەوانییە کە سیاسەتی شوناس لە ئێراندا پێناسە و زیندوو دەکاتەوە (بڕوانە Mohammadpour, ٢٠٢٣b)، سیاسەتێک کە گەل/دانیشتووان بەسەر دوو پۆلدا دابەشدەکات کە جەستەی سەروەر و سووژەی ناسەروەرن وەک کوردەکان، کە ژیانیان وەک بێبایەخ و نادیدە دەبینرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە، چەختکردنەوەی بەردەوامی

کۆڵبەرەکانە لەچاوپێکەوتنەکانمدا کە دەیان گووت «ژیانی ئاژەڵێک لە ژیانی کوردەکان بەنرختترە لەچاوی ئەواندا». مبێمبێ سیاسەتی مەرگ بە کردەی بایۆ-مەرگ-دیسپلینی و دامەزراوەکانی وەک سنوور، زیندان، شەڕ و شەڕی پۆلیسی، کە مەرگ بەرهەمدەهێنن یان بەڕێوەی دەبەن، دەبەستێتەوە. مبێمبێ مەبەستیەتی بە دانانی نیکرۆ necro”» لەشوێنی « bio» – واتە «سیاسەتی مەرگ»- ئاماژە بەو فەزا سیاسییە هاوچەرخە بکات کە تێیدا پێکهاتە لاواز و کەمینەکانی- وەک کورد – خزێنراونەتە ناو دۆخێکی ناجێگیر و جیهانی مەرگی وەک کۆڵبەرییەوە. ئەم بارودۆخانە وەک «تەکنۆلۆژیای لەناوبردن» کاردەکەن کە کاریگەری جەستەیی دیار یان «تووندوتیژی-مەرگ» یان زیاترە (Mbembe, 2003). مبێمبێ دەپرسێت چ شوێنێک بە ژیان و مردن و جەستەی مرۆڤ (بەتایبەت جەستەی بریندار یان کوژراو) دەدرێت؟ چۆن لە ڕێکخستنی دەسەڵاتدا تۆماردەکرێن؟ «(١٢). بەپێچەوانەی بایۆپاوەرەوە، نیکرۆپاوەر واتە چۆنیەتیی ملکەچبوونی ژیان لەژێر دەسەڵاتی مەرگدا، بەجۆرێ وا لە مرۆڤ دەکات وەک مردوو بژی. جیهانی مەرگ «شێوەیەکی تایبەت و نوێی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا بارودۆخ بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیدا سەپێنراوە کە لەسەر پێگەی مەمرە و مەژی دایاندەنێت».ئەم گۆڕانکارییە بە ڕوونی نیشانەی یەکتربڕی ژیان و مردن و دەسەڵات و فەزایە لەسەردەمی مۆدێرنەدا. سیاسەتی مەرگ ئەوە نیشاندەدات کە چۆن دەوڵەتی ئێران مافی سەروەری خۆی بۆ کوشتنی کۆڵبەرەکان بەکاردەهێنێت – کە وەک دوژمن یان قاچاخچی یان هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبینرێن- لەڕێگەی داڕشتن و سەپاندنی تەکنۆلۆژیای ناسەقامگیرکەرەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەوڵەت چۆن کۆڵبەرەکان بچووک دەکاتەوە لەتۆزقاڵێک ژیاندا، ژیانێک کە دەتوانرێت بەبێ هیچ ئەنجام و دانپێدانانێک لەناوببرێت: وەک کۆڵبەرێک دەیگووت «ئەوان دەتوانن لە ڕووناکی ڕۆژدا تەقەت لێبکەن و کەسیش بێزار نەکات». بەم شێوەیە سیاسەتی مەرگ ئەو دامەزراوە و سیاسەتە مەرگسازانە ئاشکرا دەکات کە کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد لە ئێران و دەرەوەیدا هەیە.

هاوڕێ لەگەڵ مبێمبێ و ئاگامبین، من نیکرۆپۆلەتیکی کۆڵبەری بە «کاری مەرگ» پێناسە دەکەم (Mbembe, ٢٠١٩, ٦٧) کە سزای تاکەکەسی و بە کۆمەڵ بەسەر کورددا دەسپێنێت، ئەوەش نەک تەنها لە ڕێگەی دەسەڵاتی دیسپلینییەوە، وەک سەرکوتکردنی زمانەکەی و بێبەشکردنی لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو تەکنیکانەی کە

ملکەچی جیهانی مەرگیان دەکات کە ئەویش ژیانی ناسەقامگیری کۆڵبەرییە. نیکرۆپۆلەتیکی کۆڵبەری گرنگە، وەک مبێمبێ دەڵێت، واتای مردن وەک واتای ژیان (لەبایۆپۆلەتیکدا) لەڕێگەی توخمەکانی بەرجەستەبوونی جەستەوە دەردەکەوێت: جەستەی ئەو کەسەی کە دەکوژێت، ئەو کەسەی دەکرێتە ئامانج و دەکوژرێت، هەروەها ئەو شێوازەی تێیدا جێبەجێدەکرێت (بڕوانە Mbembe, 2003, 2017, 2019). کەواتە، بایۆپۆلەتیک ئێستا لەگەڵ نیکرۆپۆلەتیک تێکەڵ بووە، واتە دەوڵەت ژیانی کەسانی دیکە دەپارێزێت بەپاساوی مردنی هەندێکی تر (بڕوانە Haskaj. 2018; Quinan & Thiele, 2021). حکومەت لەڕێگەی سیاسەتی مەرگەوە سیستەمێکی پلەبەندی دامەزراندووە بە دروستکردن و ئاساییکردنەوەی پۆلێنی «سیاسی› وەک «کۆڵبەری کورد»، «کۆڵبەری کوردی ژن» و ‹جوداخوازانی کورد»، [١٠] کە ئەو نۆرمانە دیاریدەکات کە گەرەنتی زاڵبوونی دەسەڵاتی مەرگ دەکەن (بڕوانە Rouse, ٢٠٢١).

## میتۆد

ئەم نووسینە درێژەپێدەری لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانم و پەرەسەندنی تێوەگلانی منە لە سیاسەت و شووناسی کوردایەتی لە ئێران لە دەیەکانی ڕابردوودا و بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ ١٣ کەسی کۆڵبەر نووسراوە کە ژیانیان بەهۆی ئەم کارە سەختەوە کاریگەری زۆری لەسەر بووە. داوام لە بەشداربووانی توێژینەوەکەم کرد کە مێژووی زارەکی خۆیانم  بۆ باس بکەن، شەش لەوان بەبەخشندەییەوە چیرۆکی زارەکی خۆیان نووسیەوە و خستیانە بەردەستم. چیرۆک و گێڕانەوەکانیانم لەڕێگەی وەرگێڕان و تێڕوانینی شیکاریی و ئەزموونی زیندووەوە کۆکردەوە. چاوپێکەوتنەکان سەرەتا بە زمانی کوردی ئەنجامدراون و تۆمارکراون، دواتر وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ئینگلیزی. من تەنها چەند بەشێکی تایبەتم لە ئەنجامەکان وەرگێڕاوە. لەماوەی لێکۆڵینەوەکە و پاش لێکۆڵینەوەکەش، داتاکانم بەشێوەیەکی بابەتیی و گووتاری وەک بەشێک لە پرۆسەی دووبارە و بازنەیی شیکردووەتەوە. سەرچاوەیەکی دیکەی داتاکانم داتای هەنووکەییە سەبارەت بە کۆڵبەرەکان لەلایەن ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، ٤ کۆڵبەرنیوز، ٥ دوو ڕێکخراوی ناحکومی کوردییەوە دابینکراون، کە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بەڵگەنامەکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوی ڕۆژانەی کۆڵبەرە کوردەکان لەڕێگەی

پلاتفۆرمی میدیایی وەک فەیسبووک، ئینستەگرام، تیلیگرام و ئێکس. ڕاپۆرتەکانیان سەرچاوەی بەنرخ و باوەڕپێکراون بۆ توێژینەوەکەم. لەکۆتاییدا، هەروەها ئەو زانیارییانەم بەکارهێناوە کەلە ئینتەرنێتدا بەردەستن، بەتایبەتی لەو ڕۆژنامەنووسە کوردانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کۆڵبەران ئەنجامداوە.

## کوردەکان، بێ دەوڵەتی و هاوڵاتیبوونی مەحاڵ

یەکتربڕی سەروەریی و سیاسەتی مەرگ بڕبڕەی پشتی گووتارەکەم پێکدەهێنن. کوردانی ڕۆژهەڵات خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی ناسەروەر و ئامانجی سەرەکی دامودەزگای سەرکوتکار و توێنەری دەوڵەتی مۆدێرن دەبینن. هەروەک محمود مەمدانی (١٩٩٦) دەڵێت، سیاسەت و کەلەپووری کۆڵۆنیالیزم دەتوانن هاوڵاتی ناسەروەر بەرهەم بهێنن، واتە ڕەعیەتەکان لە دەسەڵاتی سیاسی دووردەخرێنەوە و کەم دەکرێنەوە بۆ میوانی هەمیشەیی. دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران مەحاڵبوونی هاوڵاتیبوونی بۆ پێکهاتە نافارسە شیعەکانی وەک کورد، عەرەب، بەلوچ و تورک و ئەوانی دیکە سەلماندووە. لەبەرئەوەی کوردەکان بە زمانی «دروست» قسە ناکەن و هیچ ئایینێکی دروستیان نییە، بەئاسانی بە ‹دوژمنی دەوڵەت» دادەنرێن و بەم شێوەیە دەبنە دیارترین و بەئامانجترین بابەتی ئایدۆلۆژیای یاسایی-بایۆ-نیکرۆ-سیاسی دەوڵەت.

لەئێراندا، کۆمەڵگەی سەروەر، فارسەکان، لە ڕێگەی ساختەکردن و پێکهێنانی شوناسێکی نەتەوەیی تاک و تایبەتەوە لەسەر بنەمای زمانی فارسی و ئایینی شیعە بنیاتناوە، «ئەوی دیکە»ی ئیتنیکی خۆی پەراوێزخستووە (بڕوانە Cronin, ٢٠٠٣). هەروەک مرۆڤناس ستانلی تانگاراج (٢٠٢٢) نیشانیداوە، کرداری بە ئەویترکردنی ئیتنۆزمانەوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فۆرمێکی «ڕەگەزپەرستی» هێناوەتەبوون هاوشێوەی ئەوەی ئەمریکییە ئەفریقییەکان و کۆمەڵگە ڕەسەنەکان لەژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمدا ئەزموونیان کردووە. هەروەها، فاتمە گۆچەک (٢٠١٥)، مەحسوق کورت (٢٠٢١) و محەمەد ساڵح (٢٠٢١) لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە چۆن کارلێکی نەتەوەیی، زمان و نەژادی لە تورکیا جۆرێک لە ئیمپریالیزمی کولتووری ناوخۆیی دروستکردووە لەسەر بنەمای باڵادەستی تورکەکان و بە ئەویترکردنی ناتوورکەکان.

ئەم تێگەیشتنە درێژخایەنە بۆ گەل بەباشترین شێوە لە دەستووری کۆماری ئیسلامی

ئێراندا (١٩٧٩)ڕەنگیداوەتەوە. کە بەشێوەیەک داڕێژراوە زەمینەیەکی یاسایی و دادوەری بۆ کۆمەڵگەی سەروەر دابین بکات تا بەشێوەیەکی سیستماتیک کورد لەدەسەڵاتی سیاسی و خۆشگوزەرانی ئابووریی دووربخاتەوە (بڕوانە ماددەکانی ١٥، ١٩، ١١٢). دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیمتیاز بە شیعە وەک ئایینی فەرمی و زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی «نەتەوە» دەدات. لەکاتێکدا ماددەی ١٩ دیاریدەکات کە «خەڵکی ئێران بێ گوێدانە هۆز و نەتەوە، لە مافی یەکسانی بەهرەمەند دەبن ... ڕەگەز و زمان و ڕەچاوکردنی دیکەی لەوجۆرە نابنە زەمینە بۆ ئیمتیازاتی تایبەت»، لەهەمانکاتدا لەماددەی ١٥دا ڕایدەگەیەنێت «زمان و ڕێنووسی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران زمانی فارسییە». لێرەوە، دەستوور سنووری نەژاد و نەتەوە و ئایین کاڵدەکاتەوە، سەروەری فارس-شیعە بە یاسایی دەکات و ئیمتیازاتی حوکمڕانی فارسی-شیعە ئاسایی دەکاتەوە و بەم کارەش سیستەمێکی پلەبەندی باڵادەستی فارس دروستدەکات (بڕوانە Mohammadpour, 2023a).

کوردی ڕۆژهەڵات وەک پێکهاتەیەکی پەراوێزخراوی ئیتنۆئایینی و خاوەن مێژوویەکی سەد ساڵەی خەباتی سیاسی بۆ مافەکانی، بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێ و سزادانی بەکۆمەڵ بووەتەوە؛ لەکاتێکدا نە ڕۆشنبیرانی فارس و نە توێژەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا (MENA) گرنگییان پێنەداوە. دەستووری کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی تەواو بە حکومەت دەدات بۆ قەدەغە کردن و سزادان یان لەناوبردنی ئەوەی کە وەک کردەوەی دژە شۆڕش و دژە سیستم «زده نظام» پێناسەی دەکات و هەڕەشە لە «یەکێتی نەتەوەیی» و خاکی دەکات. بە ئاسایکردنەوە و سەپاندنی فارسبوون وەک هاوواتای سەروەری کۆمەڵگە و «توانای مێژوویی» بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات و حکومەت، حکومەتی ئێران شەرعییەت دەدات بە توندوتیژی لەدەرەوەی یاسا لەدژی نەژادو ئایینی دیکە (بڕوانەAsgharzadeh, 2007; Mohammadpour, 2023b). بەم شێوەیە، چوارچێوەی دەستووری خۆی ڕێگاخۆشکەرە بۆ توندوتیژی دۆخی ئێستا و دەسەڵاتی دیسپلین لە ڕۆژهەڵات. هەرچەندە یاساکە وادەرناکەوێت جیاکاری لە دژی کورد کرابێت کە پلەیەکی نزمتریان داگیرکردبێت، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار دووریاندەخاتەوە لە پلەو دامەزراوەی بەرزتر بەناچارکردنیان بەوەی لەگەڵ هێمای «فەرمی» شوناسی ئێرانیدا بگونجێن.

دەستوور ڕێگە بە مامەڵەی هەڕەمەکی دەدات لەگەڵ هاوڵاتیان لەسەر بنەمای

پرەنسیپی «تەقەکردن بە ئارەزوو»، جەمکێکی سیاسی کە لە وتارێکی ساڵی ٢٠١٩ی ڕابەری باڵاوە وەرگیراوە کە تێیدا داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد هەر هێزێکی پێویست بۆ تێکشکاندنی نەیارانی «سیستەمی پیرۆز» بەکاربهێنن (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour, 2023). ئەم لێکدانەوە هەڕەمەکییە سەبارەت بە یاسا و بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئەویتری ئێتنی هەمان هەستی هاوبەشی گرامشی دروستکردووە کە شەرعییەت بە کوشتن دەدات و بە وتەی هنتۆن (٢٠٠٢) ڕێگە بە دەوڵەت دەدات ستراتیژی «نەهێشتنی جیاوازییەکان»بپارێزێت. لێرەدا زاراوەی «دام و دەزگای دەوڵەت» گرنگە، لە باڵاترین دەسەڵاتی سەربازی/ئەمنییەوە تا دەگاتە نزمترین پلە وەک سەرباز. ئەمە لە وتەی کۆڵبەرێکەوە ڕووندەبێتەوە کە «لە ڕۆژهەڵات هەر سەربازێک وەک ژەنەراڵێک وایە، ژیانمان بەندە بە قسەی سەربازێکەوە».

کورد بەهۆی سەروەر نەبوونی لە هەر چوار وڵاتدا ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی بوونەتەوە، لە دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زارەکانیانەوە تا دەگاتە پیشەی مەترسیدار و توندوتیژی جەستەیی پەیوەست بەوەوە (بڕوانە Bozcali, ٢٠٢٠; Gunay, ٢٠١٩). کورد کە بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوەی نیشتمان بۆ ئاماژەدان بە زێدەکەی، لە مێژوودا بەرەنگاری سنوورە نێودەوڵەتییەکان بووەتەوە وەک سەپاندنی کۆڵۆنیالیزم کە بە زۆر وڵاتی دایکیان دابەشکراوە و شوناسیان وەک بیانی ئێتنی نیشانەکراوە (بڕوانە Simpson, ٢٠١٤). تواندنەوەی زۆرەملێ و سەرکوتی دامەزراوەیی دوو ڕێوشوێنی دیسپلینی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیین کە دەوڵەتی ئێران دایڕشتووە و جێگیری کردووە لە ڕۆژهەڵات. ئاماژە کولتوورییەکانی کورد، لەوانە زمان و ئایین و نەریت، وادیارە هەڕەشەیەکی بنەڕەتین بۆسەر ڕژێمی ئێران، بەمەش کوردەکان دەبنە گومانلێکراو و ڕۆژهەڵاتیش دەبێتە ناوچەیەکی ئەمنی کە دەتوانرێت یاسا پشتگوێ بخرێت یان هەڵپەسێردرێت یان ڕێوشوێنی دەرەوەی دادگا جێگەی بگرێتەوە (Soleimani and Mohammadpour, 2020a, 2020b). بۆ نموونە دەوڵەت لە نزیکەوە چاودێری ئاهەنگەکانی سەری ساڵ، فێستیڤاڵە کولتوورییەکان، بۆنە ئایینییەکان و نوێژی هەینی لە ڕۆژهەڵات دەکات. ناوچەی ئەمنی ڕۆژهەڵات بیانوویەکە بۆ زیادکردنی چاودێری و توندوتیژی. ئەزموونی ڕۆژانەی کۆڵبەران لەگەڵ توندوتیژی تەنها یەکێکە لە دەرکەوتەکانی گوتاری جیاکاری سیستماتیکی دەوڵەت و نیشانیدەدات کە دەوڵەتی سەروەری ئێران چۆن سنوورەکانی گەل بوون و هاوڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤ لە

سنووره ئیتنیکییەکانی خۆیدا پێناسە و سنووردار دەکات. ئەمە بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو لە وتەکانی کۆڵبەرێکدا دەردەکەوێت:

«دەوڵەت ئێمە ناکوژێت؛ بەڵکو لە ڕۆژی ڕووناکدا لە سێدارەمان دەدات.» ئەوەی لێرەدا دەیبینیت کۆمەڵکوژییە؛ ئەوان ئەوەندە دڕندەن کە کۆڵنادەن لە کوشتنی ئەسپەکانیشمان. چ گوناهێکمان کردووە جگە لە دابینکردنی بژێوی خێزانەکانمان؟ ئێمە تەنها هەندێک برنج یان تایە هەڵدەگرین. ئەگەر ئەمانە نایاسایین بۆچی دەستگیرمان ناکەن و دادگاییمان ناکەن؟ بۆچی دەستبەسەر بارەکانماندا ناگرن و وەک مرۆڤ سزامان نادەن؟ بۆ کوشتن؟ بۆچی سوپای پاسدارانی شۆڕش هەموو شتێک قاچاخ دەکات؟ ئەم سنووره بووە بە زەویی ڕاوکردن. کوشتنی کوردێک زۆر ئاسانترە لە کوشتنی ئاژەڵێک. نازانم بۆچی هەموومان ناکوژن».

ئەم وتەیە، کۆڵبەری وەک کارێکی نامرۆڤانە نیشاندەدات و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوتاری ناسیۆنالیستی ئێرانی لەسەر پاکتاوکردنی نەتەوە تا ئەو ڕاددەیە ڕۆشتووە کە خەڵک دابەشبکات بەسەر مرۆڤی فارس و ئاژەڵی نافارددا.

سیاسەتی دژە کورد کە ڕژێمی پێشوو، خێزانی پەهلەوی (١٩٤١-١٩٧٩) دایمەزراند بوو، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی خراپتر بوو. دەوڵەتی پەهلەوەی بە کەڵک وەرگرتن لە مەعریفەی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتگەرایی، هەوڵیدا ئێرانێکی پاکنەژاد دروست بکات (Burton, ٢٠٢١) و نەتەوە، زمان، کولتوور و «گەل بوون» و هەموو نەتەوەکانی یەکسان کرد بە ڕەگەزی ئاریا/فارس (Mohammdpour, ٢٠٢٢; Thangaraj, ٢٠٢٢; Vaziri, ١٩٩٣, ٦٧-٦٩). هەردوو ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و پەهلەوی بە سیاسیکردنی جیاوازییە کولتوورییەکانیان لە دڵی ئایدۆلۆژیاکەیان داناوە و پرۆژەیەکی دەوڵەتسازییان پێشخستووە کە سەنتەری سەپاندنی سیاسەتی یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان بووە (بڕوانە Matin-Asghari, ٢٠١٨; Mohammadpour & Soleimani, ٢٠١٩; Soleimani & Mohammadpour, ٢٠١٩). هەروەک مرۆڤناس جۆناسان ڕۆزا (٢٠١٩) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی کەلەپوری کۆڵۆنیالی کولتووره لاتینییەکان، نیشانیداوە، ئەو ئایدۆلۆژیا زمانەوانییە نەژادییانەی کە پڕن لە ئارەزووی داگیرکاری، لە کۆتاییدا زمان وەردگێڕن و ئاسایی دەکەنەوە بۆ پۆلێنێکی نەژادی. لە دۆخی ئێراندا، ئەم ئایدۆلۆژیایە لە یەک کاتدا فارسی کردووە بە ئیمتیازێکی نەژادی و زمانەوانی (بڕوانە Mohammadpour,

.(٢٠٢٣b

سەرهەڵدانی شەڕی ئێران-عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) وەرچەرخانێکی دیکەی لە مێژووی دوور و درێژی توندوتیژی و دژەپەرەسەندنی لەلایەن دەوڵەتەوە دژی ڕۆژهەڵات بەدیهێنا. لە گووتاری دەوڵەتدا بە «بەرگری پیرۆزی هەشت ساڵە» وەسفدەکرێت. بەشێکی گەورەی ئەم شەڕە لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویدا و ئەم ناوچەیەی کردە بەرەی سەربازیی و ناوچەی ئەمنی. لەماوەی شەڕدا ئابووری نەریتی ڕۆژهەڵات زیانێکی زۆری بەرکەوت بەهۆی بۆردومانی بەردەوام و چاندنی ملیۆنان مینی چێندراو و دروستکردنی ڕێگای سەربازی لەسەرانسەری کێڵگە و ناوچە نیشتەجێبووەکاندا. لەهەمانکاتدا، دامەزراندنی هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەکە لە ڕێکخراوە نیمچە سەربازییەکان بەناوی بەسیجی مەرزبان (یەکەکانی پاراستنی سنووری نیمچە سەربازیی) تۆوی ناکۆکی ناوخۆیی لەنێو گوندنشینەکان چاند و سەرچاوە سرووشتییەکان و ئابووری وێران کرد و هێزی کاری ناوخۆیی بەرەو دام و دەزگای سەربازی و ئەمنی برد. ئەمەش لەبەرامبەردا وای لە کوردەکان کرد لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە زیاتر پشت بە حکومەت و دامەزراوەکانی ببەستن.

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق، کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ڕۆژهەڵات زیانێکی زۆری بەرکەوت و دەرفەتی کار لە دەرەوەی دامەزراوەکانی حکومەت کەمی کرد. ئەمە بۆ کوردەکان بژاردەیەکی نیگەرانکەر بوو. هێزەکانی ئێران لەڕووی تەکنیکییەوە شەڕەکەیان بردەوە، بەڵام نیگەرانیە ئەمنییەکانی دەوڵەت بەردەوام بوون و بووەهۆی زیاتربوونی دەزگاکانی چاودێری و بە ئەمنیکردن، کە کوردیان بە پاساوی دڵسۆز نەبوون بۆ ئایدۆلۆژیای سیاسی دەوڵەت لەناوچەکەدا یان ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای سیاسی دەوڵەت دووردەخستەوە یان لەهەندێ حاڵەتدا لەناودەبرد. ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی هەژاری و پەراوێزخستنی زیاتری ڕۆژهەڵات، کە دانیشتووانەکەی ناچارکرد کۆچ بکەن بۆ شارە ناکوردەکان یان خەریکی کاری سنووری بن. پاش شەڕی ئێران و عێراق، زۆرێک لەو هێزە نیمچە سەربازییە کوردانەی کە جوڵێنرابوون یان خانەنشین کران یان لە کارەکانیان دوورخرانەوە. ئابووری ناوچەکە هەرگیز نەبوژایەوە چونکە زۆربەی زەوییەکان یان گۆڕدران بۆ کێڵگەی مین یان بۆ مەبەستی سەربازی داگیرکران. پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ١٩٨٩، ئایەتوڵڵا خامنەیی لە شوێنی ئەو وەک ڕابەری باڵا ناسێنرا و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی بوو بە سەرۆککۆماری ئێران، بەم شێوەیە قۆناغی دووەمی کۆماری ئیسلامیی دەستی پێکرد.

لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا، کە بە «ئاوەدانکردنەوە و پراگماتیزم» ناسراوە، ڕەفسەنجانی سەرنجی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری نەژادی ئایینی و نۆژەنکردنەوەی پاش جەنگ بوو. لەژێر چاودێری ئەودا کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی-سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو لەناوچوون. دوو هێزی سەرکوتکەری دەوڵەت، سوپای پاسدارانی شۆڕش و بەسیج، یان ڕێکخراوی کۆمەکی ستەملێکراوان کە لقێکی نیمچە سەربازی هەیە، بوونە بریکاری جێبەجێکاری بنیاتنانەوەی ئابووری و زاڵبوون بەسەر کەرتی ئابووری گشتی و تایبەتدا، و لەو کارەدا دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵات پتەوکرد، بەڵام سیاسەتی ڕژێم بەرامبەر کورد وەک خۆی مایەوە. سوپای پاسداران و بەسیج بوونە هێزی فەرمانڕەوای ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا.

## ڕۆژهەڵات و نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت

سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کورد، کە بە دامەرزراندنی دەوڵەتی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی پێکرد، لەژێر حوکمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چڕتر بووەوە. دەوڵەت بە ناچارکردنی ڕۆژهەڵات بە دۆخێکی جیاکاری هەمیشەیی، سیاسەتی نێرکرۆپۆلەتیکی خۆی یان سیاسەتی مەرگی سەپاندووە. کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی نەکرۆپۆلەتیک لەڕێگەی پرۆسەی زاڵبوون و ڕەگەزپەرستی و تووندوتیژییەوە گرێدراون کە تایبەتمەندی هەردوو چەمکەکەیە. هەروەک دەردەکەوێت، ئامانجی نەکرۆپۆلەتیکی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی دەوڵەت ئەوەیە کە سارا ڕۆی (١٩٩٥، ٦) بە دژە پەرەپێدان ناوی بردووە: پرۆسەیەک کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی هەژموونگەرا کۆمەڵێک ستراتیژی بەرپەرچدانەوە بەکاردەهێنێت بۆ «بەمەبەست ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئابووری ناوخۆیی و تێکشکاندن و لەناوبردنی توانای توخمە بەرهەمهێنەرەکان». دەوڵەت بەنیازە لە ڕێگەی سیاسەتی دژە پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە سرووشتی و مرۆییەکانی ڕۆژهەڵات بسڕێتەوە. ئەم دۆخە ئابووری-سیاسییە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد پەنا بۆ کۆڵبەری دەبەن.

دەتوانین سیاسەتی دژە پەرەپێدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵات دابەش بکەین بۆ چوار قۆناغ: ئەوەی لە ئەجێندای دەیەی یەکەمی حوکمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زاڵبوو، بە میلیتاریزەکردنی کەشی کوردستان بوو. بە ئەمنیکردنی ڕۆژهەڵات بە ڕاگەیاندنی

شەڕی پیرۆز (جیهاد) لەلایەن خومەینییەوە لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩ لە دژی کورد دەستی پێکرد و لە ئەنجامدا داگیرکردنی سەربازیی تەواوی شارەکانی کوردستانی لێکەوتەوە، کە تا ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بوو. پاش ئەوەی کە دەکرا پێی بوترێت «فەتحکردنی ڕۆژهەڵات»، دەوڵەت لە ڕێگەی هاندانی دارایی و سیاسییەوە دەستیکرد بە وەرگرتنی خەڵکی ناوچەکە بۆ فەوجە نیمچە سەربازییەکان بەناوی بەسیجی مەرزبان. لەماوەی شەڕی ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) هەزاران کورد لە دامەدەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی دەوڵەتدا جێگیرکران. بۆ جێبەجێکردنی جاشگەرایییەکەی ٦، ڕژێم دەستیکرد بە سەرمایەگوزاری لە جیاوازییە کولتووری و زمانەوانییەکانی نێوان پێکهاتەی سۆرانی و هەورامی لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵات. بەم شێوەیە بەکارهێنانی خەڵکی زاراوەیەکی تایبەت لە زانیاری هەوڵگری و بارودۆخی ئیداری و بەکارهێنانی ئەم هاوکارییە لە ناوچەیەکی تردا تا بەشێوەیەکی جیاواز تۆوی ڕق و کینە و دوژمنایەتی لەنێو پێکهاتە کوردیەکان بچێنێت.

دەیەی دووەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شایەتی گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە بە سەربازیکردنەوە بەرەو بە ئاسایشکردن بوو. لەکاتێکدا بەسەربازیکردن داگیرکاری جەستەیی فەزای کوردی لەخۆدەگرت، بە ئەمنیەتکردن بواری زیهنی کردە ئامانج بەگرێدانی کورد و کوردبوون بە هەڕەشە ئەمنییەکانەوە. بە ئاسایشکردن پەیوەندییەکی نزیکی بەسەرهەڵدانی دۆخی هەڵاواردنەوە هەیە لە ڕۆژهەڵات، کە لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ئێران و عێراقدا سەریهەڵدا. ئیستثناگەرایی لە ئاستی ئۆرگانە دامەزراوەییەکان، دەسەڵاتی پێناسەکردنی حاڵەتە کتوپڕەکان و ڕێنمایی بۆ وەڵامدانەوە ئاسایشییەکانیان پێدەبەخشین. بنیاتنانی هەڕەشەی بوونگەرایی لەسەر یەکێتی نیشتمانی لە ناوەندی ئەم سیاسەتەدا وەستاوە، کە پێویستی بە بەکارهێنانی «ئامرازی نائاساییە» بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدات شەرعیەت بە هەڵپەساردنی یاسایی و دادوەریی بەبیانووی ئاسایشەوە بدات. ئەم پارادایمە بەردەوام فراوانبووەی ئاسایشی فەزای کوردستان، ڕێگە بە دەوڵەت دەدات هێرشی ڕۆژانەی خۆی بۆسەر کۆڵبەران ئەنجام بدات لەژێرناوی پاراستنی سنوورەکان و ئابووری نیشتمانی. وەک یەکێک لە کۆڵبەرەکان دەڵێت: «دەتوانن تەقەت لێبکەن تەنها لەبەرئەوەی سنوور دەبەزێنیت؛ ئەوان هەموو ڕۆژێک بەبارەکانمانەوە دەمانبینن، دەمانناسن و دەتوانن بمانگرن و بارەکانمان ببەن، بەڵام ڕێگەیان پێدراوە تەقە بکەن».

سیاسەتی ئەمنیەتگەرایی بەشێوەیەکی سیستماتیکی بەشێکی زۆری هێزی کاری ئابووریی کوردی لەناوبرد و ڕێگەی خۆشکرد بۆ لابردنی توانای ئیداری و ئابووری ناوخۆیی. گۆزینش (وەزارەتی هەڵبژاردن) اطلاعات (دەزگای هەواڵگری) دوو ئامرازی ئاسایشی سەرکوتکەرن کە وەک قۆڵی ئەمنی ڕژێم لەسەرانسەری وڵاتدا کاردەکەن، بە چوونە ناو بازنەی خوێندنی باڵا و کارکردن لە کەرتە ئیداریی و جێبەجێکارەکان بۆ دڵیابوونەوە لەوەی تەنیا کەسانی دڵسۆز و پابەند بە ڕژێمەوە دامەزراون. بەشی گۆزێنیش لقەکانی خۆی فراوانتر کرد لەناو هەموو ڕێکخراوە و دامودەزگاکاندا، لە قوتابخانەکانەوە بۆ شارەوانییەکان. ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ لوتکەی هەڵەکانی بەشەکە بوو بۆ سڕینەوەی خوێندکار و مامۆستای «ناشایستە».

داماڵینی ڕەسەنایەتی پرۆژەیەکی کۆڵۆنیالییە کە نەک تەنها بۆ تێکدانی کولتوور و زمان و شوناسی ڕەسەن داڕێژراوە (بڕوانە Grande, ٢٠١٥; Tallbear, ٢٠١٣; Yiftachel, ٢٠٠٦) بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی سوژەی کۆڵۆنیالی نوێیە کە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی داگیرکەر بەناوخۆیی دەکات و بەرگری لێدەکات (Negron-Muntaner, ٢٠١٧; Uperesa, ٢٠٢٢, Wolfe, ٢٠٠٦). هەروەک مەحمود مەمدانی (٢٠٢٠) و ئێدوارد سەید دەڵێن، کۆڵۆنیالیزمی نیشتەجێ مەرج نییە پێویستی بە دانیشتووان هەبێت. بەڵکو دەتوانێت لەناو خەڵکی ناوچەکەدا کادر دروستبکات. لە ڕۆژهەڵات ئەم سیاسەتە نەک تەنها بووەتە هۆی زیادبوونی حکومەت لەشێوەی بەرپرس و کارمەنددا، بەڵکو ئەو نوخبە و کادری لۆکاڵی ساختەی دروستکردووە کە ناوەندی پاکسازی هێزی کاری «توخمی نەخوازراو» بوون لە ڕۆژهەڵات. ئەم نوخبە ناوخۆییانە بوونە چینێکی بۆرژوازی ناوخۆیی کەبە نۆ-کیسە یان ملیاردێری یەک شەوە (بە تومان) ناسراون، کە بڕێکی زۆر سامانیان کۆکردۆتەوە لە ڕێگەی مامەڵە ئابووری و سیاسیەکان لەگەڵ دامودەزگا نیمچە مافیاکانی دەوڵەتدا بەتایبەتی ناوەندەکانی فەرماندەیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەم پاکتاوکردنە پرۆفایلی کولتووری و پەروەردەیی ڕۆژهەڵاتی وێران کرد، بەتایبەتی لە ناوچە سوننە-کوردییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان و باشووری کرماشان کە زۆرێک لە خوێندکارانیان پێش زانکۆ یان وەرگرتنیان لە زانکۆ لێ قەدەغەکراوە یان مافی دامەزراندنیان لێ زەوتکرا لە ناوەندە فەرمی و پەروەردەییەکان یان داواکاری قەرزیان بۆ دەستپێکی بازرگانی ڕەتکراوەتەوە. سیاسەتی داماڵینی ڕەسەنایەتی لەڕێگەی دامەزراندنی دانیشتووانی غەیرە کورد لە ڕۆژهەڵات جێبەجێ کراوە، دەست بە داماڵینی کورد لە فەزای

کوردبوون کراوە (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour، ٢٠٢٠b) و دانیشتووان ناچار کراون بەدوای کاردا بگەڕێن لە دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان یان پەنا بۆ کۆڵبەری ببەن وەک ئامرازێک بۆ بژێوی ژیان.

دەیەی سێیەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێت وەک سەردەمێک سەیربکرێت کە ژێرخانی وەبەرهێنانی ڕۆژهەڵات بەمەبەست هەڵوەشێنراوەتەوە. ئەم پرۆسەیە بە داماڵینی دامەزراوەیی ناسراوە (بڕوانە Roy, 1995)، کە سنووردارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەو دامەزراوانەی لەخۆگرتبوو کە پشتگیری لە وەبەرهێنانی درێژخایەن و گەشەی ئابووری دەکرد. ئامانجی ئەوەبوو کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران لاوازبکات و توانای گەشەپێدانی ناوخۆیی خۆی لێبسەنێتەوە. بۆ نمونە پارێزگای ئیلام خاوەنی گەورەترین کانگای قیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆی ١٧ کانی قیر تەنیا ٧ کان چالاکن؛ ٢٧.٥٪ی پیشەسازییەکانی ئیلام بەتەواوی ناچالاکن و ٣٠٪یان بە نیوەی توانا کاردەکەن.٨ زۆرینەی دانیشتووانی ئیلام لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین. جگە لەوەش پارێزگای کوردستان خاوەنی گەورەترین یەدەگی زێڕە لە ئێران کە ٧٠ ملیۆن تۆنە. لەهەمانکاتدا، کەرتی پیشەسازی و کانزاکان گەشەیان نەکردووە. بەپێی ناوەندی ئاماری ئێران، پارێزگای کوردستان بەرزترین ڕێژەی بێکاری هەیە (١٣.٨٪)، لەکاتێکدا پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران کەمترین ڕێژەی بێکاری هەیە (٤.٩٪). ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆڵبەرێک دەڵێت «بەشی ئێمە لەم زێڕە تەنها گوللەیە». بەگوێرەی لێدوانی ئەندامانی پەرلەمان لەشارەکانی سەردەشت و پیرانشار کە کۆڵبەری تێیدا باوە، ٩٠٪ی پیشەسازییەکانی ئەوێ داخراون.١٠ بۆنمونە لەشاری سەردەشت ٢٠٪ی دانیشتووان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ترێن،١١ بەڵام بەرهەمەکانیان بەهۆی نەبوونی وەبەرهێنان لەژێرخانی ئەم شارەدا دەگوازرێنەوە بۆ شارە غەیرە کوردەکانی وەک ورمێ و تەبرێز. بەڵکو دەوڵەت لەژێر پەردەی «بەرەنگاربوونەوەی بێبەشکردن»، «دامەزراوەی خێرخوازی»ی سەربازی دامەزراندووە. لەبری ئەوەی وەبەرهێنان لە ئابووری ناوخۆییدا بکەن، ئەم ڕێکخراوانە هاوکاری ئابووری بچووک پێشکەش دەکەن لەبەرامبەر دڵسۆزی بۆ دەوڵەت، بەمەش پێگەی ڕژێم لەنێو کۆمەڵگە لاوازەکانی ڕۆژهەڵاتدا مسۆگەردەکەن. نمونەی ئەم جۆرە گرووپە چاودێریکەرانە جهاد سازندگی (جیهادی بیناسازی)، ستاد اجرایی، کمیتە امداد (کۆمیتەی هاوکاری)، بنیاد شهید (دامەزراوەی شەهیدان) و بنیاد

مستضعفان (دامەزراوەی ستەملێکراوان و کەمئەندامان).

دەیەی چوارەمی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سیاسەتی لەناوبردن و تاڵانکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات ناسراوە (بڕوانە Hassaniyan, ٢٠٢١). هەرچەندە بێ پێشینە نییە، بەڵام ئەم ستراتیژی گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ناوچە ناکوردییەکان لەخۆدەگرێت. بۆ نمونە، بەنداوی داریان لە ڕۆژهەڵات کە لە ساڵی ٢٠١٨ تەواوبووە، ئاوی ڕووباری سیروان- کە لەڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت- دەگوازێتەوە بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێران بۆ ئاودێری و خواردنەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، دەوڵەت دەستیکردووە بە گواستنەوەی خاکی بە پیت و کانزا لە ڕووباری سەردەشتەوە. لەوەش زیاتر، قەبارەی بڕینەوەی دارستانەکان لە ناوچە کوردییەکان زۆر ترسناکە. لە هاوینی ٢٠١٠، کە لەلایەن کۆمەڵەی ژینگەپارێزی کورد چیا بە هاوینی ڕەش ناسراوە، ٢١٠٠ ئاگرکەوتنەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی مەریوان و سەروئاباد تۆمارکراوە. ئەم هێرشە کارەساتبارانە بۆسەر ژینگە و سەرچاوەکان زیاتر ژێرخانی ئابووری ڕۆژهەڵاتی لاوازکراوی لاوازتر کردووە. ئەمەش لە وتەکانی کۆڵبەرێکدا ڕەنگدەداتەوە:

پێویست ناکات زۆر دوور بڕوانیت. ڕاستییەکە ڕوونە: ئەوان هەموو شتێکیان لە ئێمە بردووە، ژیانمان، ئاومان، خاک و تەنانەت بەردەکانیشمان، ئێمە لەهەموو لایەکەوە تاڵان دەکرێین تا عەجەمەکان (غەیرە کورد/فارس) بتوانن بە خۆشی بژین. هەر کۆڵبەرێک کە لە ماڵەکەی دەچێتە دەرەوە بۆ کۆڵبەری، دەبێت ئامادە بێت بۆ مردن. مردن بۆ ئێمە بووە بە نەریت. سەرسام دەبین ئەگەر ڕۆژێک واز لە کوشتنمان بهێنن. بۆچی؟ چونکە ئێمە کوردین و ئەوەش لەچاوی ئەواندا تاوانە. وەک ئاژەڵ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن؛ ئەوان هەرگیز دۆستی ئێمە نەبوون و نابن.

ئەم وتانە وێناکردنی ئەوەیە کە ئان ئاگوست (٢٠١١، ٢٣٣) بە «داراییکردنی ژیان» ناوی دەبات، ئابوورییەکی بایۆلۆجی کوشندە کە «زیادەی بوارێکی ژیان دەبات بۆ باشترکردنی ژیان لە بوارێکی دیکەدا» لەڕژێمە کۆلۆنیالییە ناوخۆییەکانی وەک ئێراندا کە دەوڵەت قازانج دەکات لە «دابەشکردنی نایەکسانی دەرفەتەکانی ژیان»دا. دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات زیادەی ژیان تاڵاندەکات کە سەرچاوە سرووشتی و مرۆییەکانیش دەگرێتەوە. لەلایەک سەرچاوەی ئاو و خاک بۆ ناوچە غەیرە کوردەکان دەگوازێتەوە، وا لە خاکەکەی دەکات بۆ نیشتەجێبوون نەشێت؛ لەلایەکی دیکەوە، هێزی کاری خوێندەواری کورد دەکاتە کۆیلەی

کۆڵبەری بۆ لەناوبردنی سەرمایەی مرۆیی ڕۆژهەڵات. قوباد کەرەمپور ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پارێزگاکانی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢دا ڕایگەیاند کە ٥٠٪ی کۆڵبەران خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان ماستەرن. هەروەها دانی بەوەدا نا کە «کۆڵبەرێک کە بڕوانامەی ماستەری لە بیرکاریدا هەبووە، تەقەی لێکراوە و کوژراوە لە کاتێکدا تەلەفزیۆنێکی لەسەر پشتی هەڵگرتبوو[١٢]». ئەم هێرشە بەرفراوانە بۆ سەر سەرمایەی مرۆیی کورد بە ڕوونی لە وتەی کۆڵبەرێکدا دیارە کە وتی ئێمە کۆیلەی کارین تا فارسەکان چێژ لەژیانیان وەربگرن.

## سەرهەڵدانی کۆڵبەری

لە سالانی ٢٠٠٩-٢٠١٠، هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی ڕێوشوێنی بەسەربازیکردن و بە ئاسایشکردنی ڕۆژهەڵات، زیادبوونی بازاڕە کاتییە سنوورییەکانی ‹شارە سنوورییەکانی» مەریوان، سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد و بانەی بەخۆوە بینی کە دواتر بوونە ناوەندی سەرەکی کۆڵبەری. دەوڵەت ڕێگەی بە بازرگانانی ناوخۆیی دا کە کاڵا لە کوردستانی عێراقەوە هاوردە بکەن و بیگوازنەوە بۆ شارە غەیرە کوردەکان. دروستکردنی ئەم بازاڕە ناجێگیرانە بووەهۆی کەمبوونەوەی دانیشتووانی گوندەکان و هانی گوندنشینانی دا کێڵگەکانیان جێبهێڵن و بەدوای داهاتوویەکی باشتردا بگەڕێن لە شار. لەماوەی کەمتر لە دە ساڵدا، لە شاری بانە ژمارەی ناوەندە بازرگانییەکانی (لە ساڵی ٢٠٠٥) لە ٤ وە بۆ ٢٥٠ (لە ٢٠١٦) بەرزبووەوە، دەوڵەت بە پشتبەستنێکی بنچینەیی بەو بازاڕە ناجێگیرانە، ئابووری ناوخۆی زیاتر وێران کرد (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour, 2020a, 2020b). لەگەڵ ئەوەشدا خواستی خوێندن و چوونە قوتابخانەی لە نێو گەنجاندا کەمکردەوە کە پێشتر وەک ڕێگەیەکی بەدەستهێنانی کاری حکومی بیریان لێدەکردەوە. وەک کۆڵبەرێکی خەڵکی بانە دەڵێت « کوڕەکەم وازی لە خوێندن هێنا و پێی وتم هەرچەندە هەوڵی ئەوە بدات هەرگیز ناتوانێت کارێک لەم سیستەمەدا بەدەستبهێنێت». سیاسەتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هێشتنەوەی کورد لە فەزای ئابووری سنووردا ردا لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا (٢٠٠٥-٢٠١٣) وەک خۆی ماوەتەوە، کە درووشمەکەی «دادپەروەری و گەشەپێدان» و ڕۆحانیش (٢٠١٣-٢٠٢١) بە درووشمی «وریایی و هیوا» دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەم ساڵانەی دواییدا، پۆلێنە نوێیەکانی کۆڵبەری وەک «ژنانی کۆڵبەر» و «منداڵانی کۆڵبەر» ١٣ (وێنەی ٢) دەرکەوتن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سرووشتی تێکەڵاوی ئەم

فۆرمەی ناسەقامگیری لە ڕەگەز و چین. داهێزرانی پێشوەختەی جەستە و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک هەوکردنی جومگە و شکانی ئێسک و دیسکی مل و پشت بەتایبەتی لەنێو کۆڵبەرە مێینەکاندا باون. فاتمە ژنێکی ٦٠ ساڵە، پاش مردنی هاوسەرەکەی دەستی دایە کۆڵبەری و بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ئابووری و پشتیوانییەوە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی نەبووە. ئەو دەڵێت هێشتا پاژنەی پێی ئاوساوە بەهۆی هەڵسوڕانیەوە ساڵی ڕابردوو لەڕێگای کۆڵبەری و بە ئەستەم بەرگەی ئازارەکەی دەگرێت. تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردەوە، لە ساڵانی ۲۰۱۹-۲۰۲۱ زیاتر لە دەیان منداڵی کۆڵبەر بە گوللە کوژراون یان بریندار کراون لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە.١٤ فەرهاد و ئازاد خوسرەوی (تەمەن ١٤ و ١٧ ساڵ) دوو برا کە کاری کۆڵبەریان دەکرد، لە ١٢ کانونی دووەمی ٢٠١٩، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بێسەر و شوێن بوون، بە مردوویی دۆزرانەوە. لە ١٤ ئەیلولی ٢٠٢٠، سێ منداڵی کۆڵبەر- زانکۆ ئەحمەدی (١٦ ساڵ)، سروش ماکاری (١٧ ساڵ)، و زانست حەسەن نەژاد (١٨ ساڵ)- لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە تەقەیان لێکرا و کوژران.١٥ ئەمین ڕەحمانی کۆڵبەرێکی دیکەی کەم تەمەن، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ لەلایەن هێزەکانی سنووری ئێرانەوە لە شاری سەردەشت کوژرا.



وێنەی ٢ کۆمەڵێک منداڵی کۆڵبەر لە سنوور. ئەم وێنەیە لە سۆشیال میدیا بڵاوکرایەوە (وەرگیراوە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە ...

## ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ

دەوڵەتی ئێران فەزا-سنوور وەک چەکێکی کۆمەڵکوژ یان تەکنۆلۆژیای مەرگ بەکاردەهێنێت (بڕوانە De Leon, ٢٠١٥; Mbembe, ٢٠١٩)، کە تێیدا هەڵاواردن دەبێتە نۆرم و دەسەڵاتی سەروەربوونی هەمیشەیی خۆی لەسەر ئەو جەستانە دەتاشێت کە لە ڕووی یاساییەوە باس نەکراون و پۆلێن نەکراون و کەمکراونەتەوە (بڕوانە Aciksoz, ٢٠٢٠). بەم مانایە، سنوور هاوشێوەی بیرۆکەی ئاگامبێنە بۆ کەمپێک کە هەندێک ژیان/جەستەی تێدا بێت- بەهۆی جیاوازییە نەتەوەیی- زمانەوانییەکانەوە (بڕوانە Rosa, ٢٠١٩; Thangaraj, ٢٠٢٢) و وەک ئەوەی لەگەڵ چوارچێوەی حوکمڕانی گەلادا نەگونجێت- بە ئەمنی دەکرێن و هەربۆیە دەتوانرێت فڕێبدرێن و بسڕدرێنەوە.


بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی توندوتیژی کوشندە لەلایەن دەوڵەتەوە، ڕۆژهەڵاتی کردووە بە جیهانی مەرگ کە نەخشەی ڕێگاکانی مەرگی تێدایە، لە تەقەکردنی ڕاستەوخۆوە بۆ مین و خنکان. لە دوایین نموونەدا، سوپای دەوڵەت لە ١٨ی ئایاری ٢٠٢٣دا، ٢٤٠ کۆڵبەری گەمارۆدا لەسەر سنووری تەتە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەبێ ئەوەی ئاو و خواردنیان پێبگات. [١٧] هەرچەندە تەقەی ڕاستەوخۆ زۆرترین هۆکاری ڕاپۆرتکراوی قوربانییەکانی کۆڵبەرییە (بڕوانە ڕاپۆرتەکان KHRN)، ئەشکەنجەدان و مردن لە پەناگە و ڕێگریکردن لە دانانی پرسە بۆ قوربانییەکان هەروەها بەشێکن لە ڕۆژانەی دۆخی جیاکاری لە ڕۆژهەڵات. ڕۆژی ١١ی شوباتی ٢٠١٨ تەرمی شوانە ڕەسوڵی خەڵکی بانە کە بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە درابوو، بە دەست و قاچ بەستراوی دۆزرایەوە. لەڕووداوێکی دیکەدا، تەرمی ئەبوبەکر مەولانیای خەڵکی ماکۆ دوای ٧٠ ڕۆژ لە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان، ڕادەستی خێزانەکەی کرایەوە. لە کاتێکدا کە پێشتر هەواڵی بێسەروشوێن بوونی ڕاگەیەندرابوو.

ژمارەی کوژراوانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەران زۆر زۆرە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا زیاتر لە ٢٥٩ کۆڵبەر بە تەقەی هێزەکانی دەوڵەت کوژراون یان بریندار بوون. دەورییەی سنوورەکان مۆڵەتیان پێدەدرێت بە ئارەزووی خۆیان تەقە لە کۆڵبەرەکان بکەن. بەزەحمەت ڕۆژێک تێپەڕێت بەبێ ئەوەی باس لە مردن، برینداربوون یان کەمئەندام بوونی کۆڵبەرێک نەکرێت بەهۆی تەقەی هێزەکانی دەوڵەتەوە. ئەم توندوتیژییەی دەرەوەی یاسا ڕۆژهەڵاتی کردووە بە ناوچەیەکی نیمچە جەنگ کە تێیدا ئازاردانی جەستەیی بەردەوام سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندی ژیانی ڕۆژانەیە (بڕوانە Aciksoz, ٢٠٢٠). هەندێکجار ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی

لەیەک ڕۆژدا دەکرێنە ئامانج دەگاتە زیاتر لە دە کەس. دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە هەڵگرتنی ناسنامەی کۆڵبەری یان وەستان بەفەرمانی دەوریەی دەوڵەت، کۆڵبەرەکان لە تەقەکردن ڕزگار ناکات. وەک کۆڵبەرێک وتی بەڕاستی «ئەوە کاری سەربازەکەیە کە ڕێگەمان پێبدات بڕۆین یان فیشەکێک بنێت بەسەرمانەوە، ئەوان دەتوانن هەموو شتێکمان لەگەڵ بکەن». کۆڵبەرەکان زۆر جار ئەندامە گرنگەکانی جەستەیان دەکرێتە ئامانج، واتە سەر یان سنگ. بۆ نمونە، لە ٣٠ تەموزی ٢٠٢٠ و ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ تەقە لە سەری وەزیر محەمەدی ١٨ ساڵ و و ڤاریان شەریفی ١٩ساڵ کرا. نمونەیەکی دیکە مردنی سەجاد دالای میلان، کۆڵبەرێکی خەڵکی چاڵدورانە کە لە مەودایەکی نزیکەوە تەقە لە سنگی کرا.٢٠ ئەم تەقەکردنە ئامانجدار و سیستماتیکانە، کردەی تووندوتیژیی هۆشیارانە و بە مەبەستن بۆ لە مرۆڤایەتی خستن و تێکشکاندنی ڕۆحی کورد و زەلیلکردنی شوناس و کەرامەتی مرۆڤایەتییان.

کەوتنەخوارەوە لە کەندەڵانەکانەوە دووەم هۆکاری مردن و برینداربوونی کۆڵبەرانە. کۆڵبەرەکان لە کەندەلانەکان دەکەونە خوارەوە نەک تەنها بەڕێکەوت یان ئاشنا نەبوونیان بە ناوچەکە. بەڵکو زۆرێکیان لە کاتی هەڵاتن، ڕاوەدوونان یان پاڵنانی هێزەکانی دەوڵەت دەکەونە خوارەوە. بۆ نمونە، حەمید وەیسی- لە شاخێکەوە کەوتە خوارەوەو گیانی لەدەستدا لە ناوچەی نەوسود لە پارێزگای کرماشان لە ١٢ی جۆزەردانی ٢٠٢١، ٢١ لەکاتی ڕاوەدونانی لەلایەن دەوریەی سنوورییەوە. ڕووداوگەلێک هەن کە کۆڵبەران بەشێوەیەکی دڕندانە لە کەندەڵانەکانەوە لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە فڕێدەدرێنە خوارەوە. بۆ نمونە، لە نیسانی ٢٠١٨، محەمەد کەریم ڕەحمانی، کۆڵبەرێکی تەمەن ٤٣ ساڵی خەڵکی کامیاران، فڕیدرایە دۆڵێکەوە و کوژرا لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ئەفسەرانی سنوور ڕازی بکات کە بارەکانی ئازاد بکەن.٢٢

بەگشتی، کۆڵبەرێکی ئاسایی بارەکەی بە تێکڕا ٧٠ کیلۆ دەبێت. وەک باسکرا کێشی بارەکە بە پێی تەمەن و ڕەگەز و توانای جەستەیی دەگۆڕێت، بەڵام بێ گوێدانە ئەوە، کۆڵبەرەکان باری زۆر قورستر لە توانای خۆیان هەڵدەگرن، بەو هیوایەی «کەمێک پارەی زیاتر بەدەست بهێنن تا بتوانن کیلۆ گۆشتێکی سوری زیاتر بۆ منداڵەکانیان بکڕن»، وەک کۆڵبەرێک باسی دەکات. ئەم بارە زیادانە دەتوانن زیانێکی جەستەیی بەو کۆڵبەرانە بگەیەنن کە بە تەمەنن، توانای جەستەییان لاوازە یان بەدەست کێشەی تەندروستییەوە دەناڵێنن. بۆ نموونە، ئەحمەد عەزیزپوور و ڕۆستەم ڕۆستەمی لە ساڵی ٢٠١٦ و حەمزە مەولودپوور لە ساڵی ٢٠١٧ لەکاتی کۆڵبەری بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گیانیان لەدەستداوە.




**خشتەی ٢ ژمارەی قوربانیانی مین لە ڕۆژهەڵات (٢٠١٨-٢٠٢٢).**

مەترسییەکانی پەیوەست بە کێشی بارەکانەوە لەکاتی هەڵاتن یان بۆسە زیاد دەبن. هەروەها گرتنەبەری ڕێگەی نەناسراو و نامۆ و سەرکێشانە لە هەوڵی ڕزگاربوون لە ئەگەری هەبوونی بۆسە، مەترسی ڕوودا و یان برینداربوون زیاد دەکات. هەروەها پەڕینەوە لە ڕووبارەکان مەترسی تایبەتیان هەیە. ئاستی ئاوی ڕووبارەکان لە ڕۆژانی باراندا لەناکاو بەرزدەبێتەوە و زۆر جار ناتوانرێت لێی بپەڕیتەوە. زۆرجار لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا هێرش دەکرێتە سەر کۆڵبەرەکان؛ دوایین ڕووداوی لەو جۆرە لە ٢٠ شوباتی ٢٠٢١دا ڕوویدا، کە تێیدا دوو کۆڵبەری کورد لەکاتی بەزاندنی سنووری ئێران - عێراقدا لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە تەقەیان لێکرا.٢٣

لە زستاندا، بەهۆی خراپی کەش و هەواوە، هەر گەشتێک نزیکەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت، و ڕێژەی مردن و برینداربوونی کۆڵبەران لەم وەرزە سەخت و درێژەی ڕۆژهەڵاتدا زیاد دەکات. بارینی بەفر مەودای بینین کەم دەکاتەوە، وا لە کۆڵبەران دەکات با ئاسانی بکەونە بۆسەوە و ئەگەر تەقەیان لێبکرێت کەمتر توانای دەربازبوونیان دەبێت. بۆ ئەوەی نەکەونە بۆسەوە، زۆر جار کۆڵبەرەکان ڕێگەی نائاسایی دەگرنە بەر کە مەترسی هەرەسی بەفر و مەترسی دیکەی لێدەکەوێتەوە. لە ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١، پێنج کۆڵبەر لە سنووری ئێران و تورکیا بوون بە ژێر هەرەسی بەفرەوە و پاش

چەند ڕۆژێک گەڕان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە مردووی دۆزرانەوە.٢٤ لەهەندێک حاڵەتدا، کۆڵبەرەکان لە سەرمادا دەیبەستن و گیان لەدەستدەدەن. لە ٢ی شوباتی ٢٠٢٠، ٢٣ کۆڵبەر لە چیا بەفراوییەکانی سەقز بێ سەر و شوێن بوون، دوانیان گیانیان لە دەستدا و ئەوانی دیکەش بە هەوڵی هاوبەشی خاچی سوور و خەڵکی ناوچەکە ڕزگار کران.

هەروەها ڕۆژهەڵات پڕ بووە لە ملیۆنان مینی چێندراو کە زۆربەیان لە کات و پاش شەڕی ئێران و عێراق چێندراون. ئەم مینە چێندراوانە بە درێژی ١١ کیلۆمەتر سنووری ئێران –عێراق دادەپۆشن کە بەشێکی زۆری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدایە. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی کورد بەهۆی تەقینی مینەوە گیانیان لەدەستداوە.٢٥ ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە لە مانگی نیسانی ٢٠٢١ تا نیسانی ٢٠٢٢، لانیکەم ٥٠ هاوڵاتی و کۆڵبەر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کوژراو و بریندار و کەمئەندام بوون (خشتەی ٢). بۆ نموونە، لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، عەزیز ڕۆنما لە ئۆشناڤیە بەهۆی تەقینەوەی مین قاچی لەدەستدا و دواتر و پاش دوو ڕۆژ بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەستدا.٢٦ لە ڕووداوێکی دیکەدا، ڕۆژی ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، کۆڵبەرێک بەناوی عەباس ئیبراهیمی لەناوچەی هەورامانات بەهۆی مینەوە قاچێکی لەدەستدا.٢٧

لە ڕۆژهەڵات هێزەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕۆتینی پێشێلی مافەکانی خەڵک دەکەن و دەستگیریان دەکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن و لێیان دەدەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ کۆڵبەرەکان ڕاستە. دۆسییەکەی یاسین فیکری، کۆڵبەرێکی گەنجی بانە، نموونەی ئەم هەڵسوکەوتە بەربەرییەیە. فیکری لە سەربازگە بەشێوەیەکی دڕندانە لێیدرا و ڤیدیۆی گیرا و فەرماندەی سەبازگەکە ڤیدیۆکەی بڵاوکردەوە.٢٨ هەروەها هێزەکانی دەوڵەت جۆرەکانی تری تووندوتیژی بەکاردەهێنن، وەک ناچارکردنی کۆڵبەرەکان بە پاککردنەوە و جل شۆردن لەبنکە سەربازییەکاندا، بۆ شکاندنی کەرامەت و شانازییان. سەربازێکی کورد لە بنکەیەکی سنووری پێی وتم کە زۆربەی کارەکانی وەک پاککردنەوە، جل شۆردن، سڕین یان تەنانەت دروستکردن یان چاککردنەوەی سیاجی سەربازگەکان، بە کۆڵبەرە دەستگیرکراوەکان ئەنجامدەدرێت. ئاماژەی بەوەشکرد، «کاتێک خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو پێویست بێت، هەندێک کۆڵبەر دەستگیردەکرێن و دەهێنرێنە ئێرە بۆ

ئەوەی کارەکە ئەنجامبدەن.» ئەم کۆڵبەرانە سووکایەتییان پێدەکرێت و ناوی سوک و ناشیرینیان لێدەنرێت. ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆڵبەرەکان لەکاتی کارکردن تێهەڵدان و لێدان دەخۆن. هەروەها لە چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ کۆڵبەرەکان، باسیان لەوەکردوە کە هێزەکانی دەوڵەت زۆرجار وشەی ڕیسواکەر بەکاردەهێنن وەک «گەواد» و «بێ شەرەف»، گاڵتەیان بە بیروباوەرە ئاینییەکانیان و بێڕێزی کردن بە کەسایەتییە سوننیە ڕێزلێگیراوەکانیان وەک «عومەر» دەکرد.٢٩

هەروەها هێزەکانی دەوڵەت ئەو ئەسپ و هێسترانە دەکەنە ئامانج کە کۆڵبەرەکان هەندێک جار بۆ هەڵگرتنی کاڵاکان بەکاریاندەهێنن. سەمیرە حوسێنی (٢٠١٦)، ڕۆژنامەنووسی کورد لەنووسینێکی کورتدا بەناوی «ڕاکردن بەرەو مەرگ» باسی ئەم کوشتنەی ئەسپەکانی کردووە، کە نیشانیدەدات چۆن تەنانەت ئاژەڵەکانیش لە توندوتیژییە بەربڵاوەکانی دەوڵەت پارێزراو نین. کاتێک وێنە و ڤیدیۆی لاشەی دەیان ئەسپ کە لەسەر سنووری ئێران و عێراق لە سۆشیال میدیا بڵاوکرایەوە، تووڕەیی ڕۆژهەڵاتیانی لێکەوتەوە. ڕاپۆرتێک ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ٩٠ ئەسپ لە دارستانەکانی ئەمیرئابادی ئۆشناڤیە کوژراون. تەرمی ئەم ئەسپانە بەمەبەست لە سرووشت یان نزیک ناوچەکانی نیشتەجێبوون جێهێڵراون.

## دەرەنجام: دۆخی هەڵاواردن یان دەوڵەتی هەڵاوێردوو

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی کۆڵبەری وەک جیهانێکی بچوکی ژیان و کاری نالەبار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکات. جەوهەری ئارگومێنتەکە ئەوەیە کە کۆڵبەری سەرەڕای ڕەنگدانەوەی هەژاریی و نایەکسانی ئابووریی تێیدا، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی جێگیرکردنی نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەتە کە لە ڕێگەیەوە کورد بەهۆی جیاوازییە ئیتنۆ زمانیی وئایینییەکانییەوە بە شیاوی سڕینەوە دادەنرێت. وەک یەکێک لە کۆڵبەرەکان وتی، «ئەگەر بەرپرسانی دەوڵەت بیانویستایە، دەیانتوانی جارێک و بۆ هەمیشە کۆڵبەری کۆتایی پێبهێنن. ئەوان ئێمەیان کردە هێستر بۆ خزمەتکردنیان. لە تاران و ئەسفەهان هیچ خێزانێک نییە کە تەلەفزیۆن یان ئامێرەکانی تری ماڵەوەیان لەلایەن ئێمەوە نەهێنرابێت و خوێنمان بۆ نەبەخشیبێت». ئەو توندوتیژیی و مەرگەی کە کۆڵبەرەکان ڕووبەڕووی

دەبنەوە، ئاوێنەی ژیانی تەواوی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتە لە ئێران. لەهەمانکاتدا ئەزموونی کوردەکان لە ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە و دەرەوەی ئێران بەشێوەیەکی فراوانتر دەخاتەڕوو.

دۆخی هەڵاواردن لە ژێر سایەی ڕژێمی تاک زمانی مەزهەبیدا بووەتە مەرجێکی هەمیشەیی و ئاسایی، ئەمەش پاساوێکە بۆ گشتگیرکردنی پارادایمی ئاسایشی بێ وێنە وەک تەکنیکێک بۆ جێبەجێکردنی حوکمڕانی لە ناوچەکەدا. ئەم گشتگیرییە لە ناوچە سنوورییەکاندا دەگاتە لوتکە، کە تێیدا دەوڵەت بەناوی پاراستنی «نەتەوە»وە سیاسەتی مەرگ و ناسەقامگیرییەوە ئەنجامدەدات. بەمەش فۆرمی توونودتیژی دەرەوەی یاسای لەدژی ئەوی دیکەی ئیتنی سەپاندووە، هەربۆیە سنوور وەک شوێنێک دەردەکەوێت کە دۆخی جیاکاری نەک تەنها لە فەزا و کاتدا هەمیشەیی دەبێت، بەڵکو دەبێتە «دۆخی سرووشتی شتەکان».

کەیسی کۆڵبەری بەرەنگاربوونەوەی ڕێگای ئاساییە بۆ سنوورەکان وەک دەرکەوتێکی تۆبۆگرافی کە تییدا دەسەڵاتی سیاسی سنووردار کراوە. ئەم ڕوانگەیە شکستدەهێنێت لە بینینی سنوور وەک بەرهەمی زنجیرەیەک لە پێکهاتە، بایۆ-سیاسی-تۆپۆلۆژییەکان کە سوژە، جەستە و ژیان لەسەرانسەری هێڵە فەزایی و کاتییەکاندا ڕێکدەخەن و دایدەمەزرێننەوە. بەواتایەکی دیکە، لە حاڵەتی ڕۆژهەڵاتدا، سنوور ناتوانرێت تەنها وەک شوێنێکی جوگرافی لێکبدرێتەوە، بەڵکو وەک ئیبێمبێ دەڵێت، «جۆرێکە لە تەکنۆلۆژیای سەروەری کە بەکاردێت بۆ زیادکردنی لەناوبردنی تاکەکان و دروستکردنی جیهانی-مەرگ و بۆ مانای فۆرمی نوێ و ناوازەی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لەژێر هەلومەرجی دیاریکراوی ژیاندا دەبن» (Mbembe, ٢٠٠٣, ٤٠).

ئەدەبیاتی ئەم دواییەی مرۆڤناسی لەسەر فەزا و شوێن زیاتر جەخت لەسەر نامادەیی بوون یان هەموو شوێنێکی سنوور وەک یەکەیەکی هاوشێوەی کەمپی سەربازی دەکاتەوە (Mbembe, ٢٠٠٣; Davis et al., ٢٠١٧; Rouse, ٢٠٢١). ئەمەش دەنگدانەوەی کۆڵبەرییە بەو مانایەی کە نوێنەرایەتی فۆرمێکی دەسەڵاتی سەروەری دەکات کە لە دەرەوەی یاسا کاردەکات، جیاوازی هەستپێکراوی ناوە و دەرەوە، دۆست و دوژمن و یاسایی و نایاسایی کاڵ دەکاتەوە.

ئەم بارودۆخە تایبەتەی کە پێی دەوترێت سنووری ڕۆژهەڵات، زەمینەیەکی پارادایمی بۆ

حکومەت دروستکردووە تا ڕێوشوێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات بۆ زیاتر بە ئاسایشکردن و بە سەربازیکردنی ناوچەکە. کۆڵبەری کە بەهۆی سیاسەتی دەوڵەت لە دژە پەرەسەندن و هەژاری سیستماتیکییەوە هاتۆتە ئاراوە، خۆی بەرهەمی ئەو کۆتە سیاسی-ئابوورییە بەمەبەست پاشەکشەگەرانەیە کە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتدا سەپاندوویەتی. ڕژێم ڕۆژهەڵات وەک شوێنێکی بەرخۆدان دەبینێت کە تێیدا گوتاری یەکگرتووی دەوڵەتی نەتەوە لە مێژوودا شکستی هێناوە و هێشتاش بەردەوامە لە دارمان. بۆیە دەوڵەتی ئێران کۆڵبەری وەک ئامرازێکی بەهێزی حکومەت بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام کورد بە سزادانی جەستەیی و توندوتیژی و سزادانی سیستماتیک دەزگا سنووردارەکەی خۆیانی بیربخاتەوە، دڵنیایی بدات کە جەستەی کورد لەگەڵ ڕەگەزسازی سیاسی و گوتاری خوازراودا بگونجێت (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour, ٢٠٢٣).

سنووری ڕۆژهەڵات ئەو شوێنەیە کە ژیان لەدەرەوەی یاسا بە ڕوونترین شێوە دیارە و لەلایەن دەوڵەتەوە ڕەوایەتی پێدەدرێت. تا ئەو ڕاددەیەی کە کۆڵبەرەکان لە هەموو پێگەی یاسایی و سیاسی و بەتەواوی کورتکراوەتەوە لەوەی کە ئەگامبێن (٢٠٠٥) پێی دەڵێت ژیانی ڕووت، خاکی سنوور نوێنەرایەتی یەکێک لە فەزا بایۆسیاسییە ڕەهاکان دەکات، ئەگەر زۆرترینیش نەبێت، کە تێیدا دەوڵەت و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕووبەڕووی ژیانی ڕووت دەبنەوە بەبێ هیچ نێوەندێک یان ئەنجامێک. ئەمەس لەسەربڕینی کۆڵبەرەکان لەلایەن دەورییەی سنوورەکانەوە دەردەکەوێت، کە هیچ دەرەنجامێکی یاسایی بۆی لە سیستەمی دەوڵەتدا بوونی نییە. سەرەڕای ئەم توندوتیژییە، کۆڵبەرەکان شەڕی مانەوەیان وەک کردەوەیەکی بەرخۆدان و بریکاری هەست پێدەکەن. لەکاتێکدا بەرگەی ئەم مەترسییە دەگرن، دەنگدانەوەی پەیامێکە کە بوونیان بە ئاسانی ڕیشەکێش ناکرێت. هەروەک ئانزاڵدوا (١٩٨٧)، مبێمبێ (٢٠٠٣)، و دی لیۆن (٢٠١٥) پێشنیاری دەکەن، دەبێت سنوورەکان وەک گۆڕەپانێکی دینامیکی سەیربکرێن کە زنجیرەیەک ململانێی هاوکات تێیدا ڕوودەدات و شەڕکەرەکانی ئەم گۆڕەپانە گرووپە پەراوێزخراو و داگیرکراوەکانی وەک کوردەوە کە بەپشت بەستن بە شوناس و زمانە جیاوازەکانیانەوە لەناو ئەم جیهانی مەرگەدا دەکوژرێن.

ناتوانین لە دۆخی هەڵاواردنی ڕۆژهەڵات تێبگەین تەنیا لە چوارچێوەی فراوانتری شوناسی کورد لە ڕژێمە جیاکاری و بە ئەمنیکەرە هەمەجۆر و هاوکاتەرییەکانی ئێران و

تورکیا و عێراق و سووریا نەبێت (بڕوانە Gunay, ٢٠١٩). ئەمەش وایکردووە کە بوونی کورد فەرامۆشبکرێت، چونکە وەک هەڕەشەیەکی هاوبەش بۆ سەر ئەو دەوڵەتانە دەبینرێت کە لەمێژە نیشتمانی دایکی کوردیان داگیرکردووە. ئەمە لە دۆخی کۆڵبەرە کوردەکاندا ڕوون و ئاشکرایە کە بەگوێرەی چەمکی هۆمۆساکەری ئەگامبێن هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا دەتوانن بەبێ سزا بیانکوژن، برینداریان بکەن، دەستبەسەریان بکەن یان بێسەروشوێن بکرێن. هەروەک ئەگامبێن(٢٠٠٥-٢) دەڵێت: «ئەوەی تایبەتمەندی هەردوو ڕژێمی فاشستی و نازییە ئەوەیە کە ڕێگەیان بە دەستووره هەنوکەییەکان داوە ... بۆ مانەوە لەژیان بە گوێرەی پارادایمێک کە بە گشتی وەک «دەوڵەتی دووانە» پێناسەدەکرێت- واتە ئەوان لەگەڵ دەستووری ئاساییدا، پیکهاتەیەکی لاوەکییان دامەزراندووە کە زۆرجار بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکنەخراوە و دەکرێت لەهەمانکاتدا و لەگەڵ ئەوی تردا بە هۆی دۆخی هەڵاواردنەوە بمێننەوە». هەرچەندە پارادایمێکی گشتی توندوتیژی لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە، بەڵام بەراورد ناکرێت بە ڕێژە و چڕی توندوتیژی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات. نمونەیەکی ئەم دواییە سەرکوتکردنی دڕندانە لە (ڕۆژهەڵات و بەلوچستان) پاش ڕاپەڕینی بەربڵاوی ناسراو بە «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ٢٠٢٢. دەوڵەت بە کەڵک وەرگرتن لە چەکی قورس، هێرشێکی پێنج هەفتەیی بۆ سەر شارە گەورەکانی کوردستان وەک سنە، مەهاباد، سەردەشت و جوانڕۆ دەستپێکرد، لە ئەنجامدا ١٢٢ هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستدا، لە نێویاندا ١٤ منداڵ و ٧ ژن (بڕوانە Mohammadpour, ٢٠٢٣a).

هەروەها ژیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵات لەلایەن دەزگا بریکارەکانی دەسەڵاتەوە سەرپەرشتی و بەڕێوەدەبرێن کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن. بەڵام ئەوان لەژێر چەتری فراوانتری دەسەڵاتی سەروەریدان. بڕی ئەو دەسەڵاتەی کە بە هەریەکێک لەم بریکارانە دەدرێت، سەرسوڕهێنەرە. لە ڕاستیدا ئەم بریکارانە چ وەک تاک یان دامەزراوە، دەسەڵاتی ڕەهایان دەبێت بۆ ڕاگرتنی یاسا یان ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە هەرێمەکەدا. بۆ نمونە، لە ئەیلولی ٢٠٢٠دا، هێزی فەوجە سنوورییەکانی سەردەشت فەرمانی چۆڵکردنی شەش گوندی دەرکرد کە بە «سنوور لە سنووری سووردا» هەڵکەوتوون. بە زۆر دانیشتووانەکەی ڕاگوێزران، لە کاتێکدا دەوڵەت ڕەتیکردەوە هیچ پشتیوانییەکی دارایی پێشکەش بکات بۆ ئاسانکردنی ڕاگواستنەکە. هەرچەندە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەم بڕیارە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی دراوە، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە فەوجەکەی سنووری

سەردەشت سەرەتا پلانێکی لەو شێوەیەی پێشنیار کردووە. پێدەچێت دەوڵەت گوندی زیاتر لەسەر سنوور چۆڵ بکات.

ئەم وتارە شوێنپێی نانسی شیپەر-هیوز (١٩٩٥) هەڵدەگرێت لە بواری مرۆڤناسی و مرۆڤناسان بۆ نیشاندانی «پابەندی سیاسی [و] تێوەگلانی ئەخلاقی» زیاتر لە کردارە فیکریی و زانستییەکاندا. ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە «پرۆژەی مرۆڤناسی لەیەک کاتدا ئیتنۆگرافی و ئێپستیمۆلۆجی و سیاسییە و ... مرۆڤناسان بەشێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندییان بە «پۆلیس» و «جەماوەر»ەوە هەیە (٤١٥-١٦). لێکۆڵینەوە سەرەکییەکان سەبارەت بە ئێران یان بێدەنگ بوون – یان ئامادە نەبووە چارەسەری- دۆخی نالەباری کولتوورە غەیرە فارسەکان بکات. ئەمە بەتایبەتی بۆ توێژەر و چالاکوانانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات ڕاستە، کە لە بەرامبەر هێرشی ڕۆژانەی دەوڵەت بۆ سەر کۆڵبەرەکانی ڕۆژهەڵات و بازرگانانی سنوور (ناسراون بە سوختبر) لە بەلوچستان بێدەنگییان هەڵبژاردووە. لیندا سمیس (٢٠٠٧، ١) ئەم توێژینەوە کۆڵۆنیالیزمییە بەم شێوەیە وەسفدەکات: کە «خودی وشەی ‹توێژینەوە› لەوانەیە یەکێک بێت لە پیسترین وشەکانی فەرهەنگی جیهانی ڕەسەن «. لەزۆر بارودۆخدا کاتێک ناوی ئەم وشەیە دەهێنرێت، بێدەنگی بەدوای خۆیدا دێنێت و یادەوەری ناخۆش دێنێتە مێشک و خەندەیەک کە ئاماژەیە بۆ هۆشیاری و بێ متمانەیی لەسەر لێوەکان دروستدەکات. مرۆڤناسی وەک زانستێکی هەمەچەشنی مرۆڤ لەمێژە بەستەرێکی ونبووی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بەتایبەتی لە حاڵەتی گەلانی خنکێنراو و کۆڵۆنیکراوی وەک کورد. کەیسی کۆڵبەرانی کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان شایەتی ئەم ململانێ ئێپستیمۆلۆژی و سیاسییەیە لە بواری مرۆڤناسی و دەستێوەردانی سەربەستیخواز کە دەتوانێت ئەنجامی بدات بۆ دووبارە دۆزینەوەی ئەوەی نەبینراوە.

# پەراوێز و سەرچاوەکان

1. Açiksöz Salih Can, Sacrificial Limbs: Masculinity, Disability, and Political Violence in Turkey
2. Anzaldúa Gloria., Borderlands/La Frontera: The New Mestiza
3. Cavanagh Edward, The Routledge Handbook of the History of Settler Colonialism
4. Chirot Daniel, Why Not Kill Them All? The Logic and Prevention of Mass Political Murder
5. Clemens Elisabeth S., What Is Political Sociology?
6. Cristi Renato.1998. "Carl Schmitt on Sovereignty and Constituent Power." InLaw as Politics: Carl Schmitt's Critique of Liberalism edited byDavidDyzenhaus 165–188.Durham:Duke University Press.
https://doi.org/10.2307/j.ctv11hpj9h.13
7. Das Veena, Violence and Subjectivity
8. Fanon Frantz., The Wretched of the Earth
9. Foucault Michel., The History of Sexuality, Volume I: An Introduction
10. Göçek Fatma Müge, Denial of Violence: Ottoman Past, Turkish Present and Collective Violence Against the Armenians
11. Grande Sandy (Kanien'keháka), Red Pedagogy: Native American Social and Political Thought
12. Hinton Alexander Laban, Annihilating Difference: The Anthropology of Genocide
13. Hoffman Marcelo., Michel Foucault: Key Concepts, □. 28
14. Hussaini Samira.2016. "Running toward Death."Kolber News.https://irankargar.com/.چهارنعل□به□سوی□مرگ□؛□کشتار□اسب‌های□کول.
15. Islekel E. S.2022. "Gender in Necropolitics: Race Sexuality and Gendered Death."Philosophy Compass:e12827.https://doi.org/10.1111/phc3.12827.
https://doi.org/10.1111/phc3.12827

16. Mamdani Mahmood., Citizen and Subject: Contemporary Africa and the Legacy of Late Colonialism
17. Martier John., A Foucauldian Interpretation of Modern Law: From Sovereignty to Normalisation and Beyond
18. Nash Kate., Readings in Contemporary Political Sociology
19. Neuman William., Power, State, and Society: An Introduction to Political Sociology
20. Nordstrom Carolyn., Shadows of War: Violence, Power, and International Profiteering in the Twenty-First Century
21. Orum Anthony M., Introduction to Political Sociology: The Social Anatomy of Power
22. Quinan Christine L., 2021. Biopolitics, Necropolitics, Cosmopolitics: Feminist and Queer Interventions
23. Roy Sara., The Gaza Strip: The Political Economy of De-Development
24. Rush Michael., Politics and Society: An Introduction to Political Sociology
25. Schmitt Carl., Political Theology: Four Chapters on the Concept of Sovereignty
26. Smith Linda Tuhiwai, Decolonizing Methodologies: Research and Indigenous Peoples
27. Taylor Chloe., Michel Foucault: Key Concepts, □. 65
28. Uperesa Lisa (Nof), Gridiron Capital: How American Football Became a Sāmoan Game
29. Vaziri Mostafa., Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity
30. Warrior Robert., Tribal Secrets: Recovering American Indian Intellectual Traditions
31. Weitz Eric D., A Century of Genocide: Utopias of Race and Nation
32. Yiftachel Oren., Ethnocracy: Land and Identity Politics in Israel/Palestine

# ئایا زمانی فارسی زمانێکی نەزۆکە؟

نووسین: محەمەدڕەزا باتنی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

قسەی زۆرمان لەبارەی جوانی، شیرینی، گەنجینەی ئەدەبی و لایەنە باشەکانی دیکەی زمانی فارسی بیستووە، ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە بێت، بەشێوەیەکی ڕیالیستیانە خوێندنەوە بۆ تواناییەکانی زمانی فارسی بکەین و بزانین ئایا ئەم زمانە دەتوانێت وەڵامدەری پێویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەمان بێت؟ ئایا لەودا کەموکووڕییەک دەبینرێتەوە و ئەگەر دەبینرێتەوە چلۆن دەتوانین چارەسەری بکەین؟

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمان، داهێنانی زمانییە. دەتوانین لە زۆر لایەنەوە داهێنانی زمانی تاوتوێ بکەین (لە بواری ئەدەبی، ڕێزمان، وشە و ڕەنگە لە لایەنی دیکەیشەوە). لێرەدا باسەکەمان بە داهێنان لەبواری وشەکانی زمانەوە سنووردار دەبێت. داهێنانی وشە دەرفەتی ئەوە بە ئەهلی زمانەکە دەدات لەگەڵ گۆڕانکارییەك کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات وشەگەلێکی نوێ دروست بکەن و کارامەیی زمانییان لەگەڵ پێویستییەکان بگونجێنن.

لە بواری زمانناسییەوە، داهێنانی وشە پەیوەندی بە باسی دارِشتنی وشە یان وشەسازییەوە هەیە (لێرە بەدواوە ئێمە داهێنان بەکار دەهێنین و ئەو بە داهێنانی وشە ناو دەهێنین). دارِشتنی وشە واتە ئەوەی ئێمە بتوانین لە ناو یان هاوەڵناو، کار دروست بکەین. لە کار ناو و یان هاوەڵناو دروست بکەین و هتد. بە کەمێك لێبوردوییەوە دەتوانین بڵێین دارِشتنی وشە واتە تێپەڕبوون لە بابەتێکی ڕێزمانی بۆ بابەتێکی دیکە. بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ئاستی داهێنانی زمانێك تێبگەین و ڕەنگە ئەو لەگەڵ داهێنانی زمانەکانی دیکە بەراورد بکەین، دەبێت ببینین لەو زمانەدا بە چ ئاستێك لە ئاسانکاری دەتوانین لە بابەتێکی ڕێزمانییەوە بۆ بابەتێکی دیکە بڕۆین. لەنێو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی دارِشتندا، ئەوەی لە هەمووان گرنگترە، تێپەڕبوون لە بابەتی ناو یان هاوەڵناو بۆ بابەتی کارە. بە واتایەکی سادەتر، دروستکردنی کار لە ناو و هاوەڵناوە. هۆکاری ئەم بابەتە ئەوەیە کە خودی کار خاوەنی داهێنانی زۆرە و دەتوانین لەو وشەی دارێژراوی دیکە وەربگرین. بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی لە ion کە ناوێکە لە زاراوەکانی فیزیا و کیمیادا کار دروست دەکەن و دوای ئەو وشەی دارێژراوی دیکەش بەپێی ڕیزبەندی خوارەوە دروست دەکەن.

Ion ionizable
Ionize ionizability
Ionized ionization
Ionizing ionizer

دوایی لە ڕێگەی لێکدانی ئەم وشە دارێژراوانەوە لەگەڵ وشەکانی دیکە زاراوەگەلێکی نوێ دروست دەکەن:

Ionization chamber
Ionization energy
Ionization potential
Ionization track
Ionizing radiation
Ionized gas

هەروەها کە دەبینین دوای ئەوەی کە ion بە کەڵك وەرگرتن لە پاشگری ize بووە کار، دەتوانێت سەرچاوەی حەوت وشەی دارێژراو یان وشەی نوێ بێت، کە ئەوانیش دەتوانن لەگەڵ وشەکانی دیکە تێکەڵ ببن و شەش زاراوەی نوێ دروست بکەن، کە بە گشتی ١٣

وشەی لێکدراو دروست دەبێت و ئەمە بە هیچ شێوەیەك کۆتایی داهێنانی کاری ionize نییە.

**بەڵام بزانین لە زمانی فارسی بارودۆخەکە چۆنە:**

١ . لە زمانی فارسی تەنها کارە سادەکانن کە داهێنانیان هەیە، واتە دەتوانین لەوان وشەی دارێژراو دروست بکەین.

٢ . لە فارسی ئەمڕۆیی ئێدی کاری سادە دروست ناکرێت، واتە ناتوانین بە شێوەی ئاسایی لە ناو و هاوەڵناو، کار دروست بکەین.

٣ .ژمارەی ئەو کارە سادانەی کە داهێنانیان هەیە و لە ڕابردووەوە بە ئێمە گەیشتوون، زۆر کەمە.

٤ .لەم ژمارە کەمەش زۆربەیان لەحاڵی لەنێوچوون و بێبایەخبووندان و شوێنی خۆیان دەدەنە کارە لێکدراوەکان، بەڵام کارە لێکدراوەکان نەزۆکن و ناتوانین لەوان وشەی دارێژراو دروست بکەین.

٥ .لە "چاوگە نادیارەکانی" فارسیش، چ ئەوانەی لە ناوە فارسییەکانەوە دروستکراون و چ ئەوانەی کە لە وشە عەرەبییەکانەوە دروستکراون، وشەی دارێژراو دروست نابێت، بە واتایەکی دیکە چاوگە نادیارەکان داهێنانیان نییە.

٦ . ئەنجام: زمانی فارسی لە بارودۆخی ئێستا بۆ وەڵامدانەوە بە خواستی ڕۆژانەی خەڵك ڕووبەڕووی کێشە نابێتەوە، بەڵام بۆ دروستکردنی وشەی زانستی خاوەنی داهێنانی پێویست نییە و ناتوانێت زمانێکی زانستی بێت، مەگەر ئەوەی کە بیرێك لە کەموکووڕییەکانی بکرێتەوە. ئێمە لە درێژەی ئەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بەڵگەی پێویستیان بۆ بێنینەوە و لە کۆتایشدا ئەو ڕاسپاردانەی بەسوودن، بخەینەڕوو.

١.وتمان لە فارسی، تەنها کارە سادەکانن، کە توانایی داهێنانیان هەیە، واتە دەتوانین لەوان وشەی دارێژراو دروست بکەین. سەلماندنی ئەم بابەتە زۆر سادەیە. بۆ نمونە کاری "نمودن" لەبەرچاو بگرن. ئێمە لەم کارە وشەی دارێژراوی زۆر بەدەست دێنین: نمود، نمودار، نمودە، نمونە، نما، نمایان، نمایش، نمایندە (وشەی دارێژراوی دیکەش وەکو: نماد، نمادین، نمادگری، نمایە، کە بە تازەیی دروست و باو بوون، هەروەها وشە دارێژراوە پلە دووەمەکان وەکو: نمایندگی، نمایشگاە، نمایشنامە، نمایشی کە بە زیادکردنی پاشگر بە وشە دارێژراوە پلە یەکەمەکان دروست کراون) بە هەموو ئەمانەشەوە کاری "نمودن"

بە مانایەك كە سەعدی لەم شیعرەدا بەكاری هێناوە:

**دیدار می نمایی و پرهیز می کنی**

**بازار خویش و آتش ما تیز می کنی**

لە گووتار و نووسراوی ئەمڕۆدا زۆر کەم بەکار دێت. هەتا ئەو شوێنەی کە دەتوانین بڵێین ئەم کارە لە نێوچووە یان لە حاڵی لەنێوچوون دایە. لە زمانی فارسی باودا کاری لێکدراوی "نشان دادن" جێگەی مانای تێپەڕی ئەوی گرتۆتەوە و کارە لێکدراوەکانی "بە نظر امدن" و "بە نظر رسیدن"یش جێگەی مانای تێنەپەڕی ئەویان گرتۆتەوە. بەڵام ئەم کارە لێکدراوانە نەزۆکن و هیچ وشەیەکی دارێژراو لەوانەوە دروست نابێت. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر ئێمە کاری سادەی "نمودن" مان لە سەرەتاوە نەدەبوو و لە هەمان سەرەتاوە ئەم کارە لێکدراوانە لە جیاتی ئەوان بەکار دەهاتن، ئەمڕۆ هیچ یەك لە وشە دارێژراوەکان کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە فارسیدا بوونیان نەبوو.١

بۆ نمونە دەتوانین "فریفتن" و "فریب دادن" بەراورد بکەن. لە "فریفتن" کە چاوگی سادەیە، دەتوانین وشەگەلێکی دارێژراو بەدەست بهێنین: فریفتە، فریفتگی، فریب، فریبا، فریبایی، فریبندە، فریبندگی، . بەڵام لە "فریب دادن" کە چاوگێکی لێکدراوە وشەی دارێژراو دەستەبەر نابێت. لە ڕابردوو "فریفتن" بە شێوەی تێپەڕ و تینەپەڕ بەکارهێنراوە. بەڵام ئەمڕۆ مانای تێنەپەڕی خۆی بەتەواوی لەدەستداوە و لە مانای تیپەڕیشی زۆر بەکار ناهێنرێت. فراوانی بەکارهێنانی "فریب دادن" لە "فریفتن" زۆر زیاترە و ئەگەر ڕەوتی گۆڕینی کارە سادەکان بۆ لێکدراو دیسان بەردەوام بێت یان لە داهاتوو جێگەی بێ ئەم لاو و ئەو لای "فریفتن" دەگرێتەوە.

٢. ئیدی لە فارسی ئەمڕۆیی کاری سادە دروست ناکرێت. واتە بە شێوەی ئاسایی ناتوانین لە ناو و هاوەڵناو، کار دروست بکەین. زمانی فارسی ئینتیمای بۆ دروستکردنی کارە لێکدراوەکان هەیە و بۆ چەمکە نوێیەکانیش کەڵك لە هەمان سەرباشقە وەردەگرێت. ئاماژەپێدان بە چەند نمونەیەك بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە. لە ئێنگلیزی television کاری televise و لە فەرەنسی کاری televiser یان دروستکرد و لە عەرەبیش لەوە فەرمانیان دروستدەکرد و دەڵێن تلفز، یتلفز. بەڵام ئێمە لە فارسیدا دەڵێین: "از تلویزیون پخش کرد". لە ئێنگلیزی وشەی telephone بە شێوەی کاریش بەکار دەهێنن. لە فەرەنسیش

لەو کاری telephonerیان دروستکردووە. لە عەرەبیش لەوە کار دروست دەکەن و دەڵێن، تلفن، یتلفن. بەڵام ئێمە لە فارسی کەڵك لە کاری لێکدراوی "تلفن کردن" وەردەگرین. لە ئێنگلیزی وشەی philosophy "فەلسەفە" کاری philosophize و لە فەرەنسی philoso-phie کاری philosopher یان دروستکردووە. لە عەرەبیش لە فەلسەفە کار دروستدەکەن و دەڵێن تفلسف، یتفلسف. بەڵام ئێمە لە فارسی ئەگەر پەسەندکراو بێت دەڵێین "فلسفه پرداختن" یا "به فلسفه پرداختن". کاتێك دکتۆر مەحمود هومەن چاوگی "فلسفیدن"ی دروستکرد و لە نووسراوە فەلسەفییەکان بەکاری هێنا، پەسەند نەکرا و ئەویان بە دوور لە زەوقێکی تەندروست زانی. لە ئێنگلیزی لە هاوەڵناوی polar کاری polarize و لە فەرەنسی لە هاوەڵناوی polaire کاری polarizer یان دروستکردووە. لە عەرەبیش لە قطب کار دروست دەکەن و دەڵێن استقطب، یستقطب. بەڵام ئێمە پێمان باشە بڵێین "قطبی کردن" و چاوگی "قطبیدن" بە نادیار و وشە دارێژراوەکانی ئەویش بە نادیارەکان دەزانین. لە ئێنگلیزی لە iodine "ید" فەرمانی iodize و لە فەرەنسی iode کاری ioderیان دروستکردووە. لە عەرەبیش لەو کار دروست دەکەن و دەڵێن یود، یمود. بەڵام ئێمە لە فارسی پێمان باشە بڵێین "باید معالجه کردن" یا "ید زدن به". نموونەکانی سەرەوە تەواوە کە پیشان بدەن زمانی فارسی ئینتیمای بۆ دروستکردنی کاری لێکدراو هەیە و کاریی سادەی نوێ دروست ناکات. لەو کارانەی کە لە ئێنگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی دروست دەکرێت و نموونەکانی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بە ئاسانی دەتوانین وشە دارێژراوە نوێیەکان بەدەست بێنین. بەهەمان شێوە کە لەبارەی وشە دارێژراوەکانی ionize لە سەرەوە بینیمان. بەڵام ئێمە لە فارسی بە ئاسانی ناتوانین لە "دەستەواژە کارییەکان"ی خۆمان وشەی دارێژراوی نوێ دروست بکەین. (بە شێوەیەك کە لە نموونەکان بەدەر دەکەوێت، لێرەدا مەبەست لە کاری لێکدراو، کاریی پێشگردار نییە).

٣.ژمارەی ئەو کارە سادانەی کە داهێنانیان هەیە و لە ڕابردووەوە بە ئێمە گەیشتوون زۆر کەمن. دکتۆر خانلەری لە کتێبی مێژووی زمانی فارسیدا لیستی کارە سادەکان "چ ئەوانەی لە دەقە یەك لە دوای یەکەکان بەردەوام بەکارهاتوون و ئەوانەی لە زمانی باوی ئەمڕۆدا بەکار دێت"٢ خستۆتەڕوو. لەم لیستەدا تەنها ٢٧٧ کار هەیە. بەڵام نیگایەکی خێرا بە لیستەکە پیشان دەدات، کە ژمارەیەکی زۆر لە کارە تۆمارکراوەکان نە لە ئاخاوتنی ئەمڕۆدا بەکاردێن و نە لە نووسیندا. فەرمانگەلێك وەکو: غارتیدن، آهیختن، اوباشتن،

بسودن، چمیدن، گساردن، کفیدن، توفیدن، مولیدن، گرازیدن، مویدن، خوفیدن و ژمارەیەکی زۆری دیکە. لە ڕاستیدا ژمارەی کارە سادەکانی فارسی کە چالاکن، واتە لە گووتار و نووسراودا بەکاردێن، زۆر کەمتر لە ژمارەی ٢٧٧ ە. لە سێ تاوتوێ کردنی جیاواز کە سێ خوێندکاری بەشی زمانناسی٣ لە کاتی خوێندنیان لە بەشی زمانناسی زانکۆی تاران ئەنجامیان داوە و کارە سادەکانیان لە دەقی گووتار و نووسراوی ڕۆژانە دەرهێناوە، بەرزترین ژمارەیان ١١٥ وشە بووە. بە زیادکرنی ئەو کارانەش کە بەرفراوانیان کەمترە، بەڵام هێشتا لە نووسراودا بەکار دێن ئەم ژمارە لە نێوان ١٥٠ بۆ ٢٠٠ دایە. واتە لە زمانی فارسی لانی زۆر ٢٠٠ کاری سادەی چالاك هەیە، کە دەتوانین لەوان وشەی داڕێژراو دروست بکەین! دکتۆر خانلەری دوای ئاماژەپێدان بە ژمارەیەکی کەم لە کارە سادەکانی فارسی لە پەراوێزی لاپەرەی ٢٥٨ی هەمان بەرهەم دەنووسێت: "بەراورد بکرێت لەگەڵ ژمارەی کارەکان لە زمانی فەرەنسی، کە بە ٤١٦٠ دانە مەزەندە کراوە" لە زمانی ئێنگلیزی کە تێپەڕبوون لە بابەتی ناو بۆ کار زۆر ئاسانە و زۆر زۆریش ڕوودەدات، ژمارەی کارە سادە و داهێنەرەکان زۆر زیاترە. من بە چاوخشاندنێك بە فەرهەنگی ئێنگلیزی Random House توانیم لە نێو ئەو وشانەی کە بە پێشگری tele دروستکراون و تەنها ١,٥ لاپەڕە لە ٢٢١٤ لاپەڕەیی ئەم فەرهەنگە پێك دێن ١٦ کاری سادە ببینمەوە، کە هەمووی خاوەنی وشەی داڕێژراوی تایبەتی خۆیانن. ئەگەر ئەم نمونە وەرگرتنە "مشت نمونەی خەروار" بێت، لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین لە فەرهەنگی ئاماژەپێدراو لە نزیکەی ٢٣٠٠٠ کاری سادە هەیە، لیستی ئەم ١٦ کارە لە پەراوێزی ژمارە ٤ نووسراوە.

ئەوەی کە کارە سادەکان لە فارسی کەم و هێدی هێدی شوێنی خۆیان دەدەنە کارە لێکدراوەکان، سەرنجی کەسانی دیکەیشی ڕاکێشاوە. بەڕێز محەمەد ڕەزا عادل لە وتارێك لەژێر ناوی "کار لە زمانی فارسی" لە ژمارەی بەهار و هاوینی ١٣٦٧ رشد: آموزش ادب فارسی، دەنووسێت: "بەهەمان شێوە کە گووترا، کارە سادەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کەمبوونەوە دەڕۆن و بەکارهێنانی کارە لێکدراوەکان زۆرتر دەبێت. ئەم بابەتە هەتا ئەو ئاستەیە، کە هەندێ کات لە چەند ڕستەی یەك لە دوای یەك نیشانەیەك لە کاری سادە نییە..." و نمونە گەلێکیش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی وتەی خۆی دهێنێتەوە.

نمونەوەرگرتنێك لە کارە لێکدراوەکان، فراوانی بەکارهێنانیان لە زمانی فارسی پیشان دەدات. لەم توێژینەوەدا لانیکەم سێ هەزار کاری لێکدراو کۆکراوتەوە، کە لەم ژمارەیە

١٠٥٦ کاری ئەو بە "کردن" دروستکراون. وەکو آزمایش کردن، گود کردن، نامزدکردن و

٤.لەو ژمارە کەمەی کارە فارسییانەی کە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە زۆربەیان لەحاڵی لەنێوچوون دان و شوێنی خۆیان بە کارە لێکدراوەکان دەدەن، بەڵام کارە لێکدراوەکان نەزۆکن و ناتوانین لەوان وشەی دارێژراو دروست بکەین.٦ پێشتر گووتمان کە کاری "نمودن" لە حاڵەتی تێپەڕی شوێنی خۆی بە "نشان دادن" و لە حاڵەتی تێنەپەڕی بە "بەنظر امدن" و "بە نظر رسیدن" داوە، کە هەموویان کاری لێکدراون و نەزۆکن. هەروەها گووتمان کە لەبەرامبەر کاری سادەی "فریفتن" کاری لێکدراوی "فریب دادن" و "گول زدن" هەیە، کە بەکارهێنانیان زۆر زیاتر لە "فریفتن" ە و ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم کارە سادە بە تەواوی لە گۆڕەپان بەدەر بنێت و جێگەی ئەو بگرێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەی دیکە دەدەین.

ئەمڕۆ فەرمانی "شایستن" بەتەواوی لەنێوچووە و شوێنی خۆی داوەتە "شایستە بودن". وشە دارێژراوەکانی "شایستە"، "شایستگی"، "شایان" و "شاید" پاشماوەی ڕۆژگاری داهێنانی ئەم کارەن. کاری "بایستن" بەتەواوی لە نێوچووە و شوێنی خۆی داوە بە کاری لێکدراوی "لازم بودن"، "واجب بودن" و هتد. "باید" ( و شێوازەکانی دیکەی وەکو "بایستی" و هتد) و" بایستە" تەنها پاشماوەی ئەم کارانەن. کاری "خشکیدن" و تێپەڕی ئەو "خشکاندن" زۆر کەم و لە هەندێ لە زاراوەکان بەکاردێن و کارە لێکدراوەکانی "خشك شدن" و "خشك کردن" جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە. وشەکانی "خشك"، "خشکە" و "خشکی" وشەی دارێژراوی ماوەی ئەم کارەن. کاری "گریستن" زۆر کەم بەکار دێت و شوێنی خۆی داوەتە "گریە کردن" و لە حاڵەتی تێپەڕی ئەو "گریاندن" یش شوێنی خۆی بە "گریە انداختن" داوە. وشەکانی "گریان" و "گریە" تەنها وشە دارێژراوەکانی ماوەی کاری "گریستن"ن. "آمیختن" تا ڕادەیەك ئیدی بەکار نایات. مانای تێنەپەڕی ئەو بەتەواوی لەنێوچووە و لە مانای تێپەڕی ئەویش شوێنی خۆی بە "مخلوط کردن" یا "قاتی کردن" داوە. وشەکانی "آمیزش" و "آمیزە" تەنها وشەگەلێکی دارێژراون، کە لەم فەرمانە ماونەتەوە. ئیدی فەرمانی "نگریستن" بەکار نایات و شوێنی خۆی داوەتە "نگاە کردن" و "مشاهدە کردن". فۆرمەکانی "نگران" ، "نگرانی" و "نگرش"وشەی دارێژراوی باوی ئەم کارەن، کە ماونەتەوە. ئێدی" شتافتن" بەکار نایت و شوێنی خۆی داوەتە "عجلە کردن"، "شتاب کردن"، "با شتاب رفتن" و هتد و "شتاب" و "شتابان" وشە دارێژراوی پاشماوەی ئەون.

هەڵبەتە لە زمانی پەهلەویش کاری لێکدراو هەبووە، وەکو "نیگاه کردن"، "ایاد کردن" بە مانای "بیرهێنانەوە"، بەڵام ژمارەیەك لەم کارە لێکدراوانە زۆر کەم و کەمبایەخ بوون.٧ بەکارهێنانی کارە لێکدراوەکان لە فارسی کۆن باوە و بە تێپەڕبوونی کات خێراتر بووە. دکتۆر عەلی ئەشرەف سادقی دەنووسێت: "ئەم ئینتیمایە لە قۆناغەکانی دواتر زۆر زیاتر بووە..." هەروەها "وا هەست دەکرێت هێشتا زمانی فارسی بەم ڕێچکەدا دەڕوات. ڕەنگە ئیدی ئەمڕۆ نەتوانین ئەو کارانە کە بە "-ئیدن" کۆتایی دێن بە ڕێسادار بێنینە ئەژمار، لەبەرئەوەی ئیدی هیچ کارێکی نوێ بەمشێوە دروست ناکرێت. بەپێچەوانەوە، دروستکردنی کاری گرووپی بە "کردن"، "زدن" و هتد زۆر باوە. تلفن کردن (زدن)، تلگراف کردن (زدن)، پست کردن و هتد".٨ دکتۆر خانلەری لە بەرهەمی ئاماژەپێدراو و لەلاپەڕەی ٣٣١ دەنووسێت: "لە سەدەی حەوتەم بەدواوە پێشگرەکانی کار برەویان نەماوە و کاری لێکدراو شوێنیانی گرتۆتەوە". هەروەها لە لاپەڕەی ٣٣٢" لە فارسی ئەمڕۆییدا کاری لێکدراو شوێنی زۆربەی کارە سادە و پێشگرەکانی گرتۆتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کارە سادەکان لە فارسی ئەمڕۆیی بەتەواوی بێبایەخ بوون و شوێنی ئەوان کاری لێکدراو گرتووەتەوە. بۆ نمونە...." دوایی دکتۆر خانلەری لیستێ ٥٣ کاری سادەی ئاشنا دەخاتەڕوو، کە بەتەواوی لەکار کەوتوون و بێبایەخ بوون. ئینتیما بۆ دروستکردنی کارە لێکدراوەکان ئەوەندە زۆرە کە لە بەرامبەر چاوگگەلێك کە لە ناو یان هاوەڵناو دروستکراون و بەوان دەڵێن "هاوەڵناوی نادیار" زۆربەی کات کاری لێکدراو هەیە، وەکو "جنگ کردن" لە بەرامبەر "جنگیدن"، "خم کردن" یان "خم شدن" لەبەرامبەر "خمیدن"، "ترش شدن" لە بەرامبەر "ترشیدن" و هتد. ئەمڕۆ شێوازی لێکدراوی ئەم کارانە زۆر زیاتر لە شێوازی سادەیان بەکار دەهێنرێن، بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێین شێوازی سادەیان تا ڕادەیەك لەکار کەوتووە.

لەبارەی هۆکاری ئەم ئینتیمایەوە، واتە دروستکردنی فەرمانی لێکدراو، بە شێوەی یەکلاییکەرەوە ناتوانین شتێك بڵێین. بەڵام ئەگەری هەیە، لە بواری مێژووییەوە دروستکردنی کار لە وشەی وەرگیراوی عەرەبی، وەك رحم کردن، بیان کردن و هتد، نەك تەنها لانیکەم یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو بووە، وا هەست دەکرێ دروستکردنی کاری لێکدراو لە وشە بەکارهێنراوە عەرەبییەکان، هێدی هێدی زیاتر بووە و دزەشی کردۆتە نێو فارسییەوە هەتا ئەو شوێنەی کە بووەتە تەنها سەرباشقەی دروستکردنی کار لە فارسیدا.٩

٥. هەروەها کە پێشتر گووتمان، لە زمانی فارسی ئەمڕۆ تێپەڕبوون لە بابەتی ناو و هاوەڵناو بۆ کار باو نییە، واتە ناتوانین لە ناو و هاوەڵناوەوە، کاری سادە دروست بکەین. هەرچەندە ژمارەیەك لە کارگەلێك کە لەم ڕێگەوە دروستکراون چەندین سەدەیە لە فارسیدا باو بوون و گەورە پیاوانی ئەدەبی فارسییش ئەوانیان بەکار هێناوە، وەکو "دزدیدن" و "طلبیدن". بە هەمووی ئەمانەوە زۆربەی ئەدیبان و نووسەرانی ڕێزمان ئەوان بە "هاوەڵناوی نادیار" ناو دەنێن، کە خۆی پیشاندەری بێزاری و ناڕەزایەتیان لەم جۆرە کارانەیە. (ئێمە بۆ دوورگرتن لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە، کاری لەم چەشنە ناو دەنێین "کاری گۆڕاو" و مەبەستمان ئەوەیە کە ناو یان هاوەڵناوێك بووەتە کار). مادەی کاری گۆڕاو دەتوانیت ناو یان هاوەڵناوی فارسی بێت، وەکو "بوسیدن" و "لنگیدن" و هەروەها دەتوانێت ئەسڵی عەرەبی بێت وەکو، "بلعیدن". لە ڕابردوو دروستکردنی کارە گۆڕاوەکان زۆرتر باو بووە و زۆرتر لەگەڵ زەوقی فارسی زمانەکان گونجاو بووە، بە شێوەیەك کە ژمارەیەکی زۆر لەوان لە بەرهەمی نەوەکانی پێشوودا دەبینین، کە ئێستا بەکار ناهێنرێن. بۆ نمونە "تندیدن" ، "خروشیدن" ١٠ و زۆری دیکە

**بتندید با من که عقلت کجاست**
**چو دان و پرسی سوالت خطاست**
سعدی

**زمرغان چون سلیمان قصه بشنید**
**بتندید و بجوشید و بگالید**
بلبل نامه، عطار

**خروشید گرسیوز آنکه بدرد**
**که ای خویش نشناس و ناپاك مرد**
فردوسی

**ارغنون ساز فلك رهزن اهل هنر است**
**چون از این غصه ننالیم و چرا نخروشیم**
حافظ

بەڵام نابێت وا بیر بکەینەوە کە فارسی زمانەکانی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەك کاری گۆڕاو دروست ناکەن، شتێك کە لە ئارا دایە زۆربەی ئەم کارانە جەماوەرین و کەمتر

لە گووتاری ڕەسمی و لەویش کەمتر لە نووسراودا بەکار دەهێنرێن. ئەمانە نمونەگەلێك لەو فەرمانانەن" سلفیدن، توپیدن، تیغیدن، پلکیدن، پکیدن، شوتیدن، ماسیدن، چایدن، چاپیدن، تمرگیدن، شلدین، کپیدن، سکیدن (بە مانای نیگا کردن)، چپیدمن، چپاندن، لنباندن، لمیدن، لولیدن، سریدن، چلاندن، قاپیدن، لاسیدن و زۆر شتی دیکە. ئەوەی بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە ئەمەیە، کە لە کارە گۆڕاوەکان، چ ئەوانەی کە لە وشە فارسییەکان دروست کراون و چ ئەوانەی کە لە ئەسڵدا عەرەبین، وشەی داڕێژراویان لێ دروست نابێت. ئەم کارانە هەرچەندە سادەن، داهێنەر نین و جیا لە ژمارەیەکی کەمیان کە لەوان "ناوی هاوەڵنای شتی" دروستکراوە (وەکو، چرخش، غرش، رنجش) ئەوانی تر وشەی داڕێژراویان نییە یان بە دەگمەن وشەیەکی داڕێژراو لەوان باو بووە. بە دەربڕینێکی دیکە، کارە گۆڕاوەکانیش وەکو کارە لێکدراوەکان نەزۆکن.

٦ . ئەنجام: ئێستا ئەو وێنەیەی کە دەتوانین لە زمانی فارسی پێشکەشی بکەین بەمشێوەیە: لە زمانی فارسی تەنها کارە سادەکانن کە دەتوانن داهێنانیان هەبێت، واتە دەتوانین لەوان وشەی داڕێژراو دروست بکەین، ژمارەی ئەم کارانە، لە زمانی فارسی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر کەمن، لەم ژمارە کەمەش هەندێکیان لە حاڵی لە نێوچوون و بێبایەخبووندان، ئیدی لە زمانی فارسی بە شێوەی ئاسایی کاری سادەی نوێ دروست ناکرێت. بەڵکو ئینتیما بۆ دروستکردنی کارە لێکدراوەکانە، کارە لێکدراوەکان و کارە گۆڕاوەکان هیچ یەکیان داهێنانیان نییە، واتە ناتوانین لەوان داڕێژراوی کاری سادە دروست بکەین. لەم بارودۆخەدا زمانی فارسی بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵك کێشەی نییە، بەڵام ئەم زمانە بۆ دروستکردنی وشەی زانستی داهێنانی پێویستی نییە و ناتوانێت زمانێکی زانستی بێت، مەگەر ئەوەی کە بیرێك لە کەموکووڕییەکانی بکرێتەوە.

بە هەموو ئەمانەشەوە زمانی فارسی دەتوانێت زمانێکی زانستی بێت، بەو مەرجەی کە کۆتوزەنجیرێك کە ئێمە بەستوومانە پێیەوە بکەینەوە. ئێمە لە درێژەی ئەم وتارەدا پیشان دەدەین کە زمانی فارسی داهێنانی پێویستی بە شێوەی پەنگراو هەیە، بەڵام ئێمە ئەم توانایییە لە وزەوە ناکەینە کردار. بەڵام پێش ئەوەی ئەم باسە بکەین، دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەین.

ئەلف: وشە زانستییەکان بۆ خەڵکی نێو کۆڵان و بازاڕ دروست ناکرێن. بەڵکو بۆ

ژمارەیەك شارەزا و پسپۆڕ و خوێندكارانێكە كە لە بەشێكی تایبەتدا دەخوێنن و ئەو وشانەیان بۆ دروست دەكرێت. بۆیە ئەگەر چاوەڕوان بین هەموان لە وشە نوێیەكان تێبگەن و ڕەنگە حەزیشیان لێ بێت، چاوەڕوانییەكی نابەجێیە. ئێوە دڵنیا بن مانای ionize و موشتەقەكانی دیكەی ئەو كە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێدا جیا لە گرووپێكی شارەزا، ئێنگلیزی زمانە ئاساییەكان نایزانن و ڕەنگە هیچ كاتێكیش نەیانبیستبێت.

ب: پلانی زمانی ( language planning) لەو كارانەیە كە زۆربەی وڵاتەكان هەیانە. لە پلاندانانی زمانیدا وشیارانە دەست لە ڕێڕەوی زمان وەردەدرێت. ژمارەیەك لە ڕەوتەكان خێرا و ژمارەیەكی دیكە هێواش دەكەنەوە بۆ ئەوەی ئەنجامەكەی یەكسان بێت لەگەڵ پێویستییەكانی كۆمەڵگەدا. بۆ ئەوەی هەڵەتێگەیشتنێك نەیتە ئاراوە، دەبێ ئەوەش بڵێین كە ئەم دەستێوەردانە لەو جۆرەیە نییە، كە بۆ نموونە نابێت خەڵك بڵێن "حمام گرفتن" بەڵكو دەبێت بڵێن "بە حمام رفتن" و هتد، بەڵكو پرسگەلێك دەخرێنە سنووری پلاندانانی زمانییەوە، كە پەیوەندییان بە ڕێبازی گشتی زمانەوە هەبێت: بۆ نموونە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە كە ئایا دەبێت لە وشەسازی زانستی تەنها كەڵك لە توخمە زیندووەكانی زمان وەربگیریت یان دەتوانین ڕیشە و پێشگر و پاشگری مردووش زیندوو بكەینەوە و بەكار بێنین؟ یان ئەوەی كە دەتوانین لە توخمە گریمانییەكانی نێو زمان كار دروست بكەین و بۆ نموونە بڵێین "تلویزیدن" و "تلویزندە"؟ و هتد.

پ: خاڵی گرنگی دیكە ئەوەیە كە دەبێت كێشەی وشە زانستییەكان پێكەوە و بە شێوەی كۆمەڵ چارەسەر بكرێت. بۆ نموونە ئەگەر بڕیار ببێت بۆ ١٣ زاراوەیەك كە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێدان و لە ئێنگلیزی هەموویان لە ion دروستكراون، وشەی بەرامبەریان دروست بكرێت دەبێت شێوازێك بەكار بێنین، كە نەك تەنها وەڵامدەری ئەو ١٣ زاراوە بێت، بەڵكو ئەگەر ژمارەی ئەوانیش زیادی كرد بەهەمان شێوەی پێشوو چارەسەركەر بێت.

بە سەرنج پێدان بەو خاڵانەی كە لەسەرەوە گوترا، هەنووكە ڕێگە گەلێك كە بۆ وشەسازی زانستی بەسوودن باس دەكەین. لە ڕاستیدا ئەوەی دەمانەوێت بڵێین قسەیەكی نوێ نییە، كەسانی دیكە پێشتر باسیان كردووە و تەنانەت بەكاریان هێناوە. مەبەستی من پاساوهێنانەوە بۆ دروستبوونی ڕێگایەك نییە، كە ئەوان ڕۆشتوون و چارەسەركردنی هەڵەتێگەیشتنێك كە لەم ڕێگەیەوە لە زەینی ژمارەیەك لە تاكەكان دروست بووە.

١.گرنگترین ڕێگە و بەپیتترین مێتۆد بۆ دروستکردنی وشە زانستییەکان، دروستکردنی چاوگی گۆڕاو یان بە مانایەك "چاوگی جەعلی"یە، لە فارسیش وەکو ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی و زۆربەی زمانەکانی دیکە دەبێت لە ناو یان هاوەڵناو، کار دروست بکەین بۆ ئەوەی بتوانین وشەی داڕێژراوی پێویست لەوان دەستەبەر بکەین و گرێی کاری خۆمان بکەینەوە. تەنها بە دروستکردنی کارە دەتوانین کێشەی وشە زانستییەکان بە شێوەی کۆمەڵ چارەسەر بکەین. بۆ نمونە ئەگەر لە "یون" لەگەڵ پاشگری کارسازی" – یدن" کاری "یونیدن" دروست بکرێت، دەتوانین هەموو بەرامبەرە پێویستەکان بۆ ١٣ زاراوەیەك کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێدا بەدەست بێنین: یونیدن، یوئیدە، یوننده، یونش، یونیدگی، یونش پذیر، یونش پذیری، اتاقك یونش، انرژی یونش، پتانسیل یونش، ردیونش، گاز یوننده، تابش یوننده و، زۆر وشەی دیکە کە ڕەنگە دوایی پێویست بکات. هەروەها کە پێشتر گووترا، ئەمە قسەیەکی نوێ نییە: دکتۆر محەمەد موقەدەم لە داهاتووی زمانی فارسی هەمان پێشنیار دەکات. بەڵام ئەوان لەو باوەڕەدان کە مادەی فەرمانیش دەبێت لە ئەسڵدا فارسی بێت، پێشتر ئاماژەمان بە دکتۆر محەمەد هومەن و ئینتیمای ئەو بۆ دروستکردنی کارە گۆڕاوەکان داوە. بەڵام یەکەمین کەسێك کە ئەم فیکرەی پراکتیزە کرد دکتۆر غولام حوسین مەساحیب بوو، کە لە ئێنسوکلۆپیدیای فارسیدا فەرمانگەلێك وەکو "قطبیدن" ، "اکسیدن"، "برقیدن"، یونیدن" بەکار هێنا و بەڕاستی کارێکی دروست دەست پێکرد. ئەمڕۆژەش گرووپەکانی وشەسازی لە ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەکادیمی پەیڕەوی لە هەمان ڕێباز دەکەن. لێرەدا بۆ ڕواندنەوەی هەڵە تێگەیشتن پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەین.

ئەلف: من باوەڕم بە "فارسی پەتی" نییە، کە لەودا هیچ وشەیەکی عەرەبی یان ئەورووپی نەبێت، لەبەرئەوەی بە کارێکی نەشیاوی دەزانم. هەوڵدان بۆ بینینەوەی هاومانای فارسی بۆ "یون" کارێکی بێ ئەنجامە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە "یونیزاسیون" و "یونیزە" و وشە داڕێژراوەکانی دیکەی ئەو دەبێت لە فارسی بەکار بێت، لەبەرئەوەی زمانی فارسی توانایی دروستکردنی ئەم وشە داڕێژراوانەی هەیە. لەلایەکی دیکەوە من باوەڕم بە دوورخستنەوەی وشە باوەکانی عەرەبی لە فارسیدا نییە. ژمارەیەك لەم وشانە چەندین سەدەیە کە لە زمانی فارسیدا بەکار دێن و ئەمڕۆ بەشێك لە وشەکانی زمانی فارسین، بەهەمان شێوە کە ژمارەیەکی زۆر وشەی فارسی بە شێوەی موعەرەب لە زمانی عەرەبیدا بەکار دێن و ئەمڕۆ

بەشێکی جیانەکراو لە زمانی عەرەبین. "لەبارەی کاریگەریی زمانی فارسی لەسەر عەرەبی لە خودی قورئانی کەریمەوە دەست پێدەکەین. دەبینین وشەی فارسی زۆر لەم کتێبە ئاسمانییەدا هاتووە و دیسان دەبینین کە بە پێچەوانەی خووی ناسیۆنالیستی و دەمارگرژی عەرەبەکان لەگەڵ ئێرانییەکان و یان هەر نەژادێکی دیکەیە، کە دەڵێن دەبێت زمان لە وشە بێگانەکان پاك بکرێتەوە. ئەم کتێبە ئاسمانییە لە وشەکانی ناعەرەبی و بە تایبەت لە فارسی کەڵکی وەرگرتووە کە ئاماژە بە ژمارەیەك لەوان دەدرێت.١١ بۆیە کاتێك قسە لە زاراوەسازی دەکرێت نابێت ئەم وەهمە دروست ببێت کە مەبەست سڕینەوەی عەرەبییە.

ب: ژمارەیەك لە ئەدیبانی ئێمە کاتێك بڕەوپەیداکردنی وشەگەلێك وەکو "قطبیدن" (کە لەبەرامبەر polarize بەکار هێنراوە) و "قطبش" و هتد دەبینن تووشی دڵەڕاوکێ دەبن، کە "ئەم وشە دەستکردانە زمانی شیرینی فارسی تێك دەدەن، زیان بە گەنجینەی بایەخداری ئەدەبی فارسی دەگەیەنن، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ گەورەپیاوانی ئەدەبی فارسی وەکو حافیز و سەعدی دەپسێنێت، لە بەرهەمی نەوەکانی پێشوو کەی شتێکی وەها نووسراوە؟ نیگەرانی دیکەی لەو جۆرە. لە وەڵامی ئەم بەرێزانەدا دەبێت بڵێین: یەکەم "قطبیدن" لە بواری پێکهاتەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ "طلبیدن" نییە، کە عونسوری و ناسر خەسرەو و خەیام و سەعدی و مەولەوی و حافیز و ئەدیبانی دیکەی فارسی بەکاریان هێناوە (سەیری مەدخەلی "طلبیدن" لە لوغەت نامەی دێهخودا بکەن). دووەم، وشەگەلێك وەکو polarize، iodize، ionize و هاوشێوەی ئەویش لە بەرهەمی گەورە ئەدیبانی ئێنگلیزی وەکو شکسپیر و میلتۆن و بایرۆن و هتد نابینرێنەوە. بەڵام دروستکردنی ئەم چاوگانە لە زمانی ئێنگلیزی و دەیان وشەی دارێژراو کە لەوانەوە دەستەبەر دەبێت هیچ زیانێکی بە گەنجینەی ئەدەبی زمانی ئینگلیزی نەگەیاندووە. ئەمڕۆ شەوق و شوورێك بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی شکسپیر هەیە ڕەنگە زیاتر لە ڕۆژگارێك بێت کە ئەم وشانە دروست نەکرابوون. لە ڕاستیدا ئەم دوو هاوکێشە هیچ پەیوەندییەکی بە یەکەوە نییە، سێیەم، هەروەها کە گووترا و هەندێ بەڵگەشی بۆ ئەو هێنرایەوە، زمانی عەرەبی کە لە چاوی زۆربەی خەڵکەوە زمانێکی دواکەوتووە، زاراوە زانستییەکان دەباتە بابە گونجاوەکان و وشە دارێژراوە پێویستەکان لەوان بەدەست دێنێت. ئەگەر وەهایە، کەوایە بۆچی ئێمە کەڵك لە توانایی زمانی فارسی وەرنەگرین، کاری گۆڕاو دروست نەکەین و وشەی دارێژراوی پێویست بەدەست نەهێنین؟ لەم نێوەندەدا کاری وشەسازی زمانی ئێنگلیزی لە هەموویان سەرنجڕاکێشترە. زمانی ئێنگلیزی وشەی ion (

کە بە مانای "ڕۆشتن"ە) لە یۆنانی بە قەرز وەردەگرێت و لە مانای زانستی بەتەواوی نوێ بەکاردەهێنێت. دواتر پاشگری ize کە لە ڕێگەی لاتینەوە لە یۆنانی بەدەستهێناوە پێ زیاد دەکات و فەرمانی ionize دروست دەکات. لە قوناغی دوایی، پاشگری able کە لە ڕێگەی فەرەنسییەوە لە لاتین بە میرات وەرگرتووە پێ زیاد دەکات و هاوەڵناوی ionizeable دروست دەکات و هیچ کەسێکیش ڕەخنە ناگرێت. بەڵام ئێمە دوای چەندین سەدە هێشتا دەڵێین "طلبیدن" چاوگی نادیارە و ڕێگە نادەین لە زمانی فارسی کاری نوێ دروست بکرێت، ئەویش بە پاشگری کارساز کە هی خودی زمانی فارسییە!

بەڵێ نیگەرانی ئەدیبانی ئێمە لە ڕووی دڵسۆزییە، بەڵام ڕیشەی لە واقعیەتدا نییە. ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت کە مۆرکی "نادیار" و "جەعلیات" لە سەر وشە نوێیەکان پاك بکرێتەوە. ئەگەر شتێکی جیاواز لەوە بکەین فارسی لە بواری وشە زانستییەکانەوە بە زمانێکی نەزۆك دەمێنێتەوە.

٢ . یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی کە دەبێت بۆ وشەسازی زانستی بەکار بهێنرێت، سوودوەرگرتن لە وشەی دارێژراوی ئەو کارانەیە کە هەنووکە لە فارسیدا بەکار دەهێنرێن، واتە دروستکردنی وشەی دارێژراو لە ڕێگەی بەراوردکارییەوە، جا چ ئەم وشە دارێژراوانە پێشتر بەکار نەهێنرابن یان ئێستا باو نەبن. بۆ نمونە دروستکردنی "نوشتار" بە بەراورد لەگەڵ "گفتار" یان "رسانە" بە بەراورد لەگەڵ "مالە" و هتد. دکتۆر محەمەد موقەدەم لە داهاتووی زمانی فارسی خشتەیەکی لە دە کاری فارسی دروست کردووە، کە لە هەر یەکیان دەتوانین بە شێوەی پەنگراو حەوت وشەی دارێژراو دروست بکەین، کە بە گشتی هەفتا دانە دەبێت. ئەو دەنووسێت: "لەو هەفتا شێوازەی کە لەم خشتەدا هەمانە دەبینین کە چل و پێنج شێوازی بەکار ناهێنین لە کاتێکدا پێویستیمان بەهەموویان هەیە، هەنووکە ئەوەش زیاد بکەن سەدان وشەی لێکدراو کە بەوان دروستمان نەکردووە و هەزاران وشەی دیکە کە دەتوانین لەم چەند چاوگە بە دانانی پاشگر و پێشگری جۆراوجۆر.... دروست بکەین." لەو کاتەوە کە دکتۆر موقەدەم ئەم وتارەی پێشکەش کردووە ( سێیەمی مانگی ڕەشەممەی ١٣٤١) و دواتر بە شێوەی کتێب چاپ کرا، هەتا ئێستا سێ شێواز لەوانەی بەکار نەدەهێنران بە کارهێنراون: نوشتار، ساختار و سازە ( مهندسی سازە).

ئەمرۆ ئێمە هاوەڵناوی "کنا" بەکار ناهێنین، لە کاتێکدا "کن+ ا"، دروستکراوە وەکو

گویا، شنوا، روا، توانا و هتد. جیا لەمە ئەم هاوەڵناوە لە ڕابردوو بە کار هێنراوە" اگر اندر ذات وی بود، وی پذیرا بودی نە کنا".١٢ هەروەها کنایی کە بە بەراورد لە "توانایی" ، "گویایی" و هتد دروستکراوە و لە ڕابردووش بە مانای "کنندگی" بەکار هێنراوە.١٣ هەروەها فەرمانی "کنانیدن" لە ڕابردوو بە شێوەی تێپەڕی سەبەبی بەکارهێنراوە. ١٤ ئێستا بە کەڵك وەرگرتن لەم وشانەی زمانی فارسی دەتوانین کێشەی کۆمەڵێك لە زاراوە کیمیاییەکان بەمشێوە چارەسەر بکەین.

Active کنا

Activity کنایی

Activate کناییدن

Activated کنانیدە

Activating کنانندە

Activator کنانندە

Activation کنانش

Activation energy وزەی کنانشی

مەبەست لەم نمونە ئەوە نییە، کە بڵێین زاراوەیەك کە زانایانی کیمیایی لە فارسی بەکاردێنن هەڵەیە و دەبێت دووری لەوان بگرین و لە بەرامبەردا ئەم کۆمەڵە بەکار بێنن. بەڵکو مەبەست لەو پیشاندانی توانایی نەناسراوی زمانی فارسی و بەتایبەت پیشاندانی گرنگی بەراورد کردن لە وشەسازی زانستییە. لە نمونەی سەرەوە "کنا"، "کنایی" و "کنانیدن" هەموویان پێشتر لە زمانی فارسیدا بەکارهێنرابوون، بەڵام وا گریمان دەکەین، کە هیچ یەك لەوان بەکار نەهێنرابوون. لەو حاڵەتەشدا ئێمە دەمانتوانی هەمان کۆمەڵە یان هاوشێوەی ئەو لە ڕووی بەراوردکارییەوە دروست بکەین و بەکار بێنین. تەنانەت ئەگەر ناچار دەبووین دەمانتوانی ئەم کۆمەڵە لەگەڵ وشەیەك لە ئەسڵی عەرەبی دروست بکەین: فعال، فعالایی ( با فعالیت)، فعالانیدن، فعالانیدە، فعالاندە، فعالانس، فعالانشی و وشە دارێژراوە پێویستەکانی دیکەش.

دەبێت ئێمە زیاتر لەگەڵ پێویستییەکانی وشەسازی زانستی ئاشنا بین. دەبێت ئەم قسە لەبیر بکەین کە دروستکردنی "چاوکی نادیار" ڕێگەپێدراو نییە، دەبێت کۆتایی بەم گریمانە نا دروستە بێنین کە بەکارهێنانی وشە بابەتێکی "سماعی"یە نەك بەراوردکاری.

زمانێك كە نەوەكانی پێشوو بەكاریان بردووە وەڵامدەری پێویستییەكانی ئەو ڕۆژەی كۆمەڵگەی ئێمە بووە. ئێمە دەتوانین و دەبێت پاشخانێك كە ئەوان بۆ ئێمەیان بە جێهێشتووە بكەینە هەوێنی كاری خۆمان، بەڵام ناتوانین تەنها بەوە ڕازی بین. دەبێت كۆتوزەنجیرێك كە بە نەزانین بەستوومانە بە پێی زمانی فارسییەوە بكەینەوە و ڕێگە بدەین هاوكات لەگەڵ پێویستی و گۆڕانكارییە سەیرەكانی كۆمەڵگەی ئەمڕۆ ئازادانە بەرەو پێشەوە بڕوات. لێرە دایە، كە پێویستی بوونی ئەكادیمیای زانستەكان بەتەواوی هەست پێدەكرێت، ئەكادیمیایەك كە بە چاوێكی كراوە سەیری دونیای واقیع بكات و بتوانێت ورد و ئاوەزمەندانە هەنگاو بنێت.

## یادداشتەكان

١ – فەرهەنگی موعین یەكێک لە ماناكانی "نمودن"، انجام دادن، عمل كردن و كردن تۆمار كردووە. هەروەها كە ئەمڕۆ بە كار دێت، بۆ نمونە: "تسلیم نمودن" لە جیاتی "تسلیم كردن". دكتۆر موعین ئاماژە بەوە دەدات كە ژمارەیەک لە لێكۆڵەران ئەم بەكارهێنانە بە دروست نازانن، بەڵام ئەوەش دەڵێن: "دەبێ بزانین گەورە پیاوەكانیش ئەویان بەكار هێناوە".

پس سلیمان آن زمان دانست زود
كه اجل آمد، سفر خواهد نمود. مثنوی.

٢- ناتل خانلری، پرویز، تاریخ زبان فارسی، جلد دوم، پیوست شماره ١، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٥٢.

٣- خانم پریوش غفوری، خانم اكرم شیرزاده فرشچی و آقای دكتر عنایت الله صدیقی ارفعی.

(iv و vt و n لە چەپەوە بۆ ڕاست بە پێی ڕیزبەندی نیشانەی ناو، كرداری تێنەپەڕ و كرداری تێپەڕ).

Randon House Dictionary of the EngliSh Languge, 1981 4-

Telecast n, vt, vi 1-

Telecommunicate vt 2-

Telecommute vi 3-

Teleconference n. vi 4-

Telegram n. vt. Vi 5-

Telegraph n, vt, vi 6-

Telemeter n. vt. Vi 7-

Telepathize vt, vi 8-

Telephone n, vt, vi 9-

Teleport vt 10-

Telescope n, vt, vi 11-

Teleshop vi 12-

Teletype n. vt. Vi 13-

Teleview vt, vi 14-

Televise vt, vi 15-

Telex n. vt 16-

٥- ژاله رستم پور، پژوهشی درباره افعال مرکب، پایان نامه فوق لیسانس زبانشناسی، ١٣٥٩.

٦- لە هەندێ کاری لێکدراو هەندێ وشەی دارِێژراو باو بوون، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە.

٧- سوپاسی بەڕێز دکتۆر ڕەحمەت حەقدان دەکەم کە لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لە بارەی زمان پالەوی یارمەتی دام.

٨- صادقی، علی اشرف، تحول افعال بی قاعده زبان فارسی، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی مشهد، شماره زمستان ١٣٤٩.

٩-لەم بوارەوە لە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز دکتۆر ئەحمەد تەفەزولی سوودم وەرگرتووە و سوپاسیان دەکەم.

١٠- زۆربەی ئەم بەڵگانە لە لوغەت نامەی دێهخودا وەرگیراوە،

١١- مقدم، محمد، آینده زبان فارسی، انتشارات باشگاه مهرگان، دی ماه ١٣٤١.

١٢- احمدی، احمد، ماهیت، ساخت و گستره زبان فارسی، زبان علم، مرکز مشر دانشگاهی، ١٣٦٥.

١٣- سەیری مەدخەلەکانی پەیوەندیدار لە فەهەنگی موعین بکەن.

١٤- لغت نامه دهخدا.

# بەکارهێنانی دین
## لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا

مەهمەت شاین

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەڤاڵ ئازاد محی الدین

**پوختە**

لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، ئێران هەوڵیداوە کە دین بکات بە بنەمایەکی گرنگ لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا. ئەو ڕژێمەی کە لەدوای شۆڕش دروستبوو، خۆی وەک پارێزەر و بەرگریکاری هەموو مسوڵمانان ناساندو سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کرد بە بابەتێکی گرنگی ئەو سەردەمە. بەڵام لە دوای شۆڕشەوە تا ئێستا ئەگەر سەیری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست دەبینین کە ئێران لە بری دین زیاتر سیاسەتێکی پراگماتیکی پەیڕەو کردووە. دینی تەنها وەک ئامرازێکی شەرعی و ئاسایشی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی نفوزی خۆی بەکارهێناوە. ئەو سیاسەتە دەرەکییەی کە ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە بەکاریهێناوە بە ڕوونی پێمان دەڵێت کە دین بە تەنها ئامرازێکی بەلاغەت (بڕوا پێهێنان)ە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا.

**کلیلە وشەکان:** ئێران، سیاسەتی دەرەوەی ئێران، هەناردەکردنی ڕژێم، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست، ئایین، سیاسەتی دەرەوە.

## بەرایی

ئایین، تێرمێکە بەردەوام لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا فەرامۆش کراوە و گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە. دەوڵەتان لە چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرجدانیاندا هەڵسەنگاندنیان بۆ لایەنی ئایینی نەکردووە. بێگومان فەرامۆشکردنی ئایین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وا دەکات کە تێگەشتن لە سیاسەت و دیبلۆماسی هاوچەرخ تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەم بێت.(١) بەڵام لەدوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی ڕژێمێکی ئیسلامی-ئایینی و دواتر بە کارهێنانی ئایین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، پێگەی دین لە سیاسەتی دەرەوەدا بوو بە جێگەی بایەخ و مشتومڕی چاودێران. ئەگەرچی دین لە ڕۆژئاوادا بەرامبەر بە دەوڵەتی نەتەوەیی ڕۆڵی زۆر لاواز دەبینێت، بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە دین لە فەرهەنگی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوام پارێزگاری کردووە لە گرنگی و پێگەی خۆی و بەردەوام ئەم گرنگییەی دین لە ناوچەکەدا ڕوی لە زیادبوون کردووە. شۆڕشی ئێران ئەم کاریگەری و هێزەی دینی لە سیاسەتی ناوخۆی و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر ئەکتیف کرد. لەگەڵ شۆڕشی ١٩٧٩ دا دۆخێکی نوێی ئایینی سەری هەڵدا، کە ئەویش دەوڵەتی ئایینی بوو. ڕژێمی نوێی ئێران هەرچەندە لە سیاسەتی دەرەوەدا تایبەتمەندییەکانی ئایینی بە هەند وەرگرتبێت ئەوا بەو مانایە نایەت کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە تەوای لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی ئایین دارێژرابێت. بە دەستەواژەیەکی تر، ئایین تاکە سەرچاوەی گرنگی بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران نییە. هەر لەبەرئەوەشە کە تەماشای سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکرێت لە دوای شۆڕشەوە تا ئێستا دین تەنها وەک ئامرازێک بەکارهاتووە لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە. بەم شێوەیە دین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دەبێت بە دەستەواژەیەکی بەلاغەت و وەک یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەکار دەهێنرێت. بۆیە دەبینین هەروەک لە سەدەکانی پێشتردا هەبووە، لە سەدەی بیستەم و لە ئێستایشدا دین نەک بە تەنها ئێران، لە لایەن زۆرێک لە دەوڵەتانەوە وەک ئامرازێکی مەشروع لە سیاسەتی دەرەوەدا بەکارهاتووە.

دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ڕابەر و کاربەدەستانی باڵای ڕژێمی ئێران بە هەمان شێوەی سیاسەتی ناوخۆ هەوڵی بەکارهێنانی دینیان داوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. بەردەوام ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە شۆڕشی ئێران تەنها سەرەتایەکە و بە تەنها لە سنوورەکانی

ئێراندا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام دەبێت لە بڵاوبونەوەی لە هەموو ئەو ناوچانەی کە مسوڵمانی تێدا دەژی.(٢) هەروەها جەختیان لەوە کردۆتەوە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێراندا ڕژێمێک دروستبووە کە بەردەوام لە هەوڵی خزمەتکردنی ئاییندا دەبێت. تەنانەت لە دەستوری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جەخت لەوەش کراوەتەوە کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران نەک بە تەنها پارێزەری ئێرانە، بەڵکو پارێزەری تەواوی مافی مسوڵمانانی جیهانە.(٣) بەم شێوەیە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە تەنها خۆی بە بەرپرسیار نازانێت بەرامبەر بە هاوڵاتیانی ئێران، بەڵکو لەهەمانکاتدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بە پاراستنی تەواوی مافی مسوڵمانانی جیهان. وەک پێویستییەکی ئەم بەرپرسیارێتییە، سیاسەتی هەناردەکردنی ڕژێم بووە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. بە تایبەتی لە سەرەتاکانی شۆڕشەوە هەتا مردنی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی سیاسەتی هەناردەکردنی ڕژێم توانیبووی پێگەو گرنگی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بپارێزێت.

**ئایین وەک بنەمایەکی ئەمنی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ دادەمەزرێت، بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێگەی بە کارهێنانی ئایینەوە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی فەراهەم بکات. شۆڕشگێرانی ئێران و کاربەدەستانی باڵا بە تایبەتی خودی خومەینی پێیان وابوو قەتیس بوونی شۆڕش بە تەنها لە سنوورەکانی ئێراندا بە جۆرێک لە جۆرەکان شکستی شۆڕشی ئیسلامییە.(٤) لەبەرئەوە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی سیاسەتی هەناردەکردنی ڕژێمەوە (شۆڕش) ئاسایشی شۆڕشی ئیسلامی ئێران فەراهەم بکەن. ئێران کە خاوەنی چەندین نەتەوە و ئایینی جیاوازە توانیویەتی لە ڕێگەی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشەوە جگە لە ئاسایشی نێوخۆی ئاسایشی دەرەوەیشی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. هەر بۆیە کاتێک کە سەرنج لە پێشهاتەکانی جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرێت ئەم دۆخەی ئێران بە باشی ڕوون دەبێتەوە. چونکە لە ئێستادا ئاسایشی ئێران دور لە سنوورەکانی خۆی لە دەریای سپی (ناوەڕاستەوە) دەست پێدەکات. کاتێک کە تەماشای لینکی نێوان شیعەکانی لوبنان و ئێران بکرێت ئەوا ڕوونتر لەوە تێدەگەین کە ئاسایشی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە دەست پێدەکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەیە کە ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە هەوڵی داوە هەموو هاوکارییەک پێشکەش بە شیعەکانی لوبنان بکات و پەیوەندی تۆکمەیان لەگەڵ دروست بکات.(٥)

سەرەڕای ئەوەی دوای شۆڕش هەناردەکردنی شۆڕش وەک ئەرکێکی ئایینی باسی لێوەدەکرا، بەڵام ئامانجی سەرەکی پاراستنی خودی شۆڕشی ئێران بوو. بەو مانایەی کە بەلاغەتی ئایین لە سیاسەتی دەرەوەدا زیاتر وەک ئامرازێک بەکارهاتووە نەک وەک ئامانجێک کاری بۆ بکرێت. هەر لەبەر ئەوەشە وەک پێشتریش باسی لێوەکرا کاتێک کە سەیری سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکرێت لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و تا ئێستا بە ئاشکرا دەبینرێت کە ئایین وەک ئامرازێک لە سیاسەتی دەرەوەدا بەکارهاتووە.

ئێران لە سەردەمی پێش شۆڕشدا و لە کاتی ڕژێمی شادا هەوڵیداوە کە شەرعیەتی خۆی لە سیاسەتی ناوخۆدا ببەستێتەوە بە ڕۆژئاواییبوون مۆدێرنبوون و ئاسایشی دەرەوەشی ببەستێتەوە بە فەراهەمکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکادا. بەڵام ئێران دوای شۆڕش هەوڵی داوە کە شەرعیەتەکەی ببەستێتەوە بە ئایینەوە و ئاسایشیشی ببەستێتەوە بە سیاسەتی هەناردەکردن شۆڕشەوە. لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران باوەڕیان وابوو کە مانەوەی شۆڕش بەتەنها لە سنووری ئێراندا بە مانای شکست و لەناوچوونی شۆڕش دێت، بۆیە دەیانویست فەزای نوێ بۆ ژیانی شۆڕش بونیاد بنێن، بۆ بونیادنانی ئەم فەزایەش ئایینیان بە ئامرازێکی گونجاو زانی و دەستیان کرد بە بەکارهێنانی.

کاتێک کە لە ڕوانگەی ئێرانەوە بیر لە هەناردەکردنی شۆڕش دەکرێتەوە، ئەوا بە بێگومان دەتوانرێت بوترێت کە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە ئێران دەکات. چونکە ئێران لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە توانیویەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. بەم شێوەیە ئێران دەتوانێت لەگەڵ دوژمنەکانیدا لە جەنگ و ئاشتیدا هەموو ئەو کارت و فشارانە بەکاربێنێت کە دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە. باشترین نمونەش بۆ ئەمە بێگومان پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبناندا. زانراوە کە ئێران خاوەنی پەیوەندییەکی بەهێز و ڕێکخراوە لەگەڵ شیعەکانی لوبنان و تەنانەت ڕابەری حیزبوڵڵا حەسەن نەسروڵا علی خامنەی بە مەرجەی باڵا دەزانێت(٦) و خودی خۆی وەک نوێنەری علی خامنەی دەناسێنێت لە لوبنان.(٧) ئێران بە هۆکاری پەیوەندییەکانی لەگەڵ شیعەکانی لوبنان توانیویەتی ببێت بە ئەکتەرێکی گرنگ لە دەریای ناوەڕاست و نفوزی خۆی لەو ناوچانەدا فراوان بکات. ئێران لەگەڵ ئەوەی هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕشەوە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی خۆی فەراهەم بکات، هاوکات کاریگەرییەکی گەورەیشی کردۆتە سەر ئەو وڵاتە

عەرەبییانەی کە خاوەنی دانیشتوانی شیعە مەزهەبن لە ناوچەکدا.(٨)

لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ خودی خومەین و ڕابەرانی تری شۆڕش ڕایانگەیاند کە ئێران و ڕابەرانی شۆڕش پارێزەری تەواوی مافی هەموو مسوڵمانانی جیهانن بە بێ جیاوازی. جەختیان لەوە کردەوە کە کێشەکانی فەلەستین، قودس، لوبنان کێشەی ئێرانیشە. تەنانەت بەمەیشەوە نەوەستان ڕایانگەیاند کە لە هەرشوێنێکی جیهان هەر هێرش و مەترسییەک بۆ سەر هەر لایەنێکی ئیسلامی وەک هێرش و مەترسی بۆ سەر ئێران دەبینن و هەڵوێستی جدییان دەبێت سەبارەت بە هەر ڕوداوێک کە بکرێتە سەر هەر مسوڵمانێک. هەر بۆیە دەبینین کە ئێران کاردانەوەی توندنی دەبێت بەرامبەر سەلمان ڕوشدی دوای بڵاوکردنەوەی پەرتوکێک کە تێیدا هێرشی کردبوویە سەر ئیسلام. ئێران هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم سیاسەت و پەرچەکردارانەوە لە ناوخۆ بەهێز ببێت و ڕەزامەندی مسوڵمانانی دەرەوە بەدەست بێنێت و بتوانێت هەست و سۆزی مسوڵمانان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. هەروەها دوژمنی ئیسلام و مسوڵمانانیان بە دوژمنی ئێران ناساندووە، کە ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ زیادکردنی دوژمنانی شۆڕش لە دەرەوە و بە دەستهێنانی هێز لە ناوخۆدا.

ئەگەر چی ئێران بەردەوام هەوڵیشی دابێت کە خۆی وەک پارێزەری تەواوی مسوڵمانان بناسێنێت، بەڵام کاتێک کە سەریری جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکرێت دەبینرێت کە ئایین تەنها وەک ئامرازێکی مەشروع بەکارهاتووە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە. بێگومان بۆ تێگەشتن لەم دۆخەی ئێران تەنها ئەوەندە بەسە کە سەیرێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بکرێت لە ناوچە جیاوازەکاندا. هەر لەبەرئەوەشە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی دوای شۆڕش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست لە ڕووی زارەکی و پراکتیکییەوە پێچەوانەی یەکترن. ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناسنامەی دینی پێشدەخات و بەشێوەیەک گونجاوبێت بۆ خزمەتکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش، بەڵام لە ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست لە بری ناسنامەی ئایینی لە چاچیوەی بەرژەوەندی نەتەوەی و ستراتیجی خۆی سیاسەتی دەرەوەی جێبەجێ دەکات.(٩)

### ئایین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

وەک پێشتریش باسی لێوەکرا، دوای شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ ئێران هەوڵیداوە کە

ئایین وەک ئامرازێک بەکاربێنێت لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ویستویەتی لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەلاغەتی ئایینەوە ئەو پەیامە بڵاوبکاتەوە کە شۆڕش تەنها تایبەت نییە بە گەلی ئێران بەڵکو شۆڕشی تەواوی مسوڵمانانی جیهانە.(١٠) کە ئەمەش تایبەتمەندێتی گرنگ دەبەخشێت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە تایبەتی کاتێک کە بیر لە ململانێی مێژووی نێوان عەرەب و فارس دەکەینەوە زیاتر بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش چی گرنگییەک دەبەخشێت بە ئێران. بۆیە ئێران ویستویەتی لە بری ناسنامەی فارسی لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕشەوە سیاسەت و نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو بکاتەوە. واتە ئێرانی دوای شۆڕش بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە هەست و سۆزی مسوڵمانەکانی ناوچەکە بەدەست بێنێت بتوانێت لەو ڕێگەیەوە سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکات. چونکە ئێران باش لەوە تێگەشتووە کە تاکە ڕێگە بە کارهێنانی ئایینە بۆ ئەوەی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا بڵاوبکاتەوە. بە پێچەوانەوە جگە لە بەکارهێنانی ئایین ئێران هەوڵبدات بە هەر ڕێگەیەکی تر نفوزی خۆی لە ناوچەکە زیاد بکات ئەوا ڕووبەڕووی بەربەرەکانی عەرەبەکان دەبێتەوە. بۆیە دەبینین تەنانەت بەکارهێنانی ئایین و هەناردەکردنی شۆڕشیش لە دەرەوەی شیعەکانی ناوچەکە لە لایەن چەندین وڵاتی ناوچەکە وەک عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی تری سونی مەزهەبەوە بە توندی ڕەتکراوەتەوە و دژایەتی کراوە.(١١)

شایەنی باسە کاریگەرییەکانی هەناردەکردنی شۆڕش سەرەتا لە عێراق و چەند وڵاتێکی تری کەنداودا دەرکەوت، لەبەرئەوە لە لایەن چەندین ڕژێمی سیکۆلاری عەرەبییەوە کەوتنە بە گژداچوونەوەی ئەم هەوڵەی ئێران. دەرئەنجام جەنگی ١٩٨٠- ١٩٨٨ لە نێوان عێراق و ئێراندا هەڵدەگیرسێت کە ئامانجی گەورەی ئەو جەنگە تا ڕادەیەکی زۆر لەمپەردانان بوو لەبەردەم سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ناوچەکە. بە دەربڕینێکی تر جەنگێکی ڕێگری بوو بەرامبەر بە هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕش.(١٢) هەربۆیە لەم جەنگەدا ڕژێمە سیکۆلارەکان، هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا، ئەمریکا، ئیسرائیل دەستیان کرد بە هاوکاری عێراق لە دژی ئێران. جەنگی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران لە لایەک هۆکارێک بوو بۆ ڕێگە گرتن لە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ناوچەکە و لە لایەکی تر هۆکار بوو بۆ بەهێزبوونی ڕابەرانی شۆڕش لە ناوخۆی ئێراندا.

ئامانجێکی تری هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێگومان هاوکاری

کردنی شیعەکانی لوبنان بوو. ئەگەرچی ئێران نەیتوانیبێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایین و هاوکاری کردنی شیعەکانی لوبنانەوە گۆڕانکاری گەورە لە ڕژێمی لوبناندا بکات، بەڵام توانیویەتی لە سایەی بەکارهێنانی سیاسەتێکی ئایینییەوە ببێت بە خاوەنی نفوزێکی گەورە لە سیاسەتی لوبناندا. تەنانەت لە ئێستاشدا ئێران توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ شیعەکانی لوبنان دروستی کردووە ببێت بە ئەکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی لوبنان، هەروەها ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ لوبنان پەیوەندیی دەبەستن. بە دەربڕینێکی تر لە ئێستادا ئێران ئەکتەرێکی کاریگەرە لە داڕشتنەوەی سیاسەتی لوبناندا.

ئێرانی دوای شۆڕش ئامانجی بووە کە لە ڕێگەی بە کارهێنانی ئایینەوە ڕێگە بگرێت لە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و لەهەمانکاتدا کار ئاسانی بکات بۆ بڵاوکردنەوەی نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەرچی ئێران لە سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زۆری گرنگی داوە بە بەلاغەتی ئایین، بەڵام لەهەندێک کاتیشدا لە دەرەوەی ئەم بەلاغەتە دینییەدا ڕەفتاری کردووە. بۆ نمونە سووریا کە بنەمای سەرەکی سیاسەتەکەی برتییە لە سیکۆلاری نەتەوەپەرەست، بەڵام ئێران هەوڵیداوە لە پێناوە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی دین وەلا بنێت و پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ سووریا ببەستێت. هەر بۆیەش دەبینین کاتێک کە سووریا لە ساڵی ١٩٨٢ دا قەتڵوعامی حەما ئەنجام دەدات ئێران هیچ کاردانەوەیەکی نابێت و درێژە بە پەیوەندییەکانی خۆی دەدات لەگەڵ ڕژێمی سووریادا. بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینین ڕژێمی ئێران هیچ کاتێک نەیتوانیوە ببێت بە خاوەنی پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ دەوڵەتێکی ئیسلامی وەک عەرەبستانی سعودییە.

لە ئێستادا بەڕونی دەردەکەوێت ئێران بەردەوام هەوڵیداوە کە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بری دەوڵەتەکان، لە ڕێگەی هاوڵاتیانی مسوڵمانی ناوچەکەوە پیادە بکات. چونکە ئێران بە باشی درکی بەوە کردووە کە ناتوانێت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ڕێگەی کەناڵی دیبلۆماسی فەرمییەوە ڕەزامەندی دەوڵەتان بەدەست بێنێت. ئێران بە باشی درکی بەوە کردووە کە هاوڵاتی مسوڵمانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەردەوام دژی ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕژێمە سیکۆلارەکانی ناوچەکەن، هاوتەریب ئێرانیش هەر یەک لە ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕژێمە سیکۆلارەکانی ناوچەکە بە لەمپەر دەزانێت لە بەردەم سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. بۆیە ئێران بەردەوام لە هەوڵدایە کە لە

ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە کاریگەری لەسەر مسوڵمانانی ناوچەکە دروست بکات و بییان کات بە پشتیوانی سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. بۆیە کاتێک کە تەوژمی نەتەوەپەرستی عەرەب لە ناوچەکە شکست دەهێنێت و ئیسلامی سیاسی ڕوو لە هەڵکشان دەکات، تێدەگەین کە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چەند گەورە بوون.

لە ئێستایشدا کاتێک کە سەیری کێشە جدییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین دەبین ئێران بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بەشێکی گرنگە لەو کێشانە. لە ئێستادا ئێران ئەکتەرێکی زۆر کارایە لە هەریەک لە عێراق و لوبنان و فەلەستین. لە ڕاستیدا پێگەی گرنگی ئێران لە کێشەکانی ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ گرووپە شیعەکانی ناوچەکەدا دروستی کردوون لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە. بێگومان ئایین توانیویەتی دەرفەتی گرنگ پێشکەش بە ستراتیجی و ئاسایشی نەتەوەی ئێران بکات، ئێرانیش زۆر بە وریاییەوە توانیویەتی سوود لەو دەرفەتانە وەربگرێت و بەکاریان بێنێت. هەر بۆیە ئێران توانیویەتی لەڕێگەی بونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ گرووپە شیعییەکانی ناوچەکە لە سەر بنەمای ئایین هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەرقەرابکات. بۆ نمونە ئێران توانیویەتی لە ڕێگەی شیعەکانی لوبنان و عێراق و چەندین ناوچەی تری کەنداوە، کۆنترۆڵی کۆمەڵێک ناوچەی ستراتیجی بکات و لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمریکا بەکاریان بێێت. بەم شێوەیە دەبینین ئێران تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە دەتوانێت نفوزی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زیاد بکات، بە پێچەوانەوە بە ناسنامەیەکی فارسییەوە ناتوانێت هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکاتە سەر جیهانی عەرەبی. بێگومان ئەمەش فاکتەری سەرەکی بووە کە ئێران هەمیشە هەوڵبدات ستراتیجی هەناردەکردنی شۆڕش و پرەنسیپی ئەنتی ڕۆژئاوای و زایۆنی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێ بکات. بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئێران لە ناوچەکانی تردا بە تایبەتی ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست هیچ کاتێک گرنگی بە بەکارهێنانی ئایین نەداوە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا، ئەگەریش گرنگی پێدابێت ئەوا وەک بەهایەکی هاوبەش بووە لە نێوان ئێران وڵاتانی تری ناوچەکە.

### ئایین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست

وەک هەمیشە ئاماژەمان بۆ کردووە ئایین یەکێکە لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگترین بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە لە ناوچەکەدا. بەڵام هەمان فاکتەر و گرنگی دین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستدا بەدی ناکرێت. واتە ئێران لەم ناوچانەدا گرنگی بە فاکتەری ئایین نادات لە دارشتنەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەدا. ڕژێمی ئیسلامی ئێران کە بەردەوام خۆی وەک پارێزەری تەواوی مسوڵمانانی جیهان ناساندووە و ئەم ڕۆڵ و پارێزگارییەی ڕژێم بووە بە بەشێک لە دەستووری ئێران، بەڵام کاتێک کە دێتە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستەوە ئێران زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەم ئەرکەی خۆی فەرامۆش بکات. لەم ڕوانگەیەوە ئێران لە ئاڵۆزییە گرنگەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کێشەی چیچانستان و کێشەی ناوچەی کاراباخ لە نێوان ئەرمەنیستان و ئازەربیجان لە بری ئایین هەوڵیداوە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ستراتیجی و نەتەوەییەکانی خۆیەوە جووڵە سیاسییەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بە دەربڕینێکی تر ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک دەوڵەتێکی ئایینی ڕەفتار دەکات، بەڵام کە دێتە قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست هەوڵدەدات ڕەفتارەکانی وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت. واتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەولەوێت بۆ سیاسەتی ڕژێمە، بەڵام لە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست گرنگی تەواو دەدرێت بە سیاسەتی دەوڵەت. (١٣)

سەبارەت بە سیاسەتی ئێران لە ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست، بێگومان دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئێران واز لە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش دەهێنێت و هەوڵدەدات سیاسەتێک جێبەجێ بکات کە زامنی پاراستنی ڕژێمی ئێران و ئاسایشی نەتەوەکەی بکات. بەرژەوەندییە ستراتیجییە گرنگەکانی ئێران لەم ناوچانەدا بە جۆرێک بووە کە پێش لە بەکارهێنانی ئایین بگرێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا. تەنانەت لە هەندێک دۆخ و شوێندا وەک ئازەربیجان، ئێران وا هەستی کردووە کە مسوڵمانانی ئەم ناوچەیە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی و ستراتیجی ئێران. بۆیە ئایین لە سیاسەتی ئێران لە قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست جگە لە تایبەتمەندی کولتووری هیچ شتێکی تر نەبووە. بە تایبەت لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئێران هەستی

کرد کە ناوچەکە لەبار نییە بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش، بۆیە لە پێناو پاراستنی ئاسایشی خۆیدا لە بری وڵاتانی تازە دروستبووی خاوەن هاوڵاتی مسوڵمان هەوڵدەدات پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیادا بونیاد بنێت. کاتێکیش کە لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا مسوڵمانەکانی چیچان لە ڕووسیا جیابوونەوە و سەربەخۆییان ڕاگەیاند و ئایینی ئیسلامیان کرد بە شەریعەتی حکومەتەکەیان، ئێران نەک هەر پشتیوانی حکومەتی چیچانی نەکرد بەڵکو نیگەران بوو لە پێشهاتەکانی چیچان. چونکە لەم ناوچەیەدا ئاسایشی خۆی لە پێشتر دەبینی وەک لە سەرهەڵدان و دروستبوونی حکومەتێکی ئیسلامیی. ئێران لەم کاتەدا لە بری پشتیوانی کردنی حکومەتی چیچانیستان، کێشەکەی وەک کێشەیەکی نێوخۆی ڕووسیا دەبینی و پێیوابوو کە نابێت ئێران دەستبخاتە کاروباری ناوخۆی ڕووسیاوە. سەرەڕای ئەمە کاتێکیش کە مسوڵمانەکانی چیچان لەلایەن ڕووسیاوە دەکوژران، ئێران نەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا نە پچڕاند، بە پێچەوانەوە بەردەوام بوو لە بەهێز پێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا. بێگومان ئەم بێدەنگییەی ئێران بەرامبەر بە ڕەفتارەکانی ڕووسیا لە دژی گەلی چیچان لە لایەن ڕووسیاوە بەرز نرخێندرا. سیاسەتی ئێران لە کێشەی گەلی چیچاندا ڕێک بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بوو، فاکتەری ئایینی هیچ بە هەند وەرنەگرت و ڕایگەیاند کە ئێران ڕێز لە یەکپارچەی خاکی ڕووسیا دەگرێت.(١٤) بەم شێوەیە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لە ناوچەی قەوقاز بە پاسیفی مایەوە و لە ئاڵۆزییەکانی چیچاندا بۆ هەمووان ڕوون بوویەوە کە ئێران تا چەند دەوڵەتێکی ئیسلامییە و هەوڵی پاراستنی مسوڵمانانی جیهان دەدات. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پەیوەندیی ئایینی هیچ کاریگەری و گرنگی نەبووە لە نێوان ئێرانی ئیسلامی و چیچانی مسوڵماندا، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵ و گرنگی هەبووە بۆ ئێران تەنها بەرژەوەندییەکانی خودی دەوڵەتی ئێران بووە. هەروەها بە ڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە گەلاڵە بوو کە «ئایا دەوڵەت لە خزمەتی ئاییندایە یاخود...... نا.... ئایین لە خزمەتی دەوڵەتدایە؟».

هەروەها ئاڵۆزییەکانی کاراباغ لە نێوان ئازەربیجان و ئەرمەنستان و هەڵوێستی ئێران سەبارەت بەم کێشەیە جارێکی تر شوێن و پێگەی ئایینی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ناوچەی قەوقاز نشاندایەوە. ئێران سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئازەربیجاندا سەر بەهەمان مەزهەبوو تەنانەت لەسەر هەمان قۆڵی مەزهەبی شیعەی ئیمامین، بەڵام لە کێشەی

کاراباغدا نەک پشتیوان و هاوکاری ئازەربیجان نەبوو بگرە بەهەمان شێوەی کێشەی چیچان بەردەوام بوو لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنستاندا. لە ئێستادا لە ٪٢٠ خاکی ئازەربیجان لە لایەن ئەرمەنستانەوە کۆنترۆڵ کراو و زیاتر لە یەک ملیۆن و نیوی هاوڵاتی ئازەری شیعە مەزهەب لە ناوچەکانی خۆیان ئاوارە بوون، بەڵام ئێران نەک هەر هاوکاری ئازەربیجانی نەکردووە بەڵکو نەیشی توانیوە لە کێشەکەدا بێلایەنی خۆی بپارێزێت، بە پێچەوانەوە زیاتر گرنگی داوە بە دۆستایەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنستاندا. بەم شێوەیە لە بەر ڕۆشنای کێشەکانی کاراباغ و گەلی چیچان پراگماتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانمان بۆ ڕووندەبێتەوە و تێدەگەین لەوەی کە لەم ناوچانەدا بەرژەوەندی نەتەوەی و ستراتیجێتی دەوڵەت پێش بەکارهێنانی بەلاغەتی ئایین دەکەوێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. ئەم شێوازە سیاسییەی ئێران پێمان دەڵێت کە بانگەشی ئایینی جگە لە بەکارهێنانی ئایین بۆ خزمەتی دەوڵەت هیچ شتێکی تر نییە. بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەڵوێستی سیاسی ئێران سەبارەت بە کێشەی کاراباغ هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئێران دوربکەوێتەوە لە پرەنسیپی پارێزەی مسوڵمانانی جیهان، فەرامۆشکردنی ئەو ئەرکەی کە دەستووری ئێران خستویەتیە سەرشانی ڕژێمی ئێران. ئێران هەم لە کاتی جەنگ و هەمیش دوای جەنگ و تەنانەت لە ئێستایشدا پرەنسیپی ئایینی وازلێهێناوە و لە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیدا بووە لەگەڵ ئەرمەنستاندا. هاوتەریب ئازەربیجانێکی مسوڵمانی شیعی مەزهەبی ئیمامی وەک هەڕەشەیەک دەبینێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.(١٥)

جێگەی ئاماژە بۆکردنە کاربەدەستانی باڵای ئێران سەبارەت بە کێشەی کاراباغ ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کێشەیەکی نێوان ئازەربیجان و ئەرمەنستانە و هیواخوازن کە بە ڕێگەی ئاشتی و دیبلۆماسی چارەسەر بکرێت. بەم شێوەیە دەبینین ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهاوکاری کردنی حیزبوڵای لوبنان و گرووپە شیعەکانی تر ڕۆڵی باڵندەی ئەبابیل دەبینێت، بەڵام لە ناوچەی قەوقاز ڕۆڵی کۆتر دەگێڕیت. گەورەترین هاوکاری بۆ برامسوڵمانە شیعە مەزهەبەکانی ئازەربیجان تەنها ئەوە بوو کە هیوا خواست بوو کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەربکرێت.

هەڵوێستی ئێران سەبارەت بەکێشەی کاراباغ گرنگی تایبەتی هەیە لە ڕوانگەی ڕونکردنەوەی جیاوازی نێوان بەلاغەت (بەکارهێنان ئایین) و تەوژمی سیاسی ڕیالیستی. وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد ئێران هەوڵیداوە کە لە دارشتنەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتی

دەرەوەی لە ناوچەی قەوقاز پرەنسیپی دین وەلا بنێت و بەرژەوەندی نەتەوەی بەهەند وەربگرێت. بۆیە ئێران هەمیشە هەوڵیداوە کە ڕەفتارەکانی لەم ناوچانەدا بەجۆرێک بێت کە نەبێتە مایەی نیگەرانی ڕووسیا. دیارترین نمونەی باڵایش بۆ ئەم سیاسەتەی ئێران، بێگومان لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەدا بە دیار دەکەوێت کە ئێران لە سەروبەندی جەنگ و دوای جەنگی ناوخۆی ١٩٩٢ تاجیکستاندا پیادەی دەکرد. لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین ئەگەرچی ئێران هەوڵیشی دابێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا ئایین بکات بە پرەنسیپێکی باڵا و بەکار بێنێت، بەڵام کاربەدەستانی باڵای ئێران لە ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستدا وەک هەر دەوڵەتێکی تر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان جێبەجێ کردووە.(١٦)

## ئەنجام

ئەگەرچی لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ئێران خۆی بە پارێزەری تەواوی مافەکانی مسوڵمانانی جیهان ناساندبێت و تەنانەت دەستووری دەوڵەتیش ڕژێمی ئێرانی ڕاسپاردبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، بەڵام کاتێک کە سەرنج دەدەین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە دوای شۆڕشەوە هەتا هەنوکە دەبینین ئایین تەنها ئامرازێک بووە و وەک بەلاغەتێک (هێزی بڕواپێهێنان) لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا بەکارهاتووە.

گەلێک جیاوازی گرنگ و گەورە هەیە لە سیاسەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستدا. ئەگەرچی دین لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرەنسیپ و بنەمایەکی باڵاش بێت، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو ئایینە وەک ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت. ئێران بەردەوام ویستویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە هێز و پێگە و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فراوان بکات. هەروەها هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئایینەوە بازبدات بە سەر ئەو دوژمنایەتییە مێژووییەی کە لە نیوان فارس و عەرەب هەبووە.

کەواتە ئێران هەوڵدەدات ئایین تەنها وەک ئامرازێک بەکاربێنێت و هیچ گومانیشی نییە کە ناوچەکە بۆ ئەم مەبەستەی ئێران ناوچەیەکی لەبار و گونجاوە. بە دەستەواژەیەکی تر هاوڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامادەباشی تەواودان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئایینەوە هەست و سۆزیان داگیر بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئێران بەردەوام لە هەوڵدابووە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی هاوڵاتیانی مسوڵمانی ناوچەکە بەدەست بێنێت. هەر بۆیە ئێران لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرەنسیپی ئایینی کردووە بە کاری لە پێشینەی خۆی.

ئێران بە باشی درکی بەوە کردووە کە هاوڵاتی مسوڵمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەموو شێوەیەک دژی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژێمە سیکۆلارەکانی ناوچەکەن و بەردەوام هەوڵی دژایەتیکردنی ئەم لایەنانە دەدەن. هەر بۆیە ئێرانیش ئەمریکا و ئیسرائیل بە گەورەترین دوژمنی خۆی دەناسێنێت و ڕژێمە سیکۆلارەکانی ناوچەکەش بە پرۆژە و درێژکراوەی هەر یەک لە ئەمریکا و ئیسرائیل وەسف دەکات. کە واتە سیاسەت و هەڵوێست و بیرکردنەوەی ئێران و هاوڵاتیانی ناوچەکە هاوئاهەنگن سەبارەت بە ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژێمە سیکۆلارەکانی ناوچەکە. دەرئەنجام نارەزایەتییەکی گەورە لە ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە لە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژێمەکانی نزیک لە ڕۆژئاوا، ئەو دەنگە نارازییەش بە زۆری لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە ئاراستە دەکرێت کە بەردەوام لە هەڵکشاندان لە ناوچەکەدا. ئێرانیش ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە بەهێزبوون و هەڵکشانی ئەم گرووپە ئیسلامییە سیاسییانەی ناوچەکە. هەروەها ئێران بەردەوام هەوڵی داوە سوود لە بارودۆخی ناوچە وەربگرێت و پرەنسیپی ئایین وەک ئامرازێک بەکاربێنێت بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. ئەگەرچی بارودۆخی ئایینی ناوچەکە کۆمەڵێک دەرفەتی گرنگیشی پێشکەش بە ئێران کردبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئێران ڕووبەڕووی چەندین لەمپەری گەورەش دەبێتەوە لە جێبەجیکردنی سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا.(١٧)

ئێران لە ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست پرەنسیپی ئایینی فەرامۆش کردووە و هەوڵی داوە وەک ناسنامەیەکی دەوڵەتی نەتەوە ئاسای سیاسەتی دەرەوەی خۆی جێبەجێ بکات. واتە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم ناوچانەدا لە بری بنەماکان ئایدۆلۆژیای ئایین لەسەر بنەمایەکی بەرژەوەندی نەتەوەیی بونیادنراوە.

بێگومان کاتێک کە لێکۆڵینەوەی لە سیاسەتەکانی ئێران دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست، ناوچەی قەوقاز، ئاسیای ناوەڕاست، ڕووندەبێتەوە کە ئایین تەنها ئامرازێکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. هەر بۆیە ئێران هەمیشە هەوڵیداوە کە ئایین وەک ئامرازێک بەکاربێنێت بۆ شەرعییەتدان بە ڕژێمەکەی و فەراهەم کردنی ئاسایشی نەتەوەیی و فراوان کردنی هەژموونی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە ئەو ئایینەی کە ئێران بەکاری هێناوە لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکرێت بنەمایەکی داهێنراوبێت لەو بنەمایانەی کە خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەی ئێران دەکەن لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئێران لەگەڵ ئەوەی هەوڵی بەکارهێنانی ئایین دەدات لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بەڵام هەر کاتێک پرەنسیپی ئایین نەبوو بە بەشێک لە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و پلانە ستراتیجییەکان ئەوا ئێران دەتوانێت زۆر بە ئاسانی دەست بەرداری پرەنسیپی ئایین ببێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا. کاتێک کە بابەتەکە بابەتێکی ستراتیجی و بەرژەوەندی نەتەوەی بێت ئەوا ئێران بە بێ دو دڵی هەوڵ دەدات هەموو کەناڵە دیبلۆماسییە سەردەمییەکان بەکاربێنێت.

لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، ئێران لە ڕێگەی بەلاغەتی ئایینەوە هەوڵیداوە لە لایەک دەرفەت بۆ بڵاوبوونەوەی نفوزی خۆی بدۆزێتەوە لە لایەکی ترەوە ناوچەی نوێ بۆ ڕژێمی نوێی ئیسلامی ئێران فەراهەم بکات. هاوتەریب ئایینیشی بەکارهێناوە بۆ پارێزگاری کردن لە ڕژێمی نوێی ئیسلامی لە ناوخۆی وڵاتدا. بەم شێوەیە ئێرانی دوای شۆڕش توانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایین و سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشەوە سەرنجەکان لەسەر خۆی لابات و بیان گوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، هەروەها توانیشی بۆ ماوەیەکی درێژ ڕژێمە نوێیەکەی خۆی لە ڕەخنە و ململانێی ناوخۆیی ڕزگاربکات.

## سەرچاوەکان

1. Dinin Uluslararası politikadaki rolü hakkında bkz: Mehmet Şahin, "Uluslararası İlişkilerde Din Faktörü", İdris Bal. (Der.), Değişen Dünyada Uluslararası İlişkiler, Lalezar Kitabevi, Ankara, 2006. ss. 143-152.
2. Ayşen Baylak, İmam Humeyni, İlke Yayıncılık, İstanbul, 2005, s. 95.
3. İran İslam Cumhuriyeti Anayasası, Madde 3/16, http://www.iranonline.com/iran/iran-info/Government/constitution-1.html
4. Rouhullah K. Ramazani, "İran's Islamic Revolution and the Persian Gulf", Current History, January 1985, s. 6.
5. İbrahim El Marashi, "Şii Hilali Miti'ni İnşa Etmek: İran Devriminden 2003 Irak Savaşı'na", Avrasya Dosyası, Cilt 13, Sayı 3, 2007, ss. 23-25.
6. "Merci-i Taklid" makamı Şiilerin sosyal ve dini hayatta içtihadına uydukları ve örnek aldıkları dini liderlerdir.
7. Bayram Sinkaya, "Şii Ekseni Tartışmaları ve İran', Avrasya Dosyası, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 44.
8. Marashi, a.g.m., s. 30.
9. Arif Keskin, "Şii Jeopolitiği ve İran", Avrasya Dosyası, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s.94.
10. Rouhullah K. Ramazani, "Iran's Foreign Policy: Contending Orientations", The Middle East Journal, Vol 43, No 2, Spring, 208.
11. Gawdat Bahgat, "İslam'ın Siyasal Coğrafyası: Basra Körfezi'ndeki Şiiler", Avras-ya Dosyası, Cilt 13, Sayı 3, 2007, s. 150.
12. Vali Nasr, "Regional Implications of Shi'a Revival in Iraq", The Washington Quarterly, Vol. 27, No 3, Summer 2004, s. 16.
13. Brenda Shaffer, "The Islamic Republic of Iran: Is It Really?", Brenda Shaffer (Edit.) The Limits of Culture: Islam and Foreign Policy, The MIT Press, Cambridge, 2006, s. 220.
14. Shaffer, a.g.m., ss. 227- 228.
15. Shaffer, a.g.m., s. 230
16. Shaffer, a.g.m., ss. 235-239
17. Mehmet Şahin, "Şii Jeopolitiği: İran İçin Fırsatlar ve Engeller", Akademik Orta Doğu, Cilt 1, Sayı 1, 2006.

# سنوورە تینووەکان

## قەیرانی ئاو لە ئێران و ڕەهەندە ئەمنییەکانی لەگەڵ دراوسێیەکانی

عەمود شوکری

وەرگێڕانی عەبدوڵڵا ڕەسووڵی



ئێران بە بوونی سەرزەمینێکی وشك، قەیرانی ئاو بەرۆکی گرتووە، کە تەنانەت کاریگەریی لەسەر ئاسایش و هەروەها پەیوەندی ئەم وڵاتە لەگەڵ دراوسێیەکانی دیکەیشی داناوە. ئەم توێژینەوە تاوتوێی هەوڵەکان بۆ بینینەوەی ڕیشەکانی ئەم قەیرانە، پرسگەلێك وەکو گۆڕانکاریی ناوچەیی، خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان، زۆربوونی دانیشتوان و چالاکییە کشتوکاڵییەکان دەکات. هەروەها ئەم توێژینەوە باسی ئاسایشی ئاو و ئەگەری قەیرانە ئەمنییەکان دەکات، کە ڕەنگە کاریگەریی لەسەر پەیوەندی ئێران و وڵاتانی دراوسێی دابنێت. قەیرانی کەمی ئاو تەنها لە نێوخۆی سنوورەکانی ئێراندا بەرتەسك نابێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوبەری سنوورەکانی ئێرانیش درێژ دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوە ئاوە هاوبەشەکان دەبێتە هۆی ناکۆکی سەرووسنووری و ئەم توانایيەی هەیە، کە کێشە لە پەیوەندی دیپلۆماتیکی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دروست بکات. بۆ کەم کردنەوەی ئاستی توندی ئەم ناکۆکیانە و باشتر بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، هەوڵدان لە چوارچێوەی هاوکاریی ناوچەیی گرنگییەکی زۆر زۆری هەیە و دەتوانێت تێچوونی ناکۆکییەکانی ئاو کەم بکاتەوە. هەروەها ئەم توێژینەوە باسی چۆنیەتی کاریگەریی قەیرانی ئاو لەسەر بڕیار و هاوپەیمانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ناوچەکە دروست بکات و ئەم پرسە بخاتە بەر وەردبینی کە چلۆن ئەکتەرە ناحکومییەکان دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لە ناوچە لاوازەکان لە سەرچاوە ئاوییەکان، بەدووی دەستکەوتی سیاسی خۆیانەوە بن. ئەم بابەتە پێشان دەدات، کە تێگەیشتن لە دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانە و کاریگەریی ئەو لەسەر ئارامی ناوخۆ و ناوچەیی گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

## یەکەم: ڕەهەندە ناوخۆییەکانی ناکۆکی ئاو لە ئێراندا

لەسەرەتادا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بدەین، کە ئێران لە نێو ١١٦ وڵاتی جیهان، لە بواری ناکۆکی ئاوەوە پێگەی ١٤ی بەدەست هێناوە. سەرانەی ئاویك کە شیاوی دیسان بەکارهێنانە لە ئێران بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە. لە ماوەدای ساڵەکانی ١٩٦١ و ١٩٧٦ی زایینی سەرانەی ئاوی شیاوی بەکارهێنان لە ٥٥٠٠ مەتر خشتەکی بۆ ٢١٠٠ مەتری خشتەکی کەم بووەتەوە. ئەم بڕە لە ساڵی ٢٠٠١ی زایینی بۆ ١٧٥٠ مەتری خشتەکی دابەزی (١). لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ زایینی کە دانیشتوانی ئێران نزیکەی ٧٠ ملیۆن کەس بوو، پشکی هەر تاکێك لە ئاوی شیاوی بەکارهێنان لە ساڵدا ١٦٧٠ مەتری خشتەکی

بوو. لە ئەنجامدا ئێران یەکێك لە خەسارەوەرگرترین وڵاتانی ناوچەیە. بەتایبەت ئەوەی کە ئێران لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە کە لە ئاستی جیهان ئاوێکی زۆر بەکار دێنن (٢). لەسەر بنەمای بیندراوەکانی «ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی»، ئێران تەنها ٢٠ ساڵ هەتا گەیشتن بە سنووری هەژاری ئاو کاتی هەیە و سەرانەی ئەو کە ئێستا زیاتر لە ١٢٠٠ مەتری خشتەکییە، لە ساڵی ٢٠٤٠ی زایینی کە دانیشتوانی ئێران دەبێتە ١٠٦ ملیۆن کەس، سەرانەی ئاوی ئەویش بۆ ٩٧٦ مەتری خشتەکی کەم دەبێتەوە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان هەر کاتێك سەرانەی ئاو لە هەر وڵاتێك بۆ کەمتر لە هەزار مەتری خشتەکی دابەزێت، ئەمە بە مانای بوونی قەیرانی ئاو لەو وڵاتەیە (٣).

جیا لەمەش، ئێران وڵاتێکە کە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، زۆربەی بەرهەمی ئابووری ئەو لە ناوچەی زۆر بەکارهێنەری ئاودا هەیە. زیاتر لە سەدا ٩٠ی دانیشتوانی ئێران لە ناوچەگەلێك بە سەرچاوەی ئاوی ناجێگیر دەژین. لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی کەم ئاوە، بەشێکی گەورە لە سەرچاوە ئاوەکانی ئێستای، بۆ کشتوکاڵ بەکار دێت. بەمەیشەوە، داهاتی ئابوورییەك کە لە ڕێگەی ئاوە کشتوکاڵییەکانەوە نەسیبی وڵات دەبێت، لە ئاستی ناوچە لە نزمترین بڕی دایە و بەهۆی بەرفراوانتر بوونی پانتایی چالاکییە پیشەسازییەکان لە ئێران، خواست بۆ ئاو لە بەرزبوونەوە دایە. کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و کانزاکان لەو بابەتانەن، کە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە ئاون. بەمشێوەیە کە لەگەڵ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی و زۆربوونی خواست بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان کە لە ئەسڵیشدا زۆر کەمە، پەرە بە کێشەی کەمی ئاو دەدات و بە بۆنەی سەرباشقە خراپەکانی بەکارهێنانی ئاو لە پیشەسازی، دابین کردنی سەرچاوەی ئاو ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە. (٤)

بۆ نموونە، ئێسفەهان بە زیاتر لە ٩ هەزار یەکەی پیشەسازی و گەورەترین کارخانەکان وەکو « فولادی موبارەکە» و « کوڕەی تواندنەوەی ئاسن» لە پلەی یەکەمی پیشەسازی وڵات دایە. بەڵام جێگیرکردنی پیشەسازیی ئاوبەریش بە سەرنجدان بە کەمی ئاو و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرە زەرورییەکان لە تیرەکی ٥٠ کیلومەتری خۆرهەڵات، خۆرئاوا، باشوور و باکوور لە سەنتەری شاری ئیسفەهان لەم ساڵانەی دوایی زایندەڕووی خستۆتە کەلەلا و دوایین هەناسەکانی دەکێشێت. بەهەمووی ئەمانەوە، بنیاتنانی بەشێکی گەورە لە پیشەسازی ئاوبەر بۆ نموونە پۆڵا و توانەوەی ئاسن و پیشەسازییە گەورەکانی دیکە بووەتە

یەکێك لە دڵەڕاوکێ گرنکەگانی بەرپرسانی ئاوی وڵات و پارێزگارەکە. (٥).

جیا لە هەمووی ئەمانە، ژمارەیەك لە شارەزایان لە ئێران لەو باوەڕەدان، کە گرنگترین و پر خەسارترین مێحوەری بەڕێوەبردنی هەڵەی سەرچاوەکانی ئاو لە ئێران، وەبەرهێنان بۆ گەیشتن بە خۆبژیوی خۆراکی بوو، کە بووە هۆی پەرەپێدانی بێ سەروبەر و ناجێگیری کەرتی کشتوکاڵ. هەر ئەم سیاسەتە نائاوەزمەندانە بووە هۆی بەکارهێنانی بێسنووری سەرچاوە ئاوییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوینی و پەرەسەندنی دیاردەی «رۆچوونی زەوی» و لەنێوچوونی بەشێکی گەورە لە سەرچاوەکانی ئاوی وڵاتی بە دواوە هەبووە.(٦) ئەمەش لە کاتێك دایە کە ئێران تەنها بە هۆی پاڵنەرە سیاسییەکان گرنگی بەو دەرفەتە زۆر گرنگانە نەداوە، کە لە ناوچەکانی دیکەدا هەیە. بۆ نموونە، شارەزایان لەو باوەڕەدان، پارێزگاری خوزستان بە بەرهەمهێنانی ١٦ ملیۆن تەن بەرهەمی کشتوکاڵی، رۆڵێکی زۆرباشی لە دابین کردنی خۆراکی ئێراندا هەیە. بەڵام حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان ئەم پوتانسیلە کشتوکاڵییە و ئاوی گەورەی خوزستانیان پشت گوێ خستووە و تەنها سەرقاڵی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی ئەم ناوچە بوون. هەندێ هۆکاری ئەم سیاسەتە لە ئاست خەڵکی ئەم ناوچە دەگێرنەوە بۆ ئەوەی کە سەر بە ئایینزای سونین و زۆرتر بەرهەڵستکاری سیستەمی سیاسین (٧).

هەروەها یەکێك لەو تۆمەتانەی کە دەدرێتە پاڵ حکومەتەکانی ئێران، بەڕێوەبردنی هەڵەی دۆسییەی ئاوە. لەبەر ئەوەی بەنداوگەلێك کە بۆ ئامانجی کشتوکاڵ و هەروەها وزەی کارەبای ئاوی دروست کران، پەرەیان بە کێشەی کەمی ئاو دا. هەر ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی ڕووبارەکان، گۆلەکان و حەوزەکانی ئاوی ژێرزەوینی گرنگ تووشی دابەزین بن. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك، ئێران لەو شتەی کە بە ناوی «وشکساڵی دەستکردی مرۆڤ» و بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری ئاو دەناسرێت، ئازار دەچێژێت کە ریشەی لە بەڕێوەبردنی دوژمنکارانە، دەرفەتخوازانە و ناجێگیری سەرچاوەکانی ئاو دایە. (٨) بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی ژمارەی ٣١٦ بەنداو لە ئێراندا هەبوو و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ی زایینی ئەم ژمارە بەرزبووەوە بۆ ٦٤٧ بەنداو. لە ساڵی ٢٠١٩ ی زایینی تاران پەردەی لەسەر پرۆژەیەك لادا کە بڕیار بوو لە ماوەی دوو ساڵدا ١٠٩ بەنداو بنیات بنێت، بۆ ئەوەی ئاو بەو شارانە بگەیەنێت کە وشکساڵی ئازاری دەدان. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی، تەنها ناوچەی شێروان ١٨ بەنداوی هەبوو. ئەم ئاراستە زیاتر پەرەی بەم قەیرانە دا، بە تایبەت کاتێك کە ژمارەیەك لە بەنداوەکان بە پاڵنەری سیاسی و گۆڕینی دیموگرافیا

بنیات نران و دروستکردنی ئەم بەنداوانە بەبێ ئەوەی کە خوێندنەوەی پێویست لەبارەی دەرئەنجامەکانی دواتری بکرێت، لەژێر چاودێری سوپای پاسداراندا جێبەجێ کران (٩).

دەتوانین لە هۆکارەکانی دیکەی وشکەساڵی ئێران ئاماژە بە سیاسەتی دەسەڵاتداریەتی لە بەکارهێنانی بێسنووری سەرچاوە ئاوییەکانی ژێرزەوی بدەین. لەم بوارەیەوە، مستەفا فدایی فەرد سەرۆکی کۆمیتەی پسپۆڕی هەڵسەنگاندنی لافاو سەر بە کۆمیتەی نیشتمانی بەنداوە گەورەکانی ئێران لە وتەیەکدا ڕایگەیاند، دیاردەی «ڕۆچوونی زەوی» کە سەرچاوە لە بەکارهێنانی بێسنووری ئاو و بەتاڵ کردنی ئاوی ژێرزەوی وەردەگرێت، دەبێتە هۆی کۆچ کردنی ناچاری زیاتر لە ٣٧ ملیۆن کەس بۆ خۆرئاوا و باکووری ئەم وڵاتە. ئەو دانانی بەڕێوەبەرانی ناشایست، وەڵامدەر نەبوونی بەڕێوەبەران، پەرەپێدانی بەردەوام بە گەندەڵی سیستەماتیك، لە پێش بوونی فیکری ئایدیۆلۆژیك بە سەر پرەنسیپی پەرەسەندنی جێگیر و بەردەوام، پێداگیری لەسەر جێبەجێ کردنی سیاسەتی دروشتی ناوخۆیی و دەرەوەی نائاوەزمەندانە، نەبوونی سیستەمی دادوەوری بەهێز و گرنگی نەدان بە خوێندنەوە بنەماییەکان» لە هۆکارەکانی بیچمگرتنی قەیرانی ئاو لە ئێران زانیوە. (١٠) سیاسەتێك کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێت و لە پەرەسەندندا پێگەی مێحوەری بە کشتوکاڵ بدات، سیاسەتێکی نادروستە. لە ئێران ئابووری ئاو پرسێکی سەرووئاسایی گرنگە و دەبێت لە هەموو لایەنەکانەوە واتە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسی سەیری پرسی ئاو بگرێت کە ئاراستەیەکی وەها لە ئێراندا نییە (١١).

ئەو هۆکارانەی کە بووە هۆی کەم کردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان دەتوانێت شکست بە سیاسەتی خۆبژیوی لە کشتوکاڵ، گرنگی نەدان بە سەرچاوەی ئاوی هەبوو، پەرەسەندنی هەناردەکرردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کە ئاوی زۆریان دەوێت، بڵاوبوونەوەی دانیشتوان لەو ناوچانەی کە کێشەی کەمی ئاویان هەیە، بەرفراوان بوونی شارە گەورەکان، هەڵبژاردنی نادروستی شوێنی پیشەسازییە ئاوبەرەکان، شێوازەکانی نادروستی بەکارهێنانی ئاو، پشت گوێ خستنی کەمی ئاو لە تۆڕی دابەشکردن و نەبوونی یاسا و سیاسەتی ژینگەیی و بەردەوام و جێگیر لە بازاڕی ئاو ئاماژە پێبدەین (١٢).

لەبارەی ئەگەری کاریگەری هۆکاری مرۆیی و گۆڕانکاریی ژینگەیی لە سەر وشك بوونی گۆلی ورمێ لە ناوەندە ئاکادێمیکەکان هەندێ لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە. توێژینەوەیەك کە

عەلی زادە و ئەوانیتر ئەنجامیان داوە ئاماژە بەم خاڵە دەدات کە گۆلی ورمێ و حەوزی ئەو زیاتر لەوەی کە لە گۆڕانکاریی ژینگەیی زیانی پێگەیشتبێت، لە هۆکارە مرۆییەکان زیانی پێگەیشتووە. ئەنجامی توێژینەوەکانی پێش ئەو، باسی ئەوە دەکات کە بڕی ئاوەکانی ژێر زەوی گۆلی ورمێ زۆر کەم بووە. بەڵام ئەم توێژینەوە روونی کردووە کە دەبێت دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی گۆلی ورمی لە بەرچاو بگرین (١٣). لە گرنگترین هۆکارەکان کە لە دابەزینی ئاستی ئاوی گۆلەکەدا رۆڵی هەبوو، دەتوانین ئاماژە بە وشکساڵی و زۆربوونی چالاکییە کشتوکاڵییەکان بدەین. بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی بارودۆخی ژینگەیی باشتر بوو و حکومەتی ئەو کاتیش بڕێکی ئاوی زۆرتری ڕژاندە نێو گۆلەکەوە. گومانێك لەوەدا نییە، گۆڕانکاریی بارودۆخی ژینگەیی، پەرەسەندنی بەشی کشتوکاڵ و زۆربوونی دانیشتوان لە ساڵانی دوایی کێشەی ژینگەیی لە ئاستی جیهان و بەتایبەت لە وڵاتانێك وەکو ئێران هەبووە، کە ناوچەی وشك و نیمچە وشکیان هەیە. گۆلی ورمێ یەکێك لە ژینگە سروشتییەکانی پارێزراوی دەگمەن لە جیهانە. بەڵام ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدان، لە دوو دەیەی کۆتایی کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئەم ژینگە سرووشتیە داناوە (١٤).

وا هەست ئەکرێ حکومەتی ئێران بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئاوی وڵاتەکەی پرۆژەیەکی گشتگیری لەبەر دەستدا نییە. لەمڕووەوە، لەم ساڵانەی دوایی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان، گواستنەوەی ئاو لە گەنداوی عەرەبی، دەریای خەزەر و هەندێ پارێزگای سنووری بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست خستۆتە بەرنامەی کاریی خۆیانەوە. ئایدیای گواستنەوەی ئاو لە کەنداوی عەرەبی بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران دوای شۆڕش و لە سەردەمی سەرکۆماری هاشمی ڕەفسەنجانی خرایە بەرباس. بەڵام یەکەمین جار مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی بە ڕەسمی پەردەی لەسەر ئەم بابەتە لادا و گوتی: « بڕیار درا ئەم پرسە سەرەتا لە پارێزگاکانی کرمان و یەزد جێبەجێ بکرێت. ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم پرۆژە لە ئێسفەهانیش جێبەجێ بکەین. بەپێچەوانەی ئەوەی حکومەتەکان پێداگیری لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو دەکەن، بەڵام ژمارەیەك لە پسپۆڕەکان لەو باوەڕەدان لەبەر ئەوەی تێچوونی زۆر کەم بۆ ئەم پرۆژانە تەرخان کراوە، بڕی ئاوی گواستراو لە ڕێگای ئەم پرۆژانەوە لەگەڵ بڕی ئاوی پێویستی ناوچەکانی نیشتەجێ بوون، پیشەسازی و کشتوکاڵ ناسازگارە. بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی ئاو ڕێگاچارەیەکی دیکەش نییە»(١٥).

لەم بوارەوە، هیوایان بە پرۆژەی دابین کردن و گواستنەوەی ئاوی کەنداوی عەرەبی بەستووە و ژمارەیەك لە میدیاکانی ئێران ئەو وەك «پرۆژەیەکی گەورە» ناوهێناوە. لەم پرۆژەدا، دوورودرێژترین هێڵی گواستنەوەی ئاو پێش بینی کراوە، کە لە کەنداوی عەرەبی هەتا شاری سیرحان لە پارێزگای کرمان درێژ دەبێتەوە. درێژی ئەم بۆرییە زیاتر لە هەشتسەد کیلومەتر دەبێت کە لە سێ قۆناغ و لە پارێزگاکانی هورمزگان، کرمان و یەزد جێبەجێ دەکرێت و «هەڤدە پارێزگا» سوود لەم پرۆژە وەردەگرن. کۆمپانیاگەلێك کە ڕۆڵیان لە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەدا هەیە، بریتین لە: « کۆمپانیای دابین کردن و گواستنەوەی ئاوی گەنداو (wasco)” بە وەبەرهێنان و بەشداری کۆمپانیای پیشەسازی و کانزایی گوڵ گوهەر، کۆمپانیای کانزایی و پیشەسازیی چادر مەلو و « کۆمپانیای نیشتمانی پیشەسازیی مسی ئێران NICICO”(١٦). هەروەها حکومەتی ئێران پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی دەریای عەمان بۆ مەشهەدیشی لەبەرچاوە. ئەم پرۆژە یەکێك لە گەورەترین پرۆژەکانی شیرین کردنی ئاو و گواستنەوەی ئەو دێتە ئەژمار. لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی شوباتی ٢٠١٦ی زایینی وێنەیەك لە گرێبەستی دابین کردن و گواستنەوەی ئاو لە دەریای عەمان بۆ پارێزگاکانی خۆرهەڵاتی وڵات بڵاوکرایەوە کە پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان، خوراسانی باشووری و خوراسانی ڕەزەوی لە خۆ دەگرێت. چەندین کەرتی تایبەت لەم پرۆژەدا وەبەرهێنانیان کردووە. بەڵام لە دواییدا بڕیار درا، لە سەدا ٧٠ی ئەو لە سندوقی پەرەسەندنی نیشتمانی دابین بکرێت و تەنها لە سەدا ٢٥ی لە تێچوونی ئەم پرۆژە لە شوێنی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت دابین بکرێت (١٧).

بەپێی ئەم پرۆژە، چالاکی گەیاندنی ئاو لە پارێزگای هورموزگانەوە دەست پێدەکات و بە تێپەڕ بوون لە پارێزگاکانی کرمان و خوراسانی باشووری دەگاتە خوراسانی ڕەزەوی. ئەم پرۆژە دەتوانێت یارمەتی پەرەسەندنی پیشەسازیی مەشتەل و یەکەکانی پیشەسازیی و کانە گەورەکانی ئەم پارێزگایانە بدات. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە ئاوی بەرهەمهێنراوی ئەم پرۆژە لە بواری نرخەوە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بە تایبەت پاشایەتی عەمان و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی هەرزانترە. هێڵی یەکەم، ئاو لە کەنداوی عەرەبی بۆ پارێزگاکانی هورموزگان، کرمان و یەزد دەگوازێتەوە و وا مەزەندە دەکرێت کە لە ڕەوتی دروستکردنی ئەم پرۆژەدا ١٦٠٠٠ دەرفەتی کاری دروست ببێت. هێڵی دووەم، ئاوی کەنداوی عەرەبی بۆ پارێزگاکانی کرمان، خوراسانی باشووری و خوراسانی ڕەزەوی دەگوازێتەوە.

هێڵی سێیەم ئاوی کەنداوی عەرەبی بۆ پارێزگاکانی یەزد و ئێسفەهان دەگوازێتەوە و لە دواییدا هێڵی چوارەم، ئاوی دەریای عەمان دەگوازێتەوە بۆ سیستان و بەلوچستان. ئەم پرۆژە لە ٨٢٠ کیلومەتر هێڵی بۆڕی و ١١ ویستگەی پۆمپاژی ئاو پێکهاتووە (١٨). ئەم پرۆژە گواستنەوەی ئاو لە پرۆژەیەکی نیشتمانی کە کاری دروستکردنی ئەو چەندین ساڵ دەخایەنێت، خێراتر دەکاتە ئاستی بەرهەمهێنان. بەڵام پرۆژەی نیشتمانی گواستنەوەی ئاو ئەنجامێکی جێگیرتر و بەردەوامتری هەیە. (١٩). بەپێچەوانەی ئەوەی کە پرسی ئاو پرسێکی ناوچەییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی ناوچەییەوە هەیە، بەڵام ئەم پرسە بە شێوەیەکی خودی پرسێکی تەکنیکییە و بە سیاسی کردنی ئەو پرسەکان ئاڵۆزتر دەکات (٢٠).

**دووەم: ڕەهەندە دەرەکییەکان و ناکۆکی ئێران و دراوسێیەکانی لەسەر ئاو**

لە ئێران قەیرانی ئاو ڕەهەندێکی دەرەکیشی هەیە، دوای ڕووسیا، ئێران دووەمین وڵاتی جیهان بە زۆرترین ژمارەی وڵاتانی دراوسێ لە سنوورە دەریایی و وشکانییە و نزیکەی لە سەدا ٢٢ی سنوورە هاوبەشەکانی ئێران لەگەڵ دراوسێیەکانی واتە ١٩١٨ کیلومەتر لە ڕووبار پێکهاتوون. بۆیە، قەیرانی ئاو و ئارامی ناوچەیی تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری ناکۆکی لەگەڵ دراوسێیەکانی بە تایبەت تورکیا، ئەفغانستان و عێراق لەسەر ئاوە. ئەم ناکۆکیانە لەسەر ناوچەی ڕووبارە هاوبەشەکانە کە ئاوی چەندین وڵات دابین دەکات و دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی گرژی و دەرگیری. لەم بوارەوە دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ دراوسییەکانی لەسەر ئاو و ئەنجامەکانی ئەو بدەین کە لێرەدا باسی دەکەین.

**یەك: ناکۆکی ئێران و عێراق لەسەر ئاو:**

لەسەرەتا دا ئاماژەپێدان بەم خاڵە پێویستە کە ئێران و عێراق حەوزەی ئاوی هاوبەشیان هەیە، کە لە نێوان دوو ڕووباری فورات و دیجلە دایە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە دوو وڵات سەرچاوەی ئاوی هاوبەشی زۆریان هەیە، کە بە درێژایی سنوورە دوورودرێژەکان لە نێوان دوو وڵاتدا لە ئارادایە، بەڵام بە درێژایی مێژوو ناکۆکی سەرەکی لەسەر سنوورە باشوورییەکان و ئەروەند ڕوود بووە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە گرنگترین هۆکاری دەرگیری شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی بیستەم ئەوە بوو کە عێراق هەوڵی

دەدا زۆرترین پشکی لە ڕووباری ئەروەند ڕوودا هەبێت. بەمەیشەوە و بەپێچەوانەی ڕێککەوتننامە جۆراوجۆرەکان کە لەبارەی مافی ئێران و عێراق لەسەر ئەروەند ڕوود لە نێوان لایەنەکان واژۆ کراون، بەڵام ناکۆکی لە نێوان هەر دوو وڵات لە بارەی ئەم کێشە وەك خۆی ماوەتەوە. (٢١).

هۆکارگەلێك وەکو بەڕێوەبردنی هەڵەی سەرچاوە ئاوییەکان، دروستکردنی بەنداوی گەورە و گواستنەوەی ئاو پەرە بە کێشەی کەمی ئاو داوە. لە ئەنجامدا ڕۆشتنی ئاو بۆ نێو خاکی عێراق، ناوچە خۆرئاواییەکانی ئێران کە هاوسنوور لەگەڵ عێراقن، ئێستا بە هۆی کەمی ئاوەوە کێشەیان هەیە. حکومەتی ئێران لە هەوڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی گشتگیری بەڕێوەبردنی ئاو سەرکەوتوو نەبووە و هەمیشە هەوڵی داوە لە جیاتی ڕێگاچارەی جێگیر پەنا بەرێتە بەر ڕێگاچارە کورت ماوەکان. ئەم بابەتە ناکۆکی لە نێوان جووتیاران کە لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات هەوڵ بۆ دەستڕاگەیشتن بە بڕی ئاوی زۆرتر دەدەن، لێکەوتۆتەوە (٢٢).

سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق بۆ دابین کردنی ئاوی بەکارهێنان و هەروەها ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕۆشتنی ئاو لە وڵاتانی دراوسێیەوە و بەتایبەت ئێرانەوە دابین دەکرێت. لەمڕووەوە، ئاسایشی ئاوی عێراق و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی عێراق دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئاوی ئێران و پەرەسەندنی بەنداوەکان لەسەر ڕووبارەکانەوە. بۆیە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە ناوچە هاوبەشەکاندا، بوونی هاوکاری و پەیوەندی نێوان ئێران و عێراق زەرورییە بۆ ئەوەی بە دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە ئاوییەکان، ڕێگە لە ڕوودانی ناکۆکی لە داهاتوو بگرن.

لەم ساڵانەی دوایی، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئاو لە ئێران کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی عێراق هەبووە و بووە هۆی کەمی ئاو لە عێراقدا. ئەم پرسە دروستکردنی بەنداوەکان و تەنانەت ڕەوتی سروشتی ژیانی ڕووبەڕووی کێشە کردۆتەوە، هەتا ئەو شوێنەی کە ئەو عێراقیانەی لەم سیاسەتە زیانیان پێگەیشتووە ناچارکردووە پەرچەکرداریان هەبێت (٢٣). لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ی زایینی، بەغدا باسی بەردەوامی قەیرانی ئاوی لە وڵاتەکەی کرد و نیگەرانی خۆی لە ئاست وشکبوونی ڕووبار و تاڵاوەکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاند. هەروەها بەغدا ڕوونی کردەوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا وەفدێکی پسپۆڕ ڕەوانەی تاران دەکات بۆ ئەوەی لەبارەی هاتنی ئاو بۆ نێو تاڵاوەکانی هویزە گفتوگۆ

لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا بکات. شایانی ئاماژەپێدانە بوونی زریانی لم کە ماوە نە ماوەیەك عێراق و ئێران دەگرێتەوە، گرنگی پرسی بەڕێوەبردنی ئاوە سنوورەکانی بۆ هەر دوو لایەن زیاتر لە پێشوو دەخاتە بەرباس. لە کاتێکدا زۆر کەس هیوادارن بە دەستڕاگەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی ڕیشەیی کۆتایی بەم کێشە بێت، دەبێ بڵێین کە بۆ گەیشتن بەم بابەتە، دەبێت سوریا و تورکیاش بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا هەبێت و بۆ گەیشتن بەم خاڵە، دەبێت تاران و ئەنقەرە لە جیاتی تەنها قسە کردن، ئاراستەیەکی هاوکاری بگرنەبەر. بەمەیشەوە، وا هەست ئەکرێت کە لەم بوارەوە پراگماتیزم ئەوەندە چارەسەر نییە، لەبەر ئەوەی ئەنقەرە و تاران بۆ دوورخستنەوەی سەرنجی خەڵك لە قەیرانە ئابوورییەکان، پەنا دەبەنە بەر سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر بۆ ئەوەی هەستی ناسیۆنالیستی خەڵك بە زیندوویی ڕابگرن (٢٤).

وا هەست ئەکرێت ئێران ئینتمایەکی بۆ هاوکاری لەگەڵ عێراق لە بارەی ئەم دۆسیەوە لە خۆی پێشان نەداوە. مەهدی ڕەشید ئەلحەمدانی وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٣ی زایینی هاوکات لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم بابەتە، گوتی عێراق لەبارەی مافی ئاوی خۆی لەگەڵ ئێران هیچ ڕێککەوتنی نەکردووە. ئەلحەمدانی بە ئاماژەپێدان بە مشتومڕی ئاوی لەگەڵ ئێران گوتی: « ئێمە بەڵگەمان لەبەر دەست دایە کە ئێران لە حاڵی دروستکردنی تونێل بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارە سنوورییەکانە». هەروەها وتیشی: «بەغدا بە شێوەی ڕەسمی ئەم لادانانەی لەگەڵ تاران باس کردووە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکی نەدراوەتەوە»(٢٥). ئێران لە جیاتی هاوکاری لەگەڵ عێراق، بانگەشەی ئەوە دەکات لە بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارە سنوورییەکانی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ڕەفتاری کردووە و بڕی ئاوی نێو وڵاتی عێراق بە هیچ شێوەیەك کەم نەکردۆتەوە و هیچ جۆرە زیانێکی بەو وڵاتە نەگەیاندووە. لە ئێستادا، لەسەر بنەمای بەندی ٣ی ڕێککەوتننامەی سوود وەرگرتن لە ئاوی ڕووبارە سنوورییەکان، کۆمیسیۆنێك بۆ دەست نیشان کردنی بڕی مافی ئاوی لایەنەکان لە ئاوی ئەم ڕووبارانە پێکهاتووە. بەلەبەر چاوگرتنی ڕێککەوتننامە ئاوییە دوو لایەنەکانی نێوان ئێران و عێراق، تەنها ڕێگاچارەی مشتومڕەکان هەمان گفتوگۆ و گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامە دوو لایەنەکانە. بێگومان، پرەنسیپی گشتی یاسای نێودەوڵەتی لە بواری ئاوەکان، دەتوانێت بنەمای یاسایی گفتوگۆکان بێت (٢٦).

بە هۆی نەبوونی یاسا و ڕێککەوتننامەگەلێك لەبارەی بابەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە

ئاوییە هاوبەشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و توانایی ئەو لە بەڕێوەبردنی ئەم قەیرانانە نیگەرانی لە ئارا دایە. هەروەها بوونی « مافیای ئاو» لە ئێران کە سەرچاوە ئاوییەکانی وڵات بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دەستکەوتی دارایی خۆیان بەکار دێنن، جێگای نیگەرانییە. زریانی لم کە بەردەوام لە عێراقەوە بەرەو ئێران دەڕوا، پەرەی بە کێشە ژینگەییەکانی ئێران داوە. لەمڕووەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ناکۆکییەکان لەسەر ئاو، دەبێت خێرا هەندێ هەنگاو بنرێت بۆ ئەوەی کەڵك وەرگرتنی بەردەوام لە سەرچاوە ئاوییەکان لە ناوچە گرەنتی بکرێت.

دووەم: ناکۆکییە ئاوییەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان

بەپێچەوانەی تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە، ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان لەسەر دابەشکردنی ڕووباری هیرمەند بەبێ چارەسەر ماوەتەوە. لەم ساڵانەی دوایی ئەفغانستان بە دروستکردنی چەندین بەنداو و دروستکردنی بەنداوی خاکی لەسەر ڕووباری هیرمەند ڕێگەی لە ڕۆشتنی ئاو بۆ گۆلی هاموون گرتووە، کە ئەم بابەتە وشك بوونی بەشگەلێك لە ئێرانی بەدواوە هەبووە(٢٧). بۆ نموونە، لە ئازاری ٢٠٢١ی زایینی ئەشرەف غەنی سەرکۆماری کاتی ئەفغانستان لە کاتی کردنەوەی بەنداوی کەمال خان ڕایگەیاند، کە پارێزگای نیمرۆز دەبێتە کۆگای ئاوی ئەفغانستان و ئێران. ئەو گوتی: «لەمە بەدواوە، ئاوی ئەفغانستان لە بەرامبەر نەوت بە ئێران دەدرێت». هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ئەفغانستان بە سنووردارکردنی بڕی ئاوێك کە دەرژێتە نێو ئێرانەوە، دەتوانێت لە بواری فرۆشی نەوتی هەرزان و وەرگرتنی کۆچبەرانی ئەفغانی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ئێران و بڕیاری سیاسی ئەو هەبێت (٢٨).

ماوەیەکە دەرگیری سنووری لە نێوان ئەفغانستان و ئێران، کێشەی ئالۆزی کەمی ئاو و ناکۆکی نێوان دوو وڵات لە لوتکەی سەرنج پێدان دایە. ناکۆکی لەسەر مافی ئاوی ئێران لە ڕووباری هیرمەند دەرگیری سنووری لێکەوتەوە. لەم نێوەندەدا، تالیبان بەوە تۆمەتبار کرا، کە ڕێگە لە ڕۆشتنی ئاوی هیرمەند لە ئەفغانستانەوە دەگرێت. بەڵام تالیبان بانگەشەی ئەوەی کرد کە هۆکاری ئەم بابەتە شتێك جیا لە کەمی باران و دابەزینی ئاستی ڕووبارەکان نییە. بێگومان، ئەگەر تالیبان سەرچاوەی ئاو کۆنترۆڵ بکات، ئەم بابەتە دەسەڵاتێکی زۆرتر بە ئەفغانستان دەدات و کاریگەرە لەسەر پەیوەندی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئێران.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە بارودۆخی ئارایی شیاوی دانوستانە، بەڵام ئەم پرسە دەتوانێت هەڕەشە لەسەر هاوکاری و ئارامی ناوچەکە دروست بکات. (٢٩).

بە هۆی ئەم ناکۆکیەوە، ڕەنگە ئێران بۆ باشترکردنی بارودۆخی پارێزگای سیستان و بەلوچستان پێویستی بە سەرچاوەی دیکەی ئاو هەبێت. ڕووبارە هاوبەشە سنوورییەکان و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییە سەروسنوورییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی ناکۆکی و لایەنەکان بۆ گرەنتی کردنی زۆرترین بڕی بەرژەوەندی یەك لایەنەی خۆیان، پێکەوە درەگیر بن و لەلایەکی دیکەوە، هەر ئەم پرسەی سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان دەتوانێت بەستێنی گفتوگۆ و هاوکاری بێت و پەرەسەندنی جێگیری ئەفغانستان و خۆرهەڵاتی ئێرانی لێکەوتەوە. لە بواری ڕیالیستگەراییەوە، ئێران دەتوانێت کەڵك لە هەژمۆنی خۆی وەربگریت و حکومەتی ئەفغانستان ناچار بە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی بکات. لەلایەکی دیکەوە، ئەم ئەگەرەش هەیە، کە دوو وڵات گفتوگۆکانیان لە کەناڵی یاسایی و سیاسییەوە ئەنجام بدەن، کە لەم حاڵەتە هەر دوو لایەن دەرفەتی پەرەسەندنی ئابووری لە دەست دەدەن، بەبێ ئەوەی کە دەستکەوتی پراکتیکی و هەست پێکراویان بەدەست هێنابێت.

سێ: ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و تورکیا لەسەر ئاو

ئێران لەگەڵ تورکیا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پێنج ڕووباری ئەرەس، دیجلە، فورات، ساری سو و قەرەسوو هاوبەشە. ئێران وەك وڵاتی خوارەوەی ڕووباری ئەرەس، دیجلە و فورات دێتە ئەژمار. سەرچاوە ئاوییەکان یەکێك لە گرنکترین پرسەکانە، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا وەك دوو وڵاتی کاریگەر لە ناوچەی خۆرئاوای ئاسیا دادەنێت. هەڵکەوتەی دوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە ناوچەی وشك و نیمچە وشکی جیهانیش بابەتەکەی گرنگ کردووە و بووەتە هۆی دروستبوونی هەندێ ناکۆکی و قەیران لە نێوان هەر دوو وڵات. پرۆژەی جۆراوجۆری ئاوەدانی تورکیا بەتایبەت دروستکردنی بەنداوەکان لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات، خەساری ژینگەیی زۆری هەم لە ناوخۆی خاکی تورکیا و هەمیش لە وڵاتانی دراوسێی بەتایبەت ئێران لێکەوتۆتەوە، کە ڕوودانی دیاردەی لم بارین بەتایبەت دەرئەنجامی ژینگەیی ناچاریی ئەم پرۆژانەیە. (٣٠).

عارف کیسکین توێژەری تورك و شارەزای پرسەکانی ئێران لەو باوەڕەدایە، کە قەیرانی

ئاو ڕیشەی زۆربەی کێشەکانی نێوان ئێران و تورکیایە. ئەو لە گفتوگۆی لەگەڵ « ئێلمانیتۆر» گوتی: «بەرپرسانی ئێران هەوڵ دەدەن پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداوی تورکیا بە هۆکاری سەرەکی بێ ئاوی نەك تەنها لە ئێران بەڵکوو لە عێراق و سوریا بناسێنن». لەمڕووەوە، ئێران لەو باوەڕە دایە، ئەم جۆرە هەنگاوانەی تورکیا ڕاستەوخۆ کاریگەرە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ئێران (٣١).

یەکێك لە گرنگترین ناکۆکییە ئاوییەکان لە نێوان تورکیا و ئێران مشتومڕ لەسەر ڕووباری دیجلە و فوراتە. ئەم ڕووبارە گرنگە لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە نێوان ئێران و عێراقەوە. ئەم سێ وڵاتە لەودا پشکیان هەیە. لەبەر ئەوەی تورکیا وڵاتی باڵادەست دێتە ئەژمار، دەتوانێت ڕێڕەوی ئەم ڕووبارانە بگۆڕێت، کە ئەم بابەتە دەستڕاگەیشتنی ئێران و عێراق بە ئاو ڕووبەڕووی کێشە دەکاتەوە. ئێران و عێراق لە دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان کە بە بۆنەی دروستکردنی بەنداوەکانی تورکیا لە ڕێڕەوی ئەم ڕووبارانە دروستکراون و زیانی ژینگەیی لێکەوتۆتەوە، نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە. نەبوونی ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمی بۆ دەست نیشان کردنی مافی ئاو و نەبوونی ڕێوشوێنی هاوکاریی ناوچەیی پەرەی بەم نیگەرانیانە داوە. سەرچاوە ئاوییەکانی سەرسنووری بەتایبەت دوو ڕووباری ئەرەس و دیجلە، پەرەی بە ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و تورکیا داوە. لەم بوارەوە، ئێران تورکیا بەوە تۆمەتبار دەکات، کە بە دروستکردنی بەنداوگەلێك کە دەبنە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان، زیان بە ئێران و عێراق دەگەیێنێت. بەمەیشەوە، لەبەر ئەوەی کە تورکیا کۆنوانسیۆنی ١٩٩٧ی نیویۆرك ناسراو بە « کۆنوانسیۆنی سوودوەرگرتنی ناپاپۆڕوانی (غیرکشتیرانی) لە کەناڵە نێودەوڵەتییەکان» واژۆ نەکردووە، ئێران ناتوانێت لەمبارەیەوە لەلای ناوەندە دادوەرییە نێودەوڵەتییەکان سکاڵا تۆمار بکات. بەپێچەوانەی هەوڵە هاوبەشەکان بۆ وەرگرتنی ئاستی ڕەوتی ئاو لە تورکیا بۆ ئێران و هەوڵی لایەنەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە، بەڵام ناکۆکییەکان وەك خۆی ماوەتەوە، کە ئەم بابەتە پەرەی بە ئاڵۆزتر بوونی پرسەکانی جیۆپۆلیتیکی گەورەتر لە نێوان دوو وڵات دەدات. بۆیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و کەم کردنەوەی قەیرانی ئاو لە ناوچە، دەبێت سوود لە توانایی دیپلۆماتیك و هاوکاری نێوان لایەنەکان وەربگیریت (٣٢).

دروستکردنی بەنداو لەلایەن تورکیا لەسەر دیجلە و فورات هۆکاری سەرەکی ناکۆکی ئاو لە نێوان تورکیا و ئێرانە و نیگەرانییەکانی تاران لەبارەی ئاستی ئاوێك کە دەڕژێتە

ئێرانـەوە، جـووڵاوە. تـاران کـە بانگـەشـە دەکات ئەنقـەرە بـە گۆڕینی ڕێڕەوی ئـاوی ڕووبـارەکان، زیـان بـە سـەرچاوە ئاوییەکانی ئێران دەگەیێنێت، بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشـە پەنای بردۆتە بـەر گفتوگـۆ دیپلۆماتیکـەکان. بەرپرسـانی تورکیـا بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـەمی ئـاوی ئێران سـەرچاوە لـە بەڕێوەبردنی هەڵـەی سـەرچاوە ئاوییـەکان وەردەگرێت و دروسـتکردنی بەنداوەکانی تورکیا ڕۆڵێکی لەم بابەتەدا نییە. ئەوان بەڵگە بۆ ئەوە دێننەوە کە تورکیا بە هـۆی ئـەم بەنداوانـە توانیویەتی لـە کاتی وشکەسـاڵی ڕێگـە لـە دابەزینی ئاسـتی ئـاو بگرێت و ئـەم بەنداوانـە هۆکارێك بـۆ بەهێزکردنی پەیوەنـدی دوو لایەنـە بـووە. لەلایەکی دیکـەوە، سیاسـەتی ئـاوی ئێرانیـش لەلایەن دراوسـێیەکانیەوە ڕەخنـەی لەسـەرە. عێراق دەیەوێت لە بەرامبەر سیاسـەتی ئاوی ئێران لە دادگای نێودەوڵەتی سکاڵا تۆمار بکات. بەرپرسـانی ئێران، تورکیا لـە دروسـتکردنی ناکۆکی و تێکدانی ئارامی ناوچـە تۆمەتبـار دەکـەن و دروسـتکردنی بەنداوەکانی تورکیا هۆکاری سـەرەکی بێ ئاوی ئێران، عێراق و سـوریا دەزانن. ئەم بابەتە پەرە بە زۆربوونی ناکۆکییەکانی نێـوان دوو وڵات دەدات. (٣٣).

ئەگـەری ئـەوە هەیـە، کـە لەبـارەی بەڕێوەبردنی ئـاوی سـەرسـنووری نێـوان تورکیـا و ئێران دەرگیرییـەك ڕوو بـدات، بـە تایبـەت ئـەوەی کـە لـە نێگای ئێرانـەوە، هـۆکاری سـەرەکی وشکەسـاڵییەکان و زریانی لـم لـە سـووریا و عێراق، هەمـان دروسـتکردنی بەنداوەکان لـە تورکیایـە، هەرچەنـدە تورکیـا ئـەم گێڕانـەوە ڕەت دەکاتـەوە و لەبەرامبـەردا ئێران بـە بەڕێوەبردنی هەڵـەی ئـاو تۆمەتبـار دەکات. بۆیـە « پرۆژەی باشـووری خۆرهەڵاتی ئەناتۆلی» و بەنـداوی « ئێلیسـو» لـە ناوەنـدی ئـەم ناکۆکیانـە دایـە و دەسـتڕاگەیشـتن بـە ڕێگاچارەی چەنـد لایەنـەش زۆر دژوار بـووە. بـە سـەرنجدان بـەوەی کـە ئـەم چـوار وڵاتـە لەسـەر دابین کردنی سـەرچاوەکانیان لەگەڵ یەکتر کێشـمەکێشـان هەیە، هەرچەنـدە ئێران هـەوڵ دەدات پەیوەنـدی دوو لایەنـەی خـۆی لەگـەڵ تورکیـا بەهێـز بـکات و لەگـەڵ عێـراق و سـوریاش ببێتـە هاوپەیمـان، بـەڵام هەنگاوەکانی تورکیـا و ئێران کـە ئاماژەمـان پێـدا، دەتوانێـت پـەرە بـە ڕکابـەری سـتراتیژی لـە نێـوان ئـەوان بـدات، کـە ئـەم بابەتـە بارودۆخەکـە ئاڵۆزتـر دەکات (٣٤). ئەگـەری ئـەوە هەیـە، ئارامی ناوچەکانی کـەم ئـاوی ئێران مەترسی لەسـەر دروسـت بێـت و نارەزایەتییەکانی ئێسـتاش بەرفراوانتر ببێـت. بـە سـەرنجدان بـەوەی کـە ئێران لـە پراکتیکـدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری قـوڵ بووەتـەوە، ئەگـەری ئـەوەش هەیـە، کێشـەی کـەم ئـاوی پـەرە بـە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابـووری و سیاسـی ئێران بـدات و بێگومـان

گەمارۆ زۆرینەکانی ئەمریکاش ئەم کێشانە دوو بەرامبەر دەکات. باسەکە بەمە کورت نابێتەوە بەڵکوو کێشەی کەم ئاوی لە ساڵەکانی داهاتوو بەرژەوەندییەکانی ئەم چوار وڵاتە ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە و بەپێچەوانەی سێ وڵاتی دیکە، تورکیا کۆنوانسیۆنی ١٩٩٧ نیویۆرکی لەبارەی سوودوەرگرتنی یاسایی لە ئاوە سەروووسنوورەکان واژۆ نەکردووە. ئەم بابەتە، پرسەکەی دژوارتر کردووە و سەرباشقەیەکی بۆ ڕێگاچارەی چەند لایەنە پێشنیار ناکات. تەنانەت ئەگەر ئەنقەرە پابەندی کۆنوانسیۆنی نێودەوڵەتی بێت دیسان دیار نییە، ئێران کە لە ژینگەی نێودەوڵەتی پەراوێز خراوە، چەندە لە بەدەست هێنانی پشتیوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرکەوتوو دەبێت (٣٥). بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکان بە گرتنەبەری هاوکاریی ناوچەیی، بۆ چارەسەرکردنی سەرکەوتووانەی ناکۆکییە ئاوییەکان پەنا بەرنە بەر بژاردەی دیپلۆماسی، کە ڕەنگە لێك تێگەیشتنگەلێك بۆ دەست نیشان کردنی بڕی مافی ئاوی لایەنەکان، پێکهێنانی چوارچێوەی هاوکاری بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، دابەشکردنی ویژدانانەی سەرچاوەی ئاوی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان لە پەرەسەندنی جێگیر کۆتایی بێت. بۆ دەستڕاگەیشتن بە لێك تێگەیشتنی هەمبەری و دروستکردنی ڕێگاچارەی ئاشتیانە لەبارەی ناکۆکییەکان لەبارەی ئاو، دەبێت هەر سێ وڵاتی ئێران، تورکیا و عێراق پەنا بەرنە بەر هەوڵی دیپلۆماتیکی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی شەفافی زانیاری پێویست، لەبەر ئەوەی بۆ گرەنتی کردنی ئاسایشی ئاوی و ئارامی ناوچەیی ڕێگاچارەیەکی جیا لە هاوکاری ناوچەیی نییە. ئەم هاوکارییە ژینگەی لێوانلێو لە ئاشتی و ئارامی دەئافرێنن، کە لەودا سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان لە جیاتی ئەوەی هۆکاری ناکۆکی و دەرگیری بن، بەستێن بۆ هاوکاری و پەرەسەندن بخوڵقێنن.

**سێیەم: ئەنجامەکانی کێشەی کەم ئاوی و دەرفەتەکانی بەڕێوەبردنی ئەم پرسە**

قەیرانی ئاو دەرئەنجامی مەترسیداری ناوخۆی و دەرەکی بۆ ئێران هەیە. بەڵام دیسان دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە زیانی زۆرتر بگرێت. لێرەدا دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانە و ڕێگاکانی دەرچوون لەو تاوتوێ دەکەین:

یەکەم: دەرئەنجامەکانی قەیرانی کەم ئاوی

لە دەرئەنجامەکانی قەیرانی ئاو کە لە داهاتوودا قەیرانی جیدی بۆ حکومەتی ئێران دروست دەکات، کۆچی ناچاری و گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ژمارەیەك لە پارێزگاکانە.

کۆچی ناچاری پێکهاتەی دانیشتوانی ژمارەیەك لە پارێزگاکانی ئێران دەگۆڕێت. یەکێك لە بەرپرسانی ئێران گوتویەتی کە دیاردەی « ڕۆچوونی زەوی» کە سەرچاوە لە بەکارهێنانی بێسنووری ئاو و بەکارهێانی ئاوەکانی ژێرزەویی وەردەگرێت، کۆچی ٣٧ ملیۆن هاووڵاتی بۆ خۆرئاوا و باکووری ئێرانی بەدواوە دەبێت. بەلەبەرچاوگرتنی ناوەندەکانی کارگێڕی و دەرمانی لە وڵات، دانیشتوانی شارەکان بە شێوەیەکی بێسنوور زیادی کردووە. هەروەها قەیرانی ناکۆکی ئاو، نارەزایەتییەکان و نائارامییەکان لە ئێرانی لێکەوتۆتەوە. ئەم بابەتە باسی ئەوە دەکات کە ئێران پێویستی زۆری بە بەڕێوەبردنی کارامەی ئاو و پەرەسەندنی ژێرخانەکانی هەیە (٣٦).

کەمی ئاو لە ئێران باسی بنەمایەکی داهاتوو دەکات. غولام حوسێن شافیعی سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران ئاسایشی خۆراکی بە گرنگترین پرسی ئابووری ناوهێنا. بەڵام بە باوەڕی ئەو، گەورەترین قەیرانی وڵات، هەمان قەیرانی ئاوە. کێشەی کەم ئاوی مەترسییەکی گەورە بۆ ئابووری ئێران دێتە ئەژمار. لەم بوارەوە سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران بە ئاماژەپێدان بە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی قەیرانی ئاوی ئێران گوتی: « ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشانی دەدات، ئەگەر ئێران بەهەمان شێواز بەرەو پێشەوە بڕوات لە ٢٠ ساڵی داهاتوو چاوەڕوان ناکرێ بوونەوەری زیندوو لەو وڵاتە هەبێت. ئێران ١٠ ساڵ دەرفەتی هەیە ئەم قەیرانە چارەسەر بکات و ئیدارەی بدات» (٣٧).

بەسەرنجدان بە تۆکمە بوونی پیشەسازی و کارخانە ئاوبەرەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێران کە زۆرترین دانیشتوانی فارسی زمانیان لە خۆیاندا جێگا کردۆتەوە، ئەم پرسە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەم پارێزگایانەی ڕووبەڕووی قەیرانی کەمی ئاو کردۆتەوە. لەم نێوەندەدا، شارەکانی تاران، مەشهەد، ئێسفەهان و کرمان بارودۆخێکی خراپتریان لە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە دەبێت و شیرازیش ئێستا بەرەو هەمان ئاراستە دەڕوات. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی پێچەوانە سووڕانی چەرخی پەرەسەندن کە دواکەوتوویی بە دواوەیە. لەبەر ئەوەی یەکەم: پیشەسازیی ئاوبەر وەکو ویستگەکانی کارەبا، پیشەسازی پێترۆکیمیایی، تواندنەوەی ئاسن و چیمەنتۆ لە ناوچەی جوگرافیایی بە کەشوهەوای وشکی دەشتی ناوەڕاست دان، کە بە هۆی نەبوونی ئاوی ژێر زەوی و سەرچاوەی ئاوەوە ئازار دەچێژن. دووەم: زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم پیشەسازیانە لە دوو کەرتی سەرەکی

واتە کەرتی خانووبەرە و ئۆتۆمبیل بەکار دێت (٣٨). مەحید ئێسانلۆ نوێنەری زەنجان لە ئەنجومەنی باڵای پارێزگاکان بە ئاماژەپێدان بە قەیرانی ئاو لە باکووری خۆرئاوای ئێران ڕایگەیاند هێشتا بەرپرسان نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە تووشی کێشە و قەیرانی ئاو بووین و کاتێك ئاو تەواو بوو و تەنانەت دلۆپێك نەما، ڕەنگە ئەو کات ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئێمە خەوەریان بێتەوە و ببینن کە وڵات ڕووبەڕووی قەیرانی بێ ئاوی بووەتەوە (٣٩).

هەروەها دکتۆر سەید محەمەد جەعفەر نازە ئەلسادات مامۆستای کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی شیراز گوتی دانیشتوانی وڵات لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو چەندین بەرامبەر بووە، لە کاتێکدا کە بڕی ئاو لانیکەم هەمان بڕی پێشوو بووە. لە ئەنجامدا گوشار لەسەر سەرچاوەکانی ئاو لە ماوەی زەمەنی سەد ساڵ زۆر بووە، بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی بەرچاو لە بڕی بارینی باران ڕوویدابێت. بەڵام بە هۆی بەڕێوەبردنی هەڵەی سەرچاوە ئاوییەکان و هەروەها  زۆربوونی دانیشتوان، ئێمە بینەری گوشار لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان بووین. لەم بوارەوە، زۆربوونی دانیشتوانی ئێران ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە بووەتەوە. (٤٠) هاوکات بوونی گەمارۆکان لەگەڵ قەیرانی کەمی ئاو و سەرچاوە سروشتییەکان، بەستراوە بوونی زۆرتری وڵات بە هاوردەکردنی بەرهەمەکان و دامەزراوەی ئاژەڵداری و کالای کشتوکاڵ لە دەرەوە بە تایبەت ئالیف بۆ خۆراکی پێویستی کێڵگەی پەلەوەرەکانی بەدواوە دەبێت.


بە پەنابردنی ئێران بۆ بەکارهێنانی وزەی کارەبا لە کەرتی کشتوکاڵ و دابەزینی ئاستی ئاوە ژێر زەوینییەکانی وڵات، گرنگی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان زیاتر لە پێشوو دەخرێتە بەرباس.  ئەگەر بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان ڕێوشوێنێك نەبیندرێتەوە، بە ئەگەری  زۆر بەردەوامی ڕەوتی کەڵك وەرگرتنی زۆر لە وزەی کارەبا لە کەرتی کشتوکاڵ ناهاوسەنگی لە تێچوونەکانی لێدەکەوێتەوە. هاوتەریبی ئەو، ئاستی ئاوە ژێر زەوینییەکانیش دادەبەزێت، کە ئەم بابەتە پێویستی کارەبای کەرتی کشتوکاڵ و حکومەتی  لە کورت ماوە بۆ مامناوەند زیاد دەکات و لە ئەنجامدا، ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی دروستبوونی گوشار لە سەر تۆڕی کارەبا و لە دواییدا زۆربوونی غازە گوڵخانییەکان. دەبێ دابەزینی ئاستی ئاوە ژێر زەوینییەکان وەك پێوەرێکی ئاگادارکەرەوە جیدی بگرین و بۆ ڕێگەگرتن لە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو لە درێژخایەن بە تایبەت لە نێوچوونی دەرفەتی کارەکان، ستراتیژی شیاو بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییە کشتوکاڵییەکان بگیریتەبەر(٤١).

گۆڕینی کەشوهەوا لە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی لە دابەزینی سەرچاوە ئاوییەکان بە تایبەت بارینی باران، ئاوە ئاراییەکان، ئاوە گەڕاوەکان و ئاوەکانی ژێر زەویی هەیە و پەرە بە کێشەی کەم ئاوی دەدات. هەر ناوچەیەکی کەشوهەوایی بە شێوەیەکی جیاواز دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی ژینگەییەوە. بەڵام ناوچە بیابانییەکان زیاتر لە ناوچەکانی دیکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم دیاردەوە. بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی کێشەکانی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کێشەگەلێك وەکو دەرگیری کە وڵاتانی ئەفریقی دەرگیری ئەون و هەروەها مشتومڕی هەناسەلەبەر بڕ لەسەر دابەشکردنی ئاو لە ڕێگەی کەرتەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەردەوامی ئاو، بە تایبەت لە ناوچە وشکەکان، دەبێ ستراتیژی خێرا بگیریتەبەر. کاریگەریی ناوچەیی لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان، بارودۆخی بۆ کەسانێك کە ژیانی ئەوان بەستراوەتەوە بە سەرچاوە سروشتییەکانەوە، بە توندی دژوار دەکات. بۆ دەرچوون لەم تەنگەبەرییە و بەڕێوەبردنی جیاوازییە جوگرافیاییەکان لە کەمی ئاو، دەبێت حکومەتی ئێران بە سەرنجدان بە ئێمکانیاتی سرووشتی هەر ناوچە، پەرەسەندنی ناوچەیی پێش بخات (٤٢).

توێژینەوەیەك باسی کێشە ئالۆزەکانی ئاو لە ئێران چ کێشەی دروستبوو لە دیاردە سروشتییەکان وەکو گۆڕینی ناوچەیی و وشکساڵی و هەروەها کێشەگەلێك وەکو بەڕێوەبردنی ناکارامە، پرۆژەی ناهەماهەنگ و پرۆژەی ناشیاوی پەرەسەندن کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە، کردووە. بە هۆی وشکساڵییە دروستبووەکانەوە، ئێران ڕووبەڕووی کەم بوونێکی زۆری ئاو بووەتەوە، لەبەر ئەوەی داواکاریی بۆ ئاو زۆر زیاتر لە بڕی خستنەڕوویە. لەم بوارەوە ئێران لە جیاتی ئەوەی کە پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان بخاتە پێشەوە، هەوڵ دەدات دیسان لە پرۆژە دروشتە پڕ تێچوونەکان وەکو گواستنەوە ئاو و پرۆسەی شیرین کردنی ئاو .بەپێچەوانەی دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ژینگەیی و ئابووریی ئەو .وەبەرهێنان بکات. ئێران دەبێت بۆچوونی خۆی لە «زاڵبوون بەسەر سرووشت» بگۆڕێت بە هزری « بەڕێوەبردنی سرووشت». بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەم جۆرە پرسانە و دەبێت ئاستی خۆی لەسەر ڕێگاچارەی تەکنۆلۆژیانەی پرتێچوو دابەزێنێت (٤٣).

بەرزبوونەوەی بەردەوامی پلەی گەرما و ئاستی غازە گوڵخانەییەکان لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ کەمی باران بارین و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و ئاستی ماماناوەندی بەهەڵم بوون. بۆ نموونە، لە شاری مەشهەد، ئاستی نێوەنجی غازە گوڵخانەییەکان دیسان لە بەرز بوونەوە

دایە. بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، پێوەرەکانی بەرزترین پلەی گەرماش لە ڕۆژە گەرمەکان و شەوانی پشتوێنەی زەوی و لە زەمەنەکانی وشکساڵی و شەپۆلی گەرما بەرز دەبێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی بەردەوامی شار بە کەڵك وەرگرتن لە ئێمکانیاتی ساردکەرەوە لە هاوین، ڕێژەی ئالوودەبوون و کەڵك وەرگرتن لە سووتەمەنی فوسیلیش بەرز دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، لە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی نێوەنجی لانیکەمی پلەی گەرمی ڕۆژانە، ژمارەی ڕۆژە سارد و سەهۆڵبەندانەکانیش کەم بووەتەوە (٤٤).



وێنەی ١: وشکساڵی دەستکردی مرۆڤ

سەرەکیترین هۆکاری بەکارهێنانی بێسنووری ئاوە ژێرزەوینییەکان لە ئێرانە.

ئەم شێوازەی بەکارهێنانی بێسنووری ئاوە ژێر زەوینییەکان، حەوزە سەرەکییەکانی ئێران لە نێوانی ساڵەکانی ٢٠٠٢ هەتا ٢٠١٥ زایینی (بە کیلومەتری خشتەکی) پێشان دەدات. حەوزەکان بە سەرنجدان بە بڕی کۆی ئاوی پاشەکەوتکراوی ژێر زەوینی لە بازنەی دەرەکی و لە گەورە بۆ بچوک ڕێز کراون و بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوینیش بە کیلومەتری خشتەکی پێشان داوە. بڕی ئاوی ژێر زەوینی لە ئاست هێڵی بنەما لە ماوەی زەمەنی خوێندنەوە گۆڕاوە. ئەم شێوازە بە کەڵك وەرگرتن لە پرۆگرامی ئەنالیز ArcGIS ١٠,٨ی نەخشەکان ئامادە کراوە (٤٥).

هاوکاری و ئارامی ناوچەیی تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ناکۆکییە ئاوییەکان لەنێوان ئێران و دراوسێیەکانی بەتایبەت عێراق و ئەفغانستان دایە. سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان وەکو ڕووبارەکانی دیجلە، فورات و هیرمەند چەندین خولی گفتوگۆ لەبارەی دەست نیشان کردنی مافی ئاو و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم سەرچاوانەی تایبەت بە خۆی کردووە و پەیوەندی نێوان ئەم وڵاتانە لەسەر بڕی مافی ئاو، پەرەسەندنی بەنداوەکان و سوودوەرگرتن لە ئاوی ئەم ڕووبارانە، ناکۆکی خوڵقێن بووە. لە ئەنجامدا دروستکردنی بەنداو لەلایەن ئێرانەوە کە کەمی ئاوی ڕووبارەکانی عێراقی بە دواوە هەبووە، ڕیژەی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی عێراقیشی دابەزاندووە و ئەم بابەتە پەرەی بە ناکۆکی نێوان هەر دوو وڵات داوە. جیا لەمە، ناکۆکی لە سەر ڕووباری هیرمەند لەگەڵ ئەفغانستان، پێشاندەری زۆربوونی خواست بۆ ئاو و ئاراستە جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان دایە. ئێران و ئەفغانستان کێشەی دابەزینی ئاستی ئاوی هێرمەندیان هەیە و ئەم پرسە کاریگەریی لەسەر کشتوکاڵ و هەروەها ژیان و ئارامی ناوچەکە داناوە.

قەیرانی ناکۆکی ئاو لە ئێران جیا لەوەی دەرئەنجامی بەرفراوانی هەیە، هەڕەشەیەك بۆ ئاسایشی ئێران و جیهانیش دێتە ئەژمار. کەمی ئاو کە کێشەگەلێکی لە دابین کردنی ئاوی خواردنەوە دروستکردووە، بە ملیۆنان کەسی ناچار بە کۆچ کردووە. جیا لە لەدەستدانی دەرفەتە کارییەکان، ئارامی کۆمەڵایەتی لە ناوچە جیاوازەکانی ئێرانی بەدواوە هەبووە. جیا لەمە، کەمی ئاو لە ئێران، پەرەی بە ناکۆکی لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەکو عێراق و ئەفغانستان داوە. کەمی ئاو پەرەی بە قەیرانە ئاوییەکان لەم وڵاتانە داوە و ئەم پرسە بەرزبوونەوەی ڕەفتاری توندوتیژی بەدواوە هەبووە (٤٦).

## دوو: بژاردەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کەمی ئاو

بۆ یارمەتیدان بە دابەزینی ئاستی قەیرانی کەمی ئاو، وەبەرهێنان لە ژێرخان و چالاکییە بەردەوامەکانی کشتوکاڵ گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بەڵام بە هۆی کێشە داراییەکانی ئێستاوە و هەروەها نەبوونی بەڕێوەبەری دروست و سیاسەتی کارامە لە بواری کشتوکاڵ، وەبەرهێنانی دروشت لەم کەرتەدا ئەوەندە ئاسان نایێتە بەرچاوان. بۆیە ڕێگاچارەی هاوکاری و بەڕێوەبردنی بەردەوام و کەڵك وەرگرتن لە بژاردەی دیپلۆماسی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی ئاو زەرورییە. لەبەر ئەوەی کشتوکاڵ . بە بەکارهێنانی ئاوی زۆر و بەرهەمهێنانی کەم .لە

گەشەکردنی ئابووری و دابین کردنی سەبەتەی خۆراکی وڵات ڕۆڵێکی ئەوەندە تۆخی نییە، لەمڕووەوە دەبێت حکومەت بۆ هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کە ئاوێکی زۆر بەکار دێنن، بودجەیەك تەرخان بکات. لە بەرامبەردا، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەسەندنی ئابووری کەرتی ڕاژە و پیشەسازیی پەرە پێبدات و پارێزگاری لە سەرچاوە ئاوییەکان بکات. هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بارودۆخەی قەیراناوی، گونجان لەگەڵ گۆڕانکاریی ژینگەیی، بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە ئاوییەکان و بەهێزکردنی هاوکاریی ناوچەیی گرنگییەکی زۆری هەیە (٤٧). بە سەرنجدان بەوەی زۆربەی حکومەتەکانی ئێران یەك لە دوای یەك چاویان لەسەر پارێزگاکانی ناوەڕاست بووە، وشکبوونی گۆلی ورمێ و هەروەها قەیرانی ئاوی پارێزگای خوزستان بەشێکی کەم لە سەرنجی حکومەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەگەری ئەوەش هەیە، گۆلی ورمی دیسان ڕووبەڕووی شەپۆلی وشکساڵی بێتەوە، بە تایبەت ئەوەی کە لە سەدا ٩٠ی ئەم گۆلە پێش لە ٢٠١٣ی زایینی وشك ببوو. بەپێچەوانەی ڕێوشوێنێك کە گیرایەبەر و دوای ئەو بەرەوارە، ئەم گۆلە کەمێ گیانی خرایەوە بەر، بەڵام وشکساڵییە یەك لە دوای یەکەکان ڕێگەی لە دیسان زیندووبوونەوەی ئەم گۆلە گرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی ڕووبەری ئەم گۆلە پێش لە وشك بوون نزیکەی ٥٠٠٠ کیلومەتری چوارگۆشە دەبوو. بەڵام ڕووبەری ئەم گۆلە لە ساڵی ٢٠١٣ی زایینی بۆ ٥٠٠ کیلومەتری چوارگۆشە دابەزیوە. قەبارەی ئاوی گۆل کە پێشتر ٣٠ ملیار مەتر خشتەکی بوو، بووە یەك ملیار مەتری خشتەکی. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ی زایینی لە سەدا ٩٠ی گۆلەکە وشك ببوو و تەنها لە سەدا ١٠ی مابووەوە. دوای ئەوەی کە هەنگاوگەلێك بۆ زیندووکردنەوەی ئەو نرا، قەبارەی ئاو لە یەك ملیار مەتری خشتەکی بۆ ٤ ملیار مەتری خشتەکی بەرز بووەوە و ڕووبەری ئەو لە ٥٠٠ کیلومەتری چوارگۆشەوە، گەیشتە ٣٦٦٦ کیلومەتری چوارگۆشە. شایانی ئاماژەپێدانە، گۆلی ورمی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی خەڵك هەیە و ئەگەر ئەم گۆلە وشك ببێت، ژیان لەم ناوچەشدا وشك دەبێت و ڕادەوەستێت (٤٨).

دەبێت ئێران وەکو ناوچە وشکەکانی دیکە، لە ڕێگەی دیپلۆماسی ژینگەییەوە هەنگاو بنێت و هەنگاو بۆ دووبارەکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی خۆی بنێت. لەم حاڵەتەدا، تاران دەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریی ژینگەیی بگونجێنێت و ڕۆڵێکی لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و دیسان جێگیرکردنەوەی ئارامی ژینگەیی هەبێت. ڕاژەی ژینگەیی چ لە بارکردنی هەورەکان،

دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و کەمکردنەوەی ڕووداوە سروشتییەکان هەموویان بەستراوە بە خستنەڕوویی بەردەوامی ئاوەوە هەیە. کەمی ئاو نەك تەنها کاریگەریی لەسەر ژینگە دادەنێت، بەڵکوو ئارامی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیش دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و ئەگەر ئێران ئەم ئارامییە لەدەست بدات، بە ئەگەری زۆر بینەری ڕەفتاری توندوتیژی تاران لە بواری نێودەوڵەتی، ناوچەیی و ناوخۆییش دەبین. بۆ ڕێگەگرتن لە نائارامی ئامانجدار لە ناوخۆی سنوورەکانی ئێران، بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئاوی، سەرەتاییترین و زەروریترین هەنگاوە (٤٩).

لە ڕێوشوێنە گرنگەکان بۆ باشترکردنی دۆخی ئارایی دەتوانین ئاماژە بە کۆنترۆڵکردنی گەشەکردنی شارنشینی، دابەشکردنی دادپەوەرانەی دانیشتوان، بەرزکردنەوەی ئاستی کەرتی کشتوکاڵ، وشیارکردنەوە لەبارەی بەهای ئاو، پشتیوانی لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، بەشداری پێکردنی جووتیاران، ڕێکخستنی دوو بەشی پیشەسازی و راژە، بەهێزکردنی گشتگیری کولتوری بەرپرسانەی ئاو بدەین. هەڵبەتە ئامادەکردنی شیکارییە زانستییەکان لەبارەی ئاو و هەروەها ئەزموون وەرگرتن لە شکستە جیهانییەکان لە بەڕێوەبردنی ئاویش دەتوانێت بەسوود بێت. دەبێت ئێران هەندێ پرسی گرنگ لە بەڕێوەبردنی قەیرانی ئاو بە جیدی وەربگرێت، کە دەبێت لە لوتکەی ئەوان چوارچێوەکانی هاوکاری و دابەشکردنی مافی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەبەرچاو بگرێت و ئەم بابەتە گرنگە پێویستی بە گفتوگۆی دیپلۆماتیك، ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و زانیارییەکان و هەروەها بڕیاردانی هاوبەش هەیە، بۆ ئەوەی دابەشکردنی یەکسان و سوودوەرگرتنی بەردەوام لە سەرچاوە ئاوە هاوبەشەکان گرەنتی بکرێت.

بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توندی قەیرانی ئاو، دەبێت سوود لە تەکنۆلۆژیای ڕۆژ وەربگیریت و لە ئێراندا شێوازەکانی ئاودێری بە ڕۆژ بکرێت. دەبێت ئێران لە بەڕێوەبردنی ئاو کەڵك لە پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیاکان وەر بگرێت. پێویستی ئەم بابەتە ئەوەیە کە لە ئاودێری کەڵك لە شێوازە کارامەکان وەربگریت، لە ژێرخانەکانی پەیوەندیدار بە ئاو وەبەرهێنان بکرێت و ستراتیژییەکانی پاراستی ئاو پشتیوانی بکرێن. ئێران دەتوانێت پانایی سەرچاوە ئاوییەکانی خۆی بەرفراوان بکات و لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەخەسارچوونی ئاو و باشترکردنی تۆڕەکانی ئاودێری، دەرئەنجامەکانی کەمی ئاو بگەینێتە لانیکەمی خۆی. دەبێت لەم بوارەوە بە چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی کشتوکاڵ کەڵك لە تەکنۆلۆژیای

ڕۆژ لە دابین کردنی ئاو وەربگریت. دەتوانین بە هاندانی جووتیاران بۆ کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لە ئاودێری و کێڵانی بەرهەمگەلێك کە پێویستی بە ئاوی کەمتر هەیە و هەروەها گرتنەبەری سەرباشقەی ماوە نە ماوەی کێڵان، بڕی ئاوی بەکارهێنان لە کشتوکاڵ کەم بکاتەوە. ئەم ستراتیژییە بۆ ئاسانکاریی لە ڕەوتی گۆڕانکاریی لە کەرتی کشتوکاڵ پێویستی بە پلاندانان و پەروەردەی جووتیاران و هەروەها پشتیوانی دارایی هەیە.

لەبەر ئەوەی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان بە بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی ئێران دێتە ئەژمار، دەبێت بە کۆکردنەوەی ئایدیا وردە جیۆپۆلیتیکەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەماهەنگ ببێت. هەڵبەتە واژۆی لێك تێگەیشتنی ناوچەیی و دەستڕاگەیشتن بە ڕێگاچارە ناوچەییەکان، گرنگترین پرس بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ئەم کێشەیە. گەشەکردنی ئابووری و دزەکردنی بەردەوامی نێودەوڵەتی یەکێك لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی سیاسەتە کارامەکان لە بواری سەرچاوەکانی ئاوە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە باسمان کرد، پێویستە پرسە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی ئەم ناوچە لەبەرچاو بگیریت.

ئێران بۆ بەڕێوەبردنی پرسەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کە لەسەر سەرچاوە ئاوە هاوبەشەکان لەگەڵ وڵاتانی تورکیا، عێراق، ئەفغانستان و وڵاتانی دیکە هەیەتی، پێویستە دیپلۆماسی بنیاتنەرانەی ئاو بگرێتەبەر. بۆ سەرکەوتوو بوونی دیپلۆماسی ئاو، دەبێت ئێران چاوێك بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بخشێنێتەوە. حکومەت لە جیاتی سەرنجدان بە پەرەسەندنی ناوچەکانی ناوەند، چڕ بێتەوە سەر گەشەکردنی هاوسەنگ و بەردەوامی هەموو ناوچەکانی ئێران. لەبەر ئەوەی دەبینین کە بە بۆنەی وشك بوونی گۆلی ورمێ، ناوچەی باکووری خۆرئاوای ئێران و هەروەها پێکهاتەی دیمۆگرافیای ئەم ناوچە لە سەروبەندی گۆڕانکاریی جوگرافیایی دایە. لەمڕووە دەتوانین بڵێین کە قەیرانی ئاو پرسێکی گرنگە کە کاریگەریی لەسەر ئارامی سیاسی وڵات دادەنێت.

## ئەنجام:

ئێران کە بەشێك لە ناوچە وشك و نیمچە بیابانییەکانە و بارانێکی کەمی تێدا دەبارێت، بەهۆی زۆربوونی بێسنووری دانیشتوانی و بەڕێوەبردنی هەڵە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کشتوکاڵ تووشی کێشەی بەردەوامی کەمی ئاو بووەتەوە. کێشەی کەمی ئاو بەتایبەت لە ناوچە باشوورییەکان کە لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگاوە بەجیدی وەرنەگیراوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت.

قەیرانی ئاو ڕەهەندێکی دەرەکیشی هەیە، کە پەیوەندی بە نێوان ئێران لەگەڵ دراوسێیەکانی و مشتومڕ لەسەر سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکانەوە هەیە. (٥٠) بەڵام دەبێت بڵێین کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەم ئاوی ئێران، هاوکاری و پشتیوانی نێودەوڵەتی کارێکی زەرورییە. ئێران دەتوانێت بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی ئاو، دەستی بە زانستی تەکنیکی، تەکنۆلۆژیای ڕۆژ و هەروەها سەرچاوە داراییە بیانییەکان ڕابگات و ڕەنگە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانێك کە بۆ پرۆژە ژێرخانەکان و بەهێزکردنی بەستێنە ئاڵوگۆڕکراوە زانستییەکان، یارمەتی تەکنیکی و دارایی پێشکەش دەکەن، لە چارەسەرکردنی قەیرانی کەمی ئاو یارمەتی ئێران بدەن. ئێران بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکانی ئاو لەگەڵ دراوسێیەکانی خۆی و هەروەها بەڕێوەبردنی قەیرانی زۆر توندی ناوخۆیی پێویستی بە ستراتیژییەکی گشتگیر هەیە. بۆ چاوخشاندن بە ناکۆکییە ئاوییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەشداریی دیپلۆماتیك، چوارچێوەی هاوکاری و کرداری کارامە لە ئاراستەی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان بەتایبەت لە هۆکارە زەرورییەکانە بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ کەم کردنەوەی ئەنجامەکانی قەیرانی ئاو، بەردەوام سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان لە ئێران گرەنتی بکرێت. هەڵبەتە پەرەپێدانی ژێرخانەکان و چاوپێداخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی کشتوکاڵ و گرتنەبەری هاوکاری نێودەوڵەتیش زۆر گرنگە. ئێران دەتوانێت بە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە، ڕۆڵی لە گرتنەبەری ئارامی ناوچەیی، بەهێزکردنی ئاسایشی ئاو و خۆشگوزەرانی نەتەوەیی خۆی هەبێت. بۆ ئاشتی ناوچەیی و گەشەی بەردەوام، دەبێت ئێران ناکۆکییە ئاوییەکانی لەگەڵ دراوسێیەکانی چارەسەر بکات. بۆ گرەنتی کردنی دابەش ردنی دادپەروەرانەی ئاو و ڕێگەگرتن لە بەرفراوان بوونی پانتایی ناکۆکییەکان بۆ پرسی جیۆپۆلیتیکی مەترسیدار، بینینەوەی ڕێگاچارەی لەبار گرنگییەکی زۆر بەرزی هەیە. ئەگەری ئەوە هەیە، ئێران و وڵاتانی دراوسێ بە پشتیوانی لە پەیوەندی گشتگیر، بەشداریی دیپلۆماتیك و هاوکاری ناوچەیی، ناکۆکییە ئاوییەکان بکەنە دەرفەتێك بۆ هاوکاریی.

# سەرچاوەکان

[1] Mohammad Sadegh Talebi, “Water Crisis in Iran and Its Security Consequences,” Journal of Hydraulic Structures 8, no. 4, (2023): 17-28, DOI: 10.22055/jhs.2023.42638.1239.

[2] http://senobarmag.com/1396/04/ the link refers to many articles, would you please specify exactly the article you cited from and insert it according to our guidelines.

[۳] خبرگزاری ایلنا، بحران آب در برابر بحران خاک هیچ است / گزینه اجباری واردات آب روی میز قرار گرفت/ همه مسیرهای حل بحران آب به لغو تحریم ختم می شود، (۲۷/۰۹/۱۴۰۰)، تاریخ بازدید: ۱۰ اکتبر ۲۰۲۳، https://www.ilna.news/fa/tiny/news-1170008

[4] http://senobarmag.com/1396/04/ the link refers to many articles, would you please specify exactly the article you cited from and insert it according to our guidelines.

[۵] خبرگزاری تسنیم، اشتهای بی انتهای صنایع بزرگ برای دریافت آب در اصفهان، (تیر ۱۳۹۸)، تاریخ بازدید: ۱۰ اکتبر ۲۰۲۳، https://tn.ai/2044694

[٦]هیراد شفیعی، نقش چینی ها در خشکاندن تالاب هورالعظیم چیست؟، روزیاتو، (۱۷ مرداد ۱۴۰۰ ه ش)، تاریخ بازدید: ۱۰ اکتبر ۲۰۲۳، https://rooziato.com/1400329415/

[7] Seyed Ershad Barhagh , Mahdi Zarghami, Yusuf Alizade et. al, “System Dynamics to Assess the Effectiveness of Restoration Scenarios for The Urmia Lake: A Prey-Predator Approach for the Human-Environment Uncertain Interactions,” Journal of Hydrology 593 (2021): 125891, https://doi.org/10.1016/j.jhydrol.2020.125891.

[8] Samaneh Ashraf , Ali Nazemi , Amir AghaKouchak, “Anthropogenic Drought Dominates Groundwater Depletion in Iran,” Sci Rep 11, no. 9135 ( April 2021), DOI: https://doi.org/10.1038/s41598-021-88522-y.

[9]Fehim Tastekin, “Is a water crisis brewing between Turkey and Iran? Al-Monitor, May 13, 2022, accessed October 10, 2023, https://www.al-monitor.com/originals/2022/05/water-crisis-brewing-between-turkey-and-iran.

[۱۰] خبرگزاری ایلنا، بحران آب در برابر بحران خاک هیچ است، همان.

[۱۱] العربیه فارسی، بحران آب در ایران؛ مهاجرت اجباری ۳۷ میلیون نفر به غرب و شمال کشور ، (١٦ اکتبر ,۲۰۲۱)، تاریخ بازدید: ۱۰ اکتبر 2023، https://ara.tv/4fmcy

[۱۲] روزنامه دنیای اقتصاد، بحران آب در ایران و علل و پیامدهای آن، (۱۵/۱۲/۱۴۰۰ ه ش)، تاریخ بازدید: ۱۱ اکتبر ۲۰۲۳، https://donya-e-eqtesad.com/fa/tiny/news-3847843

[13] Yusuf Alizade Govarchin Ghale, Metin Baykara and Alper Unal, "Investigating the Interaction Between Agricultural Lands and Urmia Lake Ecosystem Using Remote Sensing Techniques and Hydro-Climatic Data Analysis," Agricultural Water Management 221, (July 2019): 567-579, https://doi.org/10.1016/j.agwat.2019.05.028.

[14] Yusuf Alizade Govarchin Ghale, Abdusselam Altunkaynak and Alper Unal, "Investigation Anthropogenic Impacts and Climate Factors on Drying up of Urmia Lake using Water Budget and Drought Analysis," Water Resource Management 32, no. 1 (January 2018): 325–337.

[١٥] مجلس شورای اسلامی، بررسی تحلیلی شرایط موجود و تبیین وضعیت آینده بحران آب در کشور، (١٩/١١/١٤٠٠)، تاریخ بازدید: ١٠ أکتبر 2023، https://rc.majlis.ir/fa/report/show/1681436

[١٦] جماران، بحران آب در ایران: آب سدها نصف شد/ شرایط از پارسال هم بدتر است/ افت آبهای زیرزمینی سرعت گرفت/ روی انتقال آب حساب نکنیم، (٠۴/٠٢/١۴٠١ ه ش)، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.jamaran.news/fa/tiny/news-1549220

[١٧] بي بي سي فارسي، طرح انتقال آب خلیج (فارس) به فلات مرکزی ایران چیست؟، (١٩ آبان ١٣٩٩ ه ش) تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.bbc.com/persian/iran-54853095

[١٨] خبرگزاری فارس، واکاوی جزئیات انتقال آب از دریای عمان به شمال شرق/ حامیان پروژه انتقال آب از دریا چه کسانی هستند، (١۴٠٠-٨-١٨ ه ش)، تاریخ بازدید/ ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، http://fna.ir/4v4hz

[١٩] خبرگزاری إیرنا، ابَرپروژه انتقال آب خلیج (فارس) به اصفهان، زمینه ساز توسعه صنایع، (٢ خرداد ١۴٠٠ ه ش)، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر 2023، https://irna.ir/xjDSJK

[٢٠] شبکه اینترنتی اکوایران، انتقال آب، ایران را نجات می دهد؟، (١١ تیر ١۴٠٠ ه ش)، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.ecoiran.com/fa/tiny/news- ٥٥٣١

[٢١] فاطمه امان، اختلاف ایران و افغانستان بر سر آب بالا می گیرد، مرکز جنوب آسیا، طرح آینده ایران، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.atlanticcouncil.org/wp-content/uploads/2016/09/Iran-Afghan-Water-Persian.pdf

[22]Banafsheh Keynoush, "Water Diplomacy Not Enough to Fix Iran-Iraq's Water Dispute," Pacific Council on International Policy, March 20, 2019, accessed October 5, 2023, https://bit.ly/3tqrhCZ.

[٢٣] اندبندت فارسی، وزیر منابع آب عراق: از ایران به مجامع بین المللی شکایت می‌کنیم، (٣١ شهریور ١۴٠٠ ه ش)، تاریخ بازدید: ١٠ أکتبر ٢٠٢٣، https://www.independentpersian.com/node/١٧٨٩٥٦/

[24] http://v.aa.com.tr/2621413

[٢٥] خبرگزاری فارس، فرزان شهیدی اختلاف های آبی ایران و عراق؛ مسائل و دورنما، (١٣٩٦-٥-١٥ هـ ش )، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.farsnews.ir/news/13960514000887

[26] محمدرضا دهشیری ، حامد حکمت‌آرا ، دیپلماسی آب ایران در قبال همسایگان، فصلنامه علمی سیاسات‌های راهبردی و کلان، (دوره 6، شماره 24 – شماره پیاپی 24 دی 1397)، تاریخ بازدید: 10 اکتبر 2023، https://www.jmsp.ir/article_62700.html

[27] Holly Dagres, Iran and Afghanistan are feuding over the Helmand River. The water wars have no end in sight, Atlanticncouncil, (July 7, 2023), accessed: October 10, 2023, https://www.atlanticcouncil.org/blogs/iransource/iran-afghanistan-taliban-water-helmand/

[٢٨] حميد الله محمد شاه، أبرزها نهر هلمند.. إلى أين تتّجِه «حرب المياه» بين أفغانستان وإيران؟، الجزيرة نت، (٣ فوريه ٢٠٢٣)، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://2h.ae/dCWT

[29] Michael Scollon, "Iran And Afghanistan's Taliban Clash As Water Dispute Boils Over," Radio Free Europe/Radio Liberty, May 30, 2023 accessed October 5, 2023, https://bit.ly/48H8zqV.

[30] Iran's water diplomacy with its neighbors., https://jahanesanat.ir/?p=357019

[31]Fehim Tastekin, "Is a water crisis brewing between Turkey and Iran? Al-Monitor, May 13, 2022, accessed October 10, 2023, https://www.al-monitor.com/originals/2022/05/water-crisis-brewing-between-turkey-and-iran.

[32] Fehim Tastekin, "Is a Water Crisis Brewing Between Turkey And Iran?," Al-Monitor, May 13, 2022, accessed October 5, 2023, https://bit.ly/3PDeZie.

[٣٣] صادق ماجدی، خطر سدهای ترکیه برای امنیت ملی ایران، اقتصاد نیوز، (١٤٠١/٠٣/٠٤)، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.eghtesadnews.com/fa/tiny/news-497533

[34] Khorrami, N. (2022), 'Amid dust storms and drought, Turkey and Iran are at odds over transboundary water management', Middle East Institute, 13 June 2022, https://www.mei.edu/publications/amid-dust-storms-and-drought-turkey-and-iran-are-odds-over-transboundary-water

[35] Ibid.

[٣٦] العربیة فارسی، هشدار درباره «ورشکستگی آبی» در ایران؛ کاهش شدید منابع آب تجدیدپذیر، (٠٧ ژوئن ,٢٠٢١ هـ ش)، تاریخ بازدید: ١١ اکتبر ٢٠٢٣، https://ara.tv/m٨٨٢s

[37] إيران انترناشيونال، مسؤول إيراني:إذا استمرَّت أزمة المياه والغذاء فستختفي الكائنات الحية في إيران خلال 20 عامًا، (11/01/2022)، تاریخ بازدید: 11 اکتبر 2023، https://www.entekhab.ir/002wRy.

[٣٨] خبرگزاری ایسنا، چرا ایران دچار بحران آب است؟، (٢ دی ١۴٠٠ هـ ش)، تاریخ بازدید: ١١ أکتوبر https://2h.ae/cvht

[٣٩] خبرگزاری کار ایران (ایلنا)، بحران آب در بزرگترین شهرستان شمال غرب کشور/ آبفای خدابنده از کوچکترین مسئولیت اش سر باز می زند، (١٠/٠٨/١۴٠١)، تاریخ بازدید: ١١ اکتبر ٢٠٢٣، https://www.ilna.ir/fa/tiny/news-١٢٩٢٥١٤

[٤٠] خبرگزاری ایسنا، ریشه های بحران آب در ایران، (٦ آذر ١٤٠٠) تاریخ بازدید ١١ اکتبر 2023، https://2h.ae/OiIo

[41] Atena Mirzaei, Bahram Saghafian, Ali Mirchi, and Kaveh Madani, "The Groundwater-Energy-Food Nexus in Iran's Agricultural Sector: Implications for Water Security," Water 11, no. 9, 1835 (2019): 2 of 15.

[42] Ali Akbar Barati, Milad Dehghani Pour, Mohsen Adeli Sardooei, "Water Crisis in Iran: A system Dynamics Approach on Water, Energy, Food, Land and Climate (WEFLC) Nexus," Science of the Total Environment 882 (July 2023): 163549.

[43] Kaveh Madani, Amir AghaKouchak and Ali Mirchi, "Iran's Socio-economic Drought: Challenges of a Water-Bankrupt Nation," Iranian Studies 49, no. 6 (November 2016): 1008, DOI: https://doi.org/10.1080/00210862.2016.1259286.

[44] Rostam Saberifar, "Climate Change and Water Crisis (Case Study, Mashhad in Northeastern Iran), Pol. J. Environ. Stud 32, no. 1 (2023), 705-716.

[45] Ashraf , Nazemi , AghaKouchak, "Anthropogenic Drought Dominates Groundwater Depletion in Iran."

[46]Susanne Schmeier, Charlie Iceland, Liz Saccoccia, "Iran's Water Crisis: A Result of Drought and Mismanagement with Security Implications," Water Peace Security, August 13, 2021, accessed October 4, 2023, https://waterpeacesecurity.org/info/blog-08-13-2021-iran-water-crisis.

[47] Shahrzad Khatibi and Hasrat Arjjumend, "Water Crisis in Making in Iran," Grassroots Journal of Natural Resources 2, no. 3 (2019): 45-54, https://doi.org/10.33002/nr2581.6853.02034.

[٤٨] خبرگزاری آناتولی، خطر خشک شدن دریاچه ارومیه تهدیدی برای ایران و منطقه، (٠٨,٠٧,٢٠٢١)، تاریخ بازدید: ١٠ اکتبر 2023، http://v.aa.com.tr/2295995

[٤٩] روزنامه دنیای اقتصاد، بحران آب در ایران و علل و پیامدهای آن، (١۵/١٢/١۴٠٠ هـ ش)، تاریخ بازدید: ١١ اکتبر ٢٠٢٣، https://donya-e-eqtesad.com/fa/tiny/news-3847843

[50] Ibid.

# هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە ڕێڕەوە نوێیەکان:
# ڕێگەی گەشەپێدان وەك نمونە

عەلی نەجات

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: بارام سوبحی

**بەرایی**

لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، پرسی ڕێڕەوەکان بووەتە یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی بواری سیاسی و ئابووری. ڕێڕەوەکان بە شادەماری بازرگانی هەرێمی و نێودەوڵەتی دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەی ئاسنەڕێ و هێڵی بۆری و ڕێگە خێراکانەوە، توانای نزیککردنەوەی ناوچە جوگرافییەکانی لەیەکتر هەیە.

لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە زۆرێک لە وڵاتان چالاکانە هەوڵی دامەزراندنی ڕێڕەوی هەرێمی و نێودەوڵەتییان داوە؛ وڵاتان دەیانەوێت تایبەتمەندییە جیۆپۆلیتیکییەکانیان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و فرەلایەنەکانیان بەکاربهێنن، هەوڵدەدەن بە دامەزراندن و پەیوەستبوون بە ڕێڕەوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەستکەوتە ئابوورییەکانیان زیاتر بکەن. عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دەیان ساڵە بەهۆی سروشتی قەیرانەکان و شەڕەکانەوە نەیتوانیوە سوود لە تایبەتمەندییە جیۆئابوورییەکانی ببینێت. لەو ڕووەوە دەستپێشخەری ڕێگەی گەشەپێدان هەوڵێکە لەلایەن عێراقەوە بۆ دەربازکردنی وڵات لە کۆت و بەندە جیۆپۆلەتیکییەکان، لەڕێگەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ڕێڕەو و بەندەر و ڕێگەوبان و ئاسنەڕێکانەوە.

دوای پەرەپێدانی پرۆژەی بەندەری فاو، عێراق کار بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە بەندەرەکانی کەنداو و ترانزێتی وشکانی لە وڵاتانی دیکەوە دەکات، تاوەکو پێگەیەکی هاوشێوە لە بەڕێوەبردنی ترانزێتدا دروست بکات. بۆیە لە ڕوانگەی هەرێمیەوە، پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی جوگرافی-ئابووری عێراق وەک خاڵی پێکەوەبەستنی نێوان کەنداو و ئاسیا و ئەورووپا.

لەو چوارچێوەیەدا، بەغدای پایتەختی عێراق لە (٢٧/ئایار/٢٠٢٣) میوانداری کۆنگرەیەکی هەرێمی کرد بۆ وەزیرانی گواستنەوەی هەریەکە لە: وڵاتانی کەنداو، ئێران، تورکیا، سووریا و ئوردن، سەرباری نوێنەرانی یەکێتی ئەورووپا و بانکی نێودەوڵەتی. کۆنگرەکە بەشێوەیەکی سەرەکی تەرخانکرابوو بۆ خستنەڕووی پلانی حکومەتی عێراق بۆ دامەرزاندنی «ڕێگەی گەشەپێدان»، کە پرۆژەیەکی ستراتیژی مەزنە بە ئامانجی ئەوەی عێراق بکرێتە ڕێڕەوێک بۆ گواستنەوەی کاڵا و شمەک لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا.

ڕێگەی گەشەپێدان کە عێراق بانگەشەی بۆ دەکات، بڕیارە تا ساڵی (٢٠٢٨) ئامادەبێت. ئامانجی بەهێزکردنی بازرگانییە لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا، وەک ئەڵقەیەکی پەیوەندییە کە ئەورووپا و تورکیا و کەنداو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. چاوەڕوان دەکرێت قازانجی ساڵانەی ئەم پرۆژەیە بگاتە نزیکەی چوار ملیار دۆلار، سەرەڕای دابینکردنی سەد هەزار هەلی کار، کە لە ڕێگەیەوە عێراق دەبێتە وێستگەیەکی سەرەکی بازرگانی و وێستگەیەکی گەورەی گواستنەوە لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا، چونکە ماوەی گەشتی دەریایی لە (٣٣) ڕۆژەوە بۆ

(١٥) ڕۆژ کەم دەکاتەوە. بودجەی پرۆژەکە بە (١٧) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، دە ملیاری بۆ کڕینی شەمەنەفەری کارەبایی خێرایە کە بارەکان لە ماوەی (١٦) کاتژمێردا دەگوازێتەوە.

ئەو ڕێگەی گەشەپێدانەی کە عێراق پێشنیاری کردووە، پرسیاری زۆر لەبارەی هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران، لەسەر ئەم پرۆژە نوێیە دەوروژێنێت، کە لەڕێگەی تورکیاوە کیشوەری ئاسیا بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی شیکارکردنی دیدگای ئێران دەدات لەبارەی ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدانەوە. لەمبارەیەوە دوای لێکۆڵینەوە لە پێگەی ئێران لە ڕێڕەوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا، هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە ڕێڕەوە نوێیەکان لە ناوچەکەدا تاوتوێ دەکات، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق.

## پێگەی ئێران لە ڕێڕەوە نێودەوڵەتییەکاندا

لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا، پێگەی ناوازەی جوگرافیای سیاسی و ئابووری ئێران جێگەی بایەخ بووە. بەجۆرێک بەکرداری ئێرانی کردووە بە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی بازرگانی وشکانی لە جیهاندا، هەروەها بووەتە گۆڕەپانێکی کولتووری. بوونی ناوەندی و یەکلاکەرەوەی ئێران لەسەر ڕێگەی ئاوریشم، بە نیشاندەرێکی گرنگی ئەم پرسە دادەنرێت. کە لانیکەم (١٨٠٠) ساڵە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا دانیپێدانراوە. لەمبارەیەوە گراهام فولەر لە کتێبەکەیدا (ڕووگەی جیهان) پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئێران بەباشی شیدەکاتەوە و ئێران بە ناوەندی جیۆپۆلەتیکی جیهان دادەنێت. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ئێران لەسەر یەکتربڕی کیشوەرەکانی (ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقیا) لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێران دەتوانێت باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان بەیەکەوە ببەستێتەوە.

ئێران لە ناوەندی وزەی نێوان کەنداو و دەریای قەزویندا، خاوەنی پێگەیەکی ستراتیجی هەستیارە، کە ئەمەش وای لێدەکات بگات بە سەرچاوەکانی وزە لە باکوور و باشوور لەلایەک و ئاوە هەرێمیەکان لەلایەکی دیکەوە. بۆیە وەک شارەزایان ئاماژەی پێدەکەن، بە کورتترین ڕێگەی بەیەک گەیاندنی نێوان دەریای قەزوین و کەنداو و جەمسەری ترانزێتی وزە لە ناوچەکەدا دادەنرێت. هەر ئەوەش هانی بەریتانیا و ڕووسیای دا لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئێران کۆنترۆڵ بکەن.

نیکۆلاس سپیکمان لە تیۆری (چوارچێوەی زەوی)دا ئێران وەکو ناوەندی بەیەکەوە

بەستنی نێوان وشکانی و دەریا دەناسێنێت. لەتیۆرییەکەیدا ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو کە ئەمڕۆ بەهۆیەوە سیاسەتی نێودەوڵەتی جیهانی بەڕێوەدەبرێت، تیۆرییەکەش لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی دوو ڕێبازەوە کۆنترۆڵی جموجۆڵی جیهان بکرێت.

ئێران سنوور لەگەڵ پازدە دەوڵەتدا هەیە؛ بە ئاسانی دەگاتە بازاڕەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز و وڵاتانی باشووری کەنداو. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێشهاتەکانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لەلایەک، باشووری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز لە لایەکی دیکەوە هەیە.

تیم مارشاڵ لە کتێبی (زیندانی جوگرافیا)دا، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە تەنگەبەرێکی ستراتیژی دادەنێت، لەبەرئەوەی لە کەناری دەریادا نین، لە ڕێگەی ئێرانەوە بە کەمترین تێچوون بە دەریاکانی ناوچەکەوە دەبەسترێنەوە. ئێرانیش لەبەرئەوەی بە تەنها توانای کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمزی هەیە، لە گۆشەگیری جیۆپۆلەتیکی ڕزگاری دەبێت، جگەلەوەی قورساییەکی سیاسی و ئابووری و بازرگانی پێدەبەخشێت.

لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئابووری ئێراندا، ماوەیەکی زۆرە وشەی "ڕێڕەوەکان" بووەتە یەکێک لە زاراوە زۆر بەکارهێنراوەکان. چونکە ئێران دەکەوێتە پێگەیەکی ستراتیژییەوە، بەهۆی هەڵکەوتنی لەناو جەرگەی ڕێگەی ئاوریشمدا، کە کۆنترین ڕێڕەوی وشکانییە لە جیهاندا، لە کۆندا بە دوو ڕییانی شارستانییەتەکان ناسرابوو. ئەمڕۆ ئێران ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، باکوور و باشوور بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لێرەوە بە خاڵی بەیەک گەیاندنی هەر چوار گۆشەی جیهان دادەنرێت.

ئەم دەوڵەتە لە ناوچەی شلۆقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە، لەڕووی پێگەی جوگرافیەوە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاوە، لەڕێگەی ڕێڕەوی باکووری ڕۆژئاواوە هیندستان و ڕووسیا پێکەوە دەبەستێتەوە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە لەڕێگەی ڕێڕەو یان ڕێگەی نوێی ئاوریشمەوە ئاسیا و ئەورووپا پێکەوە دەبەستێتەوە. ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و تورکیا و ئەورووپای ڕۆژئاوا لەڕێگەی ڕێڕەوی تراسیکاوە پێکەوە دەبەستێتەوە. لە ڕێڕەوی باشووری ئاسیاوە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپاوە دەبەستێتەوە، هەروەها ئەندامانی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری (ECO) پێکەوە دەبەستێت. جگەلەوەی بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی عیشقئاباد ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی

نێوان دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستە بە دەریاکان و کەنداو.

لەنزیک سنووری جوگرافی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ئاڕاستەی ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات، ڕێڕەوی تراسیکا (TRASECA) هەیە، کە پەیوەندی لەنێوان ئەورووپا و دەریای ڕەش و قەوقاز و دەریای قەزوین و ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ ئاسیادا دابین دەکات. ڕێڕەوی تراسیکا یان ڕێڕەوی ئەورووپا – قەوقاز – ئاسیا، لە ساڵی (١٩٩٣) لەلایەن یەکێتی ئەورووپا لەدوای کۆنگرەی برۆکسل دروستکرا، لە سەرەتادا لە هەشت دەوڵەت پێکدەهات و ئێستا گەیشتۆتە (١٣) دەوڵەت. لەئێستادا ئەندامەکانی بریتین لە هەریەکە لە: کۆماری ئیسلامیی ئێران، کازاخستان، قیرغیزستان، ئۆزبەکستان، ئازەربایجان، ئەرمینیا، جۆرجیا، ئۆکرانیا، مۆڵدۆڤا، ڕۆمانیا، بولگاریا و تورکیا. ئەم ڕێڕەوە ڕایەڵێکی بازرگانی و ترانزێت لەنێوان ئەورووپا و قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست پێکدەهێنێت. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێڕەوە بریتیە لە پەیوەندی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گواستنەوە بەدرێژایی ئەم ڕێڕەوە، ڕکابەری لەگەڵ ڕێڕەوی چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا دەکات.

ئەم ڕێڕەوە بە یەکێک لە ڕێڕەوە چالاکەکانی گواستنەوە لەنێوان ئەورووپا و ئاسیا لە باکووری ئێران دادەنرێت، هاوتەریبە لەگەڵ ڕێڕەوی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوای ئێران. بەڵام هاوکاری ئێران لەگەڵ ئەم ڕێڕەوەدا کە ڕێگەوبان و ئاسنەڕێی لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا بۆ دروستکراوە، هیچ سوودێکی بۆ ئێران نییە، بەوتەی هەندێک لە کاربەدەستانی ئێران بە ئامرازێک بۆ دەربازبوون لە ئێران دادەنرێت.

دووەمین ڕێڕەوی گرنگ کە ئێران تیایدا ئەندامە، ڕێڕەوی باکوور باشوورە (INSTC). لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەن هیندستان و ڕووسیاوە نەخشەی پڕۆژەیەک بۆ پێکەوەبەستنی ئۆراسیا دانرا. لە ئەیلولی (٢٠٠٠) بۆ دامەزراندنی ڕێڕەوێکی گواستنەوەی نێودەوڵەتی لە باکوورەوە بۆ باشوور، ڕێککەوتنێک لەنێوان ڕووسیا و هیندستان و ئێراندا واژۆکرا، لە ساڵانی دواتردا هەریەکە لە: کازاخستان، بیلاڕووسیا، عوممان، تاجیکستان، ئازەربایجان، ئەرمینیا، سووریا بوونە ئەندام، هەروەها بولگاریا بووە ئەندامی چاودێر.

ئامانج لەم ڕێڕەوە بەستنەوەی بەندەری ڕۆژهەڵاتی مۆمبایە لە هیندستان، لەڕێگەی بەندەری چابەهار و ئەنزەلی ئێرانی، پاشان ئازەربایجان تا ئاستاراخان و سانت پترسبۆرگی

ڕووسیا. بەهۆی هەوڵەکانی هیندستان بۆ تێپەڕاندنی بەندەری جەوادری پاکستانی، بایەخی بەندەری چابەهار زیادیکردووە و گەشەی پێدراوە. هەروەها ڕکابەری نێوان هیندستان و چین وەکو زلهێزێکی ئاسیایی گەشەسەندو بۆ پەیوەندیکردن بە ئەورووپاوە، وایکردووە ئێران لە ڕکابەری نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا ببێتە خاوەنی پێگە، ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت، ئەوا سوودێکی زۆر بە وڵاتەکە دەبەخشێت. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم ڕێڕەوە بە بەراورد بە ڕێگە جێگرەوەکانی بریتیە لە کورتکردنەوەی ڕێگاکە بەڕێژەی (٤٠٪)، بەراورد بە کەناڵی سوێس بۆ گواستنەوەی شتومەک بەڕێژەی (٣٠٪) هەرزانترە. هەروەها ئێران ناتوانێت چاو لە چاوگە ئابوورییەکانی ئەم ڕێگوزەرە بپۆشێت، چاوەڕوان دەکرێت لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەوە، ئێران ساڵانە سێ ملیار دۆلاری دەست بکەوێت.

هۆکاری وەبەرهێنانی هیندستان لە چابەهار و ڕزگاربوون لە سزاکانی ئەمریکا لە سایەی سەرۆکایەتی ترامپدا، ئاستی گرنگی ئەم ڕێڕەوەی بۆ هێزە ئابوورییە گەشەسەندووەکان لەجیهاندا دەرخست. هەروەها سازشی هیندستان لەسەر چابەهار و تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە، بەڕوونی کارتی گەمە جیۆسیاسیەکانی ئێران زیاتر دەکات. بە بەڵگەی ئەوەی بەستنەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئازەربایجان بە ئێرانەوە، کێشە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی کەم دەکاتەوە.

دوای تێپەڕبوونی دوو دەیە بەسەر واژۆکردنی هەریەکە لە ڕووسیا و ئێران و هیندستان لە ساڵی (٢٠٠٠) لەسەر یەکەم بەڵگەنامە بۆ دامەزراندنی ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی لەنێوان باکوور و باشووردا (INSTC)، ئێران لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٢٢) دەستیکرد بە گواستنەوەی شتومەک لە بەندەری ئاستاراخانی ڕووسیاوە، بە تێپەڕین بە دەریای قەزویندا، پاشان بەندەری ئەنزەلی ئێرانی، ئینجا لەڕێگەی وشکانییەوە بۆ ئاوەکانی کەنداو، ئەو بارانە لە ڕێگەی دەریاییەوە بۆ بەندەری نەهاڤا شێڤای هیندی دەنێردرێت.

بابەتێکی دیکەی گرنگ بۆ ئێران هەیە، ئەویش دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگەیە (One Belt On Road). یەک پشتێنە، یەک ڕێگە، هەروەها بە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگەش ناودەبرێت (OBOE)، بە ڕێگەی ئاوریشمی نوێش دەناسرێت، دەستپێشخەرییەکی چینە لەسەر پاشماوەی ڕێگەی ئاوریشم لە سەدەی نۆزدەدا، لەپێناوی بەستنەوەی چین بە جیهانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین پرۆژەی ژێرخان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەم ڕێڕەوە کە ڕێگە وشکانی و ئاوییەکان کۆدەکاتەوە، جێگەی ڕێگەی ئاوریشمی کۆن بگرێتەوە کە ئاسیا و ئەورووپای پێکەوە دەبەستەوە. ئەم پرۆژەیەی چین بەندەر و ڕێگەوبان و ئاسنەڕێش دەگرێتەوە، بەرەو گۆڕینی سیستمی جیۆسیاسی جیهانیش لە بەرژەوەندی چین دەڕوات. ئامانجی پراکتیکی ئەم پرۆژەیەش ئەوەیە کە چین دەستڕاگەیشتنی زیاتری بە بازرگانی لەهەموو جیهاندا هەبێت، بێگومان ئەم بابەتە لێکەوتەی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشی دەبێت.

بەگوێرەی ناوەندی توێژینەوەی ئەنجوومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا (CFR)، تا ئێستا (١٤٧) دەوڵەت کە نمایندەی سێ بەشی دانیشتوانی جیهان دەکەن و (٤٠٪) کۆبەرهەمی گشتی ناوخۆیی جیهان پێکدەهێنن، واژۆیان لەسەر ئەم پرۆژەیە کردووە، یان ئارەزوویان پیشانداوە ئەو کارە بکەن.

لەسەر ڕێگەی ئاوریشمی کۆن و ڕێگەی پشتێنەی یەکەمی ئێستا، ئێران پێگەیەکی ناوەندی هەیە، چونکە ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و ڕۆژئاوای جیهانی عەرەبی و باشووری کەنداو و زەریای هیندی هەڵکەوتووە. لەسەردەمانی زووەوە، ئێران ڕێگەی سەرەکی بووە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێکەوە بەستۆتەوە، بۆیە ناوبانگی "پردی ڕێگەی ئۆراسیا" و "ڕێڕەوی ئاسمانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا"ی هەیە.

چین لەڕووی ستراتیژییەوە وەک دەوڵەتێکی سەرەکی لە ئێران دەڕوانێت، بەلای پەکینەوە ئێران بە سەرچاوەی سەرەکی وزە دادەنرێت، دەوڵەتێکی گەورەشە لەڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، لە گەرووی هورمز و دەریای قەزوینیشەوە نزیکە. لەسەروو هەموو ئەوانەوە، ئێران بە بەردی بناغەی ڕێڕەوی ئابووریی باشوور – ڕۆژئاوای ئاسیا دادەنرێت. یەکێکیشە لە لقە گرنگەکانی دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە بۆ بەستنەوەی چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە بەشداریکردنی ئێران لە پرۆژەکانی ئەم دەستپێشخەرییەدا، بە خاڵی سەرەکی سەرکەوتنی دادەنرێت. هەروەها چین وەک سەنگێکی ستراتیژی هاوتەریبی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەڕوانێتە ئێران. لەمبارەیەوە باڵیۆزی چین لە ئێران چانگ هوا دەڵێت: لەسەر ڕێگەی ئاوریشم، ئێران هەمیشە و تا ئەمڕۆ وەکو دووڕیانێکی چالاک و یەکلاکەرەوە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. لە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگەدا، شی جین پینگ

سەرۆکی چین بە ئەرێنییەوە لە ڕۆڵی ئێران دەڕوانێت.

بەدەر لەوانە، پێگەی ئێران لە پەیماننامەی عیشقئابادا زۆر گرنگە. پەیماننامەی عیشقئاباد لە ساڵی (٢٠١١) لەنێوان هەریەکە لە: عوممان، قەتەر، تورکمانستان، کازاخستان و ئێران واژۆکرا، وەکو هەوڵێک بۆ بەستنەوەی ئاسیای ناوەڕاست بە ئاوە نێودەوڵەتییەکانەوە لەڕێگەی ئێرانەوە. لەگەڵ هاتنە ناوەوەی هیندستانیش بۆ ناو ئەم پەیماننامەیە لە ساڵی (٢٠١٨) بایەخی زیاتر بوو، بەهۆی ئەگەری بەستنەوەی ئەم دەوڵەتانە بە هیندستانەوە لەڕێگەی ئێرانەوە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو کۆمارانەی کە سەربەخۆییان لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرتووە وڵاتگەلێکی داخراون و بۆ گەیشتن بە ئاوە هەرێمیەکان، ئێران تەنها دەروازەیانە. بۆیە ئێران دەتوانێت وزە لە تورکمانستان و کازاخستانەوە بگەیەنێتە ئاوە هەرێمییەکان، لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی تورکیاوە بیگەیەنێت بە ئەورووپا.

### ئێران چۆن دەڕوانێتە ڕێڕەوە هەرێمییە نوێیەکان؟

لەبنەڕەتدا ڕێڕەو دەروازەیەکە بۆ گواستنەوەی کاڵا بەکاردەهێنرێت. لەهەر ڕێڕەوێکدا ئامرازی گواستنەوەی جۆراوجۆر (ڕێگای وشکانی، دەریایی و ئاسنەڕێ) بەکاردەهێنرێت. لەڕووی گرنگی جیهانیشەوە، ڕێڕەوەکان بەسەر پێنج بەشدا دابەش دەکرێن: ڕێڕەوی نیشتیمانی، ڕێڕەوی هەرێمی، ڕێڕەوی کیشوەری، ڕێڕەوی کیشوەربڕ، ڕێڕەوی جیهانیی.

وەکو ڕێسایەکی گشتی هەر دەوڵەتێک وای بەباش دەزانێت کە هەموو هێزی خۆی لە ئابووری نێودەوڵەتیدا بەکاربهێنێت، ئەوەش لەپێناوی دابینکردنی بناغەیەکی گونجاو بۆ دەوڵەتانی دیکە بۆ بەکارهێنانی خاکەکەی بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی، بەجۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیدا هاوتەریب بێت. لەم چوارچێوەیەدا، پێگەی جوگرافی و جیۆسیاسی ئێران لەناوچەکەدا زۆر گرنگە. بۆیە ئێران لەپێناوی زیادکردنی هێزی سیاسی و ئابوریی لە ناوچەکەدا، بەردەوام هەوڵیداوە سوود لەم خەسڵەتەی وەربگرێت.

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، پرسی دروستکردنی ڕێڕەوە نوێیەکان و ڕکابەری لەنێوان هێزە کاریگەرەکاندا لەمبارەیەوە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی هەرێمی لەبارەی ئەم پرسەوە.

## ١) هەڵوێستی ئێران لە ڕێڕەوی زەنگزور

ئێران دژی پرۆژەی دامەزراندنی ڕێڕەوی زەنگزورە لەنزیک سنوورە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەرمینیادا. تورکیا لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٤)، جارێکی دیکە پرسی دروستکردنی ڕێڕەوی زەنگزوری هێنایەوە بەر باس. دوای ماوەیەکی درێژ و بۆ یەکەمجار، هەڵوێستی خۆی لەبارەی دامەزراندنی ڕێڕەوێک دیاریکرد کە پێویستە وڵاتەکەی بە ئازەربایجانەوە ببەستێتەوە.

بەوتەی وەزیری گواستنەوەی تورکیا عەبدولقادر ئۆراڵ ئۆغلو، بڕیارە لە ماوەی پێنج ساڵدا تەواوی ڕێگەکە تەواوبکرێت. هەفتەیەک بەسەر جەختکردنەوەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆککۆماری تورکیادا تێنەپەڕی، لەسەر تەواوکردن و کردنەوەی دەروازەی زەنگزووری ئەرمەنی، بەو پێیەی پرسێکی ستراتیژییە. تاوەکو لە بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵاتەوە لە ئێران لێدوان درا و هۆشداریان دا کە هەر گۆڕانکارییەک لە جیۆپۆلەتیکی ناوچەی قەوقازدا، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تێکڕژان.

سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند بە کردنەوەی دەروازەکە برایەتی تورکیا و ئازەربایجان زۆر بەهێزتر دەبێت، لەهەمانکاتدا وتیشی: مایەی خۆشحاڵیە لەبارەی ئەم پرسەوە ئاماژەی ئەرێنیمان لە ئێرانەوە پێگەیشتووە. بەڵام ئێران بەخێرایی وەڵامی ئاماژە ئەرێنیەکانی دایەوە و هۆشداری لە کردنەوەی ڕێڕەوەکە دا. لەوبارەیەوە ڕازگری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران عەلی ئەکبەر ئەحمەدیان، وتی: هەر گۆڕانکارییەک لە جیۆپۆلەتیکی ناوچەی قەوقازدا، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تێکڕژان و قەیرانەکانی ئێستا قووڵتر دەکاتەوە. هەروەها عەلی شەمخانی سەرۆکی پێشوی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەمیانی دیداری لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئەرمینیا ئەرمین گریگۆریان لە تاران، وتی: هەر گۆڕانکارییەک لە جوگرافیای باشووری قەوقاز، کارێکە دەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی. پاشان وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ناسر کەنعانی، وتی: وڵاتەکەمان دژایەتی هەر گۆڕانکارییەکی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا دەکات، ئەمەش هەڵوێستی ڕوونی ئێمەیە.

ئێران نیگەرانی ڕوونی خۆی لەبارەی هێڵکاری ئەم ڕێڕەوە دەربڕی. ڕێبەری باڵای ئێران عەلی خامەنەئی ڕەتیکردەوە وڵاتەکەی سنوورەکانی لەگەڵ ئەرمینیادا دابخات. ئەم وتانەشی

لەکاتی کۆبوونەوەیدا بوو لەگەڵ هەریەکە لە ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی رووسیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا، کاتێک بۆ ئامادەبوون لە لوتکەی ئەستانا لە تەمموزی (٢٠٢٢) سەردانی تارانیان کرد. ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆکی ئێران لەکاتی پەیوەندیکردنی بە سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیاوە نیکۆڵ باشنیان، هەمان بابەتی دووبارە کردەوە.

دامەزراندنی ڕێڕەوی زەنگزور کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی بایەخی جیۆسیاسی ئێران لەناوچەکەدا. لەلایەکەوە، کردنەوەی ئەم جۆرە ڕێڕەوە چەندین دەستکەوتی بۆ تورکیا دەبێت، بەهۆی بەیەک گەیاندنی تورکیا بە هەندێک لە دەوڵەتان لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز، ئەم پرسەش دەتوانێت کار بکاتە سەر پەیوەندی و گرنگی جیۆسیاسی ئێران لەلای ئەو دەوڵەتانە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەری تێپەڕبوونی ڕێڕەوی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا لەڕێگەی ناوچەی زەنگزورەوە، کە چاوەڕوان دەکرێت چین بە ئەورووپاوە ببەستێتت، دەبێتە ئاڵنگارییەکی دیکە بۆ تایبەتمەندییە جیۆسیاسیەکانی ئێران نەک تەنها لەناوچەکەدا، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش کاریگەری دەبێت.

لەبەر ئەو هۆکارەش، ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئەو ڕێڕەوە لەلایەن ئێرانەوە بەڕوونی دژایەتی کرا. بەنمونە باڵیۆزی پێشوی ئێران لە ئازەربایجان محەمەد باقر بەهرامی لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵەکانی ئێران، هەریەکە لە ئیسرائیل و بەریتانیا و تورکیا و ئازەربایجانی تۆمەتبارکرد بەکارکردن بۆ دروستکردنی جیهانێکی تورکی لەڕێگەی دروستکردنی ڕێڕەوێکەوە کە هەتا تورکمانستان و یەکێک لە هەرێمەکانی چین کە زۆرینەی دانیشتوانی ئیگۆرین درێژ دەبێتەوە.

هەر لەهەمان چوارچێوەدا، ئەنجوومەنی ستراتیژی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە تاران پێشهاتەکانی ناوچەی قەوقازی بە پلانگێڕییەکی بیانیەوە گرێدا، ئەنجوومەنەکە ڕوونیکردەوە جەنگی دووەمی قەرەباغ بۆ ئازادکردنی ئەو ناوچەیە نەبووە، بەڵکو ڕووپۆشێک بووە بۆ دامەزراندنی ڕێڕەوێکی تورکی بۆ (ناتۆ) یان ڕێڕەوی زەنگزور، بەوتەی ئەوان ئەمەش پێشێلکردنی ماددەی چواری پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

ئێران پێیوایە ڕێڕەوی زەنگزور هەوڵێکە بۆ بێبەشکردنی لە داهاتەکانی گواستنەوەی هەناردەی تورکی بۆ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست. هەروەها لە کرێی ترانزێتی بارهەڵگرەکانی ئازەربایجان بۆ ناوچەی ناخچەڤانی سەر بە خۆی لە خاکی ئەرمینیا بێبەشی دەکات. ئەمەش

لەسایەی ئەو ڕێککەوتنەی ئێران لە ئازاری (٢٠٢١) لەگەڵ ئازەربایجان واژوی کرد، بۆ پەڕینەوە بۆ ناو خاکی ئەو هەرێمە خودموختارە. دوای ئەوەی ئەرمینیا برگەیەک لە ڕێککەوتنی ئاگربەستی جێبەجێنەکرد کە لەگەڵ ئازەربایجاندا واژۆی کردبوو، ڕێککەوتنەکەش بە چاودێری ڕووسیا لە (٩/نوڤەمبەر/٢٠٢٠) واژۆکرا، کە یەریڤان ڕێگە بە ئازەربایجان دەدات بگاتە هەرێمەکە. واتە ئەگەر ئەم ڕێڕەوە تەواو ببێت، بەو مانایە دێت کە ئیدی بۆ پەڕینەوە پێویست بە بەکارهێنانی خاکی ئێران ناکات. تەنانەت ئێران ناچار دەبێت ڕسومات بدات، کە ڕەنگە دوو هێندە بێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بە تێپەڕبوونی بارهەڵگرەکانی بدرێت جا بۆ ناو خاکی ئازەربایجان بێت یان لە ڕێگەی ئەو ڕێڕەوەوە بێت کە دەکەوێتە سەر سنوورەکانی لەگەڵ ئەرمینیادا. کورت و پوخت ئێران هەست بە ئاستی ئەو هەڕەشەیە دەکات کە دروستکردنی ڕێڕەوی زەنگزور بەسەریدا دەسەپێنێت، چونکە سەرباری لێکەوتە ئابورییە نەرێنییەکانی بۆی، دەبێتە هۆی سنووردارکردنی هەژموونی سیاسی لە ناوچەکەدا.

**٢) هەڵوێستی ئێران لە ڕێڕەوی هیند – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ئەورووپا**

لە لوتکەی گرووپی بیست کە لە (٢٠٢٣/٩/٩) لە نیودەلهی پایتەختی هیندستان بەسترا، ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی ڕێڕەوێکی ئابووری نوێ ڕاگەیەنرا (IMEC)، کە چەندین دەوڵەت لەخۆدەگرێت و باشووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

پرۆژەی ئەم ڕێڕەوە ئابورییە نوێیە بە بەرهەمی ستراتیژییەتی ئەمریکا لەناوچەی دوو ئۆقیانووسەکە (هیندی و هێمن) دادەنرێت. چونکە واشنتۆن لەڕێگەی ئەم پرۆژە ئابورییە نوێیەوە دەیەوێت دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەها لە ڕێگەی پێشنیارکردنی پرۆژەیەکی جێگرەوەوە لەمپەر لەبەردەم جێبەجێکردنی چین بکات، ئەم پرۆژەیەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ لاوازکردنی هەژموونی ڕوو لە هەڵکشانی چین لەجیهاندا، لەنێویاندا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لەو میانەیەدا، گۆڤاری (نیوزویک) ی ئەمریکی ئاماژەی بەوەداوە کە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگەی چین دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەژموونی چین لە سەرانسەری تەواوی (ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا)دا، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەژموونی ئەمریکا لەو ناوچانەدا، بەتایبەتی بەهۆی ئەو پشتیوانییە بەرفراوانەی لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە پرۆژەکەی چین دەکرێت.

گۆڤارە ئەمریکیەکە ڕوونیکردۆتەوە پرۆژەی ڕێڕەوێکی ئابووری نوێ لەنێوان (هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا)، بە هەنگاوێکی مێژوویی دادەنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕوو لە هەڵکشانی چین، هەروەها بۆ بنیاتنانی ژێرخانێک لەسەر ئاستی جیهاندا.

لەڕاستیدا پاش دوایین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی بیست و ڕاگەیاندنی بنیاتنانی ڕێڕەوی (هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا)، جەنگی ڕێڕەوەکان بۆ دەستکەوتنی پشکی گەورەتر لە بازرگانی جیهانیدا توندتر بۆتەوە.

بەوتەی شارەزایان گرنگترین ئامانجی ڕێڕەوی (هیندی - ئەورووپی) ڕکابەرییە لەگەڵ هێزی گەشەکردووی چین لە ناوچەکەدا، هەروەها کەمکردنەوەی بایەخی جیۆئابووریی ئێران و تورکیایە. ڕاگەیاندنی دروستکردنی ڕێڕەوێکی ئابووریی نوێی جیهانی لەنێوان (هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا) لەکاتی کۆبوونەوەکانی لوتکەی (20 G) بوو لە نیودەلهی. ژمارەیەک لە دەوڵەتانی وەک (ئەمریکا، سعودییە، هیندستان، ئیسرائیل، ئیمارات، ئوردن و چەندین لایەنی ئەورووپی) لەسەر هاوبەشیەکی مێژوویی ڕێککەوتن بۆ پشتیوانیکردن لە ژێرخانێکی جیهانی. بەڵام ئەم هاوبەشیە نیشانەی پرسیاری لەسەر ئایندەی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگەی چینی داناوە. هەروەها پێدەچێت ببێتە هۆی لەناوبردنی پرۆژەی ڕێڕەوی باکوور کە هەریەکە لە ڕووسیا و هیندستان و ئێران لەماوەی ساڵانی ڕابردودا هەوڵی جێبەجێکردنیان داوە، پرۆژەکە هێشتا لەمپەری زۆری لەبەردەمە، گەورەترینیان پەیوەستە بە لایەنی ئێرانییەوە کە خراوەتە ژێر گەمارۆوە.

چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ڕاگەیاندنی ڕێڕەوە نوێیەکە ببێتە هۆی پاشەکشەی ئێران لە بیرۆکەی کاراکردنی ڕێڕەوی باکوور – باشوور کە تائێستاش دەرفەتی جێبەجێکردن و کەڵکە ئابوورییەکانی پرسیاری گەورەی لەسەرە، لەبری ئەوەش ئاڕاستەکە ڕووە و هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانی دۆڕاوەکانە لە کاراکردنی ڕێڕەوە نوێیەکە، لەم چوارچێوەیەدا هەوڵەکانی ئێران چەند لایەنێکی وەکو تورکیا و چینی بە ئامانج گرتووە.

بەدەر لەو مشتومڕەی لەبارەی کەڵکی ئەم هەوڵە چاوەڕوانکراوانەی ئێران دەکرێت، دەگونجێت لە ماوەیەکی نزیکدا چەندین چالاکی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی چین ببینین. سەرباری کاراکردنی وێستگەی ئێران لە ڕێڕەوەکانی پشتێنە و ڕێگەدا. لە چوارچێوەی پەرەسەندنی هەوڵەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە تێپەڕین بە خاکی ئێراندا لە پلانی پشتێنە و

ڕێگەی چیندا، تائێستاش ئێران زۆر سەرنجڕاکێشە.

مایکل کۆلگمان، بەڕێوەبەری پەیمانگای باشووری ئاسیا لە سەنتەری ویڵسن لە پۆستێکدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" ڕایگەیاندووە، ڕێککەوتنەکە دەتوانێت یاساکانی یارییەکە بگۆڕێت، بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگەی چینی، پەیوەندی نێوان هیندستان و ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزتر دەکات. هەموو ئەمانەش مانای وایە ڕێگەی بەردەم ڕێڕەوی نێوان یەکێتی ئەورووپا و هیندستان ئاسان نییە. بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنیشی پێویستی بە کۆششێکی دیبلۆماسی هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێککەوتنەکەیان واژۆکردووە و ئەوانەشی کە واژۆیان نەکردووە وەک ئێران و ڕووسیا، کە ڕۆژئاوا پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵیاندا نییە.

بۆچوونێکی باو لە ناوەندی توێژەران و چاودێرانی ئێراندا هەیە، کە پوختەکەی ئەوەیە ئێران لە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی ڕێڕەوی ئابووری نێودەوڵەتیدا دوور دەخرێتەوە. ئەم قەناعەتە دوای بڕیاری هیندستان و ڕووسیا بۆ چڕکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان لەڕێگەی دەریاکانەوە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا بەهێزتر بووە (سەرباری ڕێککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ ئێراندا بۆ کاراکردنی ئاڵوگۆڕ لەڕێگەی ڕێڕەوی باکوور – باشوور کە بە ئێراندا تێدەپەڕێت).

هەریەکە لە مۆسکۆ و نیودەلهی ڕایانگەیاندووە دەیانەوێت ڕێگەیەکی نوێی دەریایی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی کارا بکەن. ئەم بۆچوونەش کاتێک دووپات کرایەوە کە چین هەوڵیدا لە پرۆژەکانی ڕێڕەوی پشتێنە و ڕێگەدا خۆی لە ئێران بەدوور بگرێت، هەروەها کاتێک ئیمارات و تورکیا ڕێڕەوەکانیان گۆڕی، تاوەکو لەبری ئەوەی بە ئێراندا گوزەر بکات، لەڕێگەی عێراقەوە بڕوات. سەرباری جیاوازییەکان لەنێوان چاودێراندا لەبارەی شیکردنەوەی هۆکارەکان، بەڵام بۆچوونی گشتی ئەوەیە کە ئێران لە پلانی ڕێڕەوە نێودەوڵەتیەکاندا ئامادەیی نییە. لەو چوارچێوەیەدا، دەکرێت لە هەڵوێستی ئێران لەبارەی ڕێڕەوی نوێی هیندی – عەرەبی – ئەورووپی تێبگەین، کە لە گۆشەنیگای ئێرانەوە پرۆژەیەکی دیکەیە کە نەبوونی ئێران لە ڕێڕەوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکاندا دەسەلمێنێت، لەڕێگەی دوورکەوتنەوە لە تێپەڕین بە خاکەکەیدا. بەڵام ئەمجارە پرۆژەیەکی کرداری زەبەلاحە، بۆ گواستنەوەی (٣٠٠) ملیار یۆرۆ کاڵا لەهەر ساڵێکدا.

تاران لەم ڕێڕەوە نوێیەدا لایەنگرییەکی هیندی بۆ قەوارەی عەرەبی دەبینێت لە ڕکابەرییەکی جیۆئابووری هەرێمیدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە هیندستان ئاهەنگی ئەندامێتی ئێرانی لە "بریکس"دا گێڕا، دوای ژمارەیەک کۆبوونەوەی هیندی – ئێرانی، بابەتی کاراکردنی پرۆسە جێبەجێکارییەکان لە چابەهار خرایەڕوو. لەڕاستیدا کاربەدەستانی ئێران لە پرۆژەکەدا ئاماژەیەکی دیکە دەبینن بۆ کۆتاپێهێنان بە خەونی ڕێڕەوی باکوور - باشوور، چونکە زۆر بەسادەیی لەڕێگەی ڕێڕەوێکی جێگرەوە هیندستان بە ڕۆژئاواوە دەبەستێت، کە پارێزراوتر و تێچووی کەمتریشە، لە ڕێڕەوی باکوور – باشووریش زۆر خێراترە.

ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکان لە تاران وایدەبینن کە ڕێڕەوی نوێی هیندی – عەرەبی – ئەورووپی، زیاترە لەوەی کە تەنها پرۆژەیەکی ئابووری بێت. بەڵکو هەندێک شیکردنەوەی ئەو ناوەندانە ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکەڵاوبوونی سعودییە لەم ڕێڕەوەدا بە هەنگاوێکی دیکە دادەنرێت بە ئاڕاستەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی عەرەب – ئیسرائیل، هەروەها بە جموجوڵێکی نوێی دەزانن لەچوارچێوەی دروستکردنی کۆتێکی ئابووری – ئەمنی بەدەوری ئێراندا، بۆ گەمارۆدانی لەڕووی ئابووری و ئەمنییەوە. بەو هۆیەوە ناوەندە سەربازییەکان لە ڕوانگەیەکی ستراتیژی ئەمنیەوە لەم پرۆژە دەڕوانن و پێیانوایە مەرامی بەئامانج گرتنی ئاسایش و پێگەی ئێرانە.

وەزیری دەسەڵاتداری سکرتاریەتی گشتی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی، سامیە بێربێس، پێیوایە کە پێگەی جوگرافیای ئێران لە ناوچەکەدا، لەسەر دووڕیانێکە لەنێوان (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا)دا، کە هەژموونێکی گەورەی لە ناوچەکەدا پێبەخشیوە. هەروەها نزیکی لە گەرووی هورمزەوە کە یەکەمین ڕێگەی سەرەکی پەیوەندی نێوان هیندستان و ئیماراتە، بە هەڕەشەیەکی ڕوون دادەنرێت بۆ پرۆژەی ڕێڕەوە نوێیەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر کارێکی تێکدەرانە لەلایەن ئێرانەوە یان بریکارەکانی لە ناوچەکەدا، وەکو: هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز، دەبێتە هەڕەشە لەسەر سەلامەتی و ئاسایشی ڕێڕەوە نوێیەکە، ئەوەش بەتوندی کاردەکاتە سەر گواستنەوەی کاڵا و وزە لەڕێگەی ڕێڕەوەکەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم کارەکانیدا، هەروەها پشتیوانی ئێران لە چالاکیە نافەرمییەکان لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەرانی نێودەوڵەتی دەوروژێنێت، ئەو چالاکیانەش دەتوانن ئاسایشی ڕێڕەوە نوێیەکە بخەنە مەترسیەوە.

### ٣) هەڵوێستی ئێران لەبارەی ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراقەوە

یەکێک لە ڕێڕەوە هەرێمیە گرنگەکان بۆ ئێران، ڕێگەی گەشەپێدانی عێراقە. بەغدای پایتەختی عێراق لە ئایاری (٢٠٢٣)، میوانداری کۆنگرەیەکی هەرێمی کرد بۆ وەزیرانی گواستنەوەی دەوڵەتانی کەنداو و ئێران و سووریا و تورکیا و ئوردن، سەرباری نوێنەرانی یەکێتی ئەورووپا و بانکی نێودەوڵەتی. کۆنگرەکە بەشێوەیەکی سەرەکی تەرخانکرابوو بۆ خستنەڕووی پلانی حکومەتی عێراق بۆ دروستکردنی ئەوەی کە بە (ڕێگەی گەشەپێدان) ناودەبرێت و پرۆژەیەکی ستراتیژی مەزنە، ئامانجی ئەوەیە عێراق بکاتە ڕێڕەوێک بۆ گواستنەوەی شتومەک و کاڵا لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا.

ڕێگەی گەشەپێدان ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەکەدا بانگهێشت کرابوون و پێکدێن لە هەریەکە لە: سعودییە، ئیمارات، قەتەر، عوممان، ئوردن و سووریا. بودجەی وەبەرهێنانی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بە حەڤدە ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، دروستکردنی ژمارەیەک شاری پیشەسازی و نیشتەجێبوون لەسەر هەردوولای ڕێگەکە لەخۆدەگرێت. کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکراوە: قۆناغی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٢٨) تەواودەبێت، دووەم لە (٢٠٣٣) و سێیەمیش لە (٢٠٥٠). تائێستا (٤٠٪) قۆناغی یەکەم تەواوکراوە، ئامانجی ئەوەیە ساڵانە توانای سەرەتایی شەمەندەفەرە بارهەڵگرەکانی بگاتە (٥,٣) ملیۆن کۆنتێنەر و (٢٢) ملیۆن تۆن باری بەکۆمەڵی هەبێت. حکومەتی عێراقی مەزەندەی ئەوە دەکات قازانجی ساڵانەی ئەم کەناڵە وشکە بگاتە (٤,٨) ملیار دۆلار، ئەوەش دەبێتە هۆی هەمەجۆر کردنی سەرچاوەکانی ئابووری عێراق کە ئێستا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە نەوت دەبەستێت، جگەلەوەی نزیکەی سەد هەزار هەلی کار دابین دەکات.

ئەم پرۆژەیە دووچاری چەندین ئاڵنگاری ناوخۆیی دەبێتەوە، لەپێشی هەموویانەوە پاراستنی سەقامگیری ئاسایشی عێراق، پاشان پەرتبوونی سیاسی و تەشەنە سەندنی گەندەڵی، سەرباری ئەو ناکۆکییانەی پێشبینی دەکرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست ببێت، چونکە پلانی پرۆژەکە بەو جۆرە دارێژراوە کە هەرێم لە ڕێگوزەرە وشکانییەکەی بێبەش بکات. هەروەها نیگەرانییەکانی ئێران لە پرۆژەکە دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانەکانی هانبدات تاوەکو دروستکردنی ڕێڕەوەکە پەکبخەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک دراوسێ و هاوبەشێکی ئابووری عێراق، دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هەرێمی لە بەغدا، پشتیوانی لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان کرد. لەوبارەیەوە بریکاری وەزیری گواستنەوەی ئێران شەهرەیار ئەفەندی زادە جەختی لەوە کردەوە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەرفەتێکە بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە. هەروەها وتیشی: لە پرسی ڕێڕەوەکانی ئاسنەڕێ، ڕێڕەوی باکوور- باشوور و ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران، ئیمارات، عێراق، سعودیە، تورکیا و عوممان، ئەگەر و دەرفەتی زۆر هەیە. دەرفەتەکەش خۆی لە بواری گواستنەوەی کاڵادا دەبینێتەوە، ئاماژەی بەوەشدا ڕۆڵی ئاسنەڕێکان زۆر گرنگن، ئەم پڕۆژە نوێیەی عێراق ڕۆڵێکی نایابی لە گواستنەوەی کاڵادا دەبێت.

لەمیانی کۆنگرەی وەزیرانی گواستنەوە لە بەغدا، ئەفەندی زادە وتی: پڕۆژەی گەورەی نێوان عێراق و ئێران بریتیە لە بەستنەوەی ئاسنەڕێ لە شەلامچەوە تا بەسرە. جەختیشیکردەوە «کارکردن لەسەر قۆناغی وردەکارییەکانی ئەم پڕۆژەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا دەستپێدەکات». ئەفەندی زادە وتیشی: «ئێران ڕۆڵی لە لەبواری ترانزێت و گواستنەوەی کاڵا بۆ ڕووسیا و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست هەیە، ئێمە چاوەڕوانی کاری هاوبەشین لە بوارە نوێیەکانی هاوکاریدا، بەتایبەتی لە گواستنەوەی کاڵاکان بۆ ئەورووپا لە ڕێگەی ئێران یان عێراقەوە، ئەمەش دەرفەتێکی نایابە بۆ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە بۆ سوود وەرگرتن لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە گواستنەوەی کاڵاکان بەشێوەیەکی گشتی».

بە شێوەیەکی گشتی ڕێڕەوەکان سەرباری بەرژەوەندی بازرگانی، ڕەنگدانەوەی کێبڕکێیەکی جیۆستراتیجین، بۆیە بەردەوام ئەم پرسە لە لێدوانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەوروژێنرێت. بۆ نمونە عەلی حسێنی، سەرۆکی لیژنەی گواستنەوە و لۆجستی لە ژووری بازرگانی پێیوایە بەندەری فاو لە داهاتوودا دەبێتە ڕکابەرێکی سەرەکی ئێران، ئەم بابەتەش پێدەچێت کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر ڕێگەی پەڕینەوە لە ئێرانەوە بۆ تورکیا. بە مانایەکی دیکە، پڕۆژەی بەندەری فاوی گەورەی عێراق دەبێتە ئاڵنگارێکی گرنگ لەبەردەم هەوڵەکانی ئێراندا بۆ پەرەپێدانی بەندەری چابەهار و بەهێزکردنی پێگەکەی وەکو ناوەندێکی پەڕینەوەی هەرێمی.

وا دادەنرێت کە باشترین ڕێگەی گەیشتنی تورکیا بە وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری

کەنداو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئێرانەوەیە. بەم ڕێڕەوەش ئێران شوێنی عێراق دەگرێتەوە، واتە تێپەڕاندنی ئێران و پشتیوانیکردنی ئامادەیی زیاتری تورکیا لە کەنداودا. هەروەها بەهۆی هەڵکەوتەی ناوەندی و هەڵکەوتەی لە ڕێڕەوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشووردا، جەخت دەکاتەوە سەر ڕۆڵی سنوورداری ئێران لە ترانزێت و بازرگانی نێودەوڵەتیدا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و سەرباری تایبەتمەندییە سروشتییەکانی، ئێران بەهۆی زنجیرەیەک هۆکارەوە ناتوانێت ببێتە ناوەندێکی ستراتیژی گرنگ بۆ گواستنەوەی کاڵا، لەنێویاندا سزا ئابوورییەکان، هەروەها ژێرخانی گواستەوەی کۆنە، بەتایبەتی ئاسنەڕێ و بەندەرەکانی. بینا لەسەر ئەم هۆکارانە، ئێران مەترسیەکی گەورەی هەیە لەبارەی ئەگەری لاوازبوونی پێگەی لە بازرگانی ترانزێتدا، هەمووشیان جەخت لە گۆشەگیرکردنی نێودەوڵەتی ئێران و کاریگەری سزاکان دەکەنەوە.

پێشتر حەمید حوسێنی ئەمینداری گشتی ژووری بازرگانی هاوبەشی ئێران و عێراق لە پۆستێکدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" ڕایگەیاندبوو "حکومەتی عێراق لە بودجەی (٢٠٢٣)دا پارەی بۆ پڕۆژەی هێڵی ئاسنەڕێی فاو بۆ تورکیا بەدرێژایی (١٢٠٠) کیلۆمەتر تەرخانکردووە. بەڵام بۆ بەستنەوەی هێڵی ئاسنەڕێی شەلامچە بە بەسرەوە کە مەوداکەی تەنها (٣٥) کیلۆمەترە، ئارەزوی هاوکاری و هاوبەشی نییە".

عەلی حسێنی، سەرۆکی پێشوی ژووری گواستنەوەی ئێرانی پێیوایە کە ڕەنگە عێراق خواستێکی گەورەی بۆ پڕۆژەی ئاسنەڕێی هاوبەش لەگەڵ ئێران (بەسرە - شەلامچە) نەبێت. جەخت لەوەش دەکاتەوە ئێستا کاتی ئەوەیە دەسەڵاتدارانی ئێران هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە ڕوون بکەنەوە.

عەلی حسێنی پێیوایە عێراق لەئێستادا ئامانجێکی ستراتیژی و گرنگی بۆ خۆی داناوە، ئەویش بەندەری فاوە کە لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە دروستدەکرێت و دەیانەوێت ڕێڕەوێک لە فاوەوە بۆ تورکیا دابنێن، کە هاوتەریب لەگەڵ ڕێڕەوی باکوور و باشووری ئێران درێژ دەبێتەوە.

لە ئێران گۆشەنیگای جۆراوجۆر لەبارەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراقەوە هەیە، لەسەرەتادا ئەم پلانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێراندا دەگونجا، دەبووە هۆی دەرفەتێک

بۆ ئێران. بە نموونە هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران بڕوایان وابوو کە دیدگای حکومەتی ئێران بۆ عێراق لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە جیاوازترە، چونکە ئەم دوو دەوڵەتە هاوسێیە چەندین بەستێنی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت. دەگونجێت تایبەتمەندییە جیۆپۆلەتیکیەکانی عێراق ببێتە پردێک بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

لەو چوارچێوەیەدا دەکرێت کاراکرنی بەستنەوەی بەندەری فاو بە سووریاوە یەکێک لەو ئامانجانە بێت و بە شێوازێکی تر مەبەستەکانی ئێران بەدیبهێنێت. جگەلەوەش بەندەری فاو دەتوانێت لە بواری ترانزێتدا دەستکەوتی گرنگ بۆ ئێران بەدیبهێنێت، بەجۆرێک دەتوانێت ئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی کاڵا بۆ ئێران یان هەناردەکردنی کاڵا لە ئێرانەوە بکات. بەنموونە ئەگەر ئاسنەڕێی چابەهار بۆ زاهیدان تەواوبێت، دەکرێت هێڵی ئاسنەڕێی نێوان ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاواش لە ئێران تەواو بکرێت، دەکرێت ئەم ڕێگەیەش بە ئاسنەڕێی (بەسرە - شەلامچە)وە ببەسترێتەوە.

لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت تۆڕێکی شەمەندەفەری فراوان دابمەزرێت کە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ڕێگەی ئێرانەوە بە عێراقەوە ببەستێتەوە، لەوێشەوە بۆ ئەورووپا. ئەم پرۆژەیە دەتوانێت تەواوکەری پرۆژەی ڕێڕەوی باکوور و باشووری ئێران بێت کە بەندەری چابەهار و بەندەر عەباس بە ئاستارا لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و عیشقئاباد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هاوکات باس لەوەش دەکرێت، ئێران پێشبینی دەکات عێراق ڕێڕەوی ڕێگەی بەسرە و ئاسنەڕێ بۆ سنووری سووریا قبووڵ بکات، کە لەم ڕێگەیەوە ئاسنەڕێکانی ئێران بە بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست لە سووریا و لوبنان دەبەسترێتەوە.

تاران دەتوانێت سوود لە ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق وەربگرێت، ئەگەر هاتوو پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە دەکرێ نەوتی ئێران لە بەندەری بەسرەوە بۆ تورکیا هەناردە بکرێت. بەو هۆیەوە دەکرێت لەم بوارەدا هاوکاری نێوان تاران، بەغدا و ئەنقەرە بەهێزتر بکرێت.

بەشێکی گەورەی میدیاکانی ئێران پێیانوایە ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق، پرۆژەیەکی ڕکابەری پلانەکانی ئێرانە، گەشەپێدان و جێبەجێکردنی زیان و ئاڵنگاری بۆ ئێران دەبێت. بەهۆی گەردنی تەنگاوی جیۆپۆلیتیکییەوە، عێراق هەوڵی فراوانکردنی بەندەری فاو دەدات تاوەکو ببێتە ڕێڕەوێکی گرنگی نێودەوڵەتی. ئەو ڕێڕەوەش بە دەستپێشخەری "ڕێگەی

گەشەپێدان" هێمای بۆ دەکرێت. ئەم ڕێڕەوە لە بەندەری فاوەوە دەست پێدەکات، دەگاتە دەوڵەتانی ئەورووپا و بە تورکیادا تێدەپەڕێت، لە ڕۆژئاوای عێراقەوە دەتوانێت ڕوماڵی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست بکات. تەواوکردنی ئەم جۆرە پرۆژانە عێراق دەباتە ناو چوارچێوەی هاوکێشە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانەوە و سەنگی جیۆپۆلەتیکی ئەم وڵاتەش زیاتر دەکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو هەموو دەوڵەتانی جیهان هەوڵی فراوانکردنی بازرگانییەکانی لە ڕێگەی عێراقەوە دەدات، هەروەها وەکو ناوەندێکی ترانزێتی بازرگانی و گواستنەوەی هاوڵاتیان و کاڵا، هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی دەدات. جگەلەوەی ئەم دەوڵەتە هانی حکومەتی عێراق دەدات بۆ خێرا تەواوکردنی ئاسنەڕێی شەلامچە - بەسرە. لەلایەکی دیکەوە ئێران ئەولەویەت بە بەندەرەکانی دەدات، لەبەر ئەم هۆکارەیە بۆچوونێک هەیە پێیوایە ئێران بایەخ بە سەرکەوتنی پرۆژەی بەندەری فاو نادات، هەرچەندە بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ سەر بەندەرەکانی.

بەشێوەیەکی گشتی دروستکردنی بەندەری فاو وەکو بەندەرێکی ناوەندی لە کەنداو و بە تەنیشتی ئێرانەوە، سەرەڕای ئەگەری تەواوکردنی دەستپێشخەری "ڕێگەی گەشەپێدان"، کاریگەری لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێت.

عێراق لە ڕێگەی کەناڵی فاوەوە هەوڵدەدات ڕێڕەوی سەرەکی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا بگۆڕێت، ئەمەش عێراق دەکاتە ناوەندێکی بازرگانی لە ناوچەکەدا لەنێوان کەنداو و ئەورووپادا. ئەم جۆرە پرۆژانە تەنها پێگەی جیۆسیاسی ئێران لاوازناکات، بەڵکو ڕکابەرە هەرێمییەکانی ئێران بەتایبەتی تورکیا بەهێزتر دەکات، چونکە چالاکییەکانی لە دژی ئێران لە زۆرێک لە ڕێڕەوە هەرێمییەکاندا دەبینرێت و قوورسایی جیۆپۆلەتیکیشی زیاتر دەکات.

ئەگەر ئێران دەستپێشخەری نەکات بۆ سوود وەرگرتن لەم پرۆژەیە، ئەوا ئەم ڕێگەیە دەتوانێت ببێتە ڕکابەرێک بۆ ڕێڕەوی باکوور - باشوور بۆ بەستنەوەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ئەورووپاوە. لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی ئەم ڕێگەیە لە بازرگانی وزەدا دەتوانێت بناغەیەک بۆ ئەورووپا دابین بکات، تاوەکو بتوانن تواناکانی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی وزە فەرامۆش بکەن. بە گوزارشتێکی دیکە، بە سەقامگیرکردنی ڕێڕەوی ترانزێتی وزە لە کەنداوەوە بۆ ئەورووپا لە ڕێگەی عێراقەوە، دەتوانرێت ئێران بە شێوەیەکی کردەیی لە

بژاردەکانی دابینکردنی وزە بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ ئەورووپا دوور بخرێتەوە. جگەلەوەش، دەرکەوتنی فاو وەک گەورەترین بەندەر لە ڕۆژئاوای ئاسیادا، دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی زیاتری بەندەرەکانی باشووری ئێران.

هەر لەوبارەیەوە عەلی زیایی، شارەزای ئێرانی لە بواری گواستنەوە و گەیاندن، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق) ڕایگەیاندووە: نابێت پڕۆژەی ئاسنەڕێی فاو بۆ تورکیا دروست بکرێت؛ چونکە ئەم پڕۆژەیە دەستپێشخەرییەکی عێراقی نییە، بەڵکو ئەمریکا و تورکیا لە باوەشی عێراقدا جێیانهێشتووە. بەم پڕۆژەیە و بە لۆبی تورکی و ئەمریکی عێراق دەبێتە ڕێگەیەک لەنێوان باکوور و باشووردا و جێگەی ئێران دەگرێتەوە. لەڕاستیدا بەم پڕۆژەیە بەفەرمی ڕێڕەوی ئێران فەرامۆش دەکرێت، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێراندا ناکۆکە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆژنامەی (الشرق) نووسیویەتی: عێراق لەم دواییانەدا لە لوتکەیەکی هەرێمیدا ڕێڕەوێکی جێگرەوەی ئێرانی ئاشکرا کردووە. مەزەندە دەکرێت ئەو ڕێڕەوە کە تێچووەکەی حەڤدە ملیار دۆلارە و لەلایەن ئیتاڵی و فەرەنسییەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و جێبەجێ دەکرێت و، دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی ڕێگەی ترانزێتی کاڵا لە باشووری ئاسیاوە بۆ ئەورووپا، لەڕێگەی بەستنەوەی وڵاتانی کەنداو بە تورکیاوە و پاشان بە ئەورووپاوە. ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە نزیکەی دوو دەیەیە عێراق لەژێر بارگرانی بەستنەوەی ئاسنەڕێکانی بە ئاسنەڕێکانی ئێرانەوە نەبووە؛ کە ڕێگەیەکی کورتە و درێژییەکەی تەنها سی کیلۆمەترە و تێچووەکەی تەنها (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە. لەڕاستیدا عێراق لە ڕێگەی تەرخانکردنی پارە بۆ پڕۆژەیەکی ڕکابەری ئێران کە ڕێگەی گەشەپێدانە، هەروەها بە تەرخان نەکردنی پارە بۆ ئاسنەڕێی هاوبەش لەگەڵ ئێراندا کە بەسرە – شەلامچەیە، لە هاوبەشی ترانزێت لەگەڵ ئێراندا دوورکەوتۆتەوە، بۆیە لەبری بێدەنگی، پێویستە ئێران بجووڵێت و فشار بخاتە سەر عێراق.

هەر لەوبارەیەوە ماڵپەڕی "اقتصاد ٢٤" نووسیویەتی: هەرچەندە عێراق ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر بەستنەوەی ئاسنەڕێی نیشتمانی خۆی بە ئێرانەوە، بەڵام بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ئاسنەڕێیە نابێتە ئاسنەڕێی ترانزێت، بەڵکو تەنها بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان بەکاردەهێنرێت. ئەم پرسە وایکردووە بەشێک لە شرۆڤەکارانی

ئێرانی بڵێن سەرەڕای واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەسەر ئاسنەڕێی نێوان ئێران و عێراق، بەڵام عێراقییەکان جگە لە هەلومەرجی عێراق، بۆ پێشخستنی پڕۆژەی بەسرە - شەلامچە خواستێکی کەمیان هەیە.

لەهەمان چوارچێوەدا ماڵپەڕی شیکاریی "دیپلۆماسی ئێرانی" دەنووسێت: لەڕاستیدا ئەوەی دەبینرێت بوونی جیاوازی بیروڕایە لەنێوان ئێران و عێراقدا. بۆ لایەنی عێراقی ئێستا ئەولەویەت تەنها بۆ ئەو ڕێڕەوەیە کە بە ڕێگەی گەشەپێدان ناسراوە. ڕێڕەوەکە لە بەندەری بەسرەوە لە باشوور دەست پێدەکات، کە تاکە کەنار دەریای عێراقەو بەرەو باکوور درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە سنووری تورکیا. ئەوەی عێراق لە قۆناغی داهاتوودا بۆ خۆی داناوە، بەستنەوەی سنووری وشکانییەتی بە سعودیەوە، تاوەکو ئەو وڵاتە بە ڕێگەی گەشەپێدانەوە ببەستێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە عێراق دوو دەروازەی نوێی سنووری لەگەڵ سعودییەدا کردۆتەوە، هەروەها لە پرۆسەی دروستکردنی ڕێگەیەکی نیشتمانیدایە لە سعودیەوە بۆ خاکەکەی.

عێراقییەکان پێشبینی دەکەن لە داهاتوودا بتوانن ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیش بەم پڕۆژەیەوە ببەستنەوە. بۆیە ئەوان وەبەرهێنانی بیانییان بە بەهای حەڤدە ملیار دۆلار بۆ ئەم پڕۆژەیە دەستنیشان کردووە، هەروەها بانگهێشتی چەندین کۆمپانیای ئەورووپییان کردووە بۆ وەبەرهێنان لەو پڕۆژەیەدا، لەوانە کۆمپانیای: ئیتاڵی، فەرەنسی و ئەڵمانی.

ئەو پڕۆژەیە بەلای عێراقیەکانەوە زۆر گرنگە، بەڕادەیەک لە هەموو کۆبوونەوەیەکی دیبلۆماسیدا یەکێک لەو بابەتانەی دەیخەنەڕوو چۆنێتی بەشداریکردنی دەوڵەتانە لەم پڕۆژەیەدا. ئەم پڕۆژەیە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانیەکی بەهێزی لێدەکرێت، چونکە سوودێکی زۆری لەم پڕۆژەیە دەستدەکەوێت. هەروەها تورکەکان لەگەڵ عێراقییەکاندا خەون و تەماحیان لەم پرۆژەیەدا هەیە. عێراق لەئێستادا وەبەرهێنانێکی گەورە لە بەندەری فاودا دەکات، بەو پێودانگەی گەورەترین بەندەرێتی، بڕیارە بەم زووانە ئەم بەندەرە بچێتە بواری کارکردنەوە. عێراق خەونی ئەوەشی هەیە ئەم بەندەرە بکاتە گەورەترین بەندەری کەنداو. بەندەری فاو خۆی بە ڕکابەری بەندەری موبارەکی کوەیتی و بەندەری جەبەل عەلی ئیماراتی دەزانێت.

لەکاتێکدا لایەنی ئێرانی باس لە بەستنەوەی پڕۆژەی ئاسنەڕێیەکەی دەکات بە

سووریاوە لەدوای عێراق، هەروەها پێشبینی دەکات ڕێڕەوێک لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دروست بکات کە ئێران بە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە. بەم شێوەیە، کەناراوەکانی ئێران خاوەنی دوو گرنگترین دەریای جیهانن کە دەریای قەزوین و کەنداوە، لەگەڵ گەیشتنیان بە دەریای ناوەڕاست، کە نەک تەنها سوودی گەورەی بۆ ئێران دەبێت، بەڵکو سوودی گەورەی ئابووری، جیۆپۆلەتیکی و ئابووریش بەدیدەهێنێت.

لەمبارەیەوە دەکرێ بڵێین خەونی سیاسی بوێرانەی ئێران ئەوەیە ببێتە خاوەنی پێگەیەکی مێژوویی ناوازە. ئەوەش ڕوونە کە ئەم خەونە گەورەیە چەندە گرنگە، ئەوەندەش دوژمنی گەورەی هەیە، کە ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەروی هەموویانەوەن. بە شێوەیەکی سروشتی وڵاتانی وەک سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیش لەم بارەیەوە نیگەران دەبن، چونکە کاریگەری ئێران لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. تورکیا کە خۆی بە ڕکابەرێکی ستراتیژی ئێران لە ناوچەکەدا دەزانێت، ئەوەی لەلا ڕوونە کە ئەم پرۆژەیە تا چ ڕادەیەک دەتوانێت بازدانێک بۆ ئێران لە بەرامبەریدا بەدیبهێنێت.

بەلای ئێرانەوە پرۆژەی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا زۆر گرنگە، بەلای عێراقیەکانیشەوە کاری لەپێشینە نییە. سەرباری ئەوە، پرۆژەی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوای ئێرانی بە ڕکابەری پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەزانن. تەنانەت ئەگەر بێتو ئەم پرۆژەیە ببێتە تەواوکەری پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانیش، چونکە کاری لەپێشینە بەلای عێراقیەکانەوە ڕێگەی گەشەپێدانە، لەوانەیە دواتر بیر لە پرۆژەی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا و بەستنەوەی بە سووریاوە بکەنەوە.

ئەو خاڵەی کە لێرەدا نابێ پشتگوێ بخرێت ئەوەیە کە ئێران ئامادەیە بەڕووی دوژمنەکانیدا لە وێنەی ئیسرائیل بوەستێتەوە و بیانگەڕێنێتە بۆ دواوە، ئیرادەی پێویستیشی بۆ ئەو کارە هەیە. لەکاتێکدا هیچ کام لە دەوڵەتانی ناوچەکە، لەنێویاندا عێراق و تورکیا و سعودییە و ئیمارات، ئەو جۆرە ئیرادەیەیان نییە. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆکاری جیاوازی تێڕوانینی ئێران و عێراق لەبارەی ئاسنەڕێی شەلامچە بەسرە، جیاوازی دیدگای ستراتیژییانە، ئەمەش بۆ هەردوولا بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیارە.

لەڕاستیدا یەکێک لە نیگەرانییەکانی ئێران پەیوەست بە ڕێگەی گەشەپێدانی عێراقەوە، بریتیە لە لایەنی ئەمنی. بەشێک لە میدیاکانی ئێران پێیانوایە لەگەڵ هاتنە ناوەوە و چڕبوونەوەی کەشتییە بازرگانییەکان (هەندێکجار سیخوڕی) لە باکووری کەنداوەوە بۆ

بەندەری فاو، ئەگەری نائارامی لەم ناوچەیەدا زیاتر دەکات. دوژمنانی هەرێمی ئێران لەوانە ئەمریکا و ئیسرائیل دەتوانن بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران و پێکهێنانی هاوپەیمانی دەریایی و ناسەقامگیرکردنی ژینگەی دەوروبەری ئێران، کەڵک لەم پرسە وەربگرن. هەروەها کارێکی لەم جۆرە وادەکات چاودێریکردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن هێزی دەریایی سوپای پاسدارانەوە قوورس بێت.

بەدەر لەوانە، بەشێک لە میدیاکانی ئێران پێیانوایە کە نابێت لێکەوتە ژینگەییەکانی دروستکردنی بەندەری گەورەی فاو پشتگوێ بخرێت. لەگەڵ دروستکردنی بەندەری نوێی فاو و چالاکییەکانی کۆنکرێت، هەروەها تێپەڕبوونی زۆرێک لە کەشتییە بازرگانییەکان بەم ناوچەیەدا، ڕەنگە مەترسییەکانی ژینگە زیاتر بێت، ئابووریی خەڵکی ڕەسەنی ئەم ناوچەیەش کە بژێوی ژیانی خۆیان لە ڕاوکردنی ماسیەوە دابین دەکەن، زیاتر دەکات.

## ئەنجام

کێبڕکێیەکی گەورەی جیۆئابووری و جیۆپۆلەتیکی بۆ پڕۆژەکانی پەیوەندی بازرگانی هەرێمی هەیە، بەو پێیەی هەندێک دەوڵەت دژایەتی ڕێڕەوی گەشەپێدان دەکەن، یان پشتیوانی ناکەن. بەڵام ئێران بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێڕەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، بۆیە دژایەتی هەر پڕۆژەیەکی نوێ دەکات کە ئێران ڕۆڵی تێدا نەگێڕێت و پێگەی جیۆسیاسی ئێران لاواز بکات. ئێران پێشتر خواستی خۆی نیشانداوە بۆ بەکارهێنانی میکانیزمی گوشاری ئەمنی و سیاسی بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەو پڕۆژانەی کە لەڕووی ئابوورییەوە زیانی پێدەگەیەنن. بەنمونە تاران چەندین جار دژایەتی خۆی بۆ ڕێڕەوی زەنگزور دەربڕیوە.

هەرچی پەیوەستە بە ڕێگەی گەشەپێدانی عێراقەوە، هەرچەندە شەهرەیار ئەفەندی زادە یاریدەدەری وەزیری گواستنەوەی ئێران، پشتیوانی بۆ ئەم پڕۆژەیە ڕاگەیاندووە، چونکە بە دەرفەتێکی دەزانێت بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەڵام شارەزایان و میدیاکانی ئێران نیگەرانن لەوەی ئێران قوورسایی خۆی لە بواری جیۆپۆلەتیکیدا لەدەستدەدات، هەروەها ئێران لە ڕێڕەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دوور دەخاتەوە و ڕکابەرە هەرێمییەکانی دیکەی بەهێزدەکات.

لەوبارەیەوە کارم سەباح مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی بەسرە پێیوایە "لەسەر ئاستی هەرێمی، بەرژەوەندییەکانی ئێران بە یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگارییەکانی پرۆژەکە دادەنرێت، چونکە ئێران ماوەیەکی زۆرە هەوڵی بەستنەوەی بەندەری خومەینی و شاری لازقیەی سووریا بە ئاسنەڕێ دەدات، کە بەشاری بەسرەدا دەڕوات کە بەندەری فاوی لێیە، دەترسێت عێراق لە بواری گواستنەوە و بازرگانی دەریایی و وشکانیدا ببێتە هێزێکی هەرێمی. ئەمەش ناوچەکانی هەژموون و چانسەکانی لە کێبڕکێی هەرێمیدا لاواز دەکات، هەروەها مەزەندەی ئەوە دەکات زیانێکی زۆری پێبگات، لەسایەی ئەو قسانەی کە باس لە پێویستی پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی کڕینی غازی ئێران لەلایەن عێراقەوە دەکرێت، هەروەها باس لە بەهێزکردنی عێراق دەکرێت تاوەکو بتوانێت سامانە سروشتییەکانی خۆی بەکاربهێنێت".

## پێشنیازە سیاسییەکان

بەو پێیەی ئێران یاریکەرێکی بەهێز و کاریگەرە لە ناوچەکەدا، عێراقیش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ تاراندا هەیە بۆ پەرەپێدانی ئەم ڕێڕەوە. نیگەرانی و ترسی ئێرانیش لە ڕێڕەوی گەشەپێدانی عێراق چەندین هۆکاری سیاسی، ئابووری و ئەمنی هەیە. عێراقیش یەکێکە لە هاوبەشە بازرگانییە سەرەکییەکانی ئێران، بۆیە نیگەرانی ئەوە هەیە لە داهاتوودا، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێڕەوی گەشەپێدان، گۆڕانکاری لە هاوبەشە بازرگانییەکانی عێراقدا ڕووبدات. بۆیە دەبێت ئەو دڵنیاییە بە ئێران بدرێت کە بازرگانی عێراق لەگەڵ ئێران لە پێشینەی کارەکانیدایە، بەڵام دەبێت بۆ زیادکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لە درێژخایەندا پلانێک ئامادە بکرێت.

تێڕوانینێک لە ئێران هەیە کە پێیوایە لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا، بەپێچەوانەی هاوسێکانی دیکەوە، ئێران بە تەواوەتی فەرامۆش کراوە. بۆیە دەبێت لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بەندەری فاودا ڕۆڵ بە ئێران بدرێت، هەروەها بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی فاودا، کۆمپانیا ئێرانییەکان بانگهێشت بکرێن.

یەکێکی دیکە لە نیگەرانییەکانی ئێران سەبارەت بە پرۆژەی گەورەی بەندەری فاو، پرسی پیسبوون و زیادبوونی مەترسیەکانی ژینگەیە. بۆیە هاوکاری نێوان عێراق و ئێران لە

بواری ژینگەدا کارێکی پێویستە.

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی نیگەرانی ئێرانییەکان سەبارەت بە ڕێڕەوە هەرێمییە نوێیەکان، لەوانەش ڕێڕەوی گەشەپێدان، پرسی ئەمنییە. بۆیە پێویستە ئەو دڵنیاییە بە ئێران بدرێت کە بەندەری فاو نابێتە ناوەند و بنکەیەک بۆ سیخوڕیکردن. هەروەها پێویستە ئێران دڵنیا بکرێتەوە لەوەی کە ئەم بەندەرە لەلایەن کەشتییە سەربازییەکانی سەر بە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەکارناهێنرێت.

## المصادر:

•امیررضا مقومي، «الاستثمار في طريق تنمية العراقي ما عدا إيران» (سرمايه گذارى در جاده «توسعه عراق» منهاى إيران)، صحيفة فرهيختگان، ٢ آذار/مارس ٢٠٢٤ ، ص ٨.

•تيان زنجبينج، «مكانة إيران في مبادرة الحزام والطريق والتعاون الصيني الإيراني»، موقع سيتاوا، ١٦، تموز/يوليو ٢٠٢١ ، على الرابط: https://www.seetaoa.com/list 127.html

•حسن نورعلي وعباس أحمدي، «تحليل الدور الجيوسياسي لإيران في الممرات الدولية» ) واكاوى نقش ژئوپليتيكى إيران در كريدورهاى بين المللى(، أبحاث الجغرافيا البشرية، رقم ٥٤ ، العدد ٣، خريف ٢٠٢٢ ، ص ١١٧٥.

•زهرا مشفق، «إضعاف موقف إيران في الممرات الدولية» )تضعيف جايگاه إيران در كريدورهاى بين المللى(، الأمن الاقتصادي، العدد الثالث، صيف ٢٠١٩ ، ص ٥٢.

•سامية بي برس، «الممر الاقتصادي الجديد بين الهند والشرق الأوسط وأوروبا...وانعكاسات حرب غزة عليه»، شؤون عربية، ١١ ديسمبر ٢٠٢٣ ، العدد ١٩٦ ، على الرابط: https://arabaf-fairsonline.com

•ضياء عودة، «استراتيجي لتركيا وتهديد لإيران.. ما قصة ممر زنغزور؟»، الحرة، ٣ أكتوبر ٢٠٢٣، على الرابط: https://www.alhurra.com/syria/2024 / ٠٤ / ٠٧

•عبدالعزيز الفضالي، «طريق التنمية العراقي... هل تتركه إيران يعبر بسلام؟»، رصيف ٢٢ ، ٨ أغسطس ٢٠٢٣ ،

على الرابط: https://raseef22.net/article/1094410

•علي موسوي، «حلم إيران الكبير منافس لمشروع طريق التنمية العراقي »)رویای بزرگ إيران رقيبى براى پروژه جاده توسعه عراق(، الدبلوماسية الإيرانية، ٩ أكتوبر ٢٠٢٣ ، على الرابط: http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/2022224

٢٦ مركز البيان للدراسات والتخطيط

•محمد الزغول، «الممرّ الاقتصادي الهندي-العربي-الأوروبي: هل يدفع إيران لتشكيل «تحالف خاسرين » في المنطقة؟ »، مركز الإمارات للسياسات، ١٨ أيلول/سبتمبر ٢٠٢٣ ، على الرابط:
https://epc.ae/ar/details/brief/almmr-alaiqtisadi-alhindi-alarbi-al-uwrubiy

• إيران تفعل ممرا شمال – جنوب الدولي.. هل يصبح بديلا لقناة السويس؟ »، الجزيرة نت، ٢٣ تموز/يوليو ٢٠٢٢ ، على الرابط: https://www.aljazeera.net/ebusi-ness/2022/6/23

• علاقات الصين مع إيران بعد انتخاب إبراهيم رئيسي »، مركز الإمارات للسياسات، ٧ تموز/ يوليو ٢٠٢١ ، على الرابط:
https://epc.ae/ar/details/scenario/alaqat-alsiyn-ma-a-iranbaed-aintikhab-ebra-him- raisi#_ftn1

• سفير الصين لدى طهران: إيران ستلعب دوراً مهماً في مبادرة الحزام – الطريق »، وكالة إرنا، ١٩ آذار/مارس ٢٠٢٣
على الرابط: /https://ar.irna.ir/news 85061554

• هل يكون الممر الهندي بديلا غربيا لطريق الحرير الصيني »، صحيفة العرب، ٢٠٢٣ ، على الرابط: https://alarab.co.uk

• الكشف عن الممر الذي يحل محل ممر إيران الشمالي الجنوبي في العراق »)رونمایی کریدور جايگزين كريدور شمال به جنوب ايران در عراق، صحيفة الشرق، ٢٩ أيار/مايو ٢٠٢٣ ، على الرابط: https://www.sharghdaily.com 100 / ٨٨١٧٢٧

• العراق منافس لممر الشمال والجنوب »)عراق رقيب كريدور ترانزيتى شمال به جنوب(، الاقتصاد ٢٤ ، ١٨ أيلول/سبتمبر ٢٠٢٣ ، على الرابط: https://eghtesaad24.ir/fa/news 209727

*ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بە زمانی عەرەبی: (على نجات: موقف ايران من الممرات الجديده: طريق التنميه نموذجا، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٤، ص ٣ – ٢٦).



# کەسایەتی
# ئێرانناسی

# ئایەتوڵڵا
# حسەینعەلی مونتەزیری




ئایەتوڵڵا حوسەینعەلی مونتەزیری، یەکێکە لە ئەندازیاران و کۆڵەکە سەرەکییەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران. دەکرێت ژیننامەی ناوبراو بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش بکەین. یەکەم، قۆناغی پێش شۆڕش و خەبات دژی ڕژێمی شا، قۆناغی دووەم کە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانە و قۆناغی سێیەم کە سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانییەتی لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی ئیسلامیدا.

**ئامادەکردن: هەورامان فەریق کەریم**

## قۆناغی پێگەیشتنی ئایینی و خەبات دژی ڕژێمی شا

ئایەتوڵڵا حوسەینعەلی مونتەزیری، لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی لە نەجەف ئابادی ئەسفەهان لەدایکبووە. لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە دەچێتە قوتابخانە و لە ١٢ ساڵییەوە چووەتە حەوزەی عیلمییەی ئەسفەهان و لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە. لە خوێندنی ئایینی لەژێر دەستی کۆمەڵێك کەسایەتی دیاری ئایینیی ئەسفەهاندا بەردەوام بووە تا ئەوکاتەی کە لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن چووەتە قوم. لەوێ کۆمەڵێك کەسایەتی وەك مورتەزا موتەهەری ناسیوە و وانەگەلێکی ئیسلامی، فەلسەفی و عیرفانی لە لای کەسانێکی وەك موحەقیقی یەزدی، مورتەزا موتەهەری فەریمانی خۆراسانی، ئایەتوڵڵا خومەینی، حسەین بروجردی، سەید مەهدی حیجازی، شێخ عەبدولرەزاقی قائینی و سەید سەدرەدین سەدر خوێندووە. دوای ئەوەی فیقهـ و و فەلسەفەی لە لای محەمەد حسەین بروجردی، ئایەتوڵڵا خومەینی و عەللامە محەمەد حسەین تەباتەبایی خوێندووە، پلەی ئیجتیهادی بەدەستهێناوە. لەبەر زیرەکی و لێهاتوویەکەی هەر لە تەمەنی ٢٣ ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە و چەندین بەرهەمی لە بواری ئاییندا بڵاوکردەوە کە زیاتر لە (٢٠) کتێب دەبن.

لە سەردەمی شۆڕشدا، ئەو یەکێك بووە لەو کەسایەتییە ئایینییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی مەرجەعییەت و ڕێبەرایەتیی خومەینیدا هەبووە و بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانییەوە پێش شۆڕش و لەسەروبەندی شۆڕشدا لانیکەم نۆ جار دەستگیر کراوە یان دوورخراوەتەوە و ئازار دراوە. لەو کاتانەی کە دوور خراوەتەوە لە چالاکی و وتار نەوەستاوە. نزیکیی ئەو لە ڕێبەری ئەوکاتی شۆڕشەوە وایکردووە کە نازناوی قائیم مەقامی ڕێبەری پێببەخشرێت. دواتر کاتێك کە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ڕوودەدات، وەك سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایانی (مجلس خبرگان) دەستوور هەڵبژێردراوە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە نووسینی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبووە. هەر ئەویش بووە کە تیۆری ویلایەتی فەقیهی پێشنیاز کردووە، لەبەر ئەو کتێبە چوار بەرگییەی کە لەوبارەیەوە نووسیویەتی بە گرنگترین تیۆریستی حکومەتی ئیسلامیی پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی هەژمار دەکرێت.

مونتەزیری لە ماوەی ساڵانی خەبات دژی ڕژێمی شا لە ڕیزی پێشەوە بووە. پاش دەستگیرکردنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕووداوی ناسراو بە ١٥ی خورداد، ئەوە مونتەزیری

بوو کە لە ڕێگەی زنجیرەیەك وتاری نارەزایەتییەوە خەڵکی بۆ خۆپیشاندان جۆش دا و لە ئەنجامدا بازاڕی نەجەف ئاباد تا یەك هەفتە داخرا. ئەو لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکان و چالاکییەکانی ماوەیەك لە بەندیخانەی قزل قەلعە دەستگیر کرا و لە نەورۆزی ١٣٤٥ بە هۆی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانییەوە لە لایەن ساواکەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ دەستبەسەر کراوە. دوای دوو ساڵ دیسان گیرایەوە. پاش تەواوکردنی ماوەکانی بەندکردنی، حکومەت ڕێگەی دوورخستنەوەی بۆ ناوچە جیاجیاکان دەگرێتەبەر و چەندین جار بۆ ناوچە جیاجیاکانی ئێران دووری دەخاتەوە کە دواجاری بۆ ناوچەی سەقز بووە. ئەم ڕووداوانە وایکرد کە ئاستی ڕەزامەندی و متمانەی مونتەزیری لە نێوان لایەنگرانی شۆڕش و کەسایەتییە ئایینییەکاندا زیاتر ببێت. ئەوکاتەی کە خومەینی لە دەرەوەی وڵات یان دوور خرابوویەوە، مونتەزیری وەك نوێنەری هەمەکارەی خۆی دەستنیشان کردبوو. متمانەی ئەو بە مونتەزیری وایکردبوو کە هەمیشە بە «فەقیهی خاوەنشکۆ»، «تێکۆشەری گەورە»، «زەخیرەی شۆڕش» و «لوتکەی بەرزی ئیسلام» ناوی بهێنێت.

## قۆناغی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران

لە قۆناغی دووەمی ژیانیدا، کە هەڵهاتنی شا و ڕووداوی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانە، ئەنجومەنی شۆڕش پێکهێنرا و مونتەزیری بوو بە ئەندام. دواتر وەك سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایانی (مجلس خبرگان) کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژێردرا. ئەو لەبەر پێگە ئایینییەکەی و متمانەکەی لەناو سەرکردەکانی شۆڕشدا و بە ڕەزامەندیی خومەینی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی حەوزەی زانستیی قومی دامەزراند. ئایەتوڵڵا مونتەزیری لە دامەزراندنی ژمارەیەك قوتابخانە و ناوەندی ئایینیی دیکەدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینی. پێگە و کاریگەری مونتەزیری وایکرد کە لە دەیەی یەکەمی شۆڕشی ئێراندا، هاوشانی ڕێبەری شۆڕش ڕۆڵی پێبدرێت. بۆیە لە (٤/٢٥/ ١٣٦٤ی هەتاوی(١٩٨٥/٧/١٦)، لە دانیشتنی تایبەتی ئەنجومەنی شارەزایاندا وەك قائیم مەقامی ڕێبەریی هەڵبژێردرا. لەبەر دەسەڵاتەکەی، سەرکردایەتی کۆمەڵێك چالاکیی وەك دیاریکردنی نوێنەری ئەو لیژنانەی ڕەوانەی دەرەوە دەکران، دیاریکردنی ڕۆژی جیهانیی هەژاران، دەستنیشانکردنی وتاربێژانی هەینی هەندێك لە شارەکان، دادوەرەکانی دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراندنی زانکۆی ئیمام سادق و چەندین ناوەندی دیکەی ئایینی و زانستیی و دادگای باڵای شۆڕش کرد.

## قۆناغی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕش

لە دوای دامەزراندنی دادگای باڵای شۆڕش و لە ئەنجامی کۆمەڵێك ڕووداوی وەك هێرش بۆسەر سەفارەتی ئەمریکا، بابەتی دادگاییکردنی بەندییە سیاسییەکان، دەستگیرکردنی سەید مەهدی هاشمی و کۆمەڵێك ڕووداویتر، وردەوردە جیاوازی بیروڕاو و ناڕەزایەتی نێوان ئایەتوڵڵا مونتەزیری و ئایەتوڵڵا خومەینی سەری هەڵدا. لە هەندێك نامەگۆڕینەوەی نێوانیاندا و بە هۆی چەند وتارێکی ڕەخنەئامێزانەی مونتەزیرییەوە ناکۆکییەکان زیاتربوون و بە لەسەرکارلادانی یان دەستلەکارکێشانەوەی ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٣٦٨/١/٨) کۆتایی هات.

لە دوای ئەو ڕۆژەوە هەنگاوەکانی دژ بە مونتەزیری بە ڕووخاندنی دیوار و پەرژینی خانووەکەی، سڕینەوەی ناو و وێنەکانی لە پرۆگرامەکانی خوێندن، دیواری شوێنە حکومییەکان و ئەو شەقامانەی کە بەناوی ئەوەوە ناونرابوون، کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی لە نێو کتێبخانەکانەوە دەستیان پێکرد. لەڕووی مەعنەویشەوە بە نووسینی کۆمەڵێك بەرهەمی وەك «ڕەنجنامە» و «یادوەریی سیاسی»، کۆمەڵێك وتاری شکێنەر لە نێو ڕۆژنامەکان، وتار و بەیاننامەکانی لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بڵاو کرانەوە.

ناکۆکییەکان لەوکاتەوە توندتر بوون کە مونتەزیری لە ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧ دا، کە هاوکات بوو لەگەڵ سیانزەی ڕەجەب، وتارێکی هەستیاری سەبارەت بە ئازادییەکان، بابەتی مەرجەعییەت، بەحکومەتیبوونی مەرجەعییەت و دەستوەردانی ئۆرگانە دەوڵەتییەکان لەناویدا، هەروەها سەربەخۆیی هەر سێ دەسەڵاتەکان، بەرپرسیاربوونی هەمووان لەبەردەم یاسا و ڕەتکردنەوەی سەروو یاسابوونی ڕێبەر، جەختکردنەوە لەسەر سنووردار بوونی دەسەڵاتەکانی، ئازادیی پێکهاتە حزبییەکان پێشکەش کرد. لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵ ئەم بۆچوون و فەتوایانە ناکۆك بوون، وێڕای پەلاماردانی حسەینییەکەیان و ڕووخاندنی، هێرشیان کردە سەر خانووەکەی و نووسینگەکەی. حوسەینییەکە دوای چەند ڕۆژێك بەتەواوەتی داخرا و تەنیا یەك دەرگا هێشترایەوە کە دەچووە سەر ماڵەکەی ئەو. مونتەزیری بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە خانووەکەیدا دەستبەسەر کرا و ڕێگری لە هەموو جۆرە چالاکییەکی کرا. دوای پێنج ساڵ لەو گەمارۆیە، لەبەر زۆریی فشاری خەڵك و دەستبەژێری ناوەوە و دەرەوەی وڵات و هەندێك لە مەراجیعی تەقلید، گەمارۆکەی لەسەر

لابرا. بەڵام مونتەزیری لەدوای ئەو ڕووداوانەشەوە هەر لەسەر بۆچوونەکانی سوور بوو. بۆ نمونە لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی، بە هۆی زیاتربوونی فشارەکان لەسەر کۆمەڵگەی بەهایی لە ئێران، مونتەزیری جەختی لەسەر مافی هاوڵاتیبوونی بەهاییەکان کردەوە. ئەمەش وایکرد کە نەیارەکانیشی بەردەوام بن لە دژایەتیکردنی و بە لادەر و هەندێکجار دووڕووبوون و هەڵگەڕانەوەی ناوبراو. لە ساڵی ١٣٨٨ پشتیوانی لە میرحسەین موسەوی لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەی سەرۆککۆماریدا نەشاردەوە. کە دواتر شڵەژانی سەرتاپای ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەڵبەت ئەم پشتیوانییە درێژەی نەکێشا، چونکە لە مانگی یانزەی ٢٠٠٩ کە دەکاتە هەمان ساڵی هەڵبژاردن و خۆپیشاندانەکان کۆچی دوایی کرد.

## سەرچاوەکان


١. زندگی نامەی آیت الله حسینعلی منتظری، پایگاه اطلاع رسانی و خبری جماران ،٢۴ اردیبهشت ١۴٠٣ (https://t.ly/d3TDw)

٢. ١٠ بهمن ١٣٨٧ ، بی بی سی فارسی، زندگینامه آیت الله حسینعلی منتظری
https://www.bbc.com/persian/iran/2009/01/090129_ir_montazari

٣. زندگی ناه و گاهشمار، سایت رسمی حضرت آیت الله منتظری،
https://amontazeri.com/biography


4. - https://www.bbc.com/persian/iran/2009/01/090129_ir_montazari

٥. فارس نیوز، ١٤٠٠/٩/٢٩«حسینعلی منتظری» چرا از قائممقامی رهبری عزل شد؟/ خون دلی که امام از دست شاگردش خورد! (https://t.ly/OKlSR)

٦.مبارز خستگی ناپذیر |مروری بر زندگی آیت‌الله حسینعلی منتظری، از تولد تا مخالفت با وقایع ۶٧، نامه علیه قتل های زنجیره ای و خاکسپاری میلیونی، انصاف نیوز، ٣٠ آذر ١٤٠٢، )

کتێبناسی

ئێرانناسی




# ڕەوتە سیاسییەکان لە ئێران..

## ململانێی پیاوانی ئایینی و سیاسەتمەداران

ئامادەکردن: د. عابد خالد

ئەم کتێبە لە نووسینی توێژەری ئوردونی و مامۆستای زانکۆ خاتوو (فاتیمە ئەلسەمادی) یە، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٢، بە زمانی عەرەبی بەناونیشانی (التيارات السياسية في إيران)، لە دووتوێی (٣٩٢) لاپەڕەدا، لەلایەن (المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات)ەوە لەچاپدراوە. دواتر لە ساڵی ٢٠١٩ لە لایەن هەمان دەزگاوە بەکۆمەڵێک زیادکردن وپاکسازییەوە لە دووتوێی (٥٤٣) لاپەڕەدا، بۆجاری دووەم بەناونیشانی (التيارات السياسية في إيران: صراع رجال الدين والساسة) لە چاپدراوەتەوە.

فاتیمە ئەلسەمادی، توێژەرێکی پسپۆڕە لەبواری کاروبارەکانی ئێران، کە لە زانکۆی (علامه طباطبایی) لە تاران بڕوانامەی ماستەری لە لێکۆڵینەوە فێمینیستییەکان بەدەستهێناوە، هەر لەهەمان زانکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر ناوەڕۆکە فێمینیستەکان لە سینەمای ژنانی ئێرانیدا بەدەستهێناوە. خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیە لەسەر کاروبارەکانی ئێران، کە لەپاڵ ئەو کتێبەی لێرەدا خوێندنەوەی بۆکراوە، خاوەنی کتێبی دیکەیە لەو بوارەدا، وەک کتێبی (عەرەب و ئێران: پێداچوونەوەیەک بە مێژوو و سیاسەتدا) و کتێبی (لەخۆ ڕەخنەگرتن: ئایەتوڵڵا حسێن عەلی مونتەزەری لە دیالۆگێکی ڕەخنەییدا بۆ ئەزموونی ئێران). ئەمە وێڕای نووسین لەسەر هەمان بوار لەزۆرێک لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان، هاوکات لە سەنتەری توێژینەوەی ئەلجەزیرە کاریکردووە، هەروەها سەرپەرشتی چەندین توێژینەوەی لە بوارەکانی پەیوەست بە ئێران و تورکیا و ئاسیای ناوەڕاست کردووە.

کتێبی (ڕەوتە سیاسییەکان لە ئێران) بە یەکێک لە گرنگترین هەوڵە مەعریفیەکان دادەنرێت بۆ وێناکردنی تەوژم و گرووپە سیاسییەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ەوە، کە بە شێوەی چەند ڕەوتێک لەدەرەوەی دابەشبوونە تەقلیدییە باوەکەی نێوان ئوسوڵگەرایی و ڕیفۆرمخوازیی گوزارشت لەخۆیان دەکەن و ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەن کە لەو کاتەوە کۆمەڵگەی ئێرانی پێییاندا تێپەڕیوە. ئەم کتێبە بە پشتبەستن بە میتۆدۆلۆژیای وەسفی و شیکاری باس لە هۆکارانە دەکات کە ڕۆڵیان لە دەرکەوتن و دروستبوونی ڕەوتە سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران هەبووە، لە پێشەنگی ئەو هۆکارانەش ئاستی وەرچەرخان و گواستنەوە لە کۆمەڵگەی تەقلیدییەوە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن، تێکرای مۆدێرنەکردن و گەشەپێدانی ئابووری و تەرازوی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە، کە پێکەوە کاریگەری بەرچاویان لەسەر بونیاتنانی

دامەزراوە و کۆمەڵە و پەیوەندییەکانی چینەکانی خوارەوە کۆمەڵگەی ئێرانی هەبووە. توێژەر لەم کتێبەدا پشت بە تیۆرییەکانی کۆمەڵناس و زانای سیاسی ئێرانی (حوسێن بەشیریە) بەستووە، کە سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێرانی پێی وایە کۆمەڵێک کەلێنی مێژوویی و بونیادی، بە درێژای مێژووی هاوچەرخی ئێران، بوونەتە هۆکاری دروستبوونی چەندین هێز و ڕەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڵۆز، کەسەرچاوەی زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆرش و کاریگەریشیان بۆ دوای شۆڕش هەرماوە.

بە ڕەچاوکردنی پێڕستی بابەتەکانی چاپی دووەم، کتێبی (ڕەوتە سیاسییەکان لە ئێران) لە شەش بەش پێکهاتووە، کە بەسەر سێ پاری سەرەکیدا دابەشکراون. پاری یەکەمی بەناونیشانی (ئێرانی دوای شۆڕش: فرەچەشنییەک کە بووە هۆی ململانێ)، هەردوو دوو بەشی یەکەم و دووەمی کتیبەکەی لە خۆگرتووە. لە بەشی یەکەمدا بەناونیشانی (هێز و پارتە سیاسییەکان- تەوەرەکانی هزر و ئایدۆلۆژیا) ئەلسەمادی وێنای پانۆرامایەکی حزبی - سیاسی بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی لە ساڵانی سەرەتای دوای شۆڕش دەکێشێت، بەشێوەیەک کە هێز و پارتە سیاسییەکانی ئەوکاتە بۆ سێ ڕەوتی سەرەکی پۆلێن دەکات: هێزە ئیسلامییەکان کە (لایەنگرانی ئیمام خومەینی و پارتی کۆماری ئیسلامی) و تۆڕێکی بەرفراوانی لە مزگەوتەکان و لیژنەکانی سەر بە حوسێنییەکان لەخۆدەگریت. ڕێکخراوە چەپە عەلمانی و ئایینییەکان بەتایبەت (حزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوی فیدائیینی گەل). ڕەوتە لیبراڵەکان (بەرەی میللی ئێران و نەهزەی ئازادی).

لە بەشی دووەمدا، بەناونیشانی (گووتاری شۆڕش و دواتری)، توێژەر بنکۆڵی بۆ ئەو قۆناغانە کردووە کە گووتاری شۆڕش پێیدا تێپەڕیوە، بەپێی ئەو ڕووداوانەی کە ئێران پێیدا تێپەڕیوە، هەر لە گووتاری بەرگریی پیرۆزەوە، تا گووتاری بونیاتنانەوە و ئیسڵاحگەرایی، ئەمجا گووتاری ئوسوڵگەرایی و بناژۆخوازی. بە وتەی ئەلصەمادی: گووتاری ئوسوڵگەرایی لە ئێراندا، وەک یەکێک لە گووتارە سەرەکییەکان سەریهەڵداوە، کە بە ڕوونی لەم ساڵانەی دواییدا تەواو گەڵاڵەبووە، بە تایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی پوکانەوە و شکستی گووتاری ئیسڵاحگەرایی و ڕیفۆرمخوازی، ئەگەرچی پێکهاتەی بنەڕەتیی ئەم گووتارە هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبووە، بەڵام بەکارهێنانی زاراوەی ئوسوڵگەرایی زیاتر وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ چەمکی ئیسڵاحگەرایی بووە، کاتێک بزووتنەوەی ئیسڵاحگەرایی نازناوی کۆنەپەرستی بەسەر ڕکابەرەکانیدا بڕیبوو.

پاری دووەمی کتێبەکە، بەناونیشانی (لە ڕاستڕەوییەوە بۆ ئوسوڵگەرایی و لە چەپڕەوییەوە بۆ ئیسڵاحگەرایی) بەهەمان ڕیتمی پاری یەکەم، هەردوو بەشی سێیەم و چوارەمی کتێبەکەی لە خۆگرتووە، لە بەشی سێیەمدا بەناونیشانی (ڕاستڕەویی تەقلیدییەوە بۆ ئوسوڵگەرایی)، فاتیمە ئەلسەمادی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باڵی ڕاستڕەو لە ئێراندا، کە لە ئەنجامی پەرەسەندنە سیاسییەکانی دوای شۆڕش هاتۆتە ئاراوە، هەمیشە وەک یەکێک لە دوو دەستە یان تاقمی سەرەکی دەسەڵات ماوەتەوە. لەبەرامبەریشیدا باڵی چەپڕەوی بەرهەڵستکردووە، بەشێوەیەک کە گۆڕەپانی سیاسی ئێران لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان، مەحکومی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بەردەوامەی نێوان ئەو دووباڵە بووە، کە گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەر دابەشبوونی ڕەوت و تەوژمە سیاسییەکانی ئێراندا سەپاندووە، هەر لە شێوازی زاراوەسازی و گووتاریانەوە تا ڕێبازی کارکردنیان. دواتر باڵی ڕاستڕەوی ئێران، کە بە ڕاستڕەوی تەقلیدیی ناسرابوو، ناوی گۆڕا بۆ ئوسوڵگەرایی. کەواتە لە هەناوی ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەدا، کە هەم شێوازی گووتار و هەم ڕێبازی کارکردنیشی گرتبۆوە، هەروەها لە بەرداشی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا کە چەندین شێوازی لەخۆگرتبوو، ڕەوتی ئوسوڵگەرایی لە ئێراندا سەریهەڵداوە، کە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا زیاتر بە ڕەوتی موحافیز ناودەبرێت.

لەبەشی چوارەمدا، بەناونیشانی (لە چەپڕەوی ئیسلامییەوە بۆ ئیسڵاحگەراکان)، نووسەر لێکۆڵینەوە بۆ ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران دەکات، هەر لە باڵی چەپڕەوی تەقلیدییەوە تا چەپڕەو مۆدێرنخوازەکان، لەگەڵ دیارترین کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان. بەڕای ئەو، سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی ئیسڵاحی لە ئێران هەمیشە هەوڵیداوە لە سنووری دەستوور و یاسادا هەڵسوکەوت بکات، ئەمەش وایکرد کە سەرەڕای ڕەخنەگرتنی ڕووکەشی هەندێک لە مونەزیراکانی لە فیقهی ویلایەتی فەقیە، بەڵام هەمیشە دیلی فیقهی باڵادەست بووە لە وڵاتدا، هەرگیز لای خۆیەوە بەڕاشکاوی خواستی بۆ شکاندنی قۆرخکاریی ئەم فیقهە بەسەر کۆی گۆڕەپانی سیاسیدا دەرنەبڕیوە. لێرەوە، هۆگربوونی ڕەوتی ئیسڵاحگەراکان بۆ ئەو دۆخە باوە، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە ڕێگریکردن لە پەرەپێدانی وتەزاکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەپێدانی سیاسی و دیموکراسی. بەشکستخواردنی ئەم ڕەوتەش لە ڕووی سیاسییەوە، ئیدی ئەوە ڕوون بووەوە کە ڕەوتەکە لەوە لاوازترە کە بتوانێت تیۆرێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی گشتگیری گونجاو بخاتەڕوو.

بۆیە، لەکاتێکدا کە ڕەوتەکە سەرقاڵی بەفیرۆدانی هەوڵ و کاتێکی زۆربوو بەدوای بیرۆکەی فراواندکردنی بەشداری سیاسیدا، کۆمەڵگەی ئێرانی سەرگەرمی باسوخواسی ئەولەویەتی دیکەبوو، کە تیایدا بابەتگەلەکانی وەک ئاسایش و ئابووری و خۆشگوزەرانی و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بەچەندین پلە لە پێش بابەتی بەشداریکردنەوە بوون.

هەرچی پاری سێیەمی کتێبەکەیە، بەناونیشانی (لە دەرەوەی دوانەیی ئوسوڵگەرایی و ئیسلاحگەرایی)، ئەوا هەرسێ بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی کتێبەکەی لەخۆگرتووە. لە بەشی پێنجەمدا، بەناونیشانی (سەوزگەراکانی ئێران... کێشەی پێناسە و مانا)، ئەلسەمادی تیشک دەخاتەسەر بزووتنەوەی سەوز لە ئێران، لەگەڵ خستنەڕووی پرسی ناکۆکی نێوان سەوزگەراکان و ئیسلاحگەراکان، هاوکات باسی نارەزایەتییەکانی مەشهەد دەکات. لە تەوەرێکی ئەم بەشەدا بە ناونیشانی (بزووتنەوەی سەوز لە تەرازوی ڕژێمدا "فیتنەیەکە" جلێکی شۆڕشگێڕانەی مەخمەلی سەوزی لەبەردایە)، نووسەر دەڵێت لێکدانەوەی فەرمی ئێران بۆ بزووتنەوەی سەوز، هەمیشە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی نارەزایەتییەکانی پشتگوێ خستووە، ئەوەی ڕوودەدات، ڕاگەیاندنی فەرمی ئێران بەفیتنە و شۆڕشی مەخمەلی و دەستی دەرەکی و پیلانی ئەمریکی و شەڕی نەرم لەدژی ڕژێم لەقەڵەمی دەدات. ئەو پشتیوانییەی کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ بزووتنەوەی سەوز هەیانبووە، بەڵگەیەک بووە بەدەست ڕێبەرانی سوپای پاسدارانەوە تا بیانوی هەبوونی پێکدادانی نەرمی پێ پاساوبدەن.

بەڵام لە بەشی شەشەمدا، بەناونیشانی (بزووتنەوەی ئەحمەدی نەژادی... نزیک لە ئوسوڵگەراکان، زۆر دوور لەوان)، ئەلسەمادی باسی دیاردەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و سەردەمی سەرۆکایەتییەکەی و پەیوەندییە گرژەکەی لەگەڵ ڕژێم و سوپای پاسداران و پێکدادانی کۆتایی لەگەڵیاندا دەکات. هەروەها باس لە بانگەشەکانی نەژاد دەکات سەبارەت بە زەمینەسازیکردنی بۆ دەرکەوتنی ئیمام مەهدی، لەگەڵ خستنەڕووی گووتاری دووفاقی ئەو بەرامبەر ژنانی ئێرانی و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا، ئەمجا ئاماژە بۆئەوە دەکات کە نەژادی پۆپۆلیست سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەجێهێشت، بەڵام بەبێ ئەوەی گۆڕەپانی سیاسی ئێران بەجێبهێڵێت. لە بەشی حەوتەم و کۆتایی کتیبەکەشدا، بەناونیشانی (بزووتنەوەی میانڕەوی... گووتار یان نیمچە گووتار)، ئەلسەمادی باس لە زاراوەی "میانڕەوی" و "گەشەپێدان" دەکات، کە گووتاری بزووتنەوەی میانڕەوەکانی

ئێرانی لەسەر بنیات نراوە. لەو چوارچێوەیەشدا تیشک دەخاتەسەر هەوڵی جۆراوجۆری میانڕەوەکان بۆ پێناسەکردنی میانڕەوی و ڕاڤەکردنی گەشەپێدان، لەگەڵ خستنەڕووی مشتومڕەکانیان لەسەر ئەولەویەتەکان لە گەشەپێداندا، هەروەها پێودانگەکانیان بۆ سیاسەتێکی دەرەکی میانڕەو و سیاسەتی ئابووری میانڕەوانە.

لەهەمبەر ڕەخنەگرتن لە بزووتنەوەی میانڕەویشدا نووسەر دەڵێت: ڕەنگە کێشەی بنەڕەتی ئەو تێزانەی کە بزووتنەوەی میانڕەوی وەک گووتارێک پێشکەشیان دەکات، ئەوەبێت کە ئەو تێزانە خاوەنی ئەو تایبەتمەندی و پێکهاتانە نیین کە ئەو بانگەشەیان بۆ دەکات. لێرەوە ئەلسەمادی تێبینییەکی گرنگ دەخاتەڕوو، کە دەشێت بەسەر زۆربەی ڕەوتە هزری و بزووتنەوە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا گشتاندنی بۆ بکرێت ئەویش ئەوەیە؛ لەو ڕوانگەیەوە کە هەر ڕەوت و بزووتنەوەیەک خۆی بە خاوەنی گووتارێکی تایبەت بەخۆی دەزانێت و بانگەشەی بۆ دەکات و هانی کۆکردنەوەی خەڵک لەدەوری دەدات، هەر گووتارێکیش کە وەک سیستەمێک لە مانای پێکەوگرێدراو سەیر دەکرێت و لە توخمی زمانی و نازمانی پێکهاتووە، جیاوازی نێوان ئەم واتا و توخمانە وەک دژایەتی نێوان گووتارەکان دەخرێتەڕوو، بەشێوەیەک کە کارلێککردنی نێوان ماناکان لە واقیعدا وەک ململانێیەک لە نێوان گووتارە ناکۆکەکاندا وێنادەکرێت، کە ئەمەش بۆخۆی لەکاری سیاسیدا گرنگییەکی گەورەی هەیە.

بەڵام لێرەدا گرنگە بپرسین: ئاخۆ کام لە گووتاری ئەو ڕەوت و بزاڤە سیاسیانەی ئێران توانیویەتی لە ئاستی کرداریدا ڕەنگدانەی خولیا و خواستی زۆربەی هێز و چینەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بێت؟ ئاخۆ کامیان دەتوانێت ئەوە بهێنێتەدی کە ئەوان دەیخوازن؟

چەمکناسی

ئێرانناسی




# شورای پاسەوان

ئامادکردن: د. هەردی مەهدی میکە

شـورای پاسـەوان (شـورای نگهبـان) (مجلـس الصيانـة)، سـاڵی ١٩٧٩ و سـەرەتای شـۆڕش دامـەزراوە. خاوەنـی دەسـەڵات و پێگەیەکی کاریگـەرە، ڕۆڵی کردەیـی هەیـە لـە ئاڕاستەکردنی بڕیـاری سیاسـی و هەژموونێکـی فراوانـی هەیە لـە دەستنیشـانکردنی نوخبـەی سیاسـیی دەسـەڵاتداری وڵات و سیاسـەتڕێژی گشـتییدا، چونکـە لـە پارێزگاریـی ئیسـلامێتی دەسـەڵات و ڕاڤـەی دەسـتوور، دەرکـە و دەرچـە (Input & Output)ی هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆککۆمار، پەڕلەمـان و ئەنجوومەنـی شـارەزایان-یش لـە جڵـەوی وی دایـە.[١]

پێشینەی ئەم دەزگایە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش دەگەڕێتەوە و بە تایبەت کاتێک کە سەرکردەکانی شۆڕش دەیانوویست دەستووری وڵات دابڕێژن، داڕێژەرانی دەستوور بۆ پارێزگاری و چاودێریی جێبەجێکردنی دەستوور، دەزگای شورای پاسەوانی دەستووریان پێشنیار کرد، بەڵام لە دەستووردا ناوەکەی هەر بە شورای پاسەوان بەبێ پاشگری «دەستوور»، هاتووە.

زۆرجار لە میدیاکان و توێژینەوەکاندا، بە هەڵە لە ناوهێنانی شورای پاسەوان پاشگری «دەستوور»ی بۆ زیاد دەکرێت، ڕاستییەکەی چ لە ناوە ڕەسمییەکەی شوراکە و چ لە دەستووردا پاشگری دەستوور بە شوراکەوە نییە، ئەمەش بێهۆ نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شورای پاسەوان هەڵگری هەردوو دەسەڵاتی شەرعی-دینی و دەستوورییە، تەنها ئەرکی پاراستنی دەستوور نا بەڵکو سەرجەم ئەرک و چاودێرییەکانی لەڕوانگەی پێوەرەکانی ئیسلامی شیعی و پاشان دەستوور ئاراستە دەکات. بۆیە شورای پاسەوان، پاسەوانی ئیسلامی شیعی (دوانزەئیمامی) و دەستووری ئێرانیشە.

شورای پاسەوان، یەکێکە لەو سێ دەزگایەی کە سەر بە دەسەڵاتی یاسادانان(تشریعی) یە و دەزگایەکی ناهەڵبژێردراوی نێو هەرەمی سیستەمی سیاسییە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێکهاتەی ئەندامی ئەم شورایە لە دوانزە(١٢)کەس پێکهاتووە، شەشیان(٦) «موجتەهید»ن و «شارەزای کاروباری مەزهەبی»ن ،کە ڕاستەوخۆ دانراوی ڕێبەری باڵان و شەشەکەی(٦) دیکە هەڵبژێردراوی سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانن، پاش دەستنیشانکردنیان ڕەوانەی پەڕلەمان دەکرێن و لەوێوە پەسەند دەکرێن. (ماددەی٩١ی دەستوور)

تەمەنی هەر خولێکی ئەم شورایە شەش(٦) ساڵە، بەڵام لە یەکەمین خولیدا و لە نیوەی خولەکەدا واتە لە سێ ساڵدا، نیوەی ئەندامەکانی هەردوو گرووپی یاسایی و مەزهەبی بەشێوەی تیرووپشک دەگۆڕدرێن، ئەندامی نوێ دەخرێنە شوێنیان (ماددەی٩٢ی دەستوور).

سکرتێر، باڵاترین پۆستی ئەم دەزگایەیە و لە ساڵی ١٩٧٩وە، سێ سکرتێری بینیوە و هەرسێک کەسایەتیی ئایینی بوون: صافی گولپایەگانی خولی یەکەم و محەمەد محەمەدی گیلانی خولی دووەم و لە خولی سێیەمیشەوە تا ئێستا کە خولی حەوتەمییەتی و تا ساڵی ٢٠٢٢کۆتایی خولی حەوتەمە، ئەحمەد جەننەتی[٢] (٩٦ساڵە) سکرتێریەتی و هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەرییشە.

**ئەرکی سەرەکی و دەستووری ئەم شورایە بریتییە:**

- سازاندنی یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمان لەگەڵ ئیسلام و دەستووری وڵاتدا (ماددەی٩٤و٩٦ی دەستوور).

- ڕاڤەی دەستووری وڵات بە پێی ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی (ماددەی٩٨ی دەستوور).

- چاودێریی هەڵبژاردنەکان و گشتپرسیی (ماددەی٩٩ی دەستوور).

هەروەها یەکێکیشە لەو دەزگایانەی کە لە داڕشتنەوە و هەموارکردنەوەی دەستووری وڵاتدا ڕۆڵی هەیە (ماددەی١٧٧ی دەستوور).

**پێگەی شورای پاسەوان لە هەرەمی سیاسییدا**

بۆ دەرخستنی پێگەی ئەم شورایە، پێویستە لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت، یەکەم لەڕوانگەی سەرچاوەی ڕەوایەتی و دامەزراندنییەوە، دووەم لە ڕوانگەی کێڵگە و ئەنجامەکانی کارکردنی. واتە ئایا سەر بەچ پێگەیەکی دەستووریی و وابەستەی چ ئۆرگانێکی باڵای سیستەمی سیاسییە؟

شورای پاسەوان، باڵێکی ڕەوایەتیی خۆی لە دەستوورەوە وەرگرتووە و هەر خۆشی تاقانە سەرچاوەی ڕاڤەکردنی بەندەکانی دەستوورە. هەریەک لە ماددەکانی ٩١تا٩٩ی دەستووری وڵات، پەیوەستن بە ئەرک و دەسەڵات و شێوازی دیاریکردنی ئەندامانی ئەم شورایەوە.

باڵەکەی دیکەی ڕەوایەتی شوراکە، لە پەیوەستییەکانی ئەم دەزگایەوە دێت، کە لە ڕووی دانانی ئەندامەکانییەوە سەر بە دەزگا و ژێرگرووپی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵایە، چونکە نیوەیان ئەو دایان دەنێت و نیوەکەی دیکەشیان سەرۆکی دەزگای دادوەریی نیشانەیان دەکات کە دیسان هەر ژێرگرووپ و هەڵبژێردراوی ڕێبەرە (بڕوانە بەندەکانی٥٧و١١٠ی دەستوور). کەواتە لەڕووی پێگە و سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەڵاتییەوە شورای پاسەوان کەوتووەتە نێوان سێکوچکەی دەستوور-ڕێبەرایەتی-سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری. بۆیە ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان و ڕێکارەکانی کارکردنی و بگرە چاکسازیی لە دەسەڵاتەکانیشیدا، سەخت و دژوارە.

## شورای پاسەوان و هەڵبژاردنەکان

بۆ شورای پاسەوان، ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبێت، ئەوەیە کە ئەرکی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەزایانی دەکەوێتە ئەستۆ(ماددەی٩٩)، چونکە بەوپێیەی کە خۆی لایەنی ڕاڤەکاری دەستووریشە بەوشێوەیە ڕاڤەی کردووە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان تەنها چاودێریی پرۆسەکە نییە، بەڵکو بەهۆی ئەرکەکانی دیکەیەوە کە پێشتر باسکرا، پێویستە لە هەرسێ پرۆسەی دیاریکردنی پاڵێوراو، چاودێریی پرۆسەی بەڕێوەچوون و هەڵبژاردنی کاندیدەکان (باوەڕ و ئینتیما) و پاشان لە پەسەندکردنیشیاندا ڕۆڵی هەبێت، کەواتە لە ئەلف تا یای هەڵبژاردن (کاندیدبوون، پەسەندکردن و ڕەتکردنەوە) ڕۆڵی هەیە. تەنانەت بۆ دەزگایەکی وەک پەرلەمانیش کە ڕاستەوخۆ ئەندامەکانی پێویستە هەڵبژێردراوی خەڵک بن، لە دەستووردا هاتووە کە پەرلەمان هیچ ئیعتیبارێکی نییە بە بێ بوونی شورای پاسەوان(ماددەی٩٣ی دەستوور).

لەهەڵبژاردنەکانی ئێراندا و جۆری پاڵێوراوەکان و پشکنینی باوەڕەکانیان بە مەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامی و بە شۆڕشی ئیسلامیی، ڕاستەوخۆ بە پێی دەستوور و ڕاڤەکانی، چ لە پەسەندکردنیان و چ لە ڕەتکردنەوەیاندا، لەژێر چاودێریی شورای پاسەواندایە.

هەربۆیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، پەرلەمان و شارەزایانی ڕێبەریی، ژمارەی کاندیدە ڕەتکراوەکان چەند هێندەی پەسەنکراوەکانن (بڕوانە ئێراننامەی٢)، لەوەش بترازێت، هیچ کاندیدێک لەدەرەوەی گووتاری نوخبەی دەسەڵاتداریی شیعە پەسەند نەکراوە بۆ بەشداریی لە هیچ هەڵبژاردنێکدا، تەنانەت بە سوننە مەزهەب و زەردەشتی و ئایینەکانی دیکەشەوە، پێویست بووە باوەڕی خۆیان بە ئیسلامێتی، شیعەیێتی شۆڕشی ئیسلامیی و دەسەڵات لەئێراندا و شوناسیی هەنووکەیی دەوڵەت بسەلمێنن، گەرنا لە یەکەمین فلتەری خۆپاڵاوتندا ڕەتدەکرێنەوە.

بەگوێرەی ڕاڤەی شورای پاسەوان، ڕاشکاوانە ئەم ڕەتکردنەوانە بەئەرکی خۆی دەزانێت و ئاوا تەفسیری دەکات، کە ئەرکییەتی شایستەیی و ناشایستەیی هەر هاوڵاتییەکی ئێرانی کە خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێک لە سەرۆککۆمار، پەرلەمانتاری و ئەندامێتی ئەنجوومەنی شارەزایان، دیاریی بکات و چاودێریی و هەڵسەنگاندنی نێوەڕۆکی و شێوەیی بۆ بکات و بڕیاری لەسەر بدات. بەمشێوەیە شوراکە دەرچەکانی هەڵبژاردنی لەڕێی جۆری کاندیدەکانەوە دیاریی دەکات و ئیتر سرووشتیە کە دەرکەکان و ئەنجامەکانی بە دڵی

نوخبەی دەسەڵاتداری نێو شۆڕش دەکەوێتەوە.

دەردەکەوێت نێوەڕۆک و بڕیاردان لەسەر کاندیدەکان، ئەندازەکردنی ململانێکانی هەڵبژاردن، پەسەندکردنی پرۆسەکە و ئەنجامەکانی لەدەستی شورای پاسەواندایە، بەڵام لایەنی کارگێڕیی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی وڵات.

نەک هەر ڕەخنەگرانی سیستەمی سیاسیی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی ئێران، بگرە هێز و ئاراستە سیاسییەکانی نێو خودی شۆڕشیش ڕەخنەی زۆر لە ڕاڤەی برگەی «چاودێریی هەڵبژاردنەکان» دەگرن و لەوێشەوە تیری ڕەخنەکانیان ڕاستەوخۆ لە شورای پاسەوانە، چونکە پێیانووایە بووەتە سەرچاوەی ئەندازەکردن و بڕیاردەر لەسەر ئاراستەکردن و خاوکردنەوەی ململانێکان و یەکدەستکردنی دەسەڵات و ڕێگەخۆشکردن بۆ درێژەدان بە بڕیاردانی تاکلایەنانە و سنووردارکردنی مافی خەڵک لە هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیاندا. هەروەها هەندێک لەسەرانی نێو شۆڕش، ئەم پرۆسەیە بە کارتی فشاریی بناژۆخوازەکانی نێو سیستەمی سیاسیی لەقەڵەمدەدەن و پێیانوایە کێشەی قووڵی ئەم شورایە ئەوەیە لەبەردەم پەڕلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایاندا بەرپرسیار نییە و هیچ دەزگایەکی هەڵبژێردراو ناتوانێت لێپێچینەوەی لێ بکات.

لەنێو ئێراندا، چەندین جار هەوڵدراوە چاوخشاندنەوە و ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ چەمکی «چاودێریی هەڵبژاردنەکان لەلایەن شورای پاسەوانەوە»، بێتەئاراوە و یاسایی بکرێت، بەڵام تا هەنووکە شکستیان هێناوە و شوراکە بەردەوامە لە ئەندازەکردن و ئاراستەکردنی پۆستەکان، بە پێی هەڵسەنگاندنە باوەڕیی و سیاسیی و سەلیقەییەکانی خۆی.

## سەرچاوەکان

[١] . پێگەی فەرمی شورای پاسەوان (نگهبان) (٢٠٢٢): معرفی شورای نگهبان، https://www.shora-gc.ir/fa/about

[٢] . بۆ خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەحمەد جەننەتی، بڕوانە: http://bitly.ws/rZp8

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١١) ساڵی سێیەم، ئایاری ٢٠٢٤